# دراکولا و سەفەر بۆ رۆژهەڵات

فەڕۆخ نێعمەتپوور

کۆمەڵەچیرۆک



# دراکولا و سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات

## (کۆمەڵە چیرۆک)

**٢٠١٦**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**پێرست:**

- مۆسیقا...................................................
- سوپاس باوکە گیان................................
- تاکسی رەش.........................................
دوو کورتیلە چیرۆک..............................
- ژووری ژمارە سیانزە..............................
- دراکولا و سەفەر بۆ رۆژهەڵات.....................
- تیشکی ئاسمان......................    ..........
- گرێی سپی جێژنانە...............................
- سەدام زیندوو دەبێتەوە............................
- جنگ نورماندی و همسایە ما (فارسی)........
- دارگوێزەکانی هەورامان.........................
- کڵۆنجە رێ رێ......................................
- دەبێ دونیا ببینم!.................................
- ژماردنی مێرووڵەکان...........................
- ئەودیوی دیوار........................................
- لباسها (فارسی)....................................
- ئاوێنە.................................................
- ژنە سۆزانییەکە و پیاوە مێژووییەکان........
- پردی عوسمانی...................................
- ژیان بەردەوامە...................................
- کۆڵانی تێلێگرام..................................
- هۆگری دووکەڵ.................................
- جانتایەک لە رەگەزیساڵەکان...............
- تاوانبارکردن......................................
- در سرمای سی درجە زیر صفر (فارسی)..
- شاهراه اسبان نجیب (فارسی).................
- بەر کتێبخانەکە....................................
- تەنیا شانەیەک....................................
- دراوسێ فاشییەکەمان..........................

***وتی، ئەوەندە مرۆڤی خۆشدەویست کە حەزی دەکرد خوێنی بمژێ!***

## مۆسیقا

کە جانتای پێچایەوە و بەڵێن بوو بۆ هەمیشە ئەودیو سنوور بکەوێ، بۆ چەند چرکەیەک راوەستا. باشە، چی وەک سەفەرەکەی بۆ هەمیشە لە گەڵ خۆی هەڵگرێ، یادەکان، وێنەکان، خەونەکان یاخود شتێکی تر؟ هەڵبەت گەر شتێکی تری هەبێ. سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد، هەمان دیمەن و هەمان دیوارەکانی ساڵان. فێنکاییەک لە دەرگاکەوە خۆی بە ژووورێدا کرد، فێنکاییەک لە گەڵ بۆنی گوڵەکان، هەمان فێنکایی و هەمان گوڵەکانی جاران. جانتاکەی لە کردەیەکی خۆبەخۆ و نەخوازراودا لە شان کرد. کە سەفەر هات خۆی لە گەڵ خۆی دەتبات، تەنانەت گەر رۆح و بیرت لە شوێنێکی تریش بێت، ئەو لە بیری ناکا کە تۆ دەبێ وەرێ کەوی،... دەبێ برۆی، هەر بۆیە وەرێت دەخا، بە پاڵەپەستۆیەکی نەرم و وەها هاورێیانە کە تۆ هەستی پێ ناکەی. ئیتر وەرێ دەکەوی. تەنانەت ئۆخژن و خۆشییەکی نە چەندان دیاریش

دەخاتە بنی دڵتەوە، وەها کە لە گەڵ فرمێسکەکان، بزەیەکیش گۆشەی لێوەکانت دەنەخشێنێ. سەفەر، دەستە غەریب و ئاشناکانی دەکێشێ بە سەر شانتدا و بە ئەسپایی بە گوێتدا دەچپێنێ و دەڵێ "خەفەت مەخۆ،... تەنیا نیت،... منیشت لە گەڵتم،... بۆهەمیشە!" ئەوسا کتوپڕ جەستەی تاساوت غیرەتێکی سەیری تێدا دەگەڕێ، وەها، هەست دەکەی کە ئەفسانەی نەگەڕانەوە ئەفسانەیە و تۆ سبەی و دووسبەی دەگەڕێیتەوە! بۆیە لاناکەیتەوە. تەنیا دەڕۆی،... دەڕۆی و دەڕۆی.

چارەنووس سەیرە، ئەگەرچی قەت باوەڕی بە چارەنووس نەبووە.

بەڵام پرسیارەکە هەر لە مێشکیدا ماوەتەوە "چی لە گەڵ خۆی بۆ هەمیشە هەڵگرێ؟" بیردەکاتەوە ئەو دەبێ شتێ هەڵگرێ کە هەمیشە لە گەڵیدا بێت. ئەوە چییە؟ یادەکان؟ نا، نا، ناتوانن ئەوان بن. ئەوان جاروبارە خۆیان ون دەکەن، دەکەونە ژێر هەرەسی ڕووداوەکان و تەمەن و فرامۆشییەکانەوە،... نا، نا ئەوان نابن. یادەکان ناسکن، جاری وایە دەشکێن، وەک زەرفی چینی، دەبن بە هەزار لەتەوە، هەر لەتەو دەبێ بە دونیایەک بۆ خۆی و ئیتر شتەکان لە ناو یەکتردا یەکتر بزردەکەن. نا، ئەی چی باشە؟ وێنەکان؟ باشە مەگەر گیرفان و جانتاکەی جێگای چەند وێنە دەبێتەوە؟ جگە لەمە کێ چووزانێ چی بە سەر ئەم جانتایە و

بە سەر گیرفانەکانی ئەودا دێت. هەروەها وێنەکان کۆن دەبن، دەسوێن و ڕەنگیان ماندوو و شەکەت دەبێ. وێنەکان، باران دەیانشواتەوە، بەفر ڕەقیان دەکاتەوە و گەرما دەیانکا بە هەڵم، کاغەزەکەیان چرچ و لۆچ دەبێ و، پیر هەڵدەگەڕێن، وەک خودی مرۆڤ. نا، نا،... ئەوانیش نابن!

خەونەکان چی؟... ئارەزووەکان؟ ئەی ئەوە نیە تەواوی ئەم ساڵانە لە گەڵ ئەوان ژیابوو و لە گەڵ ئەوان ڕۆژ و شەوەکانی تێپەڕاندبوو؟ بێگومان ئەمان لەو دووانەی تر باشترن،... یەکجار باشتر. خۆشحاڵ لەوەی سەرئەنجام توانیبووی شتەکەی خۆی بدۆزێتەوە، پاژنەی پێڵاوەکانی هەڵکێشا. پشیلە هەمیشەییەکەی ناو حەوشەکەیان بە ئەسپایی بە تەنیشتی دا تێپەڕی، وەک هەمیشە. کتوپڕ حەزی ئەوەی ئەمیش ئاوا بە نەرمی و بە بێدەنگی بیتوانیبایە هەموو ڕێگای سەفەری تێپەڕاندایە، جەستەی لەخۆی دەگرێ. بێگومان وا باشتر بوو. ئاخر لە غەریبستان وا باشە کەس گوێی لە دەنگی پێی هەنگاوت نەبێ. لەوێ، هەم جۆری هەنگاوەکانی و هەم دەنگیان لە جۆرێکی تر دەبن. وەها خەڵک لات لێدەکەنەوە و بە وردی سەرتاپای ئەندامت بە چاوە پڕ لە پرسیارەکانیان بەسەر دەکەنەوە، وەک بڵێی لە هەسارەیەکی ترەوە

**هاتبی. لەو هەسارانەی نە ئاوی تێدایە و نە هەوا و نە رووناکایی، ئەو هەسارانەی ئەوەندە بێدەنگە کە کاتێک دادەنیشی، گوێت لە تێپەڕینی هەموو ئەو نێزە ئاگرینانەیە وا شەیتان لە بێ کۆتاییەکاندا دەیانهاوێ. پشیلەکە لە ناو باخچەکەدا ون دەبێ. بە شوێنیدا بۆنی مشک بڵاودەبێتەوە. بۆنەکە پەشیمانی دەکاتەوە. لە بەر خۆیەوە دەڵێ "لات لێبکەنەوە باشترە لەوەی هەتا هەتایە بۆنێکی وەها لە گەڵتا بێت."**

**بە پێ پلیکانەکاندا دادەگەڕێ و دەگاتە حەوشە. ئاسمانێکی ساماڵ و دونیایەکی گرم و هەوایەکی یەکجار خۆش. باشە ئێستا کەی وەختی سەفەرە؟ ئێستا دەبێ لە سەر کورسییەک لە ناو باخەکەدا دابنیشێ و گوێ بۆ باڵندەکان هەڵپەسێرێ، گوێ بۆ رەنگەکان و هەناسەی گەڵا. هەنگاوەکانی سست دەبن، بەڵام سەفەر لەوێیە، دیسان بە شانەکانیدا دەکوتێ و بە ئەسپایی بە گوێیدا دەچپێنێ و دەڵێ "دیسان منت لە بیر کردەوە،... منی تاقە هاوڕێی لەمە بەدووات؟" لادەکاتەوە و لێی دەڕوانێ. بە چاوەکانی پێی دەڵێ کە نا لە بیری نەکردووە، تەنیا هەندێ خەیاڵ هەڵیانگرتووە و بەرۆکی بەرنادەن،... وەک هەمیشە. کە لە باخەکە تێدەپەڕێ، بیرە پرسیاراوییەکەی خۆی دیسان دەکەوێتەوە یاد "چی لە گەڵ خۆی هەڵگرێ؟" ئەها، ئارەزووەکان. بەڵام،... بەڵام**

ئەوانیش جاری وایە ژیان لە گەڵ خۆی دەیانبا، دەیانبا بۆ ئەو شوێنانەی هێشتا نەبوون بە ژیان، بۆ شوێنە سێبەراوی و نیوە تاریک و تاریکەکانی رابردوو و داهاتوو. لە بیری دێ لە گەڵ ئەوەی ئەم یەکجار پێیان وەفاداربوو، بەڵام جاری وابوو لە پەنجەرەکانەوە وەک پۆلە پەپوولە هەڵدەفڕین و دەڕۆیشتن. دەڕۆیشتن و،... دەڕۆیشتن. تەنیا بە ئارەزووی خۆیان دەهاتنەوە. ئەمیان بە جێ دەهێشت و وەک پەیکەرێکی بەردین بەرەڵلایان دەکرد. نازانێ بۆچی وابوون،... نازانێ بۆچی ئەوەندە سرک و نەسرەوت بوون. گوناحی مرۆڤ بوو بە گشتی کە نەیدەتوانی بە جوانی رێزیان بگرێ، یان "بوون"ی سەرتاسەر ژیاناوییان؟ ئەوان زیاتر لە وزەیان دەکرد. ئەسڵەن خودی وزە بوون، رووت رووت و خالس. تێکەڵ بە هیچ شتێکی تر نەبوون. هەی مرۆڤی نەگبەت! نا، نا،... راوەستە! گەر ئەوان دەفڕن و جاری وایە جێت دێڵن کەواتە بە کەڵکی سەفەر نایەن. نا، ناتوانێ لە گەڵ خۆی هەڵیانگرێ. ئەم دونیایە پڕی مرۆڤە و ئارەزووەکانیش ئەو بوونەوەرانەی وا هەمیشە بە شوێنیانەوەن. تەنیا ئەوەندە بەسە بگەنە کەسێک لە تەنیشت پەنجەرەیەکدا، یان لە ناو باخێکدا، ئیتر جێی دێڵن و روو

لەوان دەکەن. بۆ ئەمێک کە ئیتر لەمە بەدووا نە خاوەن پەنجەرەیەک دەبێ و نە خاوەن باخچە و باخێک، ئارەزووەکان چ بە کەڵکی دێن؟

ئاودیوی درگاکەیان دەبێ. شەقام تێدەپەڕێنێ. ئەمڕۆ یەکێک لەو رۆژانەیە کە سروشت و شار یەکجار تێکەڵ بە یەکتری بوونە. جیاناکرێنەوە. درەخت ئۆتۆمبیلە و، ئۆتۆمبیل درەخت. بیناکان شاخن و، شاخ بیناکان. باڵندەکان رادیۆن و، رادیۆ باڵندەکان. بێگومان ئەمڕۆ دەبێ وەها بێ. رۆژە مێژووییەکان وەهان، گەورەن. شتەکان تێیاندا دەبن بە شتی تر. گەر وا نەبێ ئیتر سەفەرەکەی ئەو یەکجار بێ مانا هەڵدەگەڕێ. دیمەنەکە رۆحی ئامادەتر دەکا. سەفەر دیسان بە ئاستم بە شانەکانیدا دەکێشێتەوەو دەڵێ "ئیستا ئیتر دەزانی خەریکی چیت، قەت لەوەی پەشیمان نابیتەوە کە لە گەڵما بووی بە هاوڕێ." بە لاچاو سەیرێکی سەفەر دەکا، سەیری ئەو چاوانەی خوێندنەوەیان زەحمەتە، ئەو چاوانەی جگە لە رێگایەکی دوور هیچ دیمەنێکی تری تێدا بەدی ناکرێن. هەناسەیەک هەڵدەکیشێ.

دەگاتە قەراخی شار. سەرەتاکانی ئاهەنگێک تەواوی جەستەی دەتەنن. ئاهەنگێک کە مۆسیقایەکی تایبەت نیە، بەڵکوو شتێکە وەک خودی مۆسیقا خۆی. ئەو مۆسیقایەی کە مۆسیقاکانی تری لێ جیادەبێتەوە.

**مۆسیقای دایک. زیاتر گوێ هەڵدەخا، دەریایەک کە سەرچاوەی هەموو رووبارەکانە. تەنیا هاژە و شینایی و بێکۆتایی تیشک و رەنگ.**

**جەستەی گوشراوی ئارام ئارام دەکرێتەوە، شی دەبێتەوە، وەک هەور، هەورێکی سەفەری. سەیرێکی جادە و دوورەدەستەکان دەکاتەوە. بزەیەک لێوەکانی دەتەنێ. کەواتە ئەو شتەکەی دۆزیوەتەوە. لە گەڵیەتی.**

***

**لە سەر سنوور، بۆ دووا جار سەفەر بە لەپی دەستی بە ئارامی، بەڵام دنەدەرانە و گەرمی بەخش شانی دەکوتێ و دەڵێ "ئیتر من لێرەوە دەگەڕێمەوە! تۆ دووا کەس نیت، کەسی تر هەیە چاوەڕوانمە، تۆ بڕۆ، ئیتر رێگا بۆت ئاسان دەبێ،... تەنیا هەنگاو هەڵبێنە،... تەنیا هەنگاو!"**

**ئەم دەڕواو بە دەم رێگاوە بیر لە کەسەکانی تر دەکاتەوە. مۆسیقا ئەبەدی و ئەزەلییەکە لە گوێیەکانیدا دەزرینگێتەوە. جەستەی پڕ دەبێ لە سەفەر،... پڕ لە رۆیشتن. پڕ بە دەروونی خۆی دوعا دەکا و دەپاڕێتەوە،... لە مۆسیقاکە، کە خۆزگە ئەوانیش ئەوانەی وا بە شوێن ئەودا دێن، یەکجار بۆ هەمیشە هاوسەفەری خۆیان وەک ئەم بدۆزنەوە.**

## سوپاس باوکە گیان!

*پێشکەش بە ئایرین*

کچێک لە سەر گۆڕەکەی باوکی دانیشتووە. مەرگی باوکی باوەڕ ناکا. نازانێ بۆ. گوناحی باوکیەتی، بیرەوەرییەکانە، خۆشەویستی، یان هەمووی ئەمانە پێکەوە،... نازانێ. ئەو دەزانێ لە شوێنی دانیشتنەکەیەوە هەتا لای باوکی رەنگە تەنیا دوو مەتر بێت. بەڵام درێژترین مەودای جیهان، وەها کە وەڕەزی دەکا، یەکجار وەڕەز. جاری وایە هەست دەکا گەر لەو بێدەنگییەدا کەمێک دەنگ هەڵبڕێ و بە باوکی بڵێ کە ئیدی درەنگە و دەبێ بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، باوکی هەڵدەستێ و بە ئارامی گڵەکان لە سەر خۆی لادەدا و لە گەڵ کچەکەی روو لە ماڵەوە

دەکاتەوە. وەک جاران. تەنانەت داوای لێبوردن لە کچەکەیشی دەکا، داوای لێبوردن لەو گەمە ترسناکەی مەرگ کە دڵڕەقانە لە گەڵی کردبوو. کچەکە ئارام دەست بە سەر خۆڵی بەردەمی دا دەهێنێ و بە کلووەکان پەرژینێکی نزم بە دەوری گۆڕەکدا چێدەکا.

کتوپڕ بایەک هەڵدەکا و گەڵایەک لە لقێک جیادەکاتەوە و لە گەڵ خۆی دەیبا و دەیبا، هەتا دەگاتە کچەکە. ئەوسا گەڵاکە وەک قردێلە لە سەری کچەکە دەدات. قردیلەیەکی سەوز.

جار جارە حەزی لادانی گڵەکان سەرپەنجەکانی دەگەزێ. دەست دەکێشێ و دوواتر دووای کەمێک رامان دەیکشێنێتەوە. چەند جارێک. گەر تەنیا گڵ لەمپەرە و، بە سڕینەوەی، جیهان وەک جارانی لێدێتەوە، ئەی بۆ لاینەدا؟ بەڵام لاینادا. شتێک وەک باکە پێی دەڵێ رازێک لەم مەرگەدا هەیە کە بە لادانی گڵ چارەسەر ناکرێ. خەمەکە تا دێت لە دەروونیدا قورستر دەبێ.

ئەوجا باکە جارێکی تر هەڵدەکاتەوە. ئەمجارەیان لە گەڵ خۆی بەرگێکی سپی دێنێ، دەیهێنێ و دەیهێنێ،... هەتا دەگاتە لای کچەکە. ئەوسا بۆی لەبەر دەکا. رێک بە قەد باڵای خۆی.

سەرهەڵدەبڕێ و سەیری کێلەکان دەکا. دوو بەردی ڕەق، بێدەنگ و بێ هیچ مانایەک لە سەریان و لە بوونیان. ناخۆشترین نیشانەی ماڵئاوایی لە ژیان. لە بیری دێ جارێکیان بە منداڵی لە کاتی تێپەڕین بە تەنیشت گۆڕستانێکدا لە باوکی پرسیبوو:

ـ "بابە گیان! ئەو بەردانە چین؟"

باوکی لە وەڵامدا گوتبووی:

ـ "ئەوانە گۆڕن."

ـ " مەگەر مردووەکان لە ناو ئەواندا دەنێژن؟"

ـ "نا، ڕۆڵە. ئەو بەردانە بۆ ئەوەیە کاتێک بێتاقەت بوون بتوانن دەستی پێوە بگرن و بێنە دەر و، لە کاتێکدا هیچ بنیادەمێکی لێ نیە بۆ خۆیان کەمێک پیاسە بکەن."

ـ "وەی بابە، زۆر ترسناکە!"

ـ نا، ڕۆڵە، ترسناکی چی، بە پێچەوانەوە زۆریش خۆشە!"

کەواتە باوکی لە بێدەنگیی گۆڕستاندا دەست بەم کێلانەوە دەگرێ و دێتە دەر و بە دەم پیاسەوە لێرەوە سەیری شار دەکا،... سەیری ماڵەکەی خۆیان. خۆشییەک بە دڵە خنجیلانە و تەنگەکەیدا دەگەڕێ.

باکە بۆ سێهەم جار هەڵدەکاتەوە. ئەمجارە لە گەڵ خۆی جووتێ پێڵاوی رەنگاوڕەنگ دێنێ،... دەیهێنێ و دەیهێنێ تا دەگاتە لای کچەکە. ئەوسا بۆی لەپێ دەکا.

گۆزەیەک ئاو بە لاخوارووی گۆڕەکەوەیە. گۆزەیەکی قەدیمی. لە گڵی سووتاو و برژاو. دەست دەبا، هەڵیدەگرێ و پاشماوەی ئاوەکەی نێوی، بە سەر قەبرەکەدا دەپرژێنێ. بە یادی ئاوبازییەکانی جاران کتوپڕ بزەیەکی سەیر و نابەوەخت لێوەکانی دەنەخشێنێ. ئاە، چەند حەز دەکا ئێستا باران ببارێ و هەموو جەستەی تەڕ تەڕی دنکە بێ رەنگ و سیحراوییەکانی باران بێت.

باکە بۆ چوارەم جار هەڵدەکاتەوە. ئەمجارە لە گەڵ خۆی لە گوڵە زەردو سوورەکانی خوارووی گۆڕستانەکە دێنێ،... دەیهێنێ و دەیهێنێ تا دەگاتە لای کچەکە، ئەوسا بە بەرۆک و مەچەک و کەمەر و بە گۆزینەکانیدا دەکا.

هەڵدەستێتە سەرپێ. ئێستا بووەتەوە بە کچە منداڵەکەی ساڵانی ساڵ لەوە پێش. قۆلەکانی تەواو دەکاتەوە و بە سەرسوڕماوییەوە لە خۆی دەڕوانێ. بە دەوری خۆیدا سوڕدەخوا. رێک وەک ساڵان، کاتێک باوکی

دەستی دەگرت و لە ناو باخی حەوشەکەی خۆیان یەکەم گوڵی رووراوی بەهاری پێشکەش دەکرد، رێک بەم جلانەوە.

نەرم نەرم چاو بۆ یەکەم گوڵی بەهاری ئەم ساڵ دەگێڕێ. بێگومان لە شوێنێک هەر لەم دەوروبەرانەیە. بە ناو بۆتە و درەخت و گیاکاندا چاو دەگێڕێ. کتوپڕ دەیبینێتەوە. دەست دەبا و هەڵیدەگرێ. بە رووومەتییەوە دەنێ. بۆنی باوکی دێ.

ئارام هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بەرەو ماڵەوە دەبێتەوە. باکە هەڵیکردەوە و لە گەڵی دێت. قردێلە و جل و گوڵەکان دەکەونە سەما. باکە سەر گۆنای دەگەزێ، رێک وەک ماچی سەردەمی منداڵیی باوکی. بە دەم رێگاوە بزەیەک دەیگرێ. چاو لە گوڵەکە دەکاتەوە. گەر بگاتەوە ماڵ، لە ناو پەرداخێک ئاو لە بەر ئەو پەنجەرەیەدا دایدەنێ وا بەرەو گۆرستانەکە دەڕوانێ. بەم شێوەیە باوکی هەم لە ماڵەوەیە و هەم لەوێ.

لە کاتێکدا بۆنی گوڵەکە بۆ جارێکی تر بە توندی هەڵدەمژێتەوە، لەو ئێوارە درەنگەیەدا لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

ـ "سوپاس باوکە گیان،... سوپاس!"

## تاکسیی رەش

سۆزانییەکانی شار، لە ئەم بەراوبەری جادەکان لە سەر شۆستەکان بێ منەتانە راوەستاون و، چاوەڕوانی مشتەرییەکان دەکەن. کە دێن، لە دووانیوەڕۆوە دێن. سەرەتا یەکە یەکە و ئەوجار بە گروپ لەو

سەیارانەدا کە پیاوەکان شۆفیریانن و ئیدی ژمارەیان تا دێ زیاد دەکا. کە شەو دادێ و دونیا تاریک هەڵدەگەڕێ، تەنیا ئەوانن زیندەوەرەکانی ناو سێبەر و سوچە تاریک و نیوە روونەکانی سەنتەری شار.

بە ئۆتۆمبیلەکەی ئارام بە ناو شەقامەکاندا دەسوڕێتەوە و، چاو دەگێڕێ. دەبینێ هەڵمی دەمیان لە گەڵ دووکەڵی سیگار بە ئاسماندا دەچێ و کە سەرما زۆریان بۆ دێنێ، روو لە باڕەکان دەکەن. نازانێ بۆ، بەڵام دیتنی قەحبەکان هەمیشە هەم خۆشە و هەم ناخۆش!

رێبوار نیە بەرۆکیان پێ نەگرن. گەر ئەم بەرۆکی پێ نەگرت حەتمەن ئەوی تر دەیگرێ. تەواوی شەقام یان شەقامەکانی سەنتەر، لە داوێکی بەرینی نەدیتراو دەچن. بە تایبەت قەحبە رەشەکان. ئەوان هەڵسوڕ و چالاک هەموو رێبوارێک بە سەردەکەنەوە، چ ئەوانەی لە ناو سەیارەکاندان و چ ئەوانەی بە پێ دەڕۆن. بە ئینگلیزییەکی خێرا و بە لەهجەیەکی ئافریقایی دەڵێن:

ـ "هەی خوێن شیرین! حەزت لە پێکەوە بوونێکی خۆشە؟"

جارێکیان کە بەم دەڵێن، لە وەڵامدا دەڵێ:

ـ "ئا، ئەی بۆ نا!"

ـ "دەکاتە هەزار کرۆن."

- "هەزار کرۆن! تۆیت داوام لێدەکەیت و، دەبێ من پارەکەی بدەم؟"

قەحبەکە جوێنێک دەدا و دووردەکەوێتەوە. ئەم هەر واز ناهێنێ. بە دەنگی بەرز دەڵێ:

- "دەبێ مەمنونیش بی من پارەم ناوێ!"

مەودا هەر دوورتر و دوورتر دەبێتەوە.

نازانێ بۆ. لەگەڵ ئەوەی بە یاساکە دەزانێ، بەڵام ئەم قسانە لە دەمی دێنە دەرەوە. ئەسڵەن پێی سەیرە بۆچی ژن ئەوەندە دڵنیایە لەوەی گەر بۆ سێکس ڕوو لە پیاو بکا، دەتوانێ هەڵیفریوێنێ و ئەوە ئەوە کە دەبێ پارە بستێنێ. ئەویش هەزار کرۆن. حسێبی دەکا گەر کارێکی ئاسایی هەبێت لە دووای هەشت سەعات کارکردن ڕۆژانە تەنیا ڕەنگە شەش سەد کرۆنی بۆ بمێنێتەوە. ئەوی تری حکومەت دەیبا. جا وەرەو بۆ ماوەیەکی کورت هەزارت لێ بستێنن. ڕەگەزی پیاو بە ڕاستی بێ مێشکن!

سەیارەکە لە شوێنێک ڕادەگرێ. دەبێ وشیار بێت. گەر پۆلیس بیگرن ڕەنگە هەم سزای زیندانی بدەن، هەم ئیجازەکەی لێ بستێننەوە و هەم پارەیەکی زۆریشی لە گیرفان دەربێنن. تاکسی ڕەش قەدەخەیە. ڕادەوەستێ و چاوەڕوان دەمێنێتەوە. تا ڕادەیەکی زۆر مشتەری درۆ و

راستەقینە لەیەک دەکاتەوە. بەڵام دەبێ هەر وشیار بێت،... یەکجار وشیار بێت.

لەوبەر جادەکە بە دەستی چەپیدا کچێکی سپی پێست راوەستاوە. ئاشنایە! تا ئیستا بە چەندین جار بە تووشییەوە بووە. هەمیشە بە تەنیا رادوەستێ. جگەرە زۆر دەکێشێ. زۆر کەمیش خۆ بە بارەکاندا دەکا. بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکانییەوە و بەو جل و بەرگانەوە کە لە خوری دەکەن، دەتوانێ بە چەندین سەعات لەناو سەرمای تاقەت پڕوکێنەری دەرەوەدا راوەستێ. بەڵام نا، هەر ئەوە نیە. زوو زوو لە گەڵ مشتەرییەکان بزردەبێ. ئەم پێم وایە سەرنجڕاکێش ترین قەحبەی سەنتەری شارە. رەنگە یەکێک لە گەنجتریتیان.

شووشەی پەنجەرەکەی دادەداتەوە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. چەخماخەی لێدانی لایتەرەکە، سەرنجی کچەکە دەقۆزێتەوە و هەر بۆیە لادەکاتەوە. بەڵام زۆر خێرا نیگا وەردەگێڕێتەوە. وەک بڵێی ئەویش ئەم دەناسێ. جگەرەکەی لە تەواوبووندایە مشتەرییەک کە پیاوێکی تەمەن مامناوەندییە لە کچەکە نزیک دەکەوێتەوە. قسەکان زۆر ناخایەنن. وەک بڵێی زۆر خێرا بە ئاکام گەیشتوون و سازاون. پیاوەکە وەردەسوڕێ و چاو لە شەقام دەکا. بۆ تاکسی دەگەڕێ. بەڵام لەو کاتەدا هیچ

**تاکسییەک دیار نیە. لەم کاتەدا کچەکە دیسان سەری قسە دەکاتەوە. وەک بڵێی داوای زیاتر دەکا. پیاوەکە سەرەتا کەمێک رادەمێنێ و ئەوسا ملدەدا. بە شێوەی سەر راوەشاندنی وا دیارە. تاکسی هەر دیار نیە. لەم کاتەدا ئەم جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێ. چەخماخەی لێدانی لایتەکە سەنجی پیاو و ژنەکە پێکەوە رادەکێشێ. ژنەکە شتێک دەڵێ و پیاوەکە دەستبەجێ روو لە سەیارەکەی ئەو بەری جادەکە دەکا.**

**- "کاردەکەی؟"**

**- "ئەرێ، ئەی بۆ نا!"**

**- دووسەد کرۆن تا شوێنی مەبەست، دوور نیە، تەنیا چارەکێکە."**

**- "سێ سەد کرۆن."**

**- "دووسەد و پەنجا. ئیتر لێی مەڵێ!"**

**- "زۆر باشە، سواربن!"**

**پیاوەکە روو لە کچەکە دەکا و ئاماژەی پێدەکا. کچەکە خەرامان خەرامان دێت. هەنگاوەکانی نادڵنیا دیارن. هەردووکیان دەچنە پشتەوە. پیاوەکە زۆر نزیک لێی دادەنیشێ. قەراخ جەستەی لکاو بە قەراخ جەستەی کچەکەوە. سۆزانییەکە بە ئارامی بەرەو دەرگاکە دەکشێ.**

**ئەم دەبێ وشیار بێ کە پۆلیس نە لە دەورووبەرە و نە بە شوێنیەوە. لە ئاوێنەکانیشەوە بە وردی دەڕوانێ. ئەوسا بە پەلە ناویان دەپرسێ. بە تایبەت ناوی پیاوەکە. کابرا، سەرەتا تێناگا. ئەم دەڵێ:**

**- "گەر بە رێکەوت بە تووش پۆلیسەوە بووین،... بۆ ئەوەی وا بزانن هاوڕێین!"**

**- ئەها، ئیستا تێدەگەم. زۆر چاکە. ناوم دەیویدە."**

**لە ئاوێنەکەوە بە وردی لە دەیوید دەڕوانێ. لە خەڵکی یەکێک لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا دەکا. بەس بۆ ناوی دەیویدە، نازانێ. پێکەنینی بە گەمژەیی خۆی دێ:**

**- "بێگومان ناوی خۆی نیە!"**

**ئەوسا نیگای بۆ سەر کچەکە رادەگوێزێ. کچەکە لە دەرەوە دەڕوانێ و بۆ ساتێکیش بێت لە ئاوێنەکە ناڕوانێ. هەموو سۆزانییەکان وەهان. کەسیان لە ئاوێنەی هیچ شۆفیرێک ناڕوانێ. وەک بڵێ هیچ شتێک بە قەد نیگای راستەوخۆ ناتوانێ دەرخەری راستەقینەی کەسەکە بێت. ئەوان راستیی خۆیان لە شۆفیرەکان دەشارنەوە. دەیوید ناوە ناوە بێدەنگە و ناوە ناوەیش هەوڵ دەدا خۆمانی کچەکە بدوێنێ. کەم کەس**

ئەمە دەکا. بەڵام کچەکە زۆر مەیلی لە قسە نیە. تەنیا چاو لە دەرەوە دەکا.

نیگای قەحبەکان لە لای ئەم هەمیشە نیگایەکی نەخوێندراوە بووە. خەمینن، شادن، بێ دەربەستن، هەمیشە لە بیردا، تورە، یاخود پڕ لە سووکایەتی،... نازانێ. یان رەنگە هەر هەمووی ئەمانە پێکەوە بن. بەڵام ئەوەی دوواوە ئەمشەو دەڵێی لە جۆریکی ترە. قەحبەی نەبینیوە خۆی لە مشتەرییەکەی دووربخاتەوە.

شەقامەکان تێدەپەڕێنن. لە سەنتەر دوور دەکەونەوە. بەم نیوە شەوە لێرە لە دەرەوەی سەنتەر، هەموو شتێک ئارامتر و بێدەنگتر دەنوێنێ. تاق و تەرا خەڵک بە دەرەوە، لە گەڵ بێ ئەژمار ئۆتۆمبیل کە بە درێژایی شەقامەکان پارک کراون. پەنجەرەی ئاپارتمانەکان لە ئاسمان تاریکترن.

قەحبەکە لە ئەگەری جگەرە کێشانێک دەپرسێ. ئەم کە لە راستیدا پێی خۆش نیە، بەڵام بە پێچەوانەوە پێی دەڵێ گەر شووشەکە کەمێک دابداتەوە، دەکرێ. چەخماخەی لایتەکە بۆ ساتێک ناو سەیارەکە روون دەکاتەوە. ئەم، بۆ ساتێک چاوە جوانەکانی لە رووناکایی تەواودا دەبینێ. چاوە جوانەکانی ونی ناو نیگا پەرتەوازەکان.

**دەیوید دەڵێ ئەوەندەیان نەماوە. تەنیا دوو شەقامی تر. ئەم بیردەکاتەوە کە دەیوید سەرەڕای ئینگلیزی قسەکردنەکەی، بەڵام لە مێژە لێرە دەژی و رەنگە هەر لێرەیش گەورە بووبێت. هەوڵ دەدا بە نۆروێژی قسەکردن بیهێنێتە گۆ، بەڵام دەیوید هەر بە ئینگلیزی وەڵام دەداتەوە. لە لای خۆی بیردەکاتەوە: "کەواتە تێدەگا." بێ ئۆقرەییەک وەک مارێکی لووس دەخزێتە ژێر پێستییەوە. دەیوید دەڵێ ناوە ناوە لێرە دەژی. لە راستیدا بۆ کۆمپانیاییەکی نێودەوڵەتی کاردەکا و هەر بۆیە زۆربەی کات لە سەفەردایە. لە کاتێکدا لە ئاوێنەکەوە چاوێک لە شۆفیرەکە دادەگرێ، بە رستەیەکی جوانی نۆروێژی دەڵێ:**

**- "تازە فێری تامی ژنی وڵاتانم!"**

**سۆزانییەکە جگەرەکە بە ناتەواوی لە پەنجەرەکەوە فڕێدەداتە دەرەوە و شووشەکە دادەداتەوە. بۆنی توندی جگەرە، کەپۆ ئازاردەدا. دەیوید دەڵێ کە خۆشترین بۆن لە کاتی سێکسدا بۆنی جگەرەی دەمی ئافرەتە! دەڵێ کە ئەم بۆنە شێتی دەکا! ئەم نازانێ بۆ، بەڵام شتێک لە نیگاکان و لە شێوازی قسەکردنی دەیویددا هەیە ئازاری دەدا. شتێکە وەک نیگای قەحبەکان. نا،... راوەستە! دەخوێندرێتەوە. شتێکە وەک بێ دەربەستی و ڕووداریییەکی تەواو. وەک شەقاوەکان. ئەو شەقاوانەی ئەم لەوەتەی**

هاتووەتە ئەم وڵاتە بە تووشیانەوە نەبووە. شتێک وەک دڵنیایی تەواو لەو کارەی دەیکەن. وەها کە گوێ نادەیتە هیچ شتێک و تەنیا لە سەر کارەکەی خۆت یەکانگیری. ئەم هەست دەکا کچەکە جاروبارە بە لاچاو دەیوید بەسەردەکاتەوە. سپیینەکان لە ئاوێنەکەوە ئەمە دەڵێن.

دەگەنە شوێنی مەبەست. یەکێک لە کۆنترین شەقامەکانی شار. بە خانووە کۆنەکانییەوە. بەو کۆڵانە تەنگانەوە کە کەس نازانێ لەو سەرەوە دەگەنە کوێ. رەنگە نەیشگەنە هیچ کوێ. ئەو کۆڵانانەی کە تەنیا بە رووی کۆڵانی تردا دەکرێنەوە و بەس.

شوێنەکە بەر شۆقەیەکە. بە نیوە دیوارێک بەو نەردانە بەسەریەوە کە دەوری شوێنەکە دەدەنەوە. نیوەدیوارەکە، سپییەکی چڵکنە. نەردەکانیش رەشی کۆن. دەیوید دەڵێ راوەستێ. رادەوەستێ. رێک لەو شوێنەیدا دیوارەکە دەم دەکاتەوە بە بێ هیچ دەرگا یان دەروازەیەک. دەیوید پێنج سەد کرۆنی دەداتێ. ئەم گیرفانی بۆ دووسەد و پەنجا کرۆن دەپشکنێ. دەیوید دەڵێ پێویست ناکا و دەتوانێ باقییەکەی هەڵگرێ! دڕدۆنگ و نادڵنیا لە کاتێکدا لە چاوەکانی دەیوید دەڕوانێ، هەڵیدەگرێ. دەیوید و سۆزانییەکە دادەبەزن و بە ئارامی لە ئۆتۆمبیلەکە دووردەکەونەوە. سەر لە سەیارەکە دەردێنێ و دەڵێ دەتوانم راوەستم بۆ ئەوەی کچەکە

بگەیەنمەوە سەنتەر هەڵبەت بە پارەیەکی تر. ئەم بەشەی ئاخر بە هێواشی دەڵێ! ئەوان وەڵام نادەنەوە. ئەم بە چاو بەڕێیان دەکا، تا دەگەنە دەروازەکە و لەوێوە بۆ پشت نیوە دیوارە سپییەکە بە لای راستدا. کچەکە دووا دەکەوێ. پێڵاوەکانی تیژ رێناکەن. چاویان لێهەڵدەگرێ و لە پێشەوەی خۆی دەڕوانێ. سەیری سەعاتەکەی دەکا. کاتژمێر سێی نیوەشەوە. پشیلەیەک بە سەر دیوارەکەدا هەڵدەگەڕێ و بازدەداتە ئەو دیوی.

بۆ ئەوەی هەوای ناو ماشینەکەی بدا، شووشەکەی تەنیشت خۆی دادەداتەوە و ئەوسا ئارام وەڕێدەکەوێ. لە سەر جادەکە بادەداتەوە. دەست دەبا رادیۆکەی هەڵبکا کە گوێی دەنگێکی بەرز دەقۆزێتەوە. لادەکاتەوە و لە بە ناو دەروازەکە دەڕوانێتەوە. کچەکە دەبینێ کە ئێستا پاش و پاش دەڕوا و بە دەنگی بەرز قسە دەکا. لە بەرامبەریدا پیاوێکی سپیی باڵابەرز. هەردووکیان بە زمانێکی تر قسە دەکەن. وشە خێراکان دەڵێن عەرەبییە. ئەوسا دەیوید دەبینێ بە دوو مەترێک لە دووای کابراوە. قسەکان زۆر ناخایەنن. قەحبەکە هەوڵ دەدا بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکانییەوە هەڵبێ. وەها کە قوتاری ببێ. پێڵاوەکان ناهێڵن. سەرەنگردەدا. ئەوسا ئەم دەمانچەکە دەبینێ. دەمانچەکە دەگاتە سەر

کچەکە و لە کاتێکدا بە دەستێکی قژی بەرەودووا رادەکێشێ و بە سەریدا دەقیژێنێ، چەند فیشەک لە سەریدا خاڵی دەکاتەوە. جەستەی کچەکە وەک لاقی سەر پێڵاوەکانی، پێچ و لوول دەخوا و نەرم دەکەوێ،... لە پشت نیوە دیوارە سپییەکە.

ئەم نازانێ راوەستێ، یاخود بەردەوام بێت. قاچی بە بێ ویستی خۆی پێداڵەکە دەگوشێ و ئۆتۆمبیلەکە دەهۆڕێنێ و زۆر خێرا دوور دەکەوێتەوە. جادەکە و خانووەکان چەند بچووک و سێبەرئاسا دەنوێنن. دەستی چەند لە هەڵکردنی مۆسیقاکە دەترسێ.

وێنەی دیانە سپییەکانی دەیوید لە پشت نیوە دیوارەکەوە، ئیستایش دووای سالانی ساڵ، هەر کاتێک دەست دەبا بۆ ئەوەی رادیۆکەی هەڵبکا، دێتەوە یاد. ددانە سپییەکانی نێوان شوڵە ئاسنینە رەشە کۆنەکان.

## دوو کورتە چیرۆک

### تفەنگ

**دوو منداڵ، پێکەوە لە گەڕەکێک لە دایک بوون و گەورەبوون. بوون بە هاوڕێی گیانی بە گیانی. کۆڵانەکە بەوانەوە خۆی بە کۆڵان دەزانی. کە گەورە بوون یەکیان بە ڕێکەوت لەو سەری کۆڵان تفەنگێکی دۆزییەوە کە کەسێک لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا جێی هێشتبوو. تفەنگەکەی هەڵگرتەوە، بۆ سبەی کردیە شانی و چووەوە بۆ کۆڵان. هاوڕێکەی بینی. پێی گوت: "لە ئیمڕۆوە من کوێخا و تۆ ڕەعیەت! ئیتر من لە سەر هەموو شتێ بڕیار دەدەم!" ئەوی تر خەمێکی قوڵ لە چاوەکانی نیشت.**

ڕۆژێکی تر، ئەمیش بە ڕێکەوت تفەنگێکی تری لە هەمان شوێن دۆزییەوە. هەڵیگرت و بۆ سبەی کردیە شانی و چووەوە بۆ کۆڵان. لەوێ بە هاوڕێکەی گوت: "ئیتر تۆ کوێخا نیت!" هاوڕێ کۆنەکەی کە بە دیتنی تفەنگەکە سەری سوڕمابوو، وتی: "نا هەر من کوێخام. من لە پێش تۆ تفەنگم دۆزییەوە."

لەو کاتەوە هەموو ڕۆژێک ئەو دووانە بە تفەنگەکانیان یەکتر دەکوژن، شەو خەڵکی گەڕەک دەیانێژن و بۆ سبەی دیسان یەکتر دەکوژنەوە. چ ئاسان جێ فیشەکەکان و خوێن و ئازارە ترسناکەکانی جەستەیان لە بیر دەکەن.

منداڵێک کە خانووەکەیان لە تەنیشت شوێنی تفەنگەکان بوو، بیری دەکردەوە "چ دەبوو لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا کەس تفەنگی جێ نەهێشتایە؟"

**فیشەکەکان**

لە شوێنێک دوو فیشەک پێکەوە قسەیان دەکرد. ئەوەی یەکەمیان لە کاتێکدا بە سووکی سەیری ئەوی تری دەکرد، بە شانازی و بە لەخۆباییبوونەوە گوتی:

**- "من ئەرکی خۆم بە جێ گەیاند. من لە جەستەی مرۆڤێکەوە تێپەڕیم،... کوشتم!"**

**ئەوەی دووهەم کە هێشتا بە هۆی بەرکەوتنی راستەوخۆی بە بەردێکدا سەری دێشا، گوتی:**

**- "زۆربەی فیشەکەکان وەک منن، بەر کەس ناکەون. زۆرینە بە ئێمەیە. تا ئێمە نەبین ئێوە کەس ناپێکن. تازە ئەویش زۆر جار بە رێکەوتە."**

**- "گرینگ نیە،... گرینگ ئەوەیە ئێمە جیاوازین،... من جیاوازم. دەبینی! من نە سەرم دێشێ و نە هیچ. ئەوەم کە بووم."**

**فیشەکی دووهەم کە تامی مزر و سارد و ناخۆشی بەردەکە هێشتا لە زاریدا مابووەوە، تفێکی کردەوە و گوتی:**

**- "بڕوا ناکەم، هێشتا، ئەوەی کە بووی. کە تەقای ئیتر شتێکی تری. بە تایبەت تۆ کە لە ناو گۆشت و خوێنەوە گوزەرت کردووە."**

**- "بە خوا گێژی! تێناگەی. من ئەو مەبەستەم پڕکردووەتەوە کە وەک فیشەکێک لێم داوا دەکرێ. شتێک کە تۆ پێی نەگەیشتی و قەتیش تازە پێی ناگەی."**

**بەرە بەرە سەرئێشەکە و تامە مزرەکە بەرۆکی فیشەکی دووهەمی بەردا. ئیستا جوانتر دوونیای دەبینی. لە فیشەکەکەی تر راما. روخسارێکی**

**سووری بینی بە ریشاڵە گۆشتنەکانەوە، شۆڕ شۆڕ بە هەندێ شوێنییەوە. پاش کەمێک گوتی:**

**- "دڵنیای، ئەوەی کە بووی؟"**

**قاقای بەرزی فیشەکی یەکەم لە دەشتەکەدا دەنگی دایەوە. لە وەڵامدا گوتی:**

**- "تەنیا گەمژەکان زۆر پرسیار دەکەن، ... تەنیا گەمژەکان، ..."**

**فریا نەکەوت قسەکەی تەواو بکا کە چەند مێش لێی ئاڵان. چەند مێشی زلی سەوز رەنگی تامەزرۆ. لە گەمارۆی ناو بۆنی خەستی ئاودەستی جەستەکانیان، دڵ و دەروونی تێک چوو، ... هێڵنجی دا، ... هاواری کرد:**

**- "ئێوە دەبێ لێم دوور بکەونەوە، ... ئێوە نازانن چی دەکەن، ... ئێوە..."**

**مێشە پیس و بۆگەناوییەکان وەها لێی ئاڵان کە دەنگی فیشەکەکە بۆ هیچ شوێنێک برِی نەکرد. گووەمێشەکان دەنگیان خنکاند.**

## ژووری ژمارە سیانزە

کە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی، شۆفیرەکە دەرگای پشتەوەی بۆ کردەوە و جانتاکەی دایە دەست. ئەمیش بە ئیشارەتی دەست سوپاسی کرد و لە باڵاخانەکەی بەردەمی رووانی. خانوویەکی قەدیمی بە دەرگایەک لە ناوەڕاستیدا و بەو پەنجەرانەوە کە وەک چاوی ماندوو، ساڵانی ساڵ بوو لە هەمان دیمەنی بەردەمی خۆیان دەڕوانی. دیمەنیش، دەشتێکی کاکی بە کاکی کە لەو دوورانە لە گەڵ ئاسۆ و لە گەڵ تیشکی ئێوارە ون

دەبوو. بەو کۆمەڵە درەختە چنارەوە کە لەو بەر جادە خۆڵاوییەکە بە دەم نەرمەبای دەشتەوە نەرم نەرم خۆیان دەلاواندەوە.

ئارام لە دەرگاکەوە چووە ژوور، ئەو دەرگایەی بە سەریەوە ناوی "هوتێل ڕێبوار" لە چوارچێوەیەکی کۆنی ئاسنین دا خۆی دەنواند. لەو سەری ژوورەکە هوتێلدارەکە لە پشتی نیوەدیواری ڕسێپشونی بەردەمی ڕاوەستابوو و خەریکی سەیرکردنی دەفتەرەکەی بەردەمی بوو، بە دیتنی مسافیری نوێ، سەری هەڵێناو لێی ڕووانی. ئارام ئەمیش لێی نزیک کەوتەوە:

ـ تکایە ژوورتان هەیە؟... بۆ چەند شەوێک دەمێنمەوە. گەر لە قاتەکانی سەرەوەیش بێت سوپاستان دەکەم.

هوتێلدارەکە چاوێکی بە دەفتەرەکەی بەردەمی خۆیدا گێڕا:

ـ ژووری ژمارە ١٤ بەتاڵە،... بەڵێ تەنیا ئەم ژوورەمان هەیە، هەڵبەت لە قاتی دووهەمدایە (چاوێکی لێداگرت).

ئەم کە لە هۆکاری چاوداگرتنەکە نەگەیشت و تەنیا وەک عادەتێکی سەیری هۆتێلدارەکە لێکی دایەوە، دووای وەرگرتنی کلیلەکە لە پلیکانە کۆنەکان سەرکەوت و چووە قاتی دووهەم. بۆنی "کۆن" لە هەموو دیوارەکانەوە وەک ئاو دەدەڵا. لەوێ شوێن ژمارەکان کەوت، لە

پێنجەوە دەستیان پێدەکرد. کەواتە دەبا هەشت ژمارە تێپەڕێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ژووری ژمارە چواردە. دەستی کرد بە ژماردن: پێنج،... شەش،... حەوت،... هەشت،... یانزە،... دوانزە،... لێرەدا ئەگەرچی گەیشتە دەرگای دوواتر کە دەبا ژمارە سیانزەی بە سەرەوە بایە، بەڵام هیچ ژمارەیەکی نەدی. کەمێک راوەستا و لە دەرگاکەی رووانی. بیری کردەوە رەنگە ژمارە سیانزە لە قاتی سێهەمە و هەر بەو پێیەیش ژوورەکەی ئەو چواردە، بەڵام نا، دەرگای ئەولاترە بە سەریەوە ژمارە "چواردە" خۆی دەنواند.

- "ژمارەکەی کەوتووە، خوا دەزانێ کەی کەوتووە و کەی ئەم خاوەنەیش کە من بەم چاوداگرتنانەوە دەیبینم چاکی دەکاتەوە!"

دەرگای ژووری چواردەی کردەوە و چووە ژوورەوە.

ئەگەرچی ژوورەکە بچووک بوو و تەختی خەو و مێز و کورسییەکە کۆن و رەنگ هەڵبزرکاو دەیاننواند، بەڵام رەحەت خەوت، بە بێ ئەوەی خەبەری بێتەوە،... هەتا سبەی. ئەوەندە نەبێ کە جاروبارە هەستی دەکرد دەنگێک بە ئاستەم دەگاتە گوێی، دەنگێک وەک دووانی کەسێک لە گەڵ خۆی بە کاتی نیوەشەو.

سبەی کە لە خەو هەستا، چووە خوارەوە. پێش ئەوەی ناشتا بکا، رووی کردە هوتێلدارەکە و گوتی:

- "وەک دوێنی وتم من چەند شەوێک دەمێنمەوە. ئێرەم هەڵبژاردووە چونکە شوێنێکی بێدەنگ و دوور لە قەرەباڵغییە."

هوتێلدارەکە وەک بڵێی باوەڕ بە مشتەرییەکەی ناکا، چاوێکی تری داگرتەوە و گوتی:

- "هۆکار بۆ ئێمە گرینگ نیە بەڕێز!"

- "شوێنە کۆنەکان لە ژیان و سەردەمی ئەمڕۆدا هەمیشە سەرنجڕاکێشن،... لانیکەم بۆ من. بە تایبەت گەر دەشتێکی کاکی بە کاکی ئاوەهاش بە دەمییەوە بێت، بەو چنارانەوە کە دەڵێی خاڵی دەستپێکی جوڵەن بەرەو بێکۆتایی،... بێکۆتایی ئەوبەر!"

هوتێلدارەکە، کە سەرەتا لەم رستانە نەگەیشت و چاوداگرتنەکانی خۆی لە بیرچووبووەوە، نیگاکانی زەق بوونەوە و کەمێک سەرسوڕماوانە لە مشتەرییەکەی روانی. لە دڵی خۆیدا گوتی "کەواتە ئەمەیان فەرق دەکا،... رەنگە هونەرمەند یان نووسەرێکی... دەوڵەمەند."

راستی بۆ چووبوو. مشتەرییەکەی لە شارێکی گەورەی دوورەوە دەهات. جل و بەرگ و یەخە سپییەکەی و ئەو گۆچانە گران قیمەتەی بە

دەستییەوە بوو بە جوانی ئەمەی دەردەخست. نازانێ بۆچی دوێکە زۆر سەرنجی ئەمەی نەدابوو.

لە دووای ناشتا بە گۆچانەکەیەوە کە زۆر هێزی سەرنەدەدا و دەڵێی تەنیا بۆ گۆڕینی رواڵەت بوو، وەدەرکەوت. سەرەتا بۆ ئەوبەری جادەکە بۆ لای چنارەکان و ئەوسا کەمێک بە دەشتەکەدا بە تەنیشت گەنمەجاڕ و سەوزەڵانی و ئەو جۆبارە گچکەدا کە لە شوێن کەوتنی وەڕەز بوو. هەوای ئێرە ئارامییەکی سەیری پێدەبەخشی.

شەو، دیسان چووەوە ژوورەکەی خۆی. دیسان بزربوونی ژمارە سیانزە سەرنجی راکێشایەوە. پەشیمان لەوەی کە بۆچی لە هۆتێلدارەکەی نەپرسیبوو، کەمێک لە بەر دەرگاکەدا وەستا. هەستی بە هاتوچووی کەسێک کرد، بە جێ هەنگاوەکانی. گوێی بە دەرگاکەوە نا، ئا، جوڵەی ئارامی کەسێک هەست پێدەکرا. لای خۆی گوتی "حەتمەن ئەم ژوورە بۆ شتی تر کەڵکی لێوەردەگرن،... بۆ وێنە وەک عەمبار، یان،... یان وەک..." مێشکی وشەی تری لە خۆی نەگرت.

نیوە شەو بە دەنگێکی غەریب خەبەری بووەوە. سەرەتا هەستی کرد دەنگەکە لە دەرەوە دێت، لە دەشتەوە. وەک کەسێک لە ناو چنارەکانەوە، بەڵام نا، دەنگەکە لە تەنیشتەوە بوو. جوانتر لە

تاریکیی ژوورەکەدا گوێی هەڵخست. دەنگەکە لە ژووری ژمارە سیانزەوە دەهات. گوێی بە دیوارەکەوە نا. کەسێک قسەی دەکرد، ... تورە، ... دەهات و دەچوو.

ترسێک لێی نیشت. بێگومان هیچ کرێکارێکی هوتێل ناتوانێ لەم کاتەی شەودا بەو شێوەیە بە دەنگی بەرز بدوێ و خەو و ئارامیی ئەوانی تر واتە لە مشتەرییەکان بزرێنێ. دەنگەکە هەتا خۆر هەڵهات درێژەی کێشا.

بۆ سبەی لە دووای ناشتا، رووی کردە هۆتێلدارەکە. باسی دوێ شەوی بۆ کرد. گوتی:

- "دوێ شەو پێم وابێ کەسێک لە ژووری ژمارە سیانزە کێشەی هەبوو، تا رۆژ بووەوە قسەی دەکرد و دەهات و دەچوو و هاواری دەکرد، ..."

هوتێلدارەکە، کە روخساری ماندووی بەرامبەرەکەی سەرنجی دەقۆستەوە، چاوێکی لێداگرت و گوتی:

- "ژووری ژمارە سیانزە؟! ئێمە لێرە ژوورێکی وەهامان نیە، ئەوەی هەمانە ژوورێکە لە نێوان ژووری دوانزە و چواردە کە هیچ ژمارەیەکی لە سەر نیە. تازە، ژوورەکەیش بەتاڵە، قەت بە کرێی نادەین. ژوورێکی چۆڵ چۆل، ... ساڵانی ساڵە چۆڵە!"

لەم کاتەدا دەرگای هوتێلەکە کرایەوە و مشتەرییەکی تازە هاتە ژوورەوە. هوتێلدارەکە بەناچار لە قسەکردن دەستی کێشایەوە و، رووی کردە کەسە غەریبەکە.

- "زەحمەت نەبێ ژوورێکم دەوێ بۆ ئەم شەو،... تەنیا بۆ ئەم شەو."

- "بە داخەوە نیمانە، هەموو ژوورەکان گیراون."

- "بەڵام دەبێ چارێکم بکەی، نزیکترین هوتێلی تر بە چەندین کیلۆمتر دوورە و، جگە لەمە خۆت دەزانی رۆژی یەکجار سەیارە بە ئێرەدا تێدەپەڕێ،... دەبێ چارێکم بۆ بکەی!"

- "بە داخەوە ناتوانم، کە ژوورمان نەبوو چت بۆ بکەم؟"

ئەم هەڵیدایەو و گوتی:

- "ژووری ژمارە سیانزە،... ئەو ژوورە خۆ بەتاڵە! با ژمارەیشی پێوە نەبێ!"

بە شوێن درکاندنی ئەم رستانەدا دەستبەجێ پەشیمان بووەوە. لە بیری نایەت لە ژیانیدا وەها جڵەوی خۆی لەدەست دابێ و، ئاوا بێ بیرکردنەوە و کتوپڕ شتی درکاندبێ. ئەویش لە کاروباری خەڵکی تردا.

هوتێلدارەکە کە چاوەڕوانی ئەم قسانە لە لایەن مشتەرییەکەیەوە نەبوو و لە لای وەک دەخالەتکردنی بێ جێ لە ئیش و کاری خۆیدا لێکی

**دەدایەوە، زۆر زیرەکانە بەری بە تووڕەیی خۆی گرت و رووی کردەوە مشتەرییە تازەکەی و چاوێکی لیداگرت و گوتی:**

**- "عەرزم کردی، بە داخەوە نیمانە! جگە لەمە، گەر پێ هەڵگری بۆ ئێوارە دەگەیتە هوتێلێکی تر!"**

**مشتەرییەکە چاوەکانی لە نێوان هۆتێلدارەکە و ئەودا هات و چوو. وەک بڵێی چاوەڕێی پشتیوانی لێدەکرد، ئەوەی کە دیسان باسی ژوورە بێ ژمارەکە بکاتەوە. ژوورێک چۆڵ بوو، بە بێ ئەوەی کەسێکی تێدا بێ. چاوەڕووانی بێسوود بوو. سەرئەنجام بە بێ ئەوەی شتێک بڵێ جانتاکەی هەڵگرت و رۆیشت. دەرگاکەی وەها توند پێوەدایەوە کە چەند لەتە گەچێک کەوتنە خوارەوە. خاوەن هۆتێلەکە لە ژێر لێوەوە چەند جوێنێکی حەواڵە کرد.**

**شەو دیسان دەنگەکە هاتەوە. دیسان تەپەی هەنگاو و دیسان تووڕەیی. ئارام لە ناو جێگاکەی هەستاو و پاش کەمێک گوێ گرتن بە دیوارەکەوە، بە ژماردە هاتە کۆریدۆرەکەوە. چەند دڵۆپ ئەرەق بە نێوچاوانییەوە دەبریقایەوە. لە بەردەمی دەرگای ژووری ژمارە سیانزەدا راوەستا. دەستی بۆ دەستگیرەکە برد. ئەگەرچی دەیزانی داخراوە، بەڵام نەخوازراو سوڕاندی. دەرگاکە کرایەوە! ترسێکی قورس لە خۆی گرت.**

ویستی بکشێتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی لە خۆی ئازاتر بوون. دەرگاکە بە قەد پانتایی شانەکانی کرایەوە. رووانی. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی، لە ژوورەکە جگە لە تیشکی مانگە شەو کە لە پەنجەرە چڵکن و کۆنینەکەوە خۆی بە ژوورەوەدا دەکرد، هیچ تیشکێکی تر بەدی نەدەکرا. دەرگاکەی تەواو خستە سەر پشت. ئەوسا لە سووچی ئەوبەر ژوورەکە بە دەستی راستی خۆیدا کەسێکی بینی. کەس؟ نا، کەس نەبوو. شتێک بوو وەک ژمارە، جوانتر لێی وردبووەوە،... ژمارەیەک وەک سیانزە،... ئا، ژمارە سیانزە بوو. پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو و ورد ورد لەمی دەڕوانی کە ئیستاکە لە ناو ژوورەکدا بوو و سەیری ئەوی دەکرد.

مابووەوە چ بکا، بڕواتەوە دەر، یان بچێتە ژوورەوە، یاخود هەرلەوێدا راوەستێ. چاوەکانی ژمارە سیانزە دەبریسکانەوە، وەک چاوە پشیلە. ئەوسا دەنگێک وتی:

- "وەرە ژوور،... وەرە!"

چووە ژوورەوە. دەرگاکەی لە پشت سەری خۆی پێوەدا.

- "یەکەم جارە لە دووای ساڵانی ساڵ ئەبینم کەسێک جورئەت ئەکا و ئەم دەرگایە دەکاتەوە. ئەبێ کەسێکی ئاسایی نەبی."

**ـ "خۆشم تیایا ماوم باوەڕ بە ئارەقەی لەشم بکەم یان بە هەنگاوەکانم."**

**ـ "نیعمەتێکە لە دووای ساڵانی ساڵ بتوانی لە گەڵ کەسێک بدوێی. وەڕەز بووم لە قسەکردنەکانم لە گەڵ خۆم."**

**ـ "کەواتە ئەم ژوورە بەتاڵ نیە. کەسێک (کەسەکەی بە دەنگێکی نزمتر گوت) تێیدا دەژی. ئەویش ژمارەکەی. کە خاوەن ماڵ لە ماڵدا ژیا ئیتر دەرگا کراوە نیە بۆ کەسی تر."**

**ـ "بەڵام من نامەوێ لێرە بژیم، من ئەبێ بە سەر دەرگاکەوە بم، وەک هەموو ژمارەکانی تر. ئێرە بۆ من زیندانە. تێئەگەی!... زیندانە. من زیندانی کراوم."**

**ـ "باشە بۆ لێرەی؟... کێ تۆی هاویشتووەتە ژوورەوە؟"**

**ـ "چیرۆکێکی دوورو درێژە،... هەر ئەوەندەت پێ ئەڵێم کە لەم ژوورەی منا ساڵانی ساڵ لەمەوبەر کچێکی گەنج وون بوو، لە دووای ئەوە پیاوێکی تیا کوژرا، ئیتر دووای ئەوە ئەم بەڵایە بە سەر منا هات. وتیان گوناحی ژمارەیە، ژمارە سیانزە نەحسە و تەواو، ئەبێ بسڕێتەوە!"**

**تێیدا مایەوە چی بڵێ. چاوێکی تری بە ژوورەکەدا گێڕا. تیشکی مانگ نەرم نەرم دەکشا.**

**ـ "بەڵام ژوورەکە ون نەبووە، باشتر بڵێم ژمارەکە ون نەبووە. من دوێکە کاتێک بە شوێن ژوورەکەی خۆمدا دەگەڕام بە بێ ئەوەی هیچ ژمارەیەک بە سەر ئەم دەرگاوە بێت، زانیم ژووری ژمارە سیانزەیە، خۆبەخۆ بە زمانمدا هات."**

**ـ "جا ئەوان تێدەگەن،... جا ئەوان تێدەگەن؟"**

**لێرەدا بە پەلە هات و خۆی بە سەر قاچەکانی ئەمدا خست.**

**ـ "تکایە،... تکایە قسەیان لە گەڵ بکە. بەڵکوو تێبگەن..."**

**ئەم کەمێک راما. هەستی بە دەستە ساردەکانی ژمارە سیانزە دەکرد. سەیری پشتی کوڕی کرد. گوتی:**

**ـ "پرسیار ئەوەیە کە لە دووای داخستنی ئەم ژوورە چی روویدا،... داخۆ..."**

**ـ "لە دووای منیش لە ژوورەکانی تریشا خەڵک ون دەبوون و دەکوژران، بەڵام قەت ئیتر نەیانوت خەتای ژمارەکانە،... خەتای حەوتە، چواردەیە یان دوو. وتیان ئەبێ بە شوێن هۆکاری ترا بگەڕێین. بۆ پێیان وایە من گەمژەم و لەم شتانە ناگەم."**

**کتوپڕ هەستایە سەرپێ، گەڕایەوە بۆ سووچەکەی خۆی و ئەوسا گوتییەوە (ئەمجارە بە دەنگێکی سارد):**

ـ "ئەزانی گوناحی من ئەوەیە کە شتەکان ئەزانم. من وەک ژمارەکانی تر گەلحۆ نیم، هەم شتەکان ئەبینم، هەم تێیان ئەگەم و هەم لەبیرم ئەمێننەوە. جگە لەوە کە چاوم لێ مۆڕئەکەنەوە بۆ ئەوەی لە بیریان کەم، هێشتا لەبیرم ناچنەوە. رەنگە تاوانی یەک و سێ بێت کە لە پاڵ یەکترابوونیان ئەبێتە هۆی ئەم خەسڵەتە لە منا. یەک رائەوەستێ و سێ بەو سێ قوللاپەوەی شتەکان زۆر بە قایمی رائەگرێ،... رەنگە هی ئەمە بێ،... ئەمە،... راوەستان و راگرتن."

ئەم بیری لەو مشتەرییە کردەوە کە ئیستاکە رەنگە هەر بەڕێوە بوو و نەگەیشتبووە هۆتێلەکەی تر. وەک بڵێی ژمارە سیانزە بیرەکەی خوێندبێتەوە:

ـ "ئەو پیاوە نەک تەنیا نەگەیشتووەتە شوێنی مەبەست بەڵکوو ئیستا کوشتوویانە و سەروماڵیان بردووە. رەنگە تۆ بڵێی ئەمەیش گوناهی منە، گوناهی منە چونکە من سیانزە بووم و ئەو نەیتوانی لێرە بمێنێتەوە. سەیرکە! شتەکان چۆن بە ناوی منەوە تەواو ئەکەن! لەو بیابانەیش دا هەر تاوان تاوانی منە! هە هە."

***

**بۆ سبەی پاش ناشتا، رووی کردە هۆتێلدارەکە و گوتی کە ئەو ئیتر دەبێ بڕوا. کابرای هۆتێلدار بە سەرسوڕمانەوە لە سیمای ماندوو و ئاڵۆزی مشتەرییەکەی روانی و، ئەمجارە بە بێ ئەوەی چاوی لێدابگرێ، گوتی:**

**- "دەزانم،... دەزانم، گوناهی ئەوە،... تاوان تاوانی ئەوە، ئەو ژمارە نگریسە. بە هەموو جۆرێک زەرەرم لێدەدا،... بە هەموو جۆرێک، من دەبێ یەکجار بۆ هەمیشە لە دەستی رزگارم بێ،... چاری دەکەم، چار..."**

**کاتێک مینی بووسەکەی ئەو رۆژە هات و ئەم سوار بوو و دوورکەوتەوە، لە ناو تەپ و تۆزی سەیارەکەدا کە وەک مار بە سەر جادە خۆڵاوییەکدا رادەخوشا، بیری کردەوە:**

**- "چلۆن دەیەوێ لە دەستی ژمارە سیانزە قوتاری بێ،... چلۆن؟"**

## دراكولا و سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات

دراكولا لە مانەوە و لە گەشتی ناو ئەورووپا ماندوو ببوو. بە سەدان ساڵ لەوێ ژیان بەسەربردن وەڕەزی کردبوو. لەو کاتەوە کۆشکە ترسناکەکەی خۆی لە وڵاتی ڕۆمانیا بە جێ هێشتبوو و بە هەموو

وڵاتانی ئەورووپادا گەڕابوو و خوێنی هەزاران و دەیان هەزاری مرۆڤی لە گەردنەوە مژیبوو، ئیتر لە خوێنی ئەورووپی بێزارببوو. دەیگوت "خوێنی ئەورووپی ساردترە لە سارد و تاریکترە لە شەوانی دەوروبەری کۆشکەکانی من!"

***

رۆژێک لە یەکێک لە کۆشکە ترسناکەکانی خۆی لە دەوروبەری لەندەن لە کاتێکدا دەنگی لوورەی گورگ لە هەموو لایەکەوە دەهات و تیشکی مانگەشەوی ساردتر و ترسناکتر لە هەموو جارێکی تر کردبوو، دانیشتبوو. بیری لە سەفەرێکی تر کردەوە. بیرەکە شاگەشکەی کرد. بەڵام بۆ کوێ؟

ئارام هەستا و باڵکۆنەکەی کە بەرەو باغ و کێوە ترسناکەکانی دەوروبەری دەیڕوانی، جێهێشتوو و چووە ژوور. بۆ یەکەم جار بە دەستماڵی ئەو کچە گەنجەی چەند سەعاتێک لەوە پێش خوێنەکەی مژیبوو، خوێنی سەر لێو و روخساری سڕییەوە و چوو لە بەر نەقشەی گەورەکەی دونیا لە سەر سەر دیوارەکە راوەستا. جوان لێی راما. لەبەرچاویدا دونیا چەند بچووک دەینواند. نەقشەکەیش چەند دنەدەرانە دەیڕوانی. بۆچ تا ئیستا بەمانەی نەزانیبوو. سەیری ئاسیای کرد.

گەورەترین بەشی وشکی دونیا. باشە بۆچی تا ئیستا بیری لە سەفەرێک بۆ ئەوێ نەرکردبووەوە؟ داخۆ ئەوێ باشتر نەبوو؟ وڵات هەتا لە دەریا دوورتر بێت تاریکترە. جگە لەوە وشکتر،... کەواتە خوێنەکانیش خەستتر! سەیری وڵاتی چینی کرد. هەروەها هیندستان. پێکەوە بە چەند میلیارد مرۆڤ لەو دوو وڵاتە دەژیان. ئاه، چ نیعمەتێک! بێگومان ئیتر لەوێ قەت پەکی نەدەکەوت. ئیتر پێویستیش نەبوو لەوێ ئەوەندە جێ بگۆڕێ. گەر تەنانەت تەنیا لە گوندێکی چین دامەزرابا، بە قەدەر هەموو سکاندیناڤیا دەسکەوتی دەبوو. لە خۆشیی ئەم بیرە، دیانەکانی چیرکردەوە و چاوەکانی پڕ بوون لە خوێن، وەها وەک فرمێسک بە سەر گۆنا سپی و ڕەنگ هەڵبزرکاوەکانیدا ڕژانە خوارێ.

***

بەڵام بیرێک ئازاری دا. بیستبووی خەڵکی ئاسیا بە پێچەوانەی ئەورووپا زیاتر پێکەوە دەژین و هەربۆیە زەحمەت بوو بە تاک و بە تەنیا بینینەوەیان. هەروەها بیستبووی خەڵکی ئاسیا حسێبێکی وەها بۆخۆیان ناکەن و بەردەوام چاویان لە کەسێکە لە سەرەوەی خۆیان بیریان بۆ بکاتەوە و چاوەدێریان بکا. جگە لەمە یەکجار خواترس بوون. وەها، جاری وا بوو خودا لێیان وەڕەز دەبوو! ترسنۆکترین

**عەبدەكان لەویَ لەو رووبەرە وشكە یەكجار بەرفراوانەدا دەژیان. ترس! ئاە، ئەم چەند حەزی بەم ترسە بوو.**

***

**چاوێكی تری بە سەر سەرتاسەری ئاسیادا گێڕا. بینی چین و هیندستان یەكجار دووربوون. باش نەبوو بۆ یەكەم جار وەها دوور بڕوات. كێ دەزانێ داخۆ دەگاتێ یان نا. بۆیە چاوی چووە سەر ناوچە نزیكترەكان،... سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە كاتێكدا بزەیەک نیشتە سەر لێوەكانی، لە بەر خۆیەوە گوتی:**

**- "شوێنی شەڕی خاچ پەرستەكان و موسوڵمانەكان!"**

**لە پەنجەرەكەوە بیرمەندانە سەیری دەرەوەی كرد:**

**- "ئەگەرچی بۆنی ناخۆشی نەوتی لێدێ و كەس كەسی تری قەبوڵ نیە و لە یەک دڕدۆنگن و هەمیشە لە كەمیندان بۆ كوشتی یەكتر،... بەڵام دەچم! (پەنجەی ئاماژەی خستە سەر نەقشەكە)، ئا،... ئێرە! لێرە هەم دەست خستنی نێچیر ئاسانە و هەم ون كردنی لاشەی بێ گیانیان لەو فەوزایەدا!"**

**بۆ سبەی جانتاكەی پێچایەوە و بەرەو رۆژهەڵات بەڕێكەوت.**

***

ئەو کە بۆ خۆپاراستن لە تیشکی رۆژ، جەستەی خۆی لە ناو تابووتدا بەڕێدەکرد، نادڵنیا لە سەفەرەکەی خۆی و لەو خەڵکەی کە دەیتوانی بۆ ئەم راگواستنە متمانەیان پێبکا، بڕیاری دا بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بۆخۆی و لە ناو تیشکی رۆژدا سەفەربکا. بۆ ئەم مەبەستە شاپۆ ـ کڵاوێکی رەشی گەورەی کڕی و جانتای پێچایەوە و ئامادەی رۆژی سەفەر مایەوە. چەند رۆژ دوواتر بە یەکەم پاپۆڕ گەیشتە لوبنان و، لەوێوە بە سەیارە بەرەو قوڵاییەکانی ناو خاک بۆ وڵاتانی تر. لە شوێنێک لە وێستگەیەک دایانبەزاند. شوێنەکە بیابان بوو. وتیان دەبێ لێرە راوەستێ تا ماشینێکی تر دێت و دەیبا بۆ ناو شار کە تەنیا چارەکێک دوورە. راوەستا. سەیری دەورووبەری خۆی کرد. ئەو کە فێری شاخ و هەور و باران و سەرما بوو، کتوپڕ لە ناو ئەم بیابانە بەرەهووتەدا بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی بە ترس کرد. بەڵام تازە چار نەبوو. گەرمای پڕوکێنەر و ئاسۆی یەکجار دوور کە لە ناو تۆز و سەمای تیشک دا ون دەبوو، هەستی دەکرد دیانە تیژەکانی ناو دەمی کول دەکەنەوە. جانتاکەی دانا و چاوی بۆ کورسییەک گێڕا. چاوی هیچی نەپێکا. ناچار چوارمیلکە لە سەر زەوی دانیشت. لە دووای ماوەیەکی نە چەندان درێژ دەنگێکی ترسناک رایچڵەکاند. فڕۆکەیەکی

شەڕکەر نزم نزم تێپەڕی،... بە شوێنیدا فڕۆکەکانی تر. ئەوسا دەنگی تەقەی تفەنگ لە دوورەوە هاتە گوێی. پاشان ئەو سەیارانەی رایاندەکرد و تەرمەکانیان لێ بەردەبوونەوە. فیشەکەکان بێ رەحمانە هەوایان دەدڕی و ترسێکی سەیریان لە دڵدا لەو جەهەننەمە زەوییەنییەدا چێدەکرد. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا و بە مەبەستی پاراستنی گیانی، خۆی بە زەویدا دا و راکشا و جانتاکەی کردە قەڵغانی سەری. تفی سووری ناو زاری وشک هەڵگەڕا. زۆری نەخایاند دەنگی تەیارەکان و فیشەکەکان ون بوون و سوپای تێکشکاویش تێپەڕی. کە دڵنیا بوو، هەستایەوە سەرپێ و لە دەورووبەری خۆی رووانی. ئەو هەموو تەرمە! ئەم کە برسی بوو و بۆنی خوێن حەزی خواردنی بزواندبوو، بە کاوەخۆ و ترسە ترس لە تەرمەکان نزیک کەوتەوە. چ دیمەنێکی ترسناک! تەرمە لەت و پەتەکان کە لێرە و لەوێ کەوتبوون و هەندێکیان هێشتا دەیاننالاند، چ هەستێکی غەریبیان تیا دروست دەکرد. دیسان بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا  نەک تەنیا تەرم، بەڵکوو بەزەیی بە خوێندا هاتەوە کە ئاوا بێ کەڵک بێ ئەوەی کەسێک بیمژێ یان بیخواتەوە، دەڕژایە سەر خاک. بیری لە خوێن کردەوە، بیرکردنەوە لە جۆرێکی تر، لەو خوێنەی بۆنی نەوت و خۆڵی گەرمی دەدا. هەستی رشانەوە گرتی.

دەستی بە دەمییەوە گرت و رایکرد. رایکرد هەتا گەیشتەوە وێستگەکە. لەوێ کەوتە سەر چۆک و شێتانە رشایەوە.زەرداوێکی سووری هێنایەوە. لە دڵی خۆیدا نەفرەتی کرد لە خۆی و لە سەفەرەکەی و لەو خاکەی چۆکی سەردابوو و لە سەری دەرِشایەوە.

***

لە سەنتەری شار دابەزی. ماندوو و تینوو و برسی، چاوی بۆ هوتێلێک گێرِا. بەڵام نا، دەبا لە پێشا بچێ بۆ رستورانێک و نان بخوا. پێکەنینی بەم بیرەی خۆی هات. دراکولا و رستوران! بەرەو دۆزینەوەی هوتێلەکە بەرِێ کەوت. یەکی دۆزییەوە. داوای کرد نهۆمی هەرە سەرەوەی بدەنێ. پارەیەکی زیاتریان لێ سەند و دایانێ. بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و چووە سەر. کە گەیشتە ژوورەکە، ئەژنۆکانی وەها برِستیان لێبرِابوو کە بە بێ یەک و دوو خۆی فرِێدایە سەر تەختی خەوەکە. خەوێکی قوڵ دایدەگرێ. بەڵام زۆری پێنەچوو لە بەر گەرما و ئارەقە خەبەری بووەوە. جل و بەرگەکەی خووسابوو. ژوورەکە ئەوەندە خەفەبوو کە دیسان رشایەوە. بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە پەنجەرەکەو کردییەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بیری لێوانێک خوێن بە سەهۆڵەوە لە گەڵ خۆی بردی و شێت و هاری کرد. وەها کە لە سەر باڵکۆنەکە دابنیشێ و لە

**کاتێکدا چاو لە دووری دەڕوانی، بتوانێ جار جارە بە ئاستەم قومێکی لێ بدات!**

***

**کە شەو درەنگ هەڵگەڕا و بەرەبەرە دەنگەکان روویان لە کزی کرد، چووە سەر باڵکۆنەکە. لەوێ باڵەکانی کردەوە و قورس فڕی. سەرەتا بە سەر هوتێلەکدا سووڕێکی خوارد و ئەوسا دوور کەوتەوە. ئاسمانی رۆژهەڵات لەو سەرانەیش هەر گەرم و تەپ و تۆزاوی و تێکەڵ بە بۆنی نەوت و بارووت بوو. دۆزینەوەی مرۆڤی تەنیا و تەریک کەوتوو لە ناو ئەو بۆن و لێڵییەدا چەند ئەستەم دەینواند. بەرەو قەراخ شار باڵی لێدا و ئەوسا خۆی نزمتر کردەوە. لێرە باشتر بوو. وێنەکان کەمێک روونتر. کتوپڕ چاوی بە مرۆڤێکی تەنیا کەوت کە لە بەر دەرگایەکدا لە ناو چواردیوارییەکی تەنگی بە بێ سەقف بە شتێک بە دەستییەوە دانیشتبوو. لێی نزیک کەوتەوە. لەو سەری کۆڵان پەنجا شەست مەترێک نیشتەوە، باڵەکانی کۆکردەوە و ئەوسا بەرەو کەسەکە رۆیشت. کە گەیشت، بینی پیاوێکی تەمەن مامناوەندیی ریش ماش و برینجی بە تفەنگێک لە سەر کۆشی دانیشتووە. هەستی کرد ئەم پیاوەی لەوە پێش بینیوە. ئەرێ بینیبووی! یەکێک لە تەرمەکانی ئەمڕۆ کە لە بیابانەکەی**

دەورووبەری وێستگەکەدا بە سەریا کەوتبوو. نیگاکانی چەند پڕ لە دڕدۆنگی بوون. لە کاتێکدا بە سەر سوڕماوییەوە لێی دەڕوانی، گوتی:

- "شەوێکی زۆر گەرمە و منیش ڕێبوارێکی غەریبم لێرەوە تێدەپەڕم. کەمێک ئاوت لایە؟"

نیگابانەکە چاوی بە سەرتاپای کەسە سەیرەکەی بەرامبەریدا گێڕا، ئەوسا بە دەنگێکی گڕ گوتی:

- "گەر هەر ئاوا درێژە بە ڕێگاکەت بدەی، پاش دە خولەکێک دەگەیتە پوتێکی پڕ لە ئاو، خێرخوازێک دایناوە، گەرمە بەڵام تینوویەتیت دەشکێنێ."

دراکولا کە نەیدەتوانی چاوەکانی نیگابانەکە لە ژێر برۆ درشتەکان و ئەو شەوە تاریکەدا بە جوانی ببینێ، گوتی:

- "بڕوا ناکەم بتوانم بیگەمێ، ماندووم، وەک وتم من غەریبم، ڕەنگە ڕێگایش ون کەم، ..."

لێرەدا نیگابانەکە وەها بە سەریدا گوڕاندی کە دراکولا لەوانە بوو باڵە شاراوەکانی سیس هەڵگەڕێن و دیانە تیژەکانی داکەون! هەنگاوێک بەرەو دووا گەڕایەوە و، پاش ماوەیەک گوتی:

- "دەبینم ماندووی. من دەتوانم یارمەتیت بدەم..."

هێشتا لە قسەکانی نەبووبووەوە کە پیاوە تەمەن مامناوەندییەکە میلی تفەنگەکەی لێ هێنایەوە و، راچەنیە سەر پێ و بەسەریا نەڕاندی:

ـ "یەک تۆزی تر لێرە راوەستی، ئیتر قەت بە چاوی خۆت ئاو نابینی، قەت قەت،... تێگەیشتی،... خوێڕی!"

دراکولا وەڕێکەوت و رۆیشت. لە کاتێکدا هێشتا ئەژنۆکانی دەلەرزین، لە بەر خۆیەوە گوتی:

ـ "باشتر،... دەبێ بە شوێن گەنجەکاندا بگەڕێم، بە شوێن ئەوانەی وا هێشتا، نە، مردوون و نە زیندوو بوونەتەوە و نە ئەوێرن بە تەنیا بە شەو تا بەیانی بە تفەنگێکەوە کێشکی دونیا بگرن!"

بەڵام بە دەم رێگاوە بیری لەوە دەکردەوە کە داخۆ خوێنی مردووی زیندوو یاخود زیندووی مردوو دەبێ چ تامێکی هەبێ.

***

دراکولا درێژەی بە رێگاکەی دایەوە. بیری کردەوە کە دەبا وەک هەمیشە نێچیرەکانی لە ژنان هەڵبژێرێ. ئەوان هەم ناسکترن، هەم شیرینتر، هەم خۆبەدەستەوەتر و هەم رەحەتتر هەڵدەخەڵەتێندرێن! بە تایبەت گەر چاوی شین و قژی زەرد و باڵای بەرز و پێستی لە رادەبەدەر سپیی دراکولا ببینن. جگە لەمە گەر بزانن لە ئەورووپاوە هاتووە، ئیتر سەرو

ملی خۆیانی بۆ دەشکێنن! خەنی لەم تایبەتمەندییانەی خۆی، ئامادەی رۆیشتن بوو.

بە مەبەستی بینینەوەیان زیاتر باڵەکانی کردەوە. کۆڵان و شەقامەکانی بەسەرکردەوە. سێبەری ترسناکی نەرم نەرم بە سەر شاردا رادەخوشا. بەڵام لە هیچ شوێنێک بەتووش کچ یان ژنێکەوە نەبوو. تەنیا پیاوەکان بوون لێرە و لەوێ بە دەستە یاخود بە تەنیا بەرەو شوێنێک دەڕۆیشتن. لە پەنجەرەی خانووەکانیش نزیک کەوتەوە. لەوێ لە ژوورەکان ژنەکان لە گەڵ هەموو خێزان خەوتبوون. دراکولا قۆڕەی سکی خەریک بوو بەربەرە وەڕەزی دەکرد. لە سەر بانێک نیشتەوە و بۆ ساتێک ئۆقرەی گرت. رقی لە خۆی هەستابوو. باشە ئەوە چ سەفەرێکە!

لەم بیرانەدا بوو کتوپڕ دەنگی ژنێک هاتە گوێی. زیاتر گوێی هەڵخست. ئا، هەڵەی نەدەکرد. رابووەوە و فڕییەوە. لە کۆڵانەکەی تەنیشتی ژنێکی بەتەمەن بەو نیوەشەوە دانیشتبوو و لە کاتێکدا نەغمەیەکی حەزینی دەچڕی لە لێڵ و روونی شوێنەکەیەوە بەچاوە فرمێسکاوییەکانییەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. قژە سپییەکانی وەک مانگ لە شەوی تاردا دەدەرەوشانەوە. ئەگەرچی پیر بوو و خوێنی خەست و پڕ لە بیرەوەری بە دەمارەکانیدا دەگەڕا، بەڵام دەکرا وەک

یەکەم نێچیری دراکولا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەبێ. لێی نزیک کەوتەوە. بە پێچەوانەی نێچیرەکانی تری، ئەم ژنە نەک نەترسا، بەڵکوو هەر لە جێی خۆی مایەوەو زەق زەق لەو باڵندە مرۆڤ ئاسا باڵ گەورەیەی ڕووانی کە لە بەر پەنجەرەکەدا لە هەوادا ڕاوەستابوو. چەند چرکەیەک لە نێوانیاندا تێپەڕی. ئەوسا ژنەکە بە دەنگێکی نەوی و قووڵ و بێ پەلە گوتی:

- "ئیزرائیلی؟... هاتووی گیانم بکێشی؟"

دراکولا کە قەت بیری لەوەها شتێک نەدەکردەوە، عەبەسا، بەڵام زۆر خێرا هاتەوە سەر هۆشی خۆی و گوتی:

- "هاوڕێمە، هەڵبەت کەمێکیش لەیەک دەچین. ئەو لەوێ لە ئاسمانەکانەوە دێت و من هێشتا هەر لێرە دەژیم."

لێرەدا ڕاوەستا. لە وتنی ئەم قسانەی پەشیمان بووەوە. ژنەکە هەر نەجوڵا. وەک بڵێی لە مانای قسەکان نەدەگەیشت. وەک بڵێی چاوەڕوانی ئەمە بوو، نیگاکانی تامی خۆشحاڵییەکی شاراوەیان دەدا. دراکولا کە وەک هەمیشە حەزی بە ترس و لەرز و پاڕانەوەی نێچیرەکانی بوو، هەستێکی ناخۆش ڕووی تێکرد.

ـ "کوڕەکەی من دوێنێ لەو بیابانە کوژرا. هاوڕێکەیشی لە گەڵی بێ سەروشوێن بوو. پێم وابێ تۆیش بە جۆرێک بێ سەروشوێنی! بەڵام کاری ئیزرائیلت بە جۆرێک هەر لە دەست دێت،... یاڵلا دەست پێ بکە!"

دراکولا کە قەت چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ئاوەها بەم ئاسانییە نێچیری خۆی دەست کەوێت، دڕدۆنگانە لە شوێنی خۆی بە کاوەخۆ جوڵا. ژنەکە چاوەکانی قونجاند و تاکی پەنجەرەکەی تەواو خستە سەر پشت. دراکولا فڕییە ژوورەوە و لە پشت سەرییەوە نیشت. دەنگی پێی وەک دەنگی وێککەوتنی لۆکە لە گەڵ ئاسن. دیانەکانی چەقاندە گەردنییەوە. لێوەکانی هەستیان بە چرچیی پێست کرد. بۆنی ئارەقە و فرمێسک و خەمێکی قوڵ خۆی بە لوتیدا کرد. لە تەنیشت دیانەکانییەوە خوێن هەڵزنا بۆ ناو دەمی. ئەو کە زۆر جار تامی خوێنی پیرەژنەکانی کردبوو و بۆی نائاشنا نەبوو، هەستی کرد ئەم خوێنە تامەکەی لە جۆرێکی ترە. هەوڵیدا بزانێ چییە. بەڵام خەیاڵ رێی لێ هەڵدەبوو. لە گەڵ یەکەم قوم کە هەڵیمژی، وێنەکان رژانە دەروونییەوە: منداڵێکی ناو تەپ و تۆز و کۆڵانە لماوییەکان،... مێرمنداڵێکی عەلاگەفرۆش،... گەنجێکی چەکبەدەستی چاو لە رابردوو. کتوپڕ لێرەدا تامە ونەکەی هاتەوە بیر: تامی گوڵێکی سیس کە رۆژێک بە هەڵکەوت لە کاتی

سەیرکردنی نێچیرە ـ کچێک، بە بێ بیرکردنەوە، لە گوڵزارەکەی تەنیشتی هەڵیکەندبوو و خستبوویە دەمییەوە.

دراکولا، خوێنی پیرەژنە تەنیاکەی بەر پەنجەرەکەی هەڵێنایەوە. وەها ڕشایەوە کە لەوانە بوو جەرگ و ریخۆڵەی لە گەڵی بێنە دەرەوە. لای ئەو خوێن نابێ تامی گوڵ بدات. خوێن دەبێ تەنیا تامی خوێن بدات، بە بێ هیچ ئارەزوویەکی گەورە تێیدا.

***

پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە، ماندوو و برسی بەرەو هوتێلەکە گەڕایەوە. کاتێک یەکەم تیشکی زێڕینی هەتاو بە سەر شاردا کشا ئەو لە ژوورەوە بوو. باڵەکانی لە جەستەیدا ون بوون، دیانە درێژەکانی کورتتر بوونەوەو، رەنگی سیما و چاوی کەمێک ئاسایی هەڵگەڕانەوە. لە سەر تەختی خەوەکەی ڕاکشا. جەستە دەیزریکاند. نەک لە بەر ماندوویی، بەڵکوو زۆرتر لەبەر برسیەتی. هەستا چوو جانتاکەی کردەوە. بە خۆشییەوە لە گەڵ خۆی بەستەیەکی زۆری لەو حەبانە هێنابوو کە کاتێک دەیکردە ئاوەوە، یەک پەرداخ شەربەتی خوێنی لێ دروست دەبوو. پەردەکانی جوان جوان دادایەوە. ژوورەکە تەواو تاریک هەڵگەڕا. ئەوسا حەبێکی کردە لێوانێک ئاوەوە. بە دانەیەک تێری نەخوارد.

دانەیەکی تریشی دروست کرد. شەربەتەکە تامی کچێکی گەنجی بەرلینی دەدا. ئەو کچەیەی پێش مردنی ئەوەی بۆ دراکولا باس کردبوو کە بە پشت دەچێتەوە سەر هیتلەر. هیتلەر مامی باوکی بووە. دراکولا کە بە جوانی سەردەمی هیتلەری دەهاتەوە یاد، بێزێکی سەیری سەبارەت بەم چیرۆکە لادروست بوو. لە کاتی هەڵمژینی خوێنی کچەکە، پێی وابوو هیتلەر یەکێکی تر لەو پیاوە گەمژە مێژوویانە بوو کە بە هەڵە پێی وابوو یەکجار بۆ هەمیشە دەتوانێ رەوڕەوەی مێژوو بەو ئاقارەدا بگۆڕێ کە کت و مت خۆی حەزی لێبوو. لەو پیاوە گەمژانەی نرخ و قیمەتی خوێنیان لانیە و تەنیا حەزیان بە رشتنیەتی لەسەر ئەو خاکەیەی وا زۆر خێرا لە خۆیدا ونی دەکا. لە بیری دێ ئەو رۆژە بە رقێکی سەیرەوە خوێنی کچەکەی هەڵمژیبوو.

لەپاش خواردنەوەی هەردوو لیوانەکە، ئارام خزایە ژێر تەختەکە و خەوی لێکەوت. هەر کە هەموو هەستەکانی دامرکان و جەستە بوو بە تەنیا جەستە و بەس، خەوی بە ئەورووپاوە بینی. بەو کیشوەرەی بیابانی تێدا نەبوو، بەو کیشوەرەی هیچ کێوێکی پاڵی بە سەحراوە نەدابوو. لە خەویدا کێوەکانی ئەورووپا راکشان و راکشان، هەتا بوون بە سەحرایەکی کاکی بە کاکی، ئەوسا جەنگەڵەکان بوون بەو گیا زەرد

و وشکە کورتەبنانەی کە لە باڵای دووپشکەکان کورتتر بوون. دوواتر مرۆڤی ئەوروپای بینی جانتا بە دەست خەریکی کۆچ بوو. تۆ بڵێی دیسان ئامریکایەکی تر دۆزرابێتەوە؟ یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە دەبێ بە تاقە لۆژیکی جیهان؟

بەپڕتاو لە کاتێکدا جەستەی خەڵتانی ئارەقەیەکی سووورباو بوو، لەخەو راچڵەکا. ئەو کە دەبا بە رۆژ بخەوتایە و هیچ شتێک هێمنی و ئارامیی تێک نەدایە، بۆ یەکەم جار لە ژیانی چەندین سەد ساڵەیدا نەفرەتی کرد لە خۆی،... لە خۆی وەک دراکولا!

***

ئێوارە درەنگان لە خەوبەئاگاهات. خزمەتکاری هوتێلەکە هاتبوو و بە بێ ئەوەی ئاگای لە خەوتنی دراکولا  لە ژێر تەختەکەدا بێ، ژوورەکەی وەک هەمیشە خاوێن کردبووەوە. دراکولا کە خەبەری بووەوە سەری یەکجار قورس بوو، سەرئێشەیەکی سەیری گرتبوو. هەستی کرد هی خوێنی کۆن و وشکە. لەبەر خۆیەوە جوێنێکی دا و تفێکی نەخوازراوی رۆکرد. کتوپڕ تەلەفۆنی سەر مێزی خەوەکەی تەنیشتی زەنگی لێدا. خاوەن هوتێلەکە بوو. زەنگی دا بۆ ئەوەی دڵنیا بێ مشتەرییە بێگانەکەی ماوەو و هیچی لێ بەسەرنەهاتووە. ئاخر لە ساتی

هاتنییەوە نەیبینیبوو. ئەم کە زۆر تاقەتی قسەکردنی نەبوو، بە یەک دوو رستەی کورت لە کۆڵ خۆی کردەوە. کە گوشییەکەی دانا بیری کردەوە چ دەبوو بیتوانیبا بۆ ئەم شەو کچێکی گەنجی سۆزانیی دەمار پڕ لە خوێنی گەرم و نویێ سفارش بدات! خۆ مژینی خوێن لە دەستدرێژی کردن بە شەرەفانەتر بوو! خەنی لەم بیرەی خۆی راچەنییە سەرپێ. چووە خوارەوە. دراکولا کە چیدی تاقەتی نەمابوو لە شەوە تاریک و گەرم و بێ خێر و بەرەکەتەکانی رۆژهەڵاتدا چیدی بفرێ و رقی لە حەبەکانی رۆژانی تەنگانەی خۆی بوو، بە پەلە پێ پلیکانەکانی تێپەڕاند.

خاوەن هوتێلەکە بە بزیەکەوە داواکارییەکەی بەجێ گەیاند، لە کاتێکدا پارە چرچ و لۆچەکان و قەراغ سووراوییەکانی دەخستە چەکمەجەکەی بەردەمی، گوتی:

- "تا دووشێک دەگری و ئاویک بە خۆتدا دەکەی، دەگا!"

سەعاتێک لە شەو لایدا و لە دەرگا درا. دوو ژنی عابا بەسەر هاتنە ژوورەوە. عاباکان دراکولایان بیری قەشەکانی ئەورووپا دەخستەوە، هەربۆیە کەمێک بە نادڵنیاییەوە دەرگاکەی لێ خستنە سەرپشت. باشە بۆچی تا ئیستا بیری لەمە نەکردبووەوە! ئەم وڵاتە، وڵاتی

**موسوڵمانانە و رەنگە هیچ کلیسا و قەشەیەکی تێدا دەست نەکەوێ. لە ئەورووپا زۆر جار نێچیرەکان بە گرتنی خاچی مەسیحی بە دەستیانەوە و راگرتنی بەرامبەر بە ئەو، خۆیان قوتار کردبوو، بەڵام لێرە ئەم ئیتر لەمە بێ خەم بوو. دراکولا رقی دونیای لە خاچ بوو، نەک تەنیا رق، بەلکوو یەکجار لێیشی دەترسا. بێگومان یەکەم فڕینی تری بەرەو مزگەوت دەبێ.**

**ژنەکان عاباکانیان داکەند و چاوێکیان بە ژوورەکەدا گێڕا. ئەوسا نیگایان لە سەر دراکولا بۆ ماوەیەک چەقی. یەکیان گوتی:**

**- "ئەم پێستە زۆر سپییە بڕواناکەم زۆر تین و تاقەتی هەبێ!"**

**ئەوی تریان پێکەنی، پێکەنینێکی سۆزانییانە بەو بنێشتەوە بۆنەکەی دەیدایە ناو ژوورەکەوە. یەکیان هەستایە سەرپێ و بە بێ پرس خۆی کرد بە ئاودەست و حەمامەکەدا. دیار بوو شارەزان! دراکولا کە کتوپڕ هەستێکی ناخۆش رووی تێکردبوو، رووی لە ئەوەیان کە لە ناو ژوورەکەدا بوو کرد و، گوتی:**

**- "پێم وابێ هەڵەیەک کراوە، من داوای دووانم نەکردبوو!"**

**لەم کاتەدا ئەوەی ناو ئاودەستەکە هاتە دەرەوە و گوتی:**

ـ "ئێمە هەمیشە بە جووت دێین. گەر ناتەوێ، دەڕۆین، بەڵام با دڵنیات بکەینەوە کە زەرەر دەکەی. دۆزینەوەی کەسی تر ئەوەندە ئاسان نیە!"

دراکولا کە دڵنیا بوو لەوەی یەکیان بە هەر جۆرێک ڕێگر دەبێ لە بەرەوپێش چوونی کارەکەی، سەرنجی بۆ گەردنی ئەوەی سەر کورسییەکە ڕاکێشرا کە وەک گەردنی قاز، بەرز و باریک و سپی دەینواند، بەو ڕەگە بە ئاستەم شینەوە کە لە بنی کراسەکەیدا ون دەبوو. کتوپڕ حەزێکی یەکجار قورس ڕووی تێکرد. ڕاچەنییە سەرپێ و گوتی:

ـ "چۆنە هەر شەوەو یەکتان؟... گەر وانەکەن مەجبوورم ماڵئاواییتان لێبکەم."

لەم کاتەدا ئەوەی وا بە پێوە وەستابوو و هێشتا دەڵێی لە خاوێن کردنەوەی دەستەکانی نەبووبووەوە، پشت ملی دراکولای گرت و گوتی:

ـ "پێت وانەبێ وەها دەبێ کە تۆ دەڵێی،... هەرئیستا پارەکەمان دەدەیتێ باشە، ئەگینا بەڵایەکت بەسەردا دێنین قەت لە بیرت نەچێتەوە."

دراکولا کە چاوەڕێی وەها دۆخێکی نەدەکرد، خۆی لە ژنەکە ڕاپسکاند و بەرەو دیوارەکە کشا. ژنەکەی سەر کورسییەکەیش هەستا و بەدەم

هاوڕێکەیەوە هات. بوو بە قاو و قیژ و هەراهەرایەک نەبێتەوە. یەکیان کتوپڕ دەستی بە گیرفانی دراکولادا کرد و کیفی پارەکەی دەرهێنا. بەشی خۆیانی ژمارد و کیفەکەی فڕێدایە سەر تەختەکە و عاباکەیان بە سەر خۆیاندا دا و ویستیان بڕۆن. بەڵام وەک بڵێی سیمای عەبەساو و ترساوی دراکولا هەستی بەزەیی بزواندبێتن، گەڕانەوە. یەکیان گوتی:

ـ "ئەوەندەیش خراپ و پێنەزان نین!"

ئەوسا شەڵواری دراکولایان داکەند و راکێش راکێش بردیان بۆ ناو تەوالێتەکە و بە دەست رەحەتیان کرد. دراکولا کە لە ژیانیدا لە گەڵ هیچ ژنێک نەخەوتبوو، بینی خوێنێکی خەست و کڵۆ کڵۆ لێیەوە رژایە سەر کەفی توالێتەکە. ئەو خوێنەی وا بونی سێ سەد ساڵ ژنانی ئەورووپای دەدا.

***

لە دووای سەعات دوانزە وەدەرکەوت. بینینەوەی مزگەوت دژوارنەبوو. بە دوو هۆ: هەم ژمارەیان زۆر بوو و هەم لەوە پێش نموونەیانی بینیبوو. هەروەها دوو ناوونیشانی گەورە و بەرچاویش: منارە و بڵیندگۆ. لە پاش ماوەیەکی کەم یەکی بینییەوە. ئارام لێی نزیک کەوتەوە. بۆنی ئاودەستەکانی بە پێچەوانەی کلیسا سەرنجراکێش بوو.

جگە لەوە، کە چووە ژوورەوە، بینینی شوێنێک بۆ تابوت و دارمەیت، ئەمە ئیتر لای یەکجار خۆش بوو. بیری کردەوە کە ئیتر تا لەم ناوچەیە دەبێ بە شەو دێتە ئێرە و لە ناو دارمەیتەکەدا دەخەوێ. وەک جارانی ئەورووپای. زەردەخەنەیەک گرتی. ئارام بە بەشەکانی تری ناو مزگەوتەکەدا گەڕا. ئەوەتەی لەبیری دێ لە ئەورووپا لە کلیساکان هەمیشە بە نیوەشەویش بووبێ کەسێ هەبووە بە تەنیا لە بەردەم پەیکەری مەسیح چۆکی لە سەر زەوی دادابێ و بۆ شتێک پاڕابێتەوە، بەڵام لێرە کەسی نەبینییەوە. مزگەوت چۆڵ و هۆڵ بوو. پێی سەیربوو. باشە مەگەر ئێرەیش وەک کلیسا ماڵی خودا نەبوو؟ باشە مەگەر لەم وڵاتە کەسێک دەست ناکەوێ کە بە نیوەشەو پێویستی بە خودا بێت؟ داماوێکی نیازبەخودای خوێن شیرین و خوێن گەرم؟

ئەمشەو دووهەم شەو بوو کە خەریک بوو بە بێ دەستکەوت تێدەپەڕی. حەزی خوێن لە خۆی بێ خۆی کردبوو. چاوێکی بەو تابلۆیانەدا گێڕا ناوی الله یان لە سەر نووسرابوو، ئەو ناوەی کە بە پێچەوانەی خاچی مەسیحییەکان هیچ ترسێکی تیا نەدەبزواند. پێی سەیر بوو چلۆن ناوونیشانە جۆربەجۆرەکانی یەک خودا دەکرێ ئەوەندە کارتێکەریی دوور لەیەکیان هەبێ. بێگومان گەر لەم جۆرە وڵاتانە ژیابا هیچ شتێک

بەری پێنەدەگرت. گەر موسوڵمانەکان کاتی خۆی دەستیان گەیشتبایە رۆمانیا، ئەوا ئیستا نانی ئەو تەواو لە رۆندا دەبوو! بەڵام نا، راوەستە! بێگومان شتێکیان هەر دەبینییەوە بۆ ئەوەی بەری پێبگرن. هەمیشە وابووە.

ئارام لە ناو حەوشەی مزگەتەوکەوە هەڵفڕییەوە و سووڕێکی تر بە دەوری منارەکەدا دا. ئەوسا حەزی خەوی ناو تابوت رووی تێکردەوە. کاتێک لە ناو دارمەیتەکەدا راکشا، دونیا خەریک بوو بەرە بەرە رووونی دەکردەوە. لە گەڵ هەڵدانی یەکەم قومی خەو، خەونی بە سێ سەد ساڵ لەوە پێشەوە بینی، کاتێک باوکی بۆ یەکەمجار لە ناو یەکەم تابووتی ژیانیدا چیرۆکی ئەو مرۆڤە ترسنۆکانەی بۆ گێڕایەوە کە لە دەنگی گورگ زیاتر لە خودی گورگ دەترسان. باوکی بە گوێیدا چرپاندبووی کە:

ـ "لە بیرت نەچێ، نێچیرەکەت هەمیشە بە ترس راوبکە!"

***

بۆ شەوی دوواتر خەبەری بووەوە. پێش ئەوەی چاوەکانی بە جوانی هەڵبێنێ، هەستی بە تاریکاییەکەی سەیر لەو دیو پێڵوەکانییەوە کرد. تاریکاییەک تاریکتر لە تاریکایی شەوان،... بە بێ سەمای شەرمنی

هیچ تیشکێکی نادیار. رێک وابووا هەست هەڵەی نەدەکرد. دەرەوە ئەنگوستەچاوتر لە پشت چاوەکانی. چ روویدابوو؟ هەرکەر ویستی رابێ، سەری بە توندی درا بە شتێکی یەکجار رەقدا. وەها، ژان گەیشتە ناو دڵی. پاش کەمێک ویستی دەست هەڵهێنێ و شتە رەقەکە تاقی بکاتەوە، بەڵام دەستی لە جەستەی واوەتر نەدەڕۆیشت. وەک بڵێی لە شتێکیان پێچابێ و دەرچوون لێی مەحاڵ بێت. جەستەی شێتانە جوڵاند. جگە لە لاشانی کە لە سەر زەوی بوو، سێ لایەکەی تری بەر دیوار و بەر شتە رەقەکە دەکەوتن. وەک بڵێی لە گۆڕدا بێت. گۆڕ؟ ئا، رێک لە ناو گۆڕدا بوو! ئەمە شێتی کرد. کێ ئەو جورئەتەی بە خۆی دابوو وەها بەڵایەکی بەسەردا بێنێ، بە سەر دراکولا،... ترسناکترین بوونەوەری ئەورووپا و رەنگە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش؟

پاش ماوەیەک بیری ئەوەی کە وەها دۆخێک ئەبەدی نیە بۆی، ئارامی کردەوە. هەوڵیدا تەواو لە دۆخی خۆی بگا. هاتەوە بیری کە بەیانی زوو لە ناو تابۆتی مزگەوتەکەدا خەوتبوو. بێگومان دوواتر خەڵکی پێیان زانیبوو و وەک مردوویەک لێرە لە قەبرستان ناشتبوویان. گەمژانە! مەگەر نازانن دراکولا هیچ یاسایەکی ئاینی نایگرێتەوە؟ مەگەر نازانن دراکولا و مەرگ دوو دیاردەی یەکجار لێک دوورن؟

یەکەمجار بوو گۆڕی موسوڵمانانی دەبینی. نەک دەیبینی، بەڵکوو راستەوخۆ تاقیشی دەکردەوە! (تا ئیستا ناو گۆڕی مەسیحییەکانی تاقی نەکردبووەوە). چ ریکەوتیک! باشە بۆ راستەوخۆ جەستە لە ناو خاک و خۆڵدا و، بۆ وەک نەریتی مەسیحییەکان لە ناو سندوقی داردا نا؟ رەنگە هی کەمی دارستان بێت (لێرەدا بیری ئەو بیابانەی کەوتەوە پێیدا هاتبوو)، یان نا، رەنگە موسوڵمانەکان باشتر لەو راستییە هەمیشەییە تێگەیشتوون کە مرۆڤ لە خۆڵەوەیە و دەبێ هەر بۆ خۆڵ بگەڕێتەوە. بۆنی خۆڵی ئەو ژێرە چەندەیش توند دەگەیشتە لوتی. نەک تەنیا خۆڵ، بەڵکوو نم و ریشە و، تام و بۆنی ئەو زیندەوەرە ژێرزەمینییانەی هێشتا خۆیان دەرنەخستبوو. ئەو زیندەوەرانەی وا ئەوانیش درەنگ مردنی جەستەیەک باوەڕدەکەن. مردن؟ پێکەنینی بەم بیرەی خۆی هات. دراکولا و مردن؟ دراکولا تەنیا کاتێک دەمرێ خەنجەر بە دڵیدا بکەن و دوواتر سەری ببڕن. ئەم رازە بێگومان هیچ مرۆڤێکی رۆژهەڵاتی نایزانێ. ئەسڵەن ئەوان بە دراکولا جاریکە نازانن، چبگا بە شێوەی کوشتنی.

هەرچۆنێک بێ دەبێ لەم گۆڕە بێتە دەرەوە. بەڵام چۆن؟ چۆن جەستەی دەتوانێ خەروار خەروار گڵ لە سەر خۆی لابدا و دیسان خۆی لە ناو

جیهانی زیندەوەرە خوێن گەرم و سوور و شیرینەکاندا ببینێتەوە؟ تەح کە گەمژەیە! ئیتر یەکجار رقی لە خۆی هەستا. نازانێ بۆچی لەو رۆژەوە رووی لە رۆژهەڵات کردووە ئەوەندە زوو شتی لەبیردەچێتەوە و ئەوەندە جەو دەیگرێ و ئەوەندە خۆی دەستەوەستان دەبینێ. وەک هەمیشە هێزە ئەهریمەنییەکەی دەروونی جوڵا و بە یەک تەکانی دێوئاسا بەرد و گڵ و خۆڵی لە سەر خۆی لابرد و لە قەبر هاتە دەر و لە تەنیشتیدا وەک بوونەوەرێکی بە هەیبەت وەستا. شەوەکانی رۆژهەڵات بانگیان لێدەکردەوە. لە کاتێکدا چاوەسوورەکانی تاریکیی شەویان شەقدەکرد، جەستەی وەک شەوان نیشتە سەر ئارەق. بە دەم فڕینەوە بیری ناو گۆڕە فێنکەکەی کەوتەوە. لە بەرخۆیەوە گوتی:

- "بێهۆ نیە ئەوەندە بەسەر گۆڕ و سەفەری ئەو دونیای تردا هەڵدەڵێن!"

***

بیری ماڵەکەی خۆی لە دەوری لەندەن کەوتەوە، بیری ئەو تابووتە مەسیحییەی تێیدا دەخەوت، بیری شەوە تاریک و دووردرێژەکانی ئەورووپا. لە راستیدا ئەم شەوانە بوون ئەورووپایان کرد بە ئەورووپا، ئەگەرچی کەسی وەک ئەویشیان تێدا پەیدا ببوو. شەوەکانی ئەورووپا لە گەمارۆی ئاو و دارستانەکاندا، خەیاڵی هەم بەرەو قوڵاییەکان دەبرد

و هەم بەرەو ئەودیوی ئاسۆ نادیارەکان. بەڵام داخۆ دراکولا یەکێک لە جوانترین خوڵقێنراوەکانی لایەنی خراپەی جیهان نەبوو؟ ئەو لایەنە خراپەی کە بە بێ ئەو هیچ چاکەیەک لە دونیادا مانای نیە؟ ئەم بیرانە لە خۆ بێ خۆی دەکرد. زیاتر بە قەدر و قیمەتی خۆی دەزانی.

ـ "لێگەڕێ با مرۆڤە گەمژەکان قەت بەمە نەزانن!"

بێگومان دونیا بە کەسانی وەک دراکولاوە مانای پەیدا دەکرد. رۆژهەڵات وەهایە چونکە تەنیا خاوەنی شەیتانێکی ئاسمانییە و هیچ شەیتانێکی راستەقینە چییە قاچی نەخستووەتە سەر خاکەکەی. بۆیە خەڵکی ناچارن خۆیان ببن بە شەیتان. وە چونکە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ بەجوانی ببێ بە شەیتان، بە ناچار قەت ناتوانن بە جوانی نە خەون بە جیهانێکی بێ شەیتانەوە ببینن و نە بە کردەوەیش بۆیان سازدەکرێ!

شتێک لە دەروونەوە لە سەفەر بۆ رۆژهەڵات پەشیمانی دەکردەوە. ژیان چییە؟ بۆچی بێتاقەتییەکان کاری لەم شێوەیەیان پێکرد؟ بۆچی هێشتی وەک مرۆڤ بێتاقەتییەکان رووی تێبکەن؟ مەگەر خوێن هەر خوێن نیە؟ بۆ تەنیا بە قەسرەکەی رۆمانیای و خانووە پەرپوت و کۆن و دوورەکانی دەوری شارە گەورەکانی ئەورووپا رازی نەبوو؟ ئەوەی کە لێرەدا وەک مرۆڤ هەڵس و کەوتی کردبوو، رقی بزواند. هەوڵیدا بە بیرکردنەوە لە

مێژووی رۆژهەڵات، کەمێک رقەکەی دامرکێنێتەوە. چی لە سەر رۆژهەڵات دەزانی؟ ئا، پێش ئەوەی رووبکاتە ئێرە چی لە سەر دەزانی؟ بەدەم فڕینەوە قوڵ قوڵ بیری کردەوە. ئا، لە سەر "سەندباد" کاتی خۆی شتی خوێندبووەوە، ئەویش بە رێکەوت. سەندباد سەرنجی راکێشابوو چونکە لە مرۆڤی ئەورووپایی دەکرد، لەوان دەچوو، تەنیا بە وڵات و زێدی خۆی رازی نەبوو و سەفەری دەکرد، خاوەن جورئەت بوو، ئەویش لە بەغداوە، بەغدای بیابان دیدەوە، کە کەس نازانێ چلۆن کەشتییە مەزنەکان لێیەوە دەستیان بە گەشتی خۆیان دەکرد. هەڵبەت ئەمە گرینگ نەبوو، گرینگ خودی فەنتازیا و خەیاڵەکەیە. بەڵام لەوەیدا کە سەرئەنجام هەموو جارێک دەگەڕایەوە زێدی خۆی، لە ئەورووپاییەکان جیای دەکردەوە. مرۆڤی رۆژهەڵاتی یەکجار بە خاکی خۆیەوە بەندە. سەیرە، ئەمەی هەر زۆر پێ سەیرە، ئەوەی کە خاک و زێد لە خولیاکانی مرۆڤ بەهێزتر بن. لەو سەرەوە چاوێکی بە خاکەکەدا گێڕا. هەوڵیدا رەمزی ئەو حەز و پەیوەندییە بدۆزێتەوە. بەڵام جگە لە تۆز و بوومەلێڵ و هالاوی گەرما چی تری نەدەبینییەوە. سەندباد دەچووە سەر پشتی نەهەنگ و ماسییە هەرە گەورەکان، لە کونی گۆڕهەڵکەنەکانەوە خۆی لە قەبرەکان دەربازدەکرد و دەگەڕایەوە

بۆ ناو ژیان، بەڵام ئیستا چی؟ دراکولا هەستی دەکرد ئیستا نەک تەنیا لە خودی قەبرەکەوە بەڵکوو لە کونی گۆڕهەڵکەنەکانیشەوە پێشبڕکێیەکی سەیر لە نێوان رۆژهەڵاتییەکاندا هەبوو بۆ داگیرکردنی قەبرەکان! راستییەکەی ئەوە بوو رۆحی سەندباد تەنیا یەک جار ژیابوو و دوواتر مردبوو، بە بێ هیچ شوێن هەڵگرێکی تر لە دووای خۆی.

دراکولا بۆ شوێنێک سەفەری کردبوو کە حەزی بە سەفەرنەبوو. شوێنێک کە لە سەفەردەترسا و پێی وابوو گەر دووربکەوێتەوە هەموو شتێک ئیتر لە مانا بەتاڵ دەبێتەوە. بێ هۆ نەبوو دەستکەوتنی نێچیر ئەوەندە دژواربوو بۆی. ئەوانەی لەماڵەوە زۆر دەمێننەوە، تەنانەت تامی خوێنیشیان ناخۆش دەبێ! خوێنیان تام و بۆنی ژەنگ دەگرێ. وەها هەڵێنجی پێدەدەی. ئەو، لە دوورەوە هەست بەو بۆنە دەکا. بۆنێکی بێ باران.

ئەم بیرانە وەها خەمگینی دەکا کە بڕیاردەدا بەرەو هوتێلەکە باڵ لێبدا. دەگەڕێتەوە. تاقەتی نێچیری نەماوە. دەبێ بچێتەوە ماڵەوە کەمێک بحەسێتەوە. خواردنیش زۆر گرینگ نیە. دەتوانێ بە حەبەکانی بژی. حەبەکانی خۆ زۆر لە خوێنی مرۆڤی رۆژهەڵاتی خۆشترن. پێی وایە لە خۆوە نەبوو کە هەر یەکەم رۆژ ئەو شەڕە ترسناکەی لە بیابان بینیبوو.

خوێنی رۆژهەڵاتی هەر بۆ رشتن باشە. ئەم خوێنە تەنیا شیاوی خاکە، نەک شەیتانی زەوینی. ئەو خاکەی وا قەت تێرنابێ.

- "لێگەڕێ با لە خاکپەرستی خۆیاندا گێژ و نوقم بن!... ئا، لێیانگەڕێ!"

***

ئەو نابێ رووبکاتە شوێنە دەوڵەمەندنشینەکان کە لەم شارە لە بەشی باکور هەڵکەوتبوو. لێرە لە شوێنە دەوڵەمەندنشینەکان بە پێچەوانەی ئەورووپا هیچ خەبەرێک لە جەژنە گەورەکانی ناو باغەکاندا نیە. ئەو جەژنانەی کچان و کوڕان لێرە و لەوێ لە قەراخ و قوژبنەکاندا خۆیان دەشارنەوە و بە جامی شەراب بە دەستەوە قاقا پێدەکەنن و بە باڵای یەکتردا شۆڕدەبنەوە. ئەو باغانەی ئەو هەمیشە دەیتوانی بەشی خۆی نێچیریان تێدا دەست بخا. لێرە هەموو باغە گەورەکان بە شەو یەکجار بێدەنگن. نا، ئەو دەبێ روو لە شوێنی تر بکا. بۆ وێنە بەشی باشور. رەنگە لەوێ ژیان جۆرێکی تر بێ. رەنگە لەوێ سەرئەنجام بتوانێ شتێ دەست بخا.

باکور و باشور. بیر لەم دوو وشەیە دەکاتەوە. نەک لە شارەکان، بەڵکوو لە سەر گۆی زەویش جیاوازییەکی گەورە لە ناو ئەم دوو

بەشەدا هەبوو. هەمیشە باکور دەوڵەمەند و باشور هەژار. پەیوەندی بە ئاو و هەواوە هەبوو یان بە جۆری راوەستانی زەوییەوە (باکور قوت و لەو سەرەوە و باشور نزم و لەو خوارەوە لە خولی بێ پایانی زەوی بە دەوری هەتاودا)، یاخود بە سەرما و بەفر و زۆر و بۆریی ئاوەکان لە باکور، نازانێ. دراکولایش لە باکورەوە هاتبوو، لەوێ سەریهەڵدابوو. لە شوێنی دەوڵەمەندنشینەکان و بۆ مژینی خوێنی ئەوان! گەر مرۆڤ نەیتوانیبوو خوێنی هیچ دەوڵەمەندێک بمژێ، ئەوا بوونەوەرێکی وەک ئەو سەرئەنجام چێکرابوو بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکە بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە مرۆڤ تەنیا بۆ چەوساندن دروستکراوە و بەس، چ فەقیر و چ دەوڵەمەند هیچ فەرقێک ناکا! لێرەدا دیسان گومانەکەی سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات جارێکی تر تێیدا سەریهەڵدایەوە، ئەو پرسیارەی کە داخۆ ئەم سەفەرە راست بوو یان نا. لە شوێنێک کە دەوڵەمەندەکان زیاتر لە هەر شوێنێکی تر خوێنی هەژارەکانیان دەمژی و هەژارەکان زیاتر لە هەر شوێنێکی تر دەستەوەستان بوون لە ئاست ژیان و چارەنووسیاندا، داخۆ سەفەری دراکولا بۆ ئەوێ راست بوو؟ دراکولا بۆ مژینی خوێنی دەوڵەمەندەکان چێکرابوو و کەچی ئیستا لێرە دەبا روو لە ناوچە هەژارنشینەکان بکا، لەوێیش رەنگە روو لە منداڵەکان،...

**منداڵە بێنازەکان. هەستە ناخۆشەکان تێیدا وەک درەخت باڵایان دەکرد. درەختی گومان و چۆکدادان.**

**جارێکیان لە باکوری ئەم شارە کاتێک بە سەر یەکێک لە باغە گەورەکاندا تێپەڕیبوو، درەنگان دوو سەگی بینیبوو پەڕیبوونە سەریەک. ئەوسا باغەوانە پیرەکە کە بە پێمەڕەیەک بە دەستەوە وەها بە پشتی نێرینەکەیدا کوتابوو کە بێگومان قروسکە قروسکی گەیشتبووە مەیدانی شەڕەکەی تەنیشت وێستگەی پاسەکان. خوێنی سەگەکە دراکولای لە خۆ بێ خۆ کردبوو. نزم نزم بە سەریدا فڕیبوو و بە ئاستەم باڵەکانی لێ خشاندبوو. بەڵام دراکولا هەموو خوێنێک ناخوا. باغەوانەکە دەکرا نێچیرێکی چاک بێت، بەڵام خۆ قروسکەی بێ ئامان دەرفەتی دەدا؟**

**بەرەو باشوور باڵی لێدا. کە گەیشت نزم بووەوە و ورد ورد لە دیمەنەکانی بەردەمی خۆی ڕووانی. حەوشە و بانەکان پڕبوون لەو مرۆڤانەی لە دەست گەرما هەڵاتبوون و لەوێ خەوتبوون. جەستەی ئەو منداڵانەی وا بە دەرەوە بوون و خۆیان بڵاوبڵاوکردبووەوە. ئەو گەورەساڵانەی بە دزییەوە لە گۆشەیەکی تاریک و نیوەتاریکدا هنکە هنکەیان دەهات و ئەو پشیلە گەڕیدانەی لە جەستەی ئارەقاویی مشکە**

ترسنۆکەکان بێزاربوون و، بەڵام بە ناچار بە پێی رەسمێکی دێرینە هێشتا هەر خەونیان پێوەدەبینین. دیمەنەکە چەند خەمگین دەهاتە بەرچاوی.

سەرئەنجام بڕیاریدا لە سەر یەکێک لە بانەکان بنیشێتەوە. نیشتەوە. بانێکی خێزاندار! سەیرێکی گەردنی کشاوەی یەکێک لە منداڵەکانی کرد کە لە تەنیشتەوە خەوتبوو. سەیری لاسکی ناسکی گەردنی کرد، سەیری دەمارە کشاوەکەی کە لە شوێنێک لە بن گوێیدا ون دەبوو. حەزێکی شێتانە گرتی. ئەگەرچی خوێنی منداڵ لەلای غەریب نەبوو، بەڵام هەستی کرد ئەمەیان دەبێ لە شێوازێکی تر بێت. ئارام لێی نزیکتر کەوتەوە. لێوەکانی بە گەردنی نا و دیانەکانی بە کاوەخۆ تێچەقاند. ئەگەرچی منداڵەکە بە پێچەوانەی منداڵانی ئەورووپا بۆنی هەتاو و نانی وشک و کۆڵانی دەدا، بەڵام خوێنەکە هەر هەمان خوێن بوو، تەنیا بە چکێک جیاوازییەوە،... خوێنەکە تراو بوو،... تراو تراو!

منداڵەکە خەبەری نەبووەوە، تەنیا کەمێک جوڵا و بەس. ئەوسا ئەم هەستی کرد تەنانەت لە گەڵ هەڵمژینی هەر قومە خوێنێک جوانتر گەردنی دەکشێنێ و جوانتر خۆی بە دەستەوە دەدات. رەنگی زەردی منداڵەکە هەر دەهات زەردتر هەڵدەگەڕا. بیری کردەوە رەنگی مرۆڤی

**رۆژهەڵاتی چەند لە هەتاو دەکا. خەنی لەوەی سەرئەنجام توانیبووی تامی خوێنێکی گەرم هەرچەند تراوی رۆژهەڵاتی بکا، لە منداڵەکە کشایەوە و رابووە سەرپێ. کەواتە شوێنەکەی بینیبووەوە. تەنیا دەبا بەرەو باشوور هەڵفڕێ و، لە یەکێک لەم سەربانانەدا بنیشێتەوە. مندالەکان لێرە تەنانەت لە ماڵیشەوە ئاسانترین نێچیر بوون.**

**ئەو شەوە توانی چەند بانێکی تر بەسەربکاتەوە. خەنی لە دەستکەوت دەمەوبەیانی گەڕایەوە بۆ هۆتێلەکەی. لەو کاتەیدا خۆی بۆی خەوی ژێر تەختەکەی ئامادە دەکرد، بۆ یەکەم جار خۆی نەک وەک گورگ، بەڵکوو وەک قالۆنچەیەکی زەلام دەهاتەبەرچاو کە بە ناو خوێندا گوزری کردبوو و جێ هەنگاوەکانی لە کۆڵانە وشک و خۆڵاوییەکانی رۆژهەڵات تا بێکۆتاییەکان دەکشا. دراکولا چەندە لەم هەستی بەقالۆنچەبوونە بێزار بوو. لە کاتێکدا لە سەر خوێنی رۆژهەڵاتی گومانی لا دروست ببوو، لە بەر خۆیەوە گوتی:**

**- "پێم وانیە هەر ئەزموونێکی سەفەر ببێ بە بەشێک لە من،... بە تایبەت سەفەر بۆ رۆژهەڵات!"**

***

دراکولا کە قەت لە ژیانیدا بیری لە سالّەکان نەکردبووەوە، کتوپڕ حەزی کرد بزانێ ئەم ساڵ چ ساڵێکە. یاخود لە کاتی فڕینەکانیدا چاوی بۆ سالّەکان بە سەر بیناکاندا دەگێڕا. ئەو کە بۆ خۆی نەیدەزانی کەی هاتووەتە دونیاوە و کێ دایک و باوکیەتی، تاسەی بینینەوەی سەرەتایەک بۆ خۆی، تەواو جیهانی داگیرکرد. بێ ئاگا لە سەرچاوەی ئەم حەزە چاوەکانی تیژتر کرد.

ڕەنگە هۆکاری ئەم تاسەیە کاریگەریی ناڕاستەوخۆی ژمارەی سالّەکانی سەر خانووەکانی ئەورووپا بوو. بیری کردەوە کە ڕۆژهەڵات زۆر لە خۆی دەکا، ناوچەیەک بە بێ ژمارەی سالّەکان و هەر بۆیە بە بێ سەرەتایەکی زەمەنی،... ڕەنگە بە بێ دایک و باوکیش. داخۆ بە هەڵە دراکولا لە ئەورووپا نیشتەجێ نەببوو؟ نا، هەڵە نەبوو. تەنیا، کەسێکی بێ ژمارە دەتوانێ ئەوەندە دڵڕەق و خوێنمژ بێت. تەنیا، کەسێک ئەوەندە بێ بەزەیی دەبێ کە زەمەن شمولی نەکات. خەنی لەم بیرە وردەی خۆی بەزەیی بە مرۆڤدا هاتەوە و، هاوکات حەزی مژینی خوێنێکی منداڵانەی تر سەرتاپای هەژاند. دراکولا پێی وابوو بەزەیی ئەو، خاوێنترین و بێ غەل و غەشترین بەزەیی دونیایە.

دراکولا ئیستا ئیتر وەچەیەکی لە دووای خۆی لە دراکولاکانی ڕۆژهەڵاتی بەجێ هێشتبوو، هەڵبەت بەو تایبەتمەندییەوە کە هەموویان بە تەمەن منداڵ بوون، بەڵام باشتر! ئەوانەی لە تەمەنێکی زووترەوە دەبن بە دراکولا، ئەو بەختەیان هەیە کەمتر رابردوو ئازاریان بدا و، زیاتر وەفاداربن بە ژیانی تازەیان و بە داهاتوو. دراکولا بێگومان دەیتوانی وەچەی زیاتر لە هەموو شوێنێکی دونیادا بخا. بست بە بستی زەویی خاکی. وەها هەموو جیهان ببێ بە هی دراکولاکان. ڕەنگە ڕۆژێک ئەوەندە ژمارەیان زیادبکا کە تەمەحی دەستبەسەراگرتنی دونیا دایانبگرێ و ئەوسا یەکجار بۆ هەمیشە بچنە شەڕی هەموو مرۆڤەکانەوە. لە بەر خۆیەوە گوتی:

- "سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکا، سەردەمێک وەک ئەو ساتانەی وا هەسارەکان تازە لە هەتاو جیاببوونەوە، بەڵام ئەمجارە بە بێ مرۆڤ و ئەفسانەی بەرەوپێشچوون و گەشەی!"

لە یەکێک لە فڕینەکانیدا توانی چەند ساڵ - ژمارەیەک بە سەر چەند قوتابخانەیەکدا بدۆزێتەوە. ساڵەکان نەک تەنیا کۆن نەبوون، بگرە ئەوەندە تازەبوون کە ئەم پێی سەیربوو بۆچی بە سەر دەرگای قوتابخانەکانەوە نووسرابوون. کەواتە مێژوو لێرە لەم سالانەی

دووایییەوە دەستی پێدەکرد، ئەویش مێژوویەکی ئەوەندە تاز کە ناتوانین بە هیچ جۆرێک ناوی مێژووی لێ بنێین.

ئارام باڵی لێدا و، بە دەوری یەکێک لە قوتابخانەکاندا بەو نیوەشەوە سوڕایەوە. ئێرە شوێنی راوەمرۆڤ نەبوو. چۆڵ چۆڵ. پەنجەرە تاریک و زۆرەکان باسی کۆچی مرۆڤیان بۆدەکرد. بێگومان یەکێک لەبەتامترین خوێنەکان دەکرا خوێنێک بێت کە لێرە هەڵیمژێ. سوێندی خوارد لە یەکەمین دەرفەتدا ئەم کارەبکا. دزینی منداڵێک و هێنانی بۆ ئێرە ئەوەندە دژوار نەیدەنواند. هێنایە بەرچاوی خۆی قەرەباڵغیی رۆژانەی ئەم بینایە و حەوشەکەی دەوری. چ دەبوو هەر هەموویان هەر چوار وەرزی ساڵ لە سەر بان خەوتبان!

لە بیری ئەوەیدا داخۆ خوێنی تراو چەندە زانست لەخۆدەگرێ، باڵەکانی وەک داڵ کردەوە و خۆی بە ئاسمانی سەر کۆلانێکدا کرد. ئەو کە هەمیشە رقی لە شیعرگوتن بوو و شاعیرانی بەو هەوەسبازانە دەشوبهاند کە نە بە کەیفی خۆیان ژنیان دەست دەکەوت و نە دەیانتوانی بە جوانی دەستپەڕبکەن، حەزی نووسینی شیعرێک رووی تێکرد.

***

**شەوێکیان کاتێک بە سەر گەڕەکەکانی باشوردا دەفڕی، لە کۆڵانەکانەوە گوێی لە دەنگە دەنگە و هەراوزەنایەکی سەیر بوو. کەمێک نەوی بووەوەو جوانتر ڕووانی،... گوێی باشتر هەڵخست. دەنگی شین و شەپۆڕ و گریانێکی بەهێز دەهات. شین و شەپۆڕێکی بە کۆمەڵ کە تێیدا دەنگی ژنان یەکجار دیار و سەرنجڕاکێش بوو. باشە چ خەبەر بوو؟ بەم شەوە ئەم گریانە بەکۆیە بۆ؟ لە سەر یەکێک لە بانەکان نیشتەوە و لە قوژبنێکدا بە دزییەوە لە حەوشە و ناو ژوورەکانی ڕووانی. خەڵکیکی زۆر کە بەرە بەرە لێیان دەڕۆیشت و بە گەرمی ماڵئاواییان دەکرد، دەبینران. دراکولا سەرئەنجام تێگەیشت کە سەرەخۆشییە. باشە ئەم هەموو سەرەخۆشییە لەم شارە بۆ؟ ئەو کە لە مێژبوو لە ئەورووپا بەم شێوەیە نە گوێی لە گریانی بەکۆمەڵ بوو و نە بەکۆمەڵ سەرەخۆشیی بینیبوو، بەم دیمەنە سەری سوڕماو، بیری تەرمەکانی ناو بیابانەکە کەوتەوە. بێگومان تەرمەکان بوون گەڕابوونەوەو بە بێ گیان لێرە و لەوێ ڕوویان لە ماڵەکانیان کردبووەوە. ئەو سەردانەی کە دووا سەردان بوو و بۆیە لە بێدەنگی خۆیاندا تا دەیانتوانی گوێیان بۆ شین و**

شەپۆڕی کەسو کاریان هەڵدەخست. ئەو دووادەنگانەی کە بەڵێن بوو هەتا هەتایە لە گەڵ خۆیان هەڵیانگرن.

کتوپڕ دراکولا ترسێکی سەیر دایگرت. گەر بەڵێن بوو کەس و کاری قوربانییەکانی ئەویش ئاوا بە شوێن تەرمی ئازیزەکانیاندا بگرین، چ ترسناک دەبوو خوێن مژینیان! لە ئەورووپا چەند بە ئەسپایی و ئارامی خاوەنەکانیان بە سەر تەرمەکاندا دەگریان و چەند بە کاوەخۆیش دەگەڕانەوە ناو ماڵەکانیان و دوواتر لە تەنیایی خۆیاندا لە ژوورەخەوەکان چەند فیلسوفانە بیریان لە کۆچی دووایی ئازیزەکانیان دەکردەوە.

دراکولا کە قەت خۆی خاوەنی هیچ ئازیزێک نەبوو تا بزانێ لەدەستدانیان یانی چی، بۆ یەکەم جار هەستی بە هاودەردییەکی سەیرکرد. قیژەی ژنەکان کە ئەو پەڕی سنووری داماوی و دەستەوەستانیان دەبەزاند، تەواو لە خۆی بێ خۆی کردبوو. بیری کردەوە ئەورووپا کارێکی چاکی کردبوو کە مردنی لە ئایین و لە هەست جوداکردبووەوە و وەک دیاردەیەکی سروشتی دەیبینی. ئەگەرچی ئەم دیاردە سروشتییە زۆر جار ئەوەندە نیگای چاوی تاکی ئەورووپایی سارد دەکرد کە پێت وابوو هیچ هەستێکی هاودەردی و هاوسۆزی تێدا

نەماوە. ئەوان لە ڕێگای ئەم نیگا ساردانەوە هەوڵیاندەدا ژیانی ئەوانەی وا بەڵێن بوو دووای مردووەکان هەر بژین، بپارێزن و ڕۆحیان زۆر ئازارنەدەن.

چاوی لە حەوشەکە هەڵگرت و گوێی بۆ دوور هەڵخست. دەنگەکان لە هەموو شوێنێکەوە دەهاتن. چ دەبوو تا ئەم لێرە لەم شارە دەبوو تەرمەکان نەگەڕابانەوە؟ بەڵام لە لایەکی ترەوە خۆشحاڵ بوو. هەستی کرد ئەمە بەشێکی گرنگی ژیانی رۆژهەڵاتە و، دەبا بینیبای. چلۆن دەکرێ پیاو بێتە ئێرە و گرینگترین لایەنی کەسایەتی خەڵک نەبینێ! مەگەر دەکرا؟ وەک ئەوە وایە بچی بۆ پاریس و سەردانی بورجی ئیفیل نەکەی! ئەو تاوەرەی لە هەر شوێنێکی پاریسەوە گەر سەرهەڵبێنی، دەتوانی بە جۆرێک لە جۆرەکان بیبینی. بیری کردەوە گەر قەرارە رۆژێک لێرە ئیفلێک چێبکرێ، بێگومان لە لاشەکانی دەشتە کاکی بە کانی و شاخە هەڵکشاوەکان چێدەکرێ.

ئەو شەوە بە بێ مژینی خوێنی هیچ منداڵێک بەرەو هوتێلەکەی گەڕایەوە.

***

بێزار لە گەڕەکەکانی باشور، شەو کە لە خەو خەبەری بووەوە، پەرداخێک خوێنی بە حەبی وشک دروست کرد و دووای هەڵقوڕانی بەرەو بەشی باکور هەڵفڕی. هێشتا سەرەتای شەو بوو و کات بە بەرییەوە مابوو. لە یەکێک لە جادە گشتییەکاندا خانوویەکی گەورە سەرنجی راکێشا. لە ناو خانووەکەدا کە زۆرتر لە باڵاخانەیەکی گچکەی دەکرد لە قاتی دووهەمیدا دوو ژووری چراخانی نیگای قۆستەوە. نزیک کەوتەوە. لە هەر دووکیاندا دوو مێزی گەورە دەبینرا. بە دەوری مێزەکاندا پیاوە سمێڵ زل و سەر پان و روخسار درشتەکان دانیشتبوون و لە کەسێکیان دەڕوانی کە وەک سەرۆک لە بەشی لاسەرووی مێزەکەدا دانیشتبوو. بیری کردەوە کە باشترە سەرەتا تەنیا سەرنجی یەکیان بدا. بۆ ئەم مەبەستە لە ژووری یەکەم نزیک کەوتەوە. لە پەنجەرە کراوەکانەوە هەستی بە بۆنی خەستی رەنگ دەکرد. بۆنی بۆیە و قەترانی کردنەوەی رەنگی سپیی قژ بە رەشی واکسی. ئەوانەی بە دەوری مێزەکەدا دانیشتبوون لە بەردەمیاندا خاوەنی ناوێک بوون بە سەر کاغەزێکی چوارگۆشەوەو بەس. بەردەوامیش چاویان لە سەرۆک بوو کە زۆر چاودادڕانە و بیرتیژانە لە هەموویانی دەڕوانی. سەرۆک کە قرقێنەی دەدا بۆنی نەوتی لێدەهات و کە دەجوڵا قونی ئەوانەی دەوری مێزەکە

نیوه بەرز بە حەواوه چەقیان دەبەست. لە نیگاکانی و لە قسەکانی سەرۆکدا وەها باوەڕبەخۆبوون و حەقیقەت ئاژۆیی دەبینرا کە تەنانەت مێشی هاوینەی سەر دیوارەکانیش نەیاندەوێرا ویزەویز بکەن.

سەرۆک جاری وابوو پەنجەی سیحرئاسای هەڵدێنا و قسەکانی ئەمیانی لە سکی دەهێنا دەرەوە و رایدەگواست بەرەو زاری یەکی تریان. جاری وابوو رەنگی رەشی قەترانی سمێڵی یەکیانی بە پەنجە دەسڕییەوە و ئەوسا لەو رەنگە زەردەی لێدەدا کە بە پاشەڵی یەکی تریانەوە هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەکەوە لە ترسانا لکابوو و وشک هەڵاتبوو! ژوورەکە بۆنی گووی دەگرت. ئەوسا سەرۆک بە تاوانی بێ ئەدەبی فرمانی دەدا قەراوڵە عەینەک رەشە لە چاوە مل پانەکان بە شەق بیبەنە دەرەوە و ئەو شەوە تا بەیانی توالیتەکانی سەرۆکی بە زمان پێ پاک بکەنەوە. قەراوڵەکان کە ئاراستەی نیگایان قەت بە هۆی چاویلکە رەشەکانەوە نەدەخوێندرانەوە، لە نیگای هەر کەسێکەوە دەڵێی چاوی لەودەکرد. هەموو کەس لە شوێنی خۆیەوە دەیتوانی لە سەر شووشە رەشەکان وێنەی خۆی ببینێ، ئەو وێنەیەی لە بەستێنی رەشی شووشە و لە قوڵایی بیلبیلەکانی پشتی شووشە بەرەبەرە دەکاڵایەوە و ئەویش دەبوو بە رەش،... رەشێکی تەواو. دراکولا کە ئاشقی رەنگی رەش بوو، ئیستا

**لەو رەنگە دەترسا. ئەم کە سەردەمانێک (رەنگە پێش سەفەرەکەی بۆ رۆژهەڵات)، حەزی کڕینی چاویلکەیەکی رەش گرتبووی، هەنووکە پەشیمان لەم خولیایەی خۆی، بەڵێنی بە خۆی دا کە ئیتر قەت بیری لێنەکاتەوە. بەستەزمان ئەو کچە خرپن و جوانەی وا تەنیا چەند هەفتەیەک لەوە پێش لە شەوێکی درەنگی یەکێک لە شەوەکانی ئەورووپادا لە قەراغ دەریادا خوێنی شێتانە مژیبوو.**

**دراکولا ئارام بۆ پەنجەرەکەی تر خزا. لەوێش وەک گوترا مێزێک بە سەرۆکێک لە سەرییەوە و بەو پیاوانەوە (کە چەند دانە ژنیشیان تیا دەبینرا)، بە دەروری مێزەکەدا دانیشتبوون. ئەمان تەنیا خاوەنی ناو نەبوون، بەڵکوو لە تەنیشت هەر ناوێکدا موبایلێک و وێنەی رووتی ژنێکیش دەبینرا. هەروەها لە پشت هەر کامیانەوە فەرماندەیەکی سەربازی کە بەردەوام بە درێژایی کۆبوونەوەکە مۆڕەکەیان لەیەکتردەکرد.**

**وەک دراکولا تێگەیشت، سەرۆک و پیاوەکانی ئەم ژوورە بە تەمای رووخانی سەرۆک و پیاوەکانی ژوورەکەی تر بوون. پێشیان وابوو کە تا ئەم رووخانە، تەنیا راڕەوێکی باریکیان لە نێواندابوو و بەس. بۆیە جاری وابوو وەها حیماسەتێک دەیگرتن کە لەوانەبوو ژوورەکە**

بەسەریاندا بڕوخێ و فەرماندە سەربازییەکان سەرۆکەکانی خۆیانیان لێ تێک بچێ و نەیانبیننەوە. لە نێوان قسەکانی سەرۆکی سەرەکیدا جاری وابوو تەلەفۆنی یەکیان زەنگی لێدەدا و خاوەنەکەی لە کاتێکدا گووشییەکەی هەڵدەگرت، دەچووە گۆشەیەکی ژوورەکە و بە دەنگی بەرز دەکەوتە دووان. جاری وایش بوو یەکی تریان ڕێک لە ناوەڕاستی قسە و باسە گەرم و گوڕەکانی رووخاندا، حەزی دەستپەڕ دەیگرت و لە کاتێکدا بە چاوە زەقەکانی لە وێنەی ژنەکەی بەردەمی زیت دەبووەوە، شەڵوارەکەی دادەکەند و بە سەر خۆیدا گەرم گەرم شۆڕدەبووەوە. لەم کاتەدا فەرماندە سەربازییەکەیشی گیرفانی خۆی بۆ دەکردەوە تا ئاوە سپیە یەکجار خەستەکەی بۆ تێبکا. وەک دەیانگوت دوواتر دەیانکرد بە ماجومی بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بە زاری شیرینەوە پێشوازی لە داهاتووی پڕ لە کامەرانیی خۆی بکا.

دراکولا ئارام لە هەر دوو ژوورەکە و لە بیناکە دوورکەوتەوە. دەیزانی کە چارەنووسی ڕۆژهەڵات لەمێژبووە و قەرارە لەمێژیش بێت کە لەم دوو ژوورەوە دیاری بکرێت. ئەو دوو ژوورەی ئەوەندە روون بوون کە لەناو بینا رەش و گەورەکەدا جوان جوان دەدرەوشانەوە، بە بێ ئەوەی بتوانن کۆڵانێکی تەنیشتیان بۆ چەند ساتێکیش بێت روون بکەنەوە.

***

بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا زوو گەڕایەوە بۆماڵەوە و بۆ یەکەم جاریش لە ژیانیدا (جگە لە ڕۆژی سەفەرەکەی بۆ ڕۆژهەڵات)، بە ڕۆژ نەخەوت. بیری لە ڕۆژهەڵات کردەوە. نا، لێرە نەیدەتوانی لە خوێن تێر بێت. بە لایەوە سەیربوو. لە ناوچەیەک کە مرۆڤ خاوەنی کەمترین بایەخ بوو و تراوترین خوێنی دونیا لە دەمارەکانیدا دەستدەکەوت و زۆر بە ئاسانیش دەڕژایە سەر زەوی، کەچی دراکولا هەم بە زەحمەت خوێنی دەستدەکەوت و هەم کە دەستیشی دەکەوت، تێری پێنەدەخوارد! تازە، هەستی دەکرد لە کاتی مژینی خوێنی ڕۆژهەڵاتیەکان جۆرێک لە هەستی بەزەیی دایدەگرێ! لەخۆوە نەبوو ئەورووپییەکان ئەو هەموو ڕێکخراوە جۆربەجۆرەی یارمەتیدانیان بۆ ئەم ناوچەیە چێکردبوو. بزەیەک دەیگرێ. بیردەکاتەوە کە ئەورووپییەکانیش سەیرن، لەو شوێنانەی دەبێ دڵیان بسووتێ ناسووتێ و، لە شوێنانەی دەبێ نەسووتێ دەسووتێ! دراکولا شەرمی ئەورووپایی بوون دایگرت. کڵاوی شاپۆ لەسەر چووە بەر پەنجەرەکەو جگەرەیەکی بەرگی لەو جگەرانەی لە سەردەمی شەڕی دووی جیهانییەوە بۆ بەجێ مابوو (بۆخۆی دەیگوت لە سەر مێزی کارەکەی چرچیل هەڵیگرتبوو)، داگیرساند. دووکەڵی یەکەم

مژ بوو بە دوو دیانی درێژی تیژ و، لە ناو هەوادا بەرەبەرە پووکایەوە و لەو سەرانە ون بوو.

خەنی لە شکڵ و شێوازی دووکەڵەکە، بڕیاری دا ئەمشەو دووا شەوی مانەوەی لە رۆژهەڵات بێت. کەواتە ئەمشەو دوواگەشت دەبێ. هەستی کرد ئەم بڕیارە کتوپڕییە بارێکی قورسی لە سەر شانەکانی هەڵگرت. ئەوەی کە سبەی دەگەڕایەوە، خستیە ناو پێکەنینێکی سوور و خوێناویی شێتانەوە. وەها لە خەڵوەتی خۆیدا سوکەسەمایەکی بۆ کرد. دووامژی ئەوەندە بە لەزەوە لە جگەرەکەی دا کە دووکەڵی زۆر کۆکەکۆکی پێخست. بەڵام ئەمشەو دەبێ کەمێک وشیار بێت. بە گوێرەی ئەزمون، هەمیشە پێشهاتە ناخۆشەکان لە دوواقۆناخەکاندا روویاندەدا. دراکولا کە دڵی بۆ زێد تەنگ ببوو، لە ترسی ئەوەی نەگاتەوە نیشتمان، دوو قەترە فرمێسکی سووری خوێن ئاسا لە چاوەکانییەوە رژانە خوارەوە. گریانێکی سووری بێدەنگ سەرتاپای جەستەی هێنایە لەرزین:

- "ئاخ نیشتمان!... ئاخ"

کە شەوهات، لە پەنجەرەکەوە بە ئەسپایی راخوشایە دەرەوە. ئەمشەو بە پێچەوانەی شەوانی تر دونیا کەمێک فێنکتر دەینواند. بە پێچەوانەی شەوانی دیکە، بەرەو رۆژهەڵاتی شار فڕی. رۆژهەڵاتی شار لە رواڵەتدا

شتێک بوو لە نێوان باکور و باشوردا. وەک بڵێی بە سەر سنوردا دەفڕی. لە تەواوی بیناکاندا، ئەوانەی وا بەسەریاندا دەفڕی، خانوویەک بە چراڵامپایەکەوە سەرنجی راکێشا:

- "باشە بۆ چرالامپا؟ بۆچی تەنیا ئەم خانووە کارەبای تیاناگیرسێ؟"

نزیک کەوتەوە. خانووەکەیش لە قەوارەدا شتێک بوو لە نێوان خانووەکانی باشور و باکوردا. لە پەنجەرەکەوە مرۆڤێکی چاویلکە لەچاوی بینی، قەڵەمێک لە بەینی پەنجەکانی، هەر دوو دەست بە تەویڵەوە، کاغەزێک لە بەردەمیدا، ئەنیشکی دادابووە سەر مێزێکی پەڕپووتی بەردەمی و واق وڕماو نیگاکانی وەیلانی "هیچ" لەبیرکردنەوەیەکی قوڵدا بوو. سێبەرە زلەکەی لە سەر دیوارەکەی تەنیشتی بە ئاستەم لە سەمادابوو. تیشکی چراڵامپاکە چەندە روخساری رووناک دەکردەوە، ئەوەندەیش جێ جێ تاریکیی قوڵی بە سیمای دەبەخشی. دراکولا تەواو مەفتونی دیمەنەکەی بەردەمی ببوو. ئەو کە یەکەمجار بوو لە سەفەرەکەیدا بە توش وەها دیمەنێکەوە دەبوو (دیتنی نووسەر هەمیشە جۆرێک لە بێ ئۆقرەیی تیا دروستدەکرد)، مەراقی ئەوە لە دڵیدا گەڕا کە داخۆ مرۆڤەکەی پشت پەنجەرەکە خەریکی چییە.

دراكولا بە درێژایی ژیانی سێسەد ساڵەی لە ئەورووپا گەلێک جار بە توش دیمەنی وەهاوە ببوو. زۆر جار بە ڕێکەوت بە بەر دەم خانووی بیرمەندەکاندا تێپەڕیبوو و ئەوانی لە کاتی خولْقاندنی بەرهەمە ناوادارەکاندا بەڕێکەوت بینیبوو. زەمانی کۆن ئەوانیش وەک ئەمەی ئیستا لە بەردەم چراگڕسۆزەکاندا دادەنیشتن. دراکولا چرالامپاکەی وەک هێمایەک بۆ ئەوە لێکدایەوە کە ئیستاکە ڕۆژهەڵات ڕێک لە سێسەد ساڵ لەوەپێشدایە.

ژوورەکە چۆڵبوو. دەنگ چییە لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات. پاش ماوەیەک قەڵەمبەدەستەکە دەستی هێنایە خوارەوە و چەند ڕستەیەکی نووسی. دوواتر هەستایە سەرپێ و سوڕێکی بەناو ژوورەکەدا دا. ئەوسا دیسان دانیشتەوە و ئەمجارە یەکڕیز دەستی بە نووسین کردەوە و، تا ماوەیەکی چاک لە پشت مێزەکەی نەبزوت. چراگڕسۆزەکە لە دوواچرکەکانیدا بوو کتوپڕ لە دەرگایان دا. مرۆڤە چاویلکە لەچاوەکە بە پەلە دووا ڕستەکانی نووسی و هەستایە سەرپێ و چوو دەرگاکەی کردەوە. دوو نەفەری سەرتاپاڕەش کە نیگاساردەکانیان تاریکیی هۆدەکەی دەبڕی، بە بێ دەربڕینی تاقە وشەیەک چاوەڕوان لە پشت دەرگاکە مانەوە. چاویلکە لەچاوەکە بەپەلە هەرچی پەڕەی نووسراوی

سەر مێزەکەی بوو، پێچایەوە و جوان دەستەی کردن و چوو دایە دەست دوو نەفەرەکە. دوو کەسەکەیش پاش ئەوەی چاوێکی خێرایان بە لاپەڕەکاندا گێڕا، خستیانە بن باخەڵیان و خێسەیەکیان لە چاویلکە لەچاوەکە کردو رۆیشتن. بە دەم رێگاوە یەکیان هاواری کرد:

ـ "سبەی دیسان دێینەوە!"

دراکولا بینی چاویلکە لە چاوەکە هاتەوە پشت مێزەکە و لە کاتێکدا سەری لە گەمارۆی قۆڵەکانیدا ون هەڵگەڕا، دەستیکرد بە گریانێکی بە کوڵ. چرالامپاکە دووا تیشکەکانی بە ژوورەکەدا بڵاوکردەوە و ئەوسا ئەویش بە ئەسپایی وەک دوو کەسە سەرتاپاڕەشەکە خۆی ون کرد. ژوورەکە وەها تاریک هەڵگەڕا کە ترس وەک تەزووی سەرمایەکی بێ بەزەیی، مۆرخەی پشتی دراکولای هێنایە لەرزین. لەرزینێکی سوور و خوێناوی.

لە تاریکیی ژوورەکەدا دراکولا گوێی لە خشەخشی ئەو لاپەڕانەی تر بوو وا چاویلکەلەچاوەکە بۆ سبەی ئامادەی دەکردن!

***

کە گەڕایەوە بۆ هوتێل، هەوڵیدا بە جوانی رووداوەکانی سەفەرەکەی بەسەرکاتەوە. پەشیمان نەبوو لە هاتنەکەی، بەڵام پێی وانەبوو لە سەر

گۆی زەوی کە لە کۆی گەردووندا لە پنتیکی یەکجار بچووکی دەکرد، ئەوەندە جیاوازی لە نێوان ناوچەکاندا هەبێ. بۆ دراکولا کە عەوداڵ و شێت و شەیدای خوێنی مرۆڤەکان بوو، دەوڵەمەندیی مرۆڤ و توانای بە تەنیاکەوتنەوەی مەرجە سەرەکییەکانی دەست خستنی نێچیربوو، دیاردەیەک کە لە رۆژهەڵات پێکەوە دەست نەدەکەوتن. گەر دەستیش کەوتبان ئەم نەیتوانیبوو بە سەریدابکەوێ و بیانبینێتەوە. لای ئەو شەڕەکان و هەژاری لە رۆژهەڵات بەردەوام بوو چونکە مرۆڤەکان نە رێزیان لە تەنیایی یەک دەگرت و نە فێربوون بە تەنیایی بژین. نووسەرەکەی گەڕەکی رۆژهەڵاتیش ئەگەرچی هەوڵی دەدا تەنیا بێت و لە سەر لاپەڕەکان شتێکی تر بنیات بنێ، بەڵام خێرا دوو مرۆڤی سەرتاپا رەشپۆش کە کەس نەیدەزانی (لانیکەم دراکولا نەیدەزانی) لە کوێوە دەهاتن، دەرگایان لێدەکوتا و هەرچی هەیبوو لێیان دەستاند و، لە گەڵ خۆیان دەیانبرد. دراکولا ئارەزووی دەکرد لانیکەم وەرەقەکان نەسووتێنن و لە شوێنێک هەڵیگرن تا رۆژێک بەڵکوو دەست کەسانێک کەوێت و ئیتر خەڵک بتوانن بیانبینن. ئەو رۆژەیش کەی دەهات، کەس نەیدەزانی. کە بیری لە ئەورووپا دەکردەوە ئیستا بە پێچەوانەی چەند رۆژ لەوەپێش خەنی بوو بە ئەورووپی بوونەکەی خۆی.

کە ڕۆژ بووەوە، جانتاکەی هەڵگرت و لە پلیکانەکان چووە خوار و پاشماوەی خەرجی خۆی پێشکەش بە خاوەن هۆتێلەکە کرد و ڕۆیشت. خاوەن هۆتێلەکە ئارەزووی سەفەرێکی تری بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات بۆ کرد، ئارەزوویەک کە تەزووی بە جەستەی دراکولادا هێنا. لە بەر خۆیەوە گوتی:

- "قەت،... هەڵبەتە قەت،... قەت قەت!"

کە ئاودیوی دەرگاکە بوو، بزەیەکی تاڵ لێوە سوورەکانی لەخۆگرت. لە خەیاڵی خۆیدا بۆنی هەوای نیشتمانی هەڵمژی و هەنگاوەکانی بەرەو تێرمینال خێراتر کرد. پاسەکە دیسان لە هەمان شوێن واتە لە وێستگەی تەنیشت شەڕگەکە دایبەزاند. لەوێ چاوەڕوانی ئەو ئۆتوبووسە مایەوە کە بەڵێن بوو بەرەو پاپۆڕەکە لە گەڵ خۆی هەڵیگرێ. دیسان بیابان و دیسان تەنیایی. لە بەر خۆیەوە گوتی:

- "لێرە تەنیا لە بیاباندا دەتوانی تەنیا بی،... لە شوێنێک کە هیچ مرۆڤێکی تری لێ نیە،... تەنیاییەکی بە ناچاری و لە ڕاستیدا داسەپاو!"

ئەوسا کتوپڕ فڕۆکەکان دەرکەوتنەوە، بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەی جارەکەی پێشوو لێیاندەخوڕی. ئەمجا ئۆتۆمبیلەکان و چەکدارەکان

هاتن، ئەوانیش بە پێچەوانەی جارەکەی پێشوو لەوسەرەوە بەرەو ئەمسەر. دەنگی تەقە و زرم و کوتی تەقینەوەی بۆمب و هاون گوێی دونیای کەڕدەکرد. تەرمەکان لە سەیارەکان بەردەبوونەوە و دەکەوتنە سەر زەویی داغ داغی بیابان. دراکولا بە پێچەوانەی جارەکەی پێشوو نەک تەنیا لە ترسی گیانی، خۆی بە زەویدا نەدا، بەڵکوو هەروا ڕەپ ڕاوەستا و سەیری دیمەنە نە زۆر ترسناکەکەی بەردەمی خۆی کرد. ئاە وناڵەی بریندارەکان وەک گەردەلوول بە ناو بیاباندا گێژ و لولی دەخوارد، هەرچی گەند و گووی بیابان بوو ڕاپێچی دەدا و لەو سەرانە خۆی بە ئاسماندا دەکرد. دراکولا بە دیتنی مەیتەکان نەک تەنیا دڵی بەیەکدا نەهات، نەک تەنیا حەزی خوێن نەیگرت، بەڵکوو تەنانەت زەرداوە سوورەکەیشی هەڵنەهێنایەوە. ئەو تەنیا هەستی بە خەمێکی قورس و سارد لە دەروونی خۆیدا دەکرد. خەمێکی ئەوەندە قورس وەک ئەو لەکلەکانەی لە تەواوی ساڵدا تەنیا دوو هێلکە شک دەبەن. ئەویش داخۆ دەترووکێ یان نا.

دراکولا چوارمیلکە لە سەر زەوی دانیشت، حەبە ـ خوێنێکی دەرهێنا و کردیە پەرداخێک ئاوەوەو بە ئارامی قوم قوم هەڵیدا. ئەوسا لە دوورەوە چاوی بەو تەپ و تۆزە خەستە کەوت وا ئۆتوبووسەکە بە حەوایدا

دەکرد. شەپۆلە گەرمەکانی ناو هەوا لە گەڵ تۆزەکە لە سەما و گەمەیەکی سەیر و بێکۆتاییدا بوون.

دراکولا هەستی کرد وەک دیمەنەکەی بەردەمی، خەمگینترین بوونەوەری ناو جیهانە.

## تیشکی ئاسمان

پێش ئەوەی شەڕ لە شارەکەمان دەست پێبکا، شەوێک ئاسمان کونی تێبوو، تیشکێکی شینی تۆخ تێکەڵ بە قاوەیی لێیەوە هاتە دەر و رێک لە حەوشەکەی ئێمە گەیشتە سەر زەوی. تیشکەکە وەک کۆڵەکەیەکی ئەستوور و رەپ لەو بەرزاییە نادیارەوە کشابوو هەتا ماڵەکەی ئێمە. منداڵەکان کە چاویان بەو تیشکە سەیر و سەمەرەیە کەوت، قیژەیەکیان

لێبووەوەو لە ترسانا هەڵاتنە ژوورەکانی پشتەوە. باوکم لە سەر شانەکانییەوە بە لاچاو سەیرێکی کرد و بێ دەربەستانە دیسان دەستی کردەوە بە جگەرەکێشان و سەیرکردنی فیلمی شەڕی ستالینگراد. تەنیا دایکم بوو کە شاگەشکە گرتی و بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە پەنجەرەکەو لە کەمەر بەرەو ژوور خۆی بەرەو رووی دەرەوە خوارکردەوەو و، بە شادییەکی سەیرەوە سەیری ئەو دیمەنە دەگمەنەی کرد. دایکم پێی وابوو ئەو تیشکە، بەشێک لە رۆحی خودایە کە بە رێکەوت لە سەر حەوشەکەی ئێمە کەوتبووە سەر زەوی.

من کە لە نێوان دانیشتنی باوکم و خۆشحاڵی دایکم و قیژە و هەڵاتنی منداڵەکاندا مابوومەوەو و نەمدەزانی چیبکەم، رێک لە ناو هۆڵەکەدا راوەستام و لە کاتێکدا سەیری وێنەی باوەگەورەم دەکرد کە بە سەر دیوارەکەوە بیری ساڵانی زووی دەخستمەوە، بڕیارم دا لە کاتی وەهادا هەم وەک باوکم بم، هەم وەک دایکم و هەم وەک منداڵەکان. بۆیە کاتێک شەڕ هەڵگیرسا و تەنانەت بە ئیستایشەوە من شتێکم لە نێوان ئەواندا. لە بیرم دێ جاری وابوو لە کاتی تەقەکاندا وەها دەترسام کە دەستم دەکرد بە گریان و جاری وابوو وەک دایکم شاگەشکە دەیگرتم و هەر

هەڵدەهاتمە پێشەوە و جاری وایش بوو حەزم دەکرد وەک باوکم دابنیشم و لە جیاتی شەڕی راستەقینە سەیری فیلمی شەڕ بکەم.

تیشکەکە بڕیاری نەبوو بکشێتەوە و، بگەڕێتەوە بەرەو شوێنی هەمیشەیی خۆی. هەربۆیە بەرەبەرە دراوسێکان پێیان زانی و ئەوانیش هاتنە بەر پەنجەرە و ناو کۆڵان و، ئیتر ئارام ئارام دەروروبەری خانووەکەی ئێمە پڕبوو لە خەڵک، ئەو خەڵکەی لە گەڕەکەکانی تری شارەوە روویان کردبووە ئێرە. ئاپۆرای جەماوەر وەهای لێهات کە لەوانە بوو لە بەر تەوژمیان دیواری حەوشەکەمان بڕۆخێ. بۆیە بە ناچار باوکم لەبەر تەلەفزیۆنەکە هەستایە سەرپێ و چووە دەرەوە، رووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی:

- "تەلەفزیۆن فیلمی شەڕی ستالینگرادی لە سەرە،... تکایە بڕۆن سەیری بکەن،... سەیری ئەو خۆشترە،... تکایە بڕۆن،... تکایە!"

بەڵام خەڵک نەبزوتن. یەکێکی نادیار دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

- "دووپاتکراوەیە،... سەدجار بینیومانە،... تکرارە!... نەبڕایەوە شەڕی دووی جیهانی!"

باوکم کە قەت لەم جۆر فیلمانە تێرنەدەبوو، گوتی:

- "هەر بە چاو نا، گەر بە ئەقڵ سەیری بکەی، هەتا هەتایە لە بەر تەلەفزیۆنەکە هەڵناستن،... تەنانەت هەر لەوێیش دەمرن! ئەم فیلمە وەهایە،... ئەیچۆن! دەی کاکە بڕۆن ئیتر،... بڕۆن!"

بێفایدە بوو. کەس بەرەو دووا نەدەبزوت. لە گەڵ قسەکانی باوکم هەتا دەهات دەنگی تریقە و پێکەنینەکانی دایکم بەرز و بەرزتر دەبووەوە. وەها، حەشیمەتەکە کتوپڕ بێدەنگ بوو، بەس بۆ ئەوەی ئەم دەنگی تریقانەوەیە باشتر بێتە گوێی. کتوپڕ دایکم دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

- "نایبینن،... نایبینن؟... ئەم رەحمەتە، ئەم نیعمەتە؟... نایبینن،... نایبینن؟"

من کە پێم وانەبوو رۆحی خودا تێکەڵێک بێت لە شینی تۆخ و قاوەیی، لە ناوەڕاستی خانووەکە جولاّم و هەوڵمدا دایکم بێنمە ژوورەوە، بەلاّم شادیی دایکم وەها بە دەوری خۆیدا وەک تریفەی مانگەشەو دەپڕژا کە دەستبەجێ پەشیمان بوومەوە و، لەبەرخۆمەوە بە خۆم گوت:

- "مەگەر دایکم چەند جاری ئاوا لە ژیانیدا خۆشحاڵ بووە،... باشتر نیە لێیگەڕێم؟"

لێیگەڕام. راستییەکەی ئەوە بوو فیلمی شەڕی ستالینگراد کارێکی کردبوو باوکم دایکمی لەبیرچووبووەوە. پێم وابێ بە شەویشدا لە کاتی نووستن

باوکم لە جیاتی دایکم خەونی بە کچە سوور و سپی و باڵابەرز و گەنجەکانی رووسەوە دەبینی. لە خۆوە ئەمە ناڵێم. لە بیرمە ماوەیەک دایکم ناوێکی کچانەی رووسی خرابووە سەر دەمی کە لە باوکمەوە وەریگرتبوو، کاتێک بە دەم خەوەوە باوکم بەو نیوە شەوە هاواری کردبوو "کاترینا،... کاترینا! ئاگات لە خۆت بێت،... ئاگات لەو سەربازە ئاڵمانییە بێ لە پشت دیوارەکەی تەنیشتتەوە!" دایکیشم تا ماوەیەک بە بێ ئەوەی بیەوێ هەر لە خۆوە لە کاتی قسەکردنەکانیدا "کاترینا" دەهاتە سەر زاری. یان جاری وابوو کچەکانی بەم ناوە بانگ دەکرد. تا رۆژێک بەناچار چوومە تەنیشتی و بە گوێیدا چپاندم:

- "ئاگات لە خۆت بێت، حکومەت گەر گوێی لێ بێت، پێی وایە سیخوڕی رووسی و، دێن و دەتگرن! دەتەوێ ئەم ماڵە بە کاولکردن بدەی؟"

دایکم وەها بە ترسەوە سەیری کردم کە من دەستبەجێ لە قسەکەم پەشیمان بوومەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. بۆ ئەوەی سەرنجی بگوازمەوە، هەرلەخۆوە گوتم:

- "شەرت بێ هەر پارەم هەبوو سەفەرێکی ئەوێت پێبکەم!"

لەو رۆژەوە دایکم ئیتر ناوی کاترینا بە دەمیا نەهات، بگرە بەئەنقەست کچەکانی بانگ نەدەکرد، بۆ ئەوەی دیسان هەڵە نەکاتەوە.

من کە نەمتوانی دایکم لە پەنجەرەکە بکشێنمەوە، هەر لەوێوە جارێکی تر سەیری تیشکە سەیروسەمەرەکەم کردەوە. رەنگە شینە تۆخەکە لە گەڵ رەنگە قاوەییەکە بە دەوری یەکتردا سوڕیاندەخوارد، جاری وابوو جێیان بە یەکتر چۆڵدەکرد و، جاریش وایش بوو دەبوون بە یەکتر. وەها تۆخ و خەست بوون کە هەستم دەکرد هیچ شتێک ناتوانێ ئاودیویان بکەوێ، ئاودیوی ئەو دایرەیەی دروستیان کردبوو. لە راستیدا هەتا زیاتر لێی رادەمای، زیاتر هەستت دەکرد کە لە هەموو شتێک دەچێ لە تیشک نەبێ. باشە بە راستی ئەمە چ بوو؟ بۆ رێک ئاسمان کونی تێ ببوو و لەوێوە ئەم تیشکەی راستەوخۆ ئاراستەی حەوشەکەی ئێمە کردبوو؟

خەڵک بەسەر کۆڵی یەکتردا سەردەکەوتن بۆ ئەوەی جوانتر ببینن. هەندێ کەس داویان دەکرد دەرگایان لێبکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانن جامۆڵکەیەک تیشک لە گەڵ خۆیان ببەنەوە بۆ ئەوەی نەخۆش و پەککەوتەکانیان پێ ساخ بکەنەوە. چوومە دەرەوەو دەرگاکەم کردەوە و هاوارم لێکردن کە دانە دانە و بە ریز بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی بتوانم تیشکیان بەش بدەم. ئیتر لەو رۆژەوە هەتا یەک مانگ کاری من بەس

**ئەمە بوو. نەک هەموو خەڵکی شار، بەڵکوو خەڵکی گوندەکانی دەورووبەریش هەرکامە و بەشی خۆیان بەرکەوت.**

**باوکم کە ژاوەژاوی خەڵک نەیدەهێشت بە جوانی گوێی لە فیلمەکە بێت، هەتا دەیتوانی دەنگی بە تەلەفزیۆنەکە دەدا و جگە لەوە بۆخۆیشی هەتا پێی دەکرا لە نزیکەوە لە بەریا دادەنیشت. دەنگی تەقە و تەقینەوەی تۆپ و هاوەن و بۆمب جاری وابوو وەها حەوشەکەی لەخۆدەگرت کە خەڵکی پێیان وابوو بەڕاستی بۆمبارانە و هەر بۆیە خۆیان بە زەویدا دەدا. هی وابوو هەر کە جامۆڵکە تیشکەکەی بەردەکەوت، وەها هەڵدەهات کە دەڵێی ئێستا نا ئێستا بە فیشک و بۆمب دەیانپێکا. من کە خەمی ئەوەم بوو خەڵکی شارەکانی تر بەم بەزمە نەزانن، داماوانە داوام لە هەر جامۆڵکە بەدەستێک دەکرد لە لای خەڵکی غەوار باسی نەکەن. ئەوانیش سەد سوێند و تەڵاقیان دەخوارد کە کاری وا ناکەن. هەر وایش دەرچوو! بۆ یەکەمجار لە ژیانیاندا سوێندێکیان راست دەرچوو و قەت هیچ کەس لە هیچ شارێکی ترەوە رووی لەماڵی ئێمە نەکرد بۆ سواڵی تیشک.**

**هەر کە لە بەخشینی تیشک بوومەوە، چوومەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی دایکم بەو قەناعەتە بگەیەنم کە ئەویش وەک خەڵکی تر دەبێ روو**

**بکاتەوە ژوورەوە و سەرلەنوێ ژیانی ئاسایی خۆی دەست پێبکاتەوە.**

**دایکم بە سەرسوڕماوییەوە سەیری کردم و گوتی:**

**- "تۆ پێت وایە بە هەبوونی وەها تیشکێکەوە دەکرێ سەرلەنوێ ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە؟"**

**من کە مابوومەوە چلۆن وەڵامی بدەمەوە، کتوپڕ بیری باوکم کەوتمەوە، پەنجەم بۆ ژووری تەلەفزیۆنەکە راداشت و، گوتم:**

**- "ئەی ئەوە نیە هەر لە یەکەم رۆژەوە مێشێک چییە میوانی نیە!"**

**دایکم وەک بڵێی کارەبا گرتبی، گوتی:**

**- "ئەوانەی سەرقاڵی شەڕن قەت هیچ تیشکێک نابینن!"**

**لەو رۆژەوە ئیتر بەر پەنجەرەکە بوو بە شوێنی هەمیشەیی دایکم. هەر لەوێ نانی دەخوارد، لەوێ دەخەوت و تەنانەت لەوێیش جلوبەرگی دەگۆڕی. دراوسێکەی ئەوبەرمان کە بەمەی زانیبوو، بە دزییەوە لە پشت پەردە سپییەکەی خۆیانەوە سەیری جەستەی رووتی دایکمی دەکرد و، خەونی بەو کچەوە دەبینی حەزی لێدەکرد.**

**بەرەبەرە جگە لە دایکم، هەم منداڵەکان و هەم باوکم و هەم هەموو خەڵکی گەڕەک بە تیشکەکە راهاتن و، ئیتر کەس زۆر گوێی نەدەدایە. تا رۆژێکیان کتوپڕ باوکم لە ژووری تەلەفزیۆنەکە دەرپەڕی و چووە**

حەوشە و هاواری کرد کە بۆچی ئەوەندە گەمژە بووە و لەیەکەم رۆژەوە بیری لەوە نەکردبووەوە دەتوانن لەم تیشکە بفرۆشن و پێی دەوڵەمەند بن! ئەوسا هاتە ژوورەوە و وەها شەپڵاخەیەکی لە بن گوێی من سرەواند کە تا یەک هەفتە سەرم گێژی دەخوارد. من کە تازە دووای یەک هەفتە لە مەبەستەکەی باوکم گەیشتبووم، چوومە لای و گوتم ئیستایش درەنگ نیە. ئەو کە کەمێک دڕدۆنگ بوو، گوتی پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئەو جامۆڵکەیە تا چەندە نەخۆشی چاک دەکاتەوە و بەرگەی چەند نەخۆشی تریش دەگرێ. باوکم راستی دەکرد. بە راستی ئەو جامۆڵکە تیشکە چەندە کاریگەری هەبوو؟ من کە قەت هیچ شتێکم نەبیستبووەوە، رقم لە گەمژەیی خۆم دەبووەوە. هەربۆیە هەستام و چووم دەرگای ماڵی دراوسێکەمان کوتا. ژنێکی گەنجی پانتۆڵ لەپێ و چارەکە لە شان دەرگای لێکردمەوە و بە ناز و غەمزەیەکی تایبەتەوە باسی لەوە کرد کە لەو رۆژەوە جامۆڵکە تیشکەکەیان داوە بە باپیرەی کە بە هۆی نەخۆشی و پیریی لەرادەبەدەر لە جێگادا کەوتبوو، گەنج گەنج بووەتەوە و هەستاوەتەوە سەرپێ و بە ناو ژوورەکەدا هاواردەکا و دەنەڕێنێ و، داوای چەک و فیشەک دەکا!

به بیستنی ئەمە ترسێکی یەکجار سەیرم لێ نیشت. بیرم کردەوە نەکا هەموو نەخۆش و پەککەوتەکانی شار و گوندەکانی دەورووبەر ئەم بەزمەیان بەسەرهاتبێ. من کە نەموێرا تاقەدەرگایەکی تر چییە لێ بدەم، یەکڕاست گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و ڕێک لەناوەڕاستی خانووەکەدا راوەستام و کەوتمە بیرکردنەوەوە. باشە ئەم دەرمانە تیشکەکە لە گەڵ خۆی هێنابووی، یان هەر لە یەکەم چرکەوە کە گوێی لە دەنگی فیلمەکەی باوکم بووە، وەریگرتبوو؟ باشە دایکم بەو هەموو هەستە ناسک و خەونە جوان و پڕ لە رەحمانەوە کە هەیبوون چلۆن توانیبووی ئاشقی وەها تیشکێک ببێت و، لە ناخی تێنەگا. ئیستا ئیتر حەقم دەدا بە منداڵەکان کە هەر لە یەکەم رۆژەوە ترسابوون و خۆیان بە ژوورەکانی پشتەوەدا کردبوو.

تیشکەکە هەتا ئەو رۆژەی وا شەڕ لە شارەکەی ئێمە دەستی پێکرد، هەر سەرێکی لە حەوشەکەی ئێمەدا بوو و سەرەکەی تری لە ئاسمان. هەر کە یەکەم تەقە دەستی پێکرد، تیشکەکە وەک پەیژەیەکی چەند تیکە کە سەریەک دەخرێتەوە، خۆی سەر خۆی خستەوە و بەرەو ئاسمان کشاو ونبوو، باوکیشم بۆ یەکەم جار دووای ئەو هەموو ساڵە لە بەر تەلەفزیۆنەکە هەستا و چوو لە حەوشە جگەرەیەکی لە شوێنی

**بەجێماوی تیشکەکە کە پەڵەیەکی شینی تۆخ و قاوەیی بوو داگیرساند و دووکەڵی یەکەم مژی سەرفرازانە بە ئاسماندا کرد، بەو هیوایەی دوکەڵەکەیش وەک تیشکەکە لە کونە جادووییەکەوە ئاودیوی بێکۆتاییەکان بێت.**

**لەو رۆژەوە دایکم دایە پڕمەی وەها گریانێکی بەکوڵ کە ئیستایش هەر لێی بەردەوامە. دراوسێکان دەڵێن لە شادیی زۆر، ترسناکتر لە دونیادا نیە.**

## گرێی سپی جێژنانە

نەک ئێمە، بەڵکوو چۆلەکە پاسارییەکانی بن میچ و ناو درەختەکانی کۆڵانەکەیشمان تەواوی ساڵ (ئەوانەی وا دەیانتوانی لە سەرمای تاقەت پڕوکێنی زستان دەربازیانبێ) چاوەڕوانی جەژنی رەمەزان و قوربانیان دەکرد. چونکە لەو دوو رۆژەدا هەم زبڵدانەکان ئاوەدانتر دەبوونەوە و، هەم منداڵەکانیش لەتاو جێژنانە ئەوانیان لەبیردەچووەوە و، ئیتر بەردیان تێنەدەگرتن. لە لای چۆلەکە پەسارییەکان ئەو دوو رۆژە رەحەتترین رۆژەکانی ساڵ بوون. رۆژە بەهەشتییەکان. تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە خۆشحاڵ دەبوون کە پشیلەکانیان لەبیردەچووەوە و هەربۆیە زۆر ئاسان دەبوون با داویانەوە. لە گەڕەکی ئێمە نەک منداڵ و چۆلەکەکان، بەڵکو پشیلەکانیش سەرتاپا تامەزرۆ و بێ ئۆقرە، چاوەڕوانی ئەو دوو رۆژەی ساڵیان دەکرد.

لەبیرمە بە جل و بەرگی کەمێک رێک و پێکەوە (تا ئەو جێگایەی دەستی دەدا)، لە داڵانەکەدا رێک لە سەر ئەو رێگایەی بەرەو ژووری میوانەکان

دەڕۆیشت، رادەوەستاین و بە حوجب و بزەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و خۆشیرین کردنەوەوە (ئەوەی کە داخۆ ئەم میوانە لە کاتی رۆیشتن دا جێژنانە دەدا یان نا)، وەها داماوانە و بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوەی نهێنی سڵاومان لە میوانەکان دەکرد کە جاری وابوو پێمان وابوو تا گریان تەنیا یەک هەنگاومان ماوە. گریانی خۆشەویستی و پاڕانەوە و یەئس. میوانەکانیش کە دەستە دەستە، تاک تاک و دوو دوو دەهاتن و دەڕۆیشتن، وەها سەیریان دەکردین وەک بڵێی قاتڵی گیانیانین! هەر دوو لامان بە جوانی نیگای یەکترمان دەخوێندەوە و، لە مانا شاراوەکان دەگەیشتین. لە لایەن ئێمەوە:

ـ "تۆ بڵێی ئەمە چەندەی لێ هەڵوەرێ؟"

و لە لایەن ئەوانیشەوە:

ـ "ئەم هەتیوە پیسە چڵکنە، شەرت بێ خۆمی لێ گێل کەم!"

لەم دوو رۆژەدا ئێمە واتە چۆلەکە و پشیلە و منداڵ هەمووومان پێکەوە بەختەوەرترین بوونەوەرەکانی جیهان بووین. بە پێچەوانەوە، گەورەکان، ئەوانەی وا ناچاربوون کۆڵانە و کۆڵان وماڵەوماڵ بکەن، خەمگینترین بوونەوەرەکانی جیهان بوون!

لە ناو منداڵانی گەڕەکەکەی ئێمەدا تەنیا "خولە" بوو رقی لە جەژن بوو. خولە کاتێک خۆی لەوێ نەبوو، پێیان دەگوت "خولە قون خوار"،هەمیشەیش یان سەریان پاک پاک بۆ دەتاشی، یان ئەوەندە قژی بە سەرەوە دەبوو کە بە زەحمەت تەوێڵ و چاوەکان و لووتی دەبینران. ئەو لەم دوو ڕۆژەدا نە جل و بەرگی جوانی لەبەردەکرد (بۆ خۆی دەیگوت نیەتی)، نە بە تامەزرۆییەوە لە سەر ڕێگای میوانەکان رادەوەستا و، نە لە نێوچاوانیان رادەما. ئەو، تەنیا کەسێک بوو کە لەو دوو ڕۆژەیشدا بەردەوام بیری لە چۆلەکە پاسارییەکان و کوشتنیانی دەکردەوە. وەک بۆ خۆی دەیگوت:

- "جەژنی قوربان، یانی قوربانی کردنی چۆلەکە و یانی بۆنی خۆشی برژاویان، تەنانەت خۆشتر لە کەبابخانەکانی شار!"

لە حەوشەی قوتابخانەکە بە چقڵ و زبڵ و چیلکەی رزیو ئاوری بۆ دەکردنەوە.

خولە کە لە راستیدا ناوی "محمود امین الله" بوو و منداڵی گەڕەک بۆ ئاسانکاری ناوی خولەیان سەر خستبوو، لەو دوو ڕۆژەیشدا هەر کە

دەرفەتی دەهێنا، قۆچەقانییەکانی کە باشترین قۆچەقانییەکانی گەڕەک و ڕەنگە شاریش بوون، دەهێنا و دەستبەجێ یەک دوو چۆلەکەی بەردەدایەوە و تەختی زەوی دەکردن. ئەوسا ئێوارە درەنگان چۆلەکەکانی (کە لە دڵقێکی ڕەشی دەهاویشتن)، دەبردە حەوشەی قوتابخانە و دەستی دەکرد بە برژاندنیان. ماڵی خولە بە جەژنیش گۆشتیان نەدەخوارد. لەبیرم دێت خولە لە لای چۆلەکەکان بێزراوترین ناو و ناشیرینترین پەیکەری گەڕەک بوو. ئەوان کە ناوی خولەیان بۆ نەدەهات و لە جیاتی "خ"، بە "ج" دەیانگوت وەها بۆ "جولە"یان دادەگرت و جوێنی ئەوەندە پیسیان پێدەدا کە پشیلەکان لە شەرما جاری وابوو خۆیان لە پشت تەنەکە زبڵەکاندا دەشاردەوە!

کەس نەیدەزانی خولە بۆ ڕقی لە جەژن بوو. منداڵانی گەڕەک ئەم ڕاستییەیان تەواو وەرگرتبوو و، ئیتر لە لایان ببووە شتێکی ئاسایی و هەربۆیە زۆر با سانایی لەگەڵیا دەژیان. بەڵام لای من بەردەوام ئەمە پرسیارێکی گەورە بوو. بەڕاستی خولە بۆ ڕقی لە جەژن بوو؟

سەرئەنجام یەکێک لەو ڕۆژانەی وا بە ڕێکەوت توانیم ببم بە میوانی گۆشتە برژاوەکانی خولە لە حەوشە گەورە و پڕ لە دڕکەکانی قوتابخانە، توانیم ڕازی ئەم ڕقە بدۆزمەوە (دە ساڵ دوواتر کاتێک

شۆڕش کرا و بۆ یەکەم جار شیعری رقی پیرۆزی هێمنی شاعیرم خوێندەوە، یەکسەر بە پێچەوانەی خەڵکی تر لە جیاتی جەللاد بیری خولە دەکەوتمەوە). ئەو ڕۆژە خولە لە کاتێکدا پەڕوپۆی چۆلەکەکانی بەجوانی لێنەدەکردەوە (بە تایبەت هی باڵەکانیان)و، بە تینی ئاور دەیسوتاندن (هەربۆیە گۆشتەکە تامی پەڕی سووتاویشی دەدا)، شووشە ئاسنێکی ژەنگاوی لە قونی چۆلەکە مرداربووەکان رۆدەکرد و دەیخستنە سەر ئاگرە پڕ لە دووکەڵەکە. لە دەرفەتێکدا سەرئەنجام دەستی کرد بە گێڕانەوە:

ـ "یەکەم جەژن، ئەوەی من لە بیرم دێ، ئیتر ئەوەندە گەورە ببووم کە بتوانم لە سەر ڕێگای میوانەکان ڕاوەستم و بەخێرهاتنیان بکەم. دووای ئەمە، بتوانم چاییان بۆ دابنێم و هەروەها نوقڵیشیان بۆ بگێڕم. ساڵانی ساڵ لەوە پێش بوو. بەیانی زوو لە خەو هەستانیانم، جل و بەرگی کۆن بەڵام خاوێنیان بۆلەبەرکردم و پێیان وتم لە کوێ بێستم و چی بکەم و چۆن. منیش وامکرد (خولە گرێیەک لە منداڵییەوە لە دەنگیدا بوو، کە هەر ئەو سەردەمەیش دەنگی وەک دەنگی گەورەکان لێدەکرد. پێم وابێ هی دووکەڵ یان هی ئەو پەڕە سووتاوانە بوو وا بە گەرووییەوە ساڵانی ساڵ بوو دەنووسا و دەنووسا). هەتا ئێوارە ڕاوەستاوم.

هەڵبەت خەڵک زۆر سەردانی ماڵیٚ ئێمەیان نەدەکرد. هەر ئەمە ببووە هۆی ئەوەی زۆر بە سەر پێوە بێستم و ئیتر زۆر نەجولێم. کە دەمویست بچم دابنیشم و کەمێک بحەسێمەوە، نەنکم وەها بە سەر سەرما ئەیقیژاند کە لەوانە بوو گوێم کەڕ بێ. باوکم و باوەگەورەیش ئەوانیش ئەبووایە بچنە دەرەوە و سەردانی ماڵی خزم و ئاشنا و خەڵک بکەن و جەژنەپیرۆزەیان لێبکەن. قسەکانی نەنکم کە هەر لە بەیانی زووەوە پێی وتبووم لە گوێما ئەزرینگانەوە، ئەبێ زۆر بە ئەدەب بی، کە سڵاو ئەکەی سەرت داخە، دەستت راست بگرە، رێک لە سەر رانەکانت، کە دەستیان بەسەراهێنای زیاتر مل خواربکەوە، لە کاتی نوقڵ دانانا بە هەموویان بڵێ فەرموو، زۆریش رامەوستە با نەتوانن زۆر هەڵبگرن، کە هەستان و ویستیان بڕۆن کاتێک بە بەردەمتدا تێئەپەڕن ئەبێ بە دەنگی بەرز حواحافیزیان لێبکەی و رێک هەر لەو کاتەیشا سەیری دەست و گیرفانیان بکەی، خولاسە لە ناوقەد بەرەوسەر سەیرکردن مەمنووعە!"

من کە جاری وابوو بۆنی خۆشی گۆشتی برژاو هۆشی لێدەبڕیم، لەوانە بوو لە هەموو قسەکانی تێنەگەم، بەڵام خولە جۆرێکی دەگێڕایەوە کە بۆنی هەر چی گۆشتی خۆشی دونیایە نەیدەتوانی سەرنجت لێ ون بکا. بە ئیستایشەوە پێم وابێ خولە گەر خوێندەواری هەبایە و کەسی خۆی

بە دەورەوە بایە، دەبوو بە یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی جیهان.
بەهەرحاڵ، خولە درێژەی بە قسەکانی دایەوە و، گوتی:
- "لەبیرم دێ میوانەکان زۆریان نەئەدامێ. جاروبار ئەچوومە دەرەوە و لە منداڵەکانی ترم ئەپرسی، ئەمبینی ئەوان زۆر زیاتریان لە من پەیاکردبوو. من کە بەرەبەرە هەم ترس (ترس لە نەنکم) و هەم رق (رق لە رفیقەکانم) دایگرتبووم، ئەمجارە کە میوانەکان ئەهاتن تا ئەمتوانی بە دەنگی بەرز بەخێرهاتنم ئەکردن و، تا ئەمتوانی وەهایش سەیری دەست و گیرفان و خوار کەمەریانم ئەکرد کە لەوانە بوو بکەومە ناو پانتۆڵەکانیانەوە! بەڵام چاری نەئەکرد. بە پێچەوانەوە وەها بە تەعەجوبەوە سەیریان ئەکردم وەک بڵێی سەیری مناڵێکی شێت ئەکەن. بگرە هەتا رۆژ لێی ئەڕۆیشت، وەک چۆن هەتا هەتاو دائەچێ و تیشکی کز و کزتر ئەبێ، ئاوا جێژنانەکان کەم و کەمتریان ئەکرد. تەنانەت ئەوانەی وا جێژنانەیان نەئەدا بگرە زیاتریشیان ئەخوارد و چنگیان وەها لە جامۆڵکەی نوقڵەکان رۆئەکرد کە لەوانە بوو لە دەستمەوە بکەوێتە خوارەوە. جارێکیان نەنکم وەها زلەیەکی لێدام کە لەوانە بوو پەردەی گوێم بدڕێ. ئاخر ئەو پێی وابوو بۆخۆم نوقڵەکان ئەدزم!"

خولە سینگە چۆلەکەیەکی برژزاوی بەدیان لێکردەوە و بە بێ ئەوەی بیجاوێ، یەکسەر قوتی دا و ئەوجار درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

ـ "سەرئەنجام بە هەر لەقەلەقێک بوو ئێوارە و شەو هات و ئیتر میوان تووی بڕا. باوکم و باوەگەوریشم هاتنەوە، بە گیرفانە هەڵماسیوەکانیانەوە کە پڕ بوون لە نوقڵ. من کە ئەبوایە قڕان بە قڕانی هەر جێژنانەیەک تەسلیمی نەنکم بکەم (نەنکم کە میوانەکان ئەڕۆیشتن هەر زوو ئەگەیشتە سەرم و سەرەڕای ئەوەی دووافلسم دەخستە مشتییەوە، بەڵام وەها بە دڕدۆنگی لێی ئەڕوانیم کە لەوانە بوو بۆخۆشیم باوەڕبکەم کە بەڕاستی هێشتا پوڵم لاماوە و هەموویم نەداوەتە دەستی! کە نانی شەو خورا، باوکم و باوەگەورەم چاییەکیان بەسەراکرد و یەکی توتن و پەڕەیەکیان پیچایەوە و کێشایان و ئەوسا باوەگەورەم کە هەمیشە بە مۆڕەکەوە سەیری منی ئەکرد، رووی لە نەنکم کرد و وتی بیانهێنە! نەنکم هەستا، چوو لە سەر تاقەکە لە پشت ئەو قاپەی کە ئایەتێکی قورئانی لەسەر نووسرابوو، دەستماڵێکی سپیی گرێدراوی هێنا. خستیە بەردەمی باوەگەورەم. باوەگەورەم بە لاچاو سەیرێکی باوکمی کردوو و، ئارام و بە بسم الله وتن دەستی کرد بە کردنەوەی گرێ سپییەکە. گرێی یەکەم ئاسان کرایەوە، بەڵام گرێی

دووهەم لەوەیا نەبوو! نە نینۆک، نە دیان، چاری نەئەکرد. هەڵبەت من کە پێم سەیر بوو چۆن باوەگەورەم کە باوەڕی توندی بەوە هەبوو کە نینۆک تاقە ماڵ و کۆخی ناو دونیای شەیتانە، نینۆکی ئەهێشتەوە، چوومە تەنیشت دایکمەوە کە بە دیار سەماوەرە خەڵووزەکەوە دانیشتبوو و وەک هەمیشە هەناسەی قوڵ و درێژی بە دزییەوە هەڵئەکێشا. باوەگەورە کە گرێی دووهەمی بۆ نەئەکرایەوە، رووی لە نەنکم کرد و وتی ئەرێ قەحبەی سەڵیتە! ئەوە میزت پیاکردووە و، لە بەر هەتاوا داتناوە وشک بێتەوە وا ئەوەننە توند و قایم بووە،... ناکرێتەوە؟ باوگەورە هینکەهینکی پێکەوتبوو. نەنکم بە بێ ئەوەی جواب بداتەوە، هەستا و چووە پێشەوە. بە دوو پەنجە گۆشەیەکی گرێکەی گرت و بەرەو لای خۆی رایکێشا و ئەوسا زۆر بە ئاسانی بە پەنجە پیر و گرۆڵەکانی گرێ سپییە سیحراوییەکەی کردەوە. پەڕۆکەی خستەوە بەر دەمی باوەگەورە. باوەگەورەم کە مابووەوە چی بکا، وەها بە خێسەوە لە نەنکمی ڕووانی کە هەنێ لە قڕانی و دووقڕانییەکان لە سەر یەک خزان و پەڕۆکەیان بڵاوتر کردەوە. ئەوسا وتی حەک عەمر کورت بیت! لە رێوی ئەچێ و کەچی تاقەت و وزەی ورچی تیایە! نەنکم ویستی شتێک بڵێت، بەڵام گێڕایەوە. پێم وابێ ئەیویست پێی بڵێ کە پوڵەکە

**چەنەیە. بۆ پەشیمان بووەوە، نازانم. رەنگە لەبەر قسە ناخۆش و ناشیرینەکانی باوەگەورەم بوو کە ئیستاکە بە پێچەوانەی جاران یەکجار رقی هەستانبوو. باوەگەورە دەستی کرد بە ژماردن. بە باوکیشمی وت کە بە شوێن ئەوا بیانژمێرێتەوە. کە لێبوونەوە، ئاگام لێبوو باوەگەورە رەنگی گۆڕا. سەری هەڵبڕی و بە خێسەیەکەوە کە لە ژیانمدا شتی وام لێ نەبینیبوو، سەیرێکی کردم. دەستی کردەوە بە ژماردن. باوکیشم دیسان. بژمێرە و بژمێرە. ئەمجارە ئیتر کە لێبوونەوە خۆی پێ رانەگیرا و بە دەنگی بەرز وتی، بە بێ ئەوەی سەرهەڵبێنێ، هەتیوە حیزە! کوڕی سەگباب! هەر ئەوەیە؟... هەر ئەمە بوو؟ من کە نەمئەزانی مەبەستی کێیە، لە خۆشیی ئەوەی کە رەنگە لە گەڵ نەنکمی بێ زیاتر خۆم بە دایکمەوە چەسپاند. بەڵام خۆ هەتیو بە ژن نەئەگوترا. تامێکی تاڵ وەک نانی سووتاو کە جاری وابوو لە ترسی باوەگەورە لە سەر سفرە تفمان نەئەکردەوە و قوتمان ئەدا، لە ناو دەممەوە بەرەو ناوسکم بەڕێکەوت. دایکم هەناسە بێدەنگەکانی زیادیان کرد. ئەژنۆی بە ئەژنۆمەوە نا. دەستیشی سەرگەردان لە سەر قاڵییەکە دەهات و دەچوو. ئەرێ لە گەڵ تۆمە کوڕی زۆڵ! هەر ئەمە بوو؟ ئەوسا سەری هەڵبڕی و راستەوخۆ سەیری منی کرد،... سەیری ناوچاوانم. نازانم چۆن ئیستایش**

چاوەکانم لە جێی خۆیان ماون. نیگاکانی وەها قورس بوون وەک بڵێی خەریک بوون چاوەکانم لە ناو سەرمەوە بەرەو ناو سکم بە فشار بەرنە خوارەوە. رێک بەرەو ئەو خوارخوارانە. ژانەچاوێکی سەیر ئان و سات رووی تێکردم. دایکم دەستی گرتم. دەنگی باوەگەورە نەک ژوورەکە گەڕەکەکەیشی تەنیبوو. وتی، وەک سەگی پێ سووتاو قاچمان توێخی پێوەنەما ئەمڕۆ ئەوەندە گەڕاین، تا توانیمان ئەو بڕە پارەیەی پێمان بوو دەستمان پێیەوە گرت و تا توانیشمان گیرفانمان پڕکرد لە نوقڵ. بگرە ئەمساڵ کەمێک گیرفانەکانمان لای ئەحەی خەیات زلترکردەوە، تا توانیم خۆم لە نیگای منداڵە زۆڵەکان دزییەوە، هەتا توانیمان لە کاتی خواحافیزیدا خۆمان دووا ئەخست بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوانەی پێشەوە لەبیرمان کەن، کەچی... کەچی ئیستا ئەبینم لەوەی داومانە یەکجار کەمترمان دەست کەوتووەتەوە. تۆی سەگباب، ئا، تۆی سەگباب ئەمڕۆ چیت کردووە؟... ها، پێم ناڵێی؟ بە قەد مناڵی خەڵکیت پێناکرێ؟ بە قەد کوڕە زۆڵە شەلەکەی سەیزایەت پێناکرێ کە ئەمڕۆ لە بەرچاوی خۆما یەک دنیا جێژنانەیان دایە؟

لێرەدا خولە قسەکانی راگرت. رووی لە ئاگرەکە هەڵگرت و کردیە من و، گوتی:

- "دەزانی سەیزادە بێوەژن بوو!"

منیش سەیزادەم دەناسی. سمتەکانی ئەوەندە گەورە بوون کە کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆیشت، وەک کێوێک لە گۆشت دەلەرینەوە. کەس بە قەد نیگای پیرەکانی گەڕەک ئاشنای لەرینەوەی ئەو سمتانە نەبوون. خولە درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

- "باوەگەورەم هەستایە سەرپێ. سەرەتا پێم وابوو بۆ من دێ، بەڵام هەستا و چووە بەر پەنجەرەکە. کتوپڕ ئارام بووەوە. باوکم توتن و پەڕەیەکی تری پێچایەوە و سوێندی خوارد کە لەم دونیایەدا هەموو شتێ بە شانسە. وتی ئەڵێن گەر حەمە ڕەشی خان تەنیا دە تفەنگچی تری بوایە، حکومەتی بۆ هەمیشە دەشکان، ئەوسا ئیتر شاریشی نەئەسوتاند. باوەگەورەم کە دووکەڵەکەی بەسەرائەچوو (دووکەڵەکە وەک مار بەرەو پەنجەرەکە ئەکشا)، وەها بە خێسەوە لە باوکمی ڕووانی کە پشتە ملی باوکم سوورهەڵگەڕا. ئەوسا هەر بەو نیگایەوە رووی لە من کرد، هاواری کرد ئا وەرە ئێرە،... ئا وەرە ئێرە توخمە زۆڵ! من ئەمویست لە بیری خۆمی بەرمەوە کە لە گەڵ منیەتی. دایکم ئەژنۆی لە ئەژنۆم قایمتر کرد. دەستمی گوشی و، کەمێک خۆی لە سەر جێ جوڵاند. وەک بڵێی سکڵێک لە سەماوەرەکەوە کەوتبووە ژێر رانی.

دەنگی باوەگەورە هەر دەهات، لە گەڵ تۆمە نگریس، باوان سووتاو! ئارام جوڵام. ڕێک بەرەو باوەگەورە. نازانم بۆ کتوپڕ هەستم بە غیرەتێکی سەیر کرد. بە دەم ڕێگاوە بیرم کردەوە چی ئەبوو گەر هەموو ڕۆژێکی ساڵ ڕۆژی کوشتنی چۆلەکە پاسارییەکان ئەبوو، ڕۆژی بۆنی گۆشتی برژاو لە سەر دڕک و داڵ و زبڵ. چی ئەبوو بمتوانیایە دایکیشم دەعوەت کەم و ئەوەندە بە دزییەوە لە ناو ڕۆژنامەی ڕزیو و کۆندا بۆی نەهێنمەوە. من نازانم خودا بۆچی جەژنی دروست کردووە. ئەڵێی ڕێگاکە سەدان کیلومتر دووربوو. هەر نەئەگەیشتمێ. باوەگەورەم وەک خاڵێکی بچوک، یەکجار بچووکی ئەو سەری ڕێگاکە دەهاتە بەرچاوم. سەرئەنجام گەیشتم. کە گەیشتم، کتوپڕ خاڵە دوورەکە وەها گەورە ببووەوە نەک هەر پەنجەرەکە، بەڵکوو هەموو ژوورەکەی لەخۆگرتبوو. ئێمە هەمووومان ون بووین. ئیتر شتێکی وام لەبیرنەماوە. پشتم لێی بوو، لاشان یان ڕووبەڕووم،... نازانم. هەر ئەوەندە ئەزانم زەبرێکی وەها قورس سمت و کەلەکەی پێکام کە دونیا یەکسەر لەبەرچاوما ڕەش ڕەش هەڵگەڕا،... هیچ شتێکم ئیتر لەبیرنەما. دونیا تەخت تەخت، وەک فەرشی حەزرەتی سلێمان!"

سەیری خولە دەکەم،... خولە قون خوار. کە هەڵدەستێ بۆ ئەوەی چقڵ و زبڵی زۆرتر بۆ ئاگرەکە بێنێ، دەلەنگێ،... بە جەستەی خوارییەوە لەو پەیکەرانەی یۆنانی کۆن دەکا وا بە سەقەتی بەجێ ماون. کە دووکەڵەکەی لێدەئالێ، رێک لە شوێنی خواری جەستەی، بەشێک لە دووکەڵەکە چڕدەبێتەوە و لەوێدا زیاتر گێژ و لوول دەخوا. وەک بڵێی دەیانەوێ خولە راست بکەنەوە. وەها راست، کە بتوانێ ئاگرێکی وەها بکاتەوە بێ دووکەڵ. تەنیا گڕ،... گری خالس و بێ خەوش،.. خالس خالس. وەک ترس و خەونەکانی خولە، خولەی قون خوار!

## سەدام زیندوو دەبێتەوە

سەدام، نۆ ساڵ دووای لە سێدارەدانەکەی لە شەوێکی ئەنگوستەچاوی گۆڕستانەکەی تکریت بە قاقای پێکەنینی خۆی خەبەری بووەوە. ئەوەندە پێکەنی کە چاوە مردووەکانی پڕبوون لە فرمێسک. پێکەنینەکەی ئەوەندە بەرز و بەردەوام بوو، مردووەکانی تریشی بەخەبەرهێنا. پاش

ماوەیەک لە گۆڕەکەی هات دەرەوە و لە سەر سەکۆکەی تەنیشتی دانیشت و شێتانە پەنجەی بۆ شتێکی نادیاری دەورووبەری خۆی رادەکێشا و،... هەر پێکەنی.

دووای نۆ ساڵ مردن، ئەوەی بەئاگای هێنایەوە قسەکانی کاتی خۆی بوو (پێش مردنی)، کە جاری وابوو بە گاڵتە و جاری وابوو بە راستی و جاری وایش بوو بۆ پرۆپاگەندا کردبوونی. بۆ وێنە ئەوەی کە دووای ئەو خوێن لاشە لە عێراقدا دەبا، یان رۆنی کوردی و بنێشتی کوردی بیستبوو، بەڵام دەوڵەتی کوردی نەبیستبوو، یان عێراق دەبێ بە لاشەیەک بە دەم گورگە دراوسێکانی دەورووبەرییەوە. دڵخۆش و سەرخۆش لە خەبەربوونەوەکەی، زانی کە قسەکانی راست هەڵگەڕاون بۆیە توانیبووی سنووری مەرگ ببەزێنێ و، جارێکی تر بێتەوە ناو ژیان،... ئەگەرچی بە مردوویی.

لە کاتێکدا ئارام ئارام پێکەنینەکانی نیشتنەوە، دەستی بە ملی خوێنین و شکاو و پێست و گۆشت هەڵدڕاوی خۆیدا هێنا. رۆژی لەسێدارەدانەکەی خۆی جوان لەبیربوو. بەڵام بێچارە جەللادەکان کە نەیاندەزانی رۆژێک، ئەگەرچی دووای سالانی ساڵ بەڵام هەر زیندوو دەبێتەوە،... زیندوودەبێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک ئەوانەی وا رقیان لێی

بوو ئەمجارە بە تێگەیشتنەوە بیرلەقسەکانی بکەنەوە و ئیتر بە پێچەوانەی جاران حیکمەت لە شێوازی دەسەڵاتدارییەکەی ئەودا بدۆزنەوە. ئەوەی کە دەیکوشت بۆ ئەوەی کوشتن تەنیا کاری ئەو بێت نەک هەموو کەس.

سەیری جەستەی خۆی کرد. سەیرە! دووای ئەو هەموو ساڵە دەڵیی دوێنێکە بوو هەڵیانواسی. تێکنەچووبوو. جەستەی هەر لە رۆژی دووای هەڵواسینەکە دەکا. ئەو ئەمەیشی بە حیکمەتێکی تر لێکدایەوە. ئەوەی کە هەنگاوێکە بۆ گەڕانەوەی یەکجارەکی و بۆ دروستکردنەوەی جاران. جارانی شیعر و گۆرانی و سەیران. ئەوەی کە ملی شکابوو و گەردنی برینی قوڵی تێکەوتبوو، گرینگ نەبوو، ملشکاوی و برین خۆش دەبنەوە، بەڵام ملی شکاو و برینداری نیشتمان خۆش نابنەوە. ئەم بیرە گەردنی پێ هەڵبڕی، ئەگەرچی لێی هاتە ژانێکی پیس.

مردووەکان ئەوانەی وا خەبەریان بووەوە، هاتن و دەوریان لێدا. بە نیگا بەتاڵەکانیان و بەو جەستانەوە ریشاڵ ریشاڵ گۆشتیان لێ بەربووەوە، یان بە نیوە ئێسک و بەو دەستانەوە دەسوڕانەوە بەڵام هیچیان بۆ پێ نەدەگیرا، لێی نزیک کەوتنەوە. دەنگ چیە لێیانەوە نەدەهات. بۆیە سەدام نەیدەزانی بە دیتنی ئەو خۆشحاڵن یا خەمین. لە

هەلابیک و هەلهەلەکێشان خەبەرێک نەبوو. چاوی جوان بە ناویاندا گێڕا. کەسی نەدەناسییەوە. شەرتیش نەبوو بیانناسیٚ. نا، راوەستە! دەبا بیانناسیٚ. ئەمانە هەموویان خەڵکی تکریت بوون، لانیکەم زۆربەیان، شوێنی لە دایک بوونی خۆی. کتوپڕ دڵی وەها تەنگ بوو کە سەرتاپای جەستەی لیٚ هاتە ژانێکی سەیر. ئەوەی کە زەمەن تێدەپەڕیٚ و هەموو شتیٚ بەو شێوازە دەگۆڕدریٚ، تەواو بێزار و خەمینی کرد. چ دەبوو ساڵەکان هەر هەمان ساڵەکانی سروودی سەدام زێڕە بایە! ئەو ساڵانەی وا کچە نەشمیل و ناسک و جوانەکان بە ئاستەم جەستەیان لە گەڵ ئاوازەکان دەبزواند و، بە بزەوە باسیان لە ئەبەدی بوونی رێبەرەکەیان دەکرد. چاوێکی تری بە ناو حەشیمەتە سەیرەکەی دەورووبەری خۆیدا گێڕا. ئەو نەسڵەی ئەو چی لێبەسەرهاتبوو؟ کەواتە ساڵەکان لەویٚ بوون، وەک خۆیان،... وەک گۆڕان و لەناوچوون.

هەستایە سەرپیٚ. حەزی دەکرد وەک جاران نوتق و خیتابەیەک بۆ خەڵکەکە بدات. کە راست بووەوە، هەستی بە متمانەیەکی زیاتر کرد. باڵای بەرزی و سەکۆی راوەستانەکە ئەم متمانەیەیان پێدەبەخشی. وەک جاران قاچەکانی عەرزی دەگرت و وەک جاران دەیتوانی لەوێوە سەروگەردنێک کشاوەتر لە خەڵکەکەی دەورووبەری بێت. بەڵام، بەڵام

پاسەوانەکانی کوان؟ کتوپڕ هەستی بە ترس و نائەمنییەکی سەیرکرد. نەکا تەقەی لێبکەن! نەکا خائینێک و نیشتمانفرۆشیک لە ناو حەشیمەتە مردووکەی دەوری پەیدا بێت و بە دەمانچەکەی گیانی مردووی بخاتەوە مەترسی. داماوانە چاوێکی بە دەورووبەریدا گێڕا. نا، پاسەوانەکان دیارنەبوون. باشە لە کوێ بوون؟ شەرتە گەر بیانبینێتەوە، دەزانێ چییان بەسەربێنێ. بەڵام نا،... ڕاوەستە! مەگەر هەر ئەم ئەقڵە نەبوو ئەم بەڵایەی بە سەردا هێنا؟ دۆشداماو لە تێگەیشتنی ئەوەی چی ڕاستە و چی ناڕاست، بە بێ ئەوەی گوێ بداتە تیرۆری جەستەی مردووی خۆی، ڕووی لە حەشیمەتەکە کردەوە و دەستی کرد بە نوتق کردن. ماوەیەک تێپەڕی، بەلام هەستی بە هیچ کاردانەوەیەک لە خەڵکەکەدا نەکرد. باشە بۆ؟ ئەوسا تێگەیشت دەنگی ناڕوا، وشەکانی نەدەڕۆیشتن و لە زاریدا خۆیان لە خۆیاندا تەواودەبوون و دەمردن. نا، شتی وانابێ. ترسێکی گەورەتر لە ڕۆژی ئیعدامەکە لە دەروونی بۆشیدا گەڕا. دەستی بە دەموچاویەوە گرت و دانیشتەوە. بیری جۆرج بۆش کەوتەوە. چەندە ڕقی لێی بوو. ئەو پیاوەی وا تەنیا بە هێز و هەڕەشە دەدوا. سەدام پێی وابوو ئەم جۆرە مرۆڤانەن دونیا تێکدەدەن. بیری تەمەنی خۆی کردەوە. بێگومان گەر

جۆرج واینەکردایە، ئەوا لانیکەم دە بیست ساڵی تر دەیتوانی بژی. وڵاتی کویت دەبوو بە پاریزگایەکی تری عیراق و ئەوسا تەواوی خەڵکی عیراق دەیانتوانی رۆژ تا ئیوارە لە قەراخەکانی کەنداوی عەرەبی (حەک کە رقی لە ناوی فارسی بوو)، دابنیشن، مەلە بکەن و خۆیان بەرھەتاوبدەن. نا، تینەگەیشتن، کەس تینەگەیشت. دەی با بخۆن!، ئەوە وەزعە ئیستا تییدان؟ توخوا باشتر نەبوو لە کەنداودا مەلەکردن تا لە ناو خویندا؟ ئەی کوردەکان بۆ ناڵیی. جاریکە من قەت تینەگەیشتم بۆچی ئەوەندە حەزیان لە کلاشینکۆفە،... یان برنو. گوناحن،... بە راستی گوناحن. بە ھیچ شتیکیش رازی نەدەبوون و نین. بەخوا سەربەخۆییشیان ھەبێ ھەر ئەمە وەزعیانە. دووایی پییان وایە سەربەخۆیی فریوی دوژمنە بۆ ئەوەی کوردەکانی خوراسانیان بە تەواوی لێ جیابکەنەوە! پەککوو لەم نەتەوەیە،... پەککوو! دەی ئیوەیش بخۆن! ئاواتان لیدێ. بزانە ژنیان دەویرێ وەک جاران بە جل و بەرگی مۆدەوە بیتە دەر؟ تەماتە رزیو و ھیلکە و پەتاتەی پیشاو خۆش بیت، دەبێ ھەر لە ماڵەوە دابنیشن. دڵیشیان خۆشە ژنەکانیان دەبن بە پیشمەرگە، نازانن لە تاو ھیلکە و پەتاتە و تەماتەیە! ھەموویانم لە مەجموعانە کۆکردبووەوە، کاریان نەدەکرد و پارەی بەلاشم دەدانێ و

کەچی دەیانگوت کوردستان ئەنفال کرا و کاول بوو. جا باشە تو خوا ئیستا کاول و ئەنفال کراوە، یان ئەو کات؟ جارێکە حیزبەکانیان هەر تێرناخۆن. کە شتێکیش دەبێ و زۆریان بۆ دێ، رێبەرەکانیان هاواردەکەن کاکە هەموو کوردین، کوردا! من ئیستایش تێنەگەیشتم ئەم کوردبوونەی ئەوان وا مەبەستیانە، چی بوو. خۆ قەتیش نای برێننەوە. دەبخۆن دەی! ئەی کۆمۆنیستەکان بۆ ناڵەی. توخوا ئەو کاتەیان باش بوو یان ئیستا؟ ئیستا هەموویان لە ترسا بوون بە عەشیرە! لە ترسی شیعە و عەشیرە سوسیالیزمی چی و کۆمۆنیزمی چی، هەر باسی بکەن بە میز دەیانخنکێنن. لانیکەم ئەو کات کە من دەمکوشتن دەبوون بە شەهید و رێزێکیان هەبوو، ئیستا وەک سەگی گڵاو سەیریان دەکەن. دە بخۆن دەی،... هەلۆ رەفیق، هەلۆ! یان لە شیعەکان، کاکە ئەهلەن! لە چیتان کەم بوو؟ دیواری نێوان شیعە و سوننە لە بەغدا؟ دەک بخۆن دەی ئێوەیش! هەزار گروپتان لێ پەیدا بووە و کەستان کەستان ناخوێنێتەوە. حەزتان دەکرد ئەم ریش پانە چڵکنانە بێن و جڵەوتان بەدەستەوە بگرن؟ دەی ئەوە هاتن، بە خوا تازە ئێوەیش قەت خێر لە خۆتان نابینن، وەک نەتانبینی. بزانە ئیمام هەیە بتوانێ بۆمبێ بگێڕێنێتەوە، تەنیا من بووم دەمتوانی. ئیستا هەر رۆژەو بە تەقینەوە سەدانتان لێ دەکوژرێ و

برینداردەبێ، دەک بخۆن! سەید جۆرج بۆشیش بۆی دەرچوو. پێتان وابوو عێراقتان بۆ دەکەن بە کەنارەکانی دەریای کالیفۆڕنیا. کوێربم، زوو بیرم لە بۆمبی ئەتۆم نەکردەوە. گەر دەمبا، بە خوا کەس نەیدەوێرا رووم تێبکا. ئاخ ئیسرائیل،... ئاخ! چاکت بردەوە. نا، نا، ئاخ عەجەم، بە خوا چاکت بردەوە. ئەو سەگانەتان تێبەردام و ئیستایش بۆ خۆتان بۆی دەرچوون. بەڵام،... بەڵام راوەستن، ئەو رۆژە دێ. پێتان وایە لە کۆڵ ئێوە بوونەتەوە. ئەوە من دەیانناسم!

جەماعەتێک لە مردووەکان هاتن و بەسەر دەست و قاچی سەدام دا کەوتن. وەک بڵێی ماچیان دەکرد، بەڵام سەدام هەستی بە هیچ نەدەکرد. ئەوان وازیان نەدەهێنا. جوان لێیان وردبووەوە. نا، کەسی نەدەناسییەوە. بیری کردەوە گوناحی بۆمبەکانە، وەها جەستەیانی تێکداوە کە بێفایدەیە. کتوپڕ هەستایە سەرپێ و هاواری کرد لێی دووربکەونەوە. وتی لەو جۆرە خەڵکە وەڕەزە، لەوانەی وا ماچت دەکەن و بەڵام جێت دێڵن. وتی شیاوتان بوو، شیاو ئەوەی وا بەسەرتاندا هات. مردووەکان وەک بڵێی تێگەیشتبن، دووركەوتنەوە. کە رۆیشتن هیچ جێ هەنگاوێکیان بە شوێن خۆیاندا بەجێ نەهێشت. سەدام سەیری

جێ هەنگاوەکانی خۆی کرد، هی ئەویش وا بوو. دیسان چ ترسێکی سەیر رووی تێکردەوە.

هەستایە سەرپێ و رووی لە بەشێکی تری قەبرستانەکە کرد. بە هیوای دیتنەوەی ئاشنایەک. کتوپڕ چاوی بە دوو پەیکەری ئاشنای کون کون کەوت. لێیان نزیک کەوتەوە. عودەی و قوسەی لە سەر دوو قەبر دانیشتبوون و بێدەنگ لە بەردەمی خۆیان دەڕوانی. کەواتە کوڕەکانی لێرەن، ئەویان لە نزیک قەبری کوڕەکانی ناشتبوو. ئەمەی نەدەزانی. ئەگەرچی کاتی خۆی هەوڵیدابوو مەرگی ئەوان وەک مەرگی دوو سەرباز و دوو جەنگاوەر لێکبداتەوە، بەڵام قوڵپی گریانێکی بەسام بەربینگی پێگرت. ئارام لێیان نزیک کەوتەوە و بە گریانێکی سەیرەوە لە باوەشی گرتن. فرمێسکە مردووەکانی دڵۆپ دڵۆپ دەڕژانە سەر شان و باهۆی کوڕەکانی و لەوێوە بۆ سەر زەوی، بێ ئەوەی نە ئەوان و نە خاک تەڕ بکەن. یەکەم جار بوو لە ژیانیدا هەستی بە ئازاری مەرگی ئازیزان دەکرد. نەیدەزانی، بەڕاستی نەیدەزانی ئەوەندە ئازارێکی بەسۆیە! کوڕەکان کە بە سەرسوڕماوییەوە لە باوکیان دەڕوانی، بە بێ هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ تەنیا راوەستان تا باوکیان لەو کردە سەیر و

**سەمەرەیەی تەواو بێ. ئەوسا قوسەی دەنگی هەڵبڕی و گوتی (بە پێچەوانەی مردووەکانی تر، یەکتریان دەبیست):**

**ـ "هەم عەمری خۆت کرد، هەم توانیت سێ ژن بێنی، هەم بە ئیشتیای خۆت دەسەلاتداری کرد و هەم وەک پاڵەوانێک لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن مردی! ئێمە چی، ها!... ئێمە چی؟ لە خانوویەکی پەرپووتدا لە کاتێکدا هەر خودی خاوەن خانووەکە راپۆرتی لێدابووین، بە تەقەی ئەو سەربازە ئەمریکیانەی کە پێمان وابوو ئەوەندەی پێناچێ دەریاندەکەین و دیسان خۆمان دەبینەوە بە خاوەن ماڵ کوژراین. ها!... لە بێدەنگیدا و لە کاتێکدا کەس ئاگای لێنەبوو..."**

**عودەی لێرەدا قسەی براکەی قۆستەوە:**

**ـ "بەشی ئێمەت تیا نەهێشتەوە، لانیکەم لەبەر ئێمەیش بایە دەبا لە گەڵیان بسازێی. مەگەر نەتدەزانی چەندە زۆڵن و چەندە بەهێزن،... ها، مەگەر نەتدەزانی؟ بیهێنە بەرچاوی خۆت چەندە خەونم بە رۆژەکانی دووای تۆوە دەبینی،... عێراقێک بەو سەروەت و سامانەوە بۆ من، بۆ ئێمە،... بەڵام ئێستا چی ماوە؟ ئێمە و ئەم گۆڕستانە و لاشەی کون کونمان. تازە بگرە نە کەسیش دەناسینەوە و، نە کەسیش**

**دەمانناسێتەوە،... ئاخ،... ئاخ!... هەموو شتێ چەند زوو تەواو بوو،... چەند زووا!"**

**سەدام کە باوەڕی نەدەکرد کوڕەکانی ئاوەها دووای ساڵانی ساڵ پێشوازی لێبکەن و بەم شێوەیە لە گەڵی بدوێن، بە پێوە کش و مات راوەستا. سەیری کوڕەکانی کرد کە ئیستاکە لە شەبەح و لە تارمایی دەچوون. بیری ئەو رۆژانە کەوتەوە عودەی چلۆن دەمانچەی دەبەست و چلۆن بە دەسکەکەی لە خەڵکی دەسرەواند. چاوەکانی پڕبوونەوە لە فرمێسک، ئەو فرمێسکانەی کە بە پێچەوانەی ساڵان چیدی نەیدەویست بیانشارێتەوە. چووە تەنیشت درەختێکی خورمای پیر، بە دەستێک خۆی پێدا شۆڕکردەوە و ئەوسا گوتی:**

**ـ "نازانم دایکتان و کچەکان چییان لێ بەسەر هاتووە، لە هەر شوێنێک هەن خودا ئاگاداریان بێت،... هەروەها ئێوە دەزانن چەندە تاسەم کردوون؟... دەزانن؟ قەت نەمدەزانی منیش دەتوانم ئاوەها بم، وەک دایک و باوکی ئاسایی، پێم وابێ دەبێ مەمنونی قەبرستان و مردن بم، مەمنونی ئەوەی کە ساڵەکان دەگوزەرێن و گەر بتوانین دووای تێپەڕینیان بگەڕێینەوە ئەوا دەتوانین ببین بە مرۆڤێکی تر،...بەڵام،... بەڵام با بێینەوە سەر باسەکە. نازانم تا چەندە لە گۆڕەکانتاندا ئاگاتان**

لە دونیا و دەورووبەرتانە (لێرەدا بیری کەوتەوە ئەویش لە راستیدا ئاگادار نەبووە و تەنیا بە هۆی راستی و دروستیی قسەکانی کاتی خۆی، لە مەرگ خەبەری ببووەوە)، بەڵام،... بەڵام سەیرکەن عێراق لە ناو خوێن و شەڕ و نەگبەتی وماڵوێرانیدا دەکوڵێ. خەڵک ئیستا بیرمان دەکەن،... دەزانم،... دەزانم داماوانە بیرمان دەکەن، چونکە ئێمە تازە مردووین، بەڵام گەر ئەوان بتوانن زیاتر لەوەی کە هەیە بیری ئێمە بکەن، ئێمە دەتوانین بە ساخی وەک جاران لە قەبرەکانمان بێینەوە دەرەوەو جڵەوی وڵات بە دەستەوە بگرینەوە و ئیتر خێر و خۆشییەکەی جاران بگەڕێنینەوە. تەنانەت ئەمجارە (لێرەدا ئیحساسات گرتی) خەڵکی بە راستی پێمان دەزانن، بەوەی کە تەنها ئێمە بە کەڵکیان دێین و بەس. ئەوسا بە دڵ و بە گیان شەڕمان بۆ دەکەن، ئەوسا چیمان پێ خۆش بێ بە راستی بێ ترس دەیکەین،... تەنیا ئەوەندە بەسە جوان چاوەکانتان هەڵبێنن،... سەیری دەورووبەرتان بکەن! سەیر و سەیر..."

عودەی و قوسەی سەیری یەکتریان کرد. عودەی کتوپڕ وەها توڕە بوو کە هەستایە سەرپێ. بە پەنجەی، ئاماژەی بە مردووەکان کرد و، گوتی:

ـ "گەڕانەوە؟!... تازە گەڕانەوەیەک نیە، گەر هەبێ تەنیا بۆ ناو ئەمانە هەیە (ئاماژەی بە مردووەکان کرد). وەک هەمیشە ناتەوێ باوەڕبکەی

رۆژێک بۆ تۆیش هەموو شتێ تەواو دەبێ،... دەزانی هەر ئەمە بوو ئێمەی وا لێکرد. ئا، هەر ئەمە بوو."

نائومێدانە دەستی کرد بە گریانێکی مردووانە. قوسەی هەستا و دەستی خستە سەر شانە کون کونەکانی براکەی و بە دەنگێکی زۆر سارد داوای لە باوکی کرد بەجێیان بێڵێ. سەدام ناباوەرانە جێی هێشتن. رۆیشت و رۆیشت. کتوپڕ حەزی کرد وەک زاواکەی کە کاتی خۆی خیانەتی پێکردبوو، راسپێرێ و هەردووکیان بەر گولە و فیشک بدەن. باوەڕی نەدەکرد کورەکانی وەهایان بەسەر هاتبێ. بەڵام نا، ئەوان تازە بەر فیشەک کەوتبوون. بیری لە قسەکان کردەوە. رەنگە راست بکەن. ئەم قەت بە جوانی بیری لە داهاتووی کوڕەکانی نەکردبووەوە. بە تایبەت لەم دواییانەدا ئەوەندە سەرقاڵ بوو کە هەر پێی نەدەکرا. چ باوکێکی خراپ بوو. هەستی تاوانێک ئارام ئارام لە نووکی پێیەوە بەرەو باڵای جەستەی هەڵکشا. بۆچی هەموو شتێکی فیدای سیاسەت و دەسەڵات کردبوو. نەدەکرا لە هەندێ شوێندا کەمێک جیای بکاتەوە؟ لای کردەوە. کوڕەکانی لە ناو تاریکایی شەودا دەکاڵانەوە. جەستەیان وەک سێبەری ناو شەویان لێهاتبوو. بیری سەردەمی منداڵیی هەردووکیان کەوتەوە.

ئەو ساڵانەی وا هێشتا نەیاندەزانی باوکیان کێیە و، ئەوانیش قەرارە کێ بن.

بەرەو گۆڕەکەی خۆی ڕۆیشتەوە. بەڵام لە نیوەی ڕێگادا پەشیمان بووەوە. ئیستا کە دەرفەت ڕەخسابوو، دەبا بە جوانی کەڵکی لێ وەربگرێ. بیری لە هەموو ئەوانە کردەوە دوژمنی بوون و، ڕقیان لێی بوو. هەستی تۆڵەیەکی مردووانە لە دەروونیدا داگیرسا. هەر لەو کەسانەی پەتەکەیان خستە ملییەوە، تا قازی و ئەوەی ڕاپۆرتی لێدا وهەتا جۆرج بوش. بیری ئەوەی ئیستا لە قەسر و کاخەکانی ئەودا پاڵیان لێدابووەوە و کەچی تا چەند ساڵ لەوە پێش ئەشکەوتیشیان پێ ڕەوانەدەبینرا، شێتی دەکرد. تفێکی مردووانەی ڕۆکرد. لەو تفانەی بۆنی دەمی ئیزڕائیل و بن باخەڵی شەیتان و ناوگەڵی فریشتەکانی دەدا. هەستی کرد لە نیوان سەر ڕووی زەوی و ژێر زەوی جیاوازییەکی وەها نیە. تاسەی مشک و جڕو جانەوەرەکانی ئەوێی کردەوە. جارێکی تر ژیانی خۆی بەسەرکردەوە. نا، هەڵەی وای تیا نەبوو. وا ژیابوو کە دەبا. دەسەڵاتداران دەبێ وا بژین! ژیان وەهایە،... ئەمە یاساکەیەتی. ئەوانەی دەیانەوێ لە پێشەوە بن، ئەرکیان زیاترە و هەربۆیە دەبێ ئیزنیشیان هەبێ زۆر شتی سەیرو سەمەرە بکەن،... بە بێ ئیزن و بە

بێ روخسار. تاسەی بڕنوکەی خۆی دەکرد. حەزی دەکرد ئیستا لە باڵکۆنە بەناوبانگەکە بایە و بە سەر جەماوەری هەلهەلە لێدەردا فیشەک بەرەو ئاسمان و بەرەو رۆژئاوا بەڕێبکا. بە کڵاو شاپۆیەک بە سەریەوە. ئاخ کڵاو شاپۆکە! ئیستاکە لەکوێی؟ چت بەسەرهات؟ بێگومان لە مۆزە دایدەنێن. نا، جۆرج ناتوانێ فڕێی بداتە ناو زێرابەکانەوە، ئەو زێرابانەی سەربازە داگیرکەرەکانی گوویان تێدەکرد. جۆرج سەرەڕای هەر شتێک، پیاوێکی شارستانییە. رۆژئاواییەکان هەموو شتێکی ناو مێژوو هەڵدەگرن، تەنانەت هی هەرە خراپترینەکانیش. ئای لە رۆژئاواییەکان! لێرەدا سەدام خەمێکی قورس دایگرت. بیری کەوتەوە چ فێڵێکیان لێکرد. سەرەتا وتیان بڕۆ کوێت بگرە و، ئێمە کارمان پێت نیە و، ئەوجا وتیان دۆستەکانمان لە مەترسیدان و هوروژمیان هێنا. سەدام لێرەدا خۆی وەک بووکەشووشەی کایەی منداڵان هاتە بەرچاو. بیستبووی کە رۆمسفێڵد لە گەڕانەوەی دا لە بەغداوە بۆ واشینگتۆن بە جۆرجی گوتبوو ئەوەندە کەرە کە دەتوانین عێراق لە هەفتەیەکدا بگرین. ئای کە چەندە بەم قسەیە رقی هەستابوو. رەنگە گەر ئەمەی نەبیستایە، قەت خۆی لە قەرەی شەڕە گەورەکانی دوواتر نەدابایە. لەم

خەیاڵاتانەدا بوو جەماعەتێ مردوو لێی نزیک بوونەوە. یەکیان لە گروپەکە وەدەرکەوت و، گوتی:

- "قوربان!... نامانناسیتەوە؟"

سەدام کە پێی سەیر بوو چلۆن دەنگییان دەبیستێ، دەستبەجێ زانی ئەوانیش لە خۆین. بە خۆشحاڵیی زیاترەوە لێیان ورد بووەوە. عەلی کیمیایی، مزبان خزر هادی و ئەوانی تر. سەدام ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە نەیدەزانی چ بکا. دووای ئەوە، یەکە یەکە لە ئامێزی گرتن. پڕ بەدڵ،... پڕ بە باوەشی. لە عیزەت دووری پرسی. وتیان هێشتا زیندووە و لە شوێنێک لە دەرەوەیە. وتیان شەوێک لێرەوە تێپەڕیوەو ئیستایش بۆنی جەستەی هەر لە قەبرستانەکەدا ماوە. سەدام ناوچاوانی تێک نا. بیری کردەوە کە بە بێ ئەو، پلانەکەی ناتوانێ سەربگرێ. عەلی کیمیایی گوتی قوربان گرینگ نیە، وەک دەبینی زۆربەمان لێرەین. سەدام باسی ئەوەی بۆ کردن وەزع لە دەرەوەی قەبرستان چەند خراپە و خەڵک ئیستا تاسەی ئەو دەکەنەوە و، هەربۆیە دەبێ هەرچی زووتر بگەڕێنەوە. جەماعەت بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد و، ئەوسا لە سەدام رامانەوە. سەدام وتی:

- "تێدەگەم دەزانم پێتان سەیرە، بەڵام دەکرێ،... ئەیچۆن دەکرێ. لە وڵاتێک وەزع خراپتر ببێ، هەمیشە دەکرێ رابردوو تەنانەت لە ناو قەبرستانەکانیشەوە هەستێتەوە و بگەڕێتەوە. دڵنیا بن، ئەمە یەکەم جار نیە لەمێژوودا روودەدات."

سیمای مردووی جەماعەت کتوپڕ وەها گەشایەوە کە هەر هەموویان بە جەستەی سەدامدا هەڵگەڕان و کەوتنە ماچبارانکردنی سەرتاپای. دوواتر هەر هەموویان شادومان بەرەو گۆڕەکانیان گەڕانەوە و، چاوەڕوان مانەوە تا سبەی شەو.

***

سبەی شەو هەر کە هەتاو ئاوابوو هەرهەموویان دەرکەوتن. سەدام وەک جاری جاران پێشیان کەوتبوو و، وەک لەشکرێکی سێبەرئاسا بەرەو بەغدا رێبەری دەکردن. لە ناو تەپ و تۆزی رێگادا لە نزیک ئەو باخەی دە ساڵ لەوە پێش خۆی تیا شاردبووەوە، سەدام وتی:

- "چیرۆکی هەزار و یەک شەو جارێکی تر خەریکە دەگوترێتەوە."

بە دەم رێگاوە سروودەکانی سەردەمی زوویان بە کۆڕ دەگوتەوەو، دڵنیا لە سەرکەوتنیان، بە هەنگاوەکانیان دونیایان هێنابووە لەرزینێکی مردووانە. سەدام دیسان رووی کردەوە هاوڕێکانی و، گوتی:

- "بیریساڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دەکەومەوە،... بەس بە پێچەوانەوە، ئەمجارە ئیتر بەرەو سوریا هەڵنایەم، بەڵکوو ریک لە سەر شوێنی دزراوی خۆم دادەنیشمەوە."

کە گەیشتنە بەغدا، بۆ گرتنەوەی شوێنە هەستیارەکان دابەش بوون. وەزارەتخانەکان، سوپا، تەیارەخانە، رادیۆ و تەلەفزیۆن و،... گیرانەوە. دەگەیشتنە هەر شوێنێک، دەسەڵاتدارەکان لە ترسانا بە پەلە هەڵدەهاتن و، جێیان دەهێشت. هەواڵی هوروژمی رۆحەکان بۆ شار وەها وڵاتی داگیر کرد، کە کەس خۆی نەدەگرت. ئەوسا سەدام ناردی تەواوی سەرباز و لایەنگرە مردووەکانی خۆی لە قەبرستانەکانی تر ئاگاداربکەنەوە و، بیانهێنن.

لە دووای یەک مانگ هەموو وڵات داگیرکرایەوە. ئەو بەشەی خەڵک کە زانیان سەدام و دارودەستەکەین و تامەزرۆی گەڕانەوەیان بوون، گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵیان و، ئەوانەیش وا وەک جاران رقیان لێی بوو، دیسان ئاوارەی شاخەکان و وڵاتانی دراوسێ بوونەوە.

ساڵێکی پێنەچوو سوپا هجومی کردە سەر دراوسێی سنوری رۆژهەڵات و حەوت ساڵ شەڕەکە درێژەی کێشا، هەتا نەتەوە یەکگرتووەکان ناوبژیوانیان کرد و دیسان ئاشتیان کردنەوە. لە کاتی شەڕی حەوت

ساڵەدا جارێکی تر هەڵەبجەیان بە کیمیایی بوردومان کردەوە و بە هەزاران ژن و منداڵیان بە ژەهر خنکاند. دوواتر، چەند ساڵی تر، هێرشی کردە سەر وڵاتی کوێت و کوڕەزای جۆرج بوشیش لە شەڕێکی چەند هەفتەییدا سوپای عێراقی تێکشکاند و سەدام خۆی لە کونێکی ناو باغێکی دەورووبەری تکریت دا شاردەوە. لە دووای ماوەیەک هەر لەو کونەدا لە کاتێکدا باسی دزییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی (کاتێک شوان ببوو) بە حیماسەتەوە بۆ پاسەوانەکەی دەگێڕایەوە، دۆزیانەوە و، پاش مەحکەمەیەکی دوورو درێژ لە باکوری بەغدا لە بینایەکی چیمەنتۆییدا لە سێدارەیان دا.

بەڵام دیسان دووای نۆ ساڵ لە سێدارەدانەکەی، شەوێکیان لە خۆشیی راست و دروستیی قسەکانی خۆی کە کاتی خۆی جاری وابوو بە گاڵتە، بۆ پرۆپاگەندا، یان بە راستی گوتبوونی، لە ناو گۆڕەکەی بە دەنگی قاقای خۆی خەبەری بووەوە و، دیسان شێلگیرانە کەوتەوە بیری رزگارکردنی نەتەوەو نیشتمان.

## جنگ نورماندی و همسایه ما

روزی که متفقین به نیروهای آلمان در نورماندی حمله کردند، من در اتاق خودم نشسته بودم و در این فکر بودم که آیا همسایه‌امان خبر این حمله را در اخبار شنیده یا نه، و آیا او اساسا از نبردهای استالینگراد، کورسک و جنگ در خاور دور خبر دارد یا نه.

همسایه ما مرد خوش تیپ و خوش پوشی بود. عصر که می شد بهترین لباسهایش را می پوشید، کفشهای براق همیشه واکس زده‌اش را با احتیاط از گنجه قدیمی اش (خودش می گفت از یک پیرزن دوره‌گرد زمان چنگیزخان خریده است) بیرون می آورد، موهای سرش را که بوی روغن سوخته می داد با دقت شانه می کرد و با عصای درخت گردوی اش که تنها محض شاخصگی به دست می گرفت (سنش در واقع هنوز به پنجاه

**نمی رسید)، با طمانینه و افاده خاصی پیادەروی هر روزەاش را که یک ساعت طول می کشید و در آن مسیر خیابان اصلی شهر را دو بار طی می کرد، شروع می کرد.**

**خانه همسایه ما، نه در شمال خانه ما، نه در جنوب، نه در شرق و نه در غرب قرار داشت. ولی خانەاش آنجا بود، مثل همیشه، تا جائی که هم من و هم نسل های قبل از من به خوبی به یاد دارند. و تا جائی هم که آنها به یاد دارند او همیشه هر روز عصر با همین تیپ به پیادەروی هر روزەاش می رفت. همسایه ما عاشق پیادەروی بود.**

**اما سالهای مدیدی بود اخبار مهیب جنگی جهانی همه جا را درمی نوردید. همه به نوعی متاثر از جنگ، هر روز یا پای رادیوهایشان می نشستند و یا در قهوەخانەها و مجالس عمومی راجع به آن بحث و گفتگو می کردند. اخبار مثل برق و باد در همه جا می پیچید، و مردم را با خود تا دوردستهای خیال، یاس و امید می برد. ولی نه کسی از منزل همسایه ما صدای رادیوئی می شنید، و نه او را کسی در مجالس عمومی مردم می دید. گوئی او همانی بود که بود از روز اول، و می خواهد همانی باشد که بود از اوائل پیدایش خویش.**

**من که نزدیکترین همسایه بودم به همسایەامان (و شاید همین علت اصلی میل من به کاوش بود)، جستجوی دزدکی و غیر قانونیم را شروع کردم. شب که می شد پشت بام می رفتم، (آن قسمتی از بام که معلوم نبود رو به چه جغرافیائیست)، و سعی می کردم حرکات او را زیر نظر بگیرم،... و می گرفتم. او بیشتر اوقات می نشست و با کتاب یا کتابهائی که جلوش بود ورمی رفت، چای می نوشید، با دود سیگارش**

بازی می کرد (یک بار دیدم از دود شکلک تفنگ ساخت)، به دیوار روبرویش خیره می شد، دستانش را پشت سرش قفل زده با چشمان باز به سقف خیره می شد، و سرانجام پا می شد و روی میز بزرگی خم می شد که تنها بخشی از آن از پشت بام پیدا بود. او گاهی ساعتها روی میز خمیده، با عینکی ذرەبینی به آن می نگریست. سپس جلو پنجره می آمد (در این هنگام من خودم را بیشتر به پشت بام می چسبانیدم)، پنجره را باز و به سیاهی بیرون با چشمانی بزرگتر از سرش خیره می شد. و درست در این وقت بود که من می دانستم در درون خانەاش از رادیو هیچ خبری نیست. سکوت محض، این بود همنشین همیشگی وی.

شبها و شبهای بعد جستجوی من ادامه یافت، اما هر شب همین منظره. و من فکر می کردم شبهایش هم مثل عصرها. و از این تکرار ترسیدم. و ترسیدم.

در شهر ما که هزاران فرسنگ از جنگ دور بود، بوی باروت و دود میادین نبرد بخوبی به مشام می رسید. اگر سکوت می کردی، حتی صدای تیراندازی ها هم به گوش هم می رسید. و من نصف شبها صدای زخمیان را که از درد شدید فریادهای وحشتناک می کشیدند، حتی شنیده بودم. اما نمی دانم که همسایه ما اینها را می دید یا نه. زندگی آرام شبانه، و پیادەرویهای هر روزه می گفتند که نه. و من از این نه گفتن چه بیزار بودم،... و چه غمگین و ترسیده،... مثل آهوئی رمیده در دل کوهساری رنگ باخته در آلیس و سرزمین عجایب.

احساس می کردم که راز آرامش همسایه ما در میز بزرگی بود که تنها قسمتی از آن از پشت بام ما پیدا بود. من می بایست بقیه میز و

**محتویات روی آن را کشف کنم،... ببینم. اما چطور؟ محل اختفایم را روی پشت بام تا جائی که مکان اجازه می داد چند بار تغییر دادم، چند بار پا شده و مثل بچەها به هوا می پریدم، یک ذره بین آوردم و سعی کردم با عقب و جلو بردنش نقطه وضوح بینائی را روی میز بازیابم، اما،... نشد که نشد. تو گوئی دست عمدی در کار بود که اتاق برای همیشه یک راز باقی بماند.**

**من حتی گاهی وقتها (که حالا همیشه شده بود)، شبها خواب می دیدم. خواب همسایەامان. او را می دیدم که از پشت پنجره به من اشاره می کند، و با لبخند مرا به داخل اتاق دعوت می کرد. من که، هم بسیار مایل بودم و هم می ترسیدم، از جا برمی خواستم، اما او با دست، اشاره توقف می داد و می گفت به یک شرط، اینکه از روی بام بپرم! و من که نه بال داشتم و نه دارای هواپیماهائی متفقین، چطور می توانستم بپرم. برای همین گاهی وقتها خواب می دیدم که در فرودگاهی نظامی در دوروبر لندن آموزش خلبانی می بینم، و روز بعدش با هواپیما از پشت بامامان به درون اتاق همسایه شیکمان می پرم. و درست برای اینکه روی میزش فرود بیایم، مثل خلبانهای جنگ نورماندی شیرجه می رفتم. و چه شیرجه جانانەی!**

**یک روز تصمیم گرفتم موقعی که خانه نیست و مثل همیشه پیادەروی می رود، دزدکی به خانەاش بروم. دزدکی چه عرض کنم، نه، درست مثل خود دزدها،... قفل درب را بشکنم و وارد شوم. منتظر شدم تا مثل همیشه خودش را آماده کرده و برود. نردبان قدیمی را که پدربزرگم می گفت از سربازان ناپلئون به یغما گرفته بود، آورده، به درون حیاط**

**خانه‌اش سر داده، و یواشکی پایین رفتم. اما همینکه پایین رفتم با کمال تعجب دیدم نه حیاطی وجود دارد و نه خانه‌ای. من درست در قصابخانه شهرمان که بوی متهوعی از آن همیشه بر می خواست، فرود آمده بودم! و چقدر دوباره ترسیدم. از واهمه اینکه نکنه مورد حمله سگهای قصابخانه که وحشی ترین و درنده‌ترین سگهای شهر ما بودند قرار بگیرم، با عجله از نردبان بالا رفته، به سرعت آن را بالا کشیده و دوان دوان به اتاقم رفتم که امن ترین نقطه جهان بود. در حالیکه هنوز نفس نفس می زدم و مثل گنجشک خیس یک روز پاییزی سرد له له می زدم، در کنج اتاق نشسته و به مقولات تغیر کمی و کیفی هگل اندیشیدم.**

**برای یک مدت که نمی دانم طولانی بود یا کوتاه و یا میان مدت، از رفتن روی پشت بام حذرکردم. به جای آن سعی کردم تمام مدت در باره آن چیزهائی بیاندیشم که در این مدت دیده بودم. به شیوه راه رفتنش (که نمی گذاشت عصایش هیچ ردی از خود باقی بگذارد)، به شیوه نشستنها، سیگار کشیدن و ایستادنش کنار میز جادوئی و رازآلود. اما فکرکردنها چیزی از خود به جای نمی گذاشتند.**

**یادم هست یک روز خبر پایان جنگ جهانی دوم در همه جا پیچید. مردم از شادی در پوست خودشان نمی گنجیدند. همه جا شادی و سرور و رقص و پایکوبی. یکی می گفت نورماندی کار خودش را کرد و دیگری می گفت نه، استالینگراد بود. من که دیگر این چیزها برایم مهم نبود تنها به شکست فاشیستها فکر می کردم و به تمام جانهائی که رفتند و نماندند، اگرچه بسیاریشان بسیار بسیار جوان بودند. و با تعجب دیدم که همسایه ما در میان آن دسته از مردمی بود که در میدان مرکزی شهر**

**دیوانەوار پایکوبی می کردند (درست آن میدانی که او هر روز عصر از کنار آن می گذشت). من که فکر می کردم همسایه ما هیچ وقت از اخبار جنگ مطلع نبود، حالا می دیدم که نه، اتفاقا نسبت به پایان جنگ از دیگران حتی بسیار خوشحالتر هم بود. رقص عصای گردویش در هوا که لحظه‌ای فرود نمی آمد، از دور نظرها را جلب می کرد. او آن روز آخرین کسی بود که به خانه‌اش برگشت و اولین کسی بود که علیرغم خستگی مفرط تا صبح نخوابید، و با محتویات روی میزش مشتاقانه کلنجار رفت.**

**نمی دانم روز بعدش بود، یا سال یا سالیان بعد، از خانه‌ای در کنار ما که معلوم نبود در شرق است، در غرب، شمال یا جنوب، هزاران سرباز، هزاران توپ و طیاره، میلیونها گلوله، ده‌ها هزار ماشین و تانگ و زره‌پوش بیرون آمدند و به جغرافیائی حمله بردند که من دوباره اخبارش را در رادیو شنیدم.و در همان رادیوها گاها صدای همسایه‌امان را می شنیدم که از ترسوئی، دریوزگی و حماقت هیتلر می گفت، و از نقشه بزرگی که او برای همه جهان داشت.**

## دارگوێزەکانی هەورامان

کاتێک دارگوێزەکانی هەورامان نەخۆشیی سەرەتان لێی دان، "ڕۆناڵد ریگان" سەرۆک کۆماری ئامریکا کە لە ژووره گەورەکەی خۆی لە تەنیشت ژنەکەی دا خەوتبوو، لەخەوداچڵەکا و لە کاتێکدا ئارەقێکی سارد هەموو جەستەی لەخۆگرتبوو، سوێندی خوارد جارێکی تر بە شێوەیەکی جیددی بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتووەتە بەر مەترسییەوە و هەربۆیە دەبێ هەرچی زووتر هێرش بکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم کاتەدا نەنکم کە خەریکی تەشی ڕستن لە ژێر تاقە دارگوێزی حەوشەکەماندا بوو، چاوی بەو پەڵە ڕەشەیە کەوت کە لە دوێنێکەوە بە ناوقەدی دارگوێزەکەوە دەرکەوتبوو، زریکەیەکی لێوەهات و بە هەڵەداوان تا ئەو جێگایەی جەستەی پیری ئیزنی پێدەدا، خۆی گەیاندە لای حکومەت و داوای دکتۆر و دەرمانی لێکردن.

دکتۆرەکان کە قەت ناوی سەرەتانی دارگوێزیان نەبیستبوو، بە سەرسوڕمانەوە لە یەکتر و پاشان بە تێکڕا لە دایەگەورەم رامان، ئەوسا پێکەوە کاغەزێکیان نووسی و ئیمزایان کرد و، داوایان لە بەشی گشتیی تەندروستی کرد دایەگەورەم بە تاوانی شێتیەتی بنێرن بۆ شێتخانە، تا لەوێ لەژێر چاوەدێریدا بێت. بەڵام دایەگەورە لەوە چوست و چالاکتر بوو دکتۆرەکان بتوانن بیگرن، هەر بۆیە پاش ئەوەی بە نووکی تەشییەکەی روومەتی هەموو دکتۆرەکانی برینداركرد و بە بەنە چێنراوەکەی، قاچ و دەستی هەموویانی بەستەوە، هەڵات و رووی لە حەوشەکە کردەوە و، لەژێر دارگوێزەکە دیسان دەستی کردەوە بە تەشی رستن. دیسان ئەو خورییە خاوەی دەوری قۆلی خۆی رستەوە کە بۆنی مەڕەکانی دەشتی لاجانی دەدا.

رێک لەم کاتەدا دایەگەورەم بەمەوە سەرقاڵ بوو، رۆناڵد ریگان لە رێگای تەلەفۆنەوە فرمانی هێرشی دەرکردبوو و، پاشان خەنی لەوەی توانیبووی ئەمریکا لە هەڕەشەیەکی کتوپڕی و گرینگ بپارێزێ، چووبووە ئاودەست، دووشی گرتبوو، ددانەکانی شۆردبوو، ریشی تاشیبوو و بە جلوبەرگە فەرمیەکانییەوە چووبووە سەر مێزی نانی بەیانی. بەڵام بەداخەوە هێشتا لە بەشی هەواڵەکانی ئەمڕۆی

ڕۆژنامەکەی بەردەمی باسی هێرشەکەی تیانەبوو. خەمین لەمە، قومێکی لە قاوەکەی دا و بیری لە بەیانی کردەوە کە چلۆن بە تیترێکی گەورە هەر ئەم ڕۆژنامەیە سبەی باس لە کردەیەکەی سەربازی مەزن دەکا کە مانایەکی یەکجار گەورەی دەبێ بۆ هەموو مێژوو و هەموو مرۆڤایەتی، چ کۆن و چ داهاتوو.

دایەگەورە هێشتا دوو دەور تەشییەکەی بانەدابوو کە دیسان بیری نەخۆشیی دارگوێزەکە کەوتەوە. تەشییەکەی دانا و هەستا و ئەمجارە ئارام لە قەدی درەختەکە نزیک کەوتەوە. جوان لێی ڕووانی. ڕێک نیو مەتر بەرزتر لە عەرزەکە پەڵەیەکی ڕەش بە ناو قەدی درەختەکەوە بوو. دەستی پیاهێنا. درەختەکە لەوێدا کەمێک بۆش دەینواند. نەرمتر لە تۆڵاش. ئەوسا سەری هەڵبڕی و لە لق و لە گەڵاو لە گوێزەکان ڕاما کە هێشتا هەواڵی نەخۆشییەکەیان پێ نەگەیشتبوو. بیری کردەوە کە تا ئەم هەواڵە دەگا، ڕەنگە بتوانێ کارێ بکا. بیری کردەوە و بیری کردەوە. دەیزانی سەرەتان چاری نیە، بەڵام دەبێ سەرەتانی دارگوێز چاری هەبێ! هەستاو چوو مێوورۆنێکی گرتەوە و خستیە سەر برینەکە. ئەوسا دۆعایەکی بەسەردا خوێند و فوویەکی پیاکرد و، هاتەوە شوێنەکەی خۆی. هێشتا گلۆڵەیەکی تری نەچنی بوو دەنگی بەسامی

شتێک، سەرنجی قۆستەوە. سەری هەڵبڕی و، سەیری دەورووبەری خۆی کرد. پێی وانەبوو هیچ بوونەوەرێک لەم جیهانەدا بتوانێ هەبێ و، خاوەنی وەها دەنگێکی سامناک بێت. لە چیرۆکەکاندا ئا، بەڵام لێرە لە ناو راستییەکانی ژیاندا نا. بۆیە بە خەیاڵی ئەوەی تەنیا وەهمی پێرییە و نە چیتر، دەستی کردەوە بە رستنەوەی تەشی. چەندە ئەم تەشیەیشی خۆشدەویست! دایکی گوتبووی لە نەوەکانی پێشترەوە بەر میرات مابووەوە، وەها کەس نازانێ کام نەوە. بە وردی سەیری دەکا. رەنگە لەو نەوەوە مابێتەوە وا یەکەم جار لە ژێر ئەم دارگوێزەدا دانیشت. کتوپڕ زانی تەشییەکە لە دارگوێزە. رەنگە لە لقێکی هەر ئەم دارگوێزە. لەم بیرکردنەوەیەدا بوو دەنگەکە لێی نزیک و نزیکتر کەوتەوە.

بۆ سبەی، ریگان لە کاتی ناشتادا لە سەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان، وێنەکانی بینی. فڕۆکە شەڕکەرەکان بە ئاسمانەوە، ئەوسا لە کاتی نیشانەگرتنەکاندا و دوواتر مەبەستە پێکراوەکانی ناو دووکەڵ و گڕ و تەپ و تۆز. سێ وێنەی تۆکمە و پڕ بە پێستی رووداوەکە. پەرداخە شیرەکەی حەوادا و لە بەرخۆیەوە بە خۆشیی سەرکەوتنەکەی، قومێکی قوڵی لێدا. لە سەیرکردنی وێنەکان تێرنەدەبوو. سەرئەنجام

تەلەفۆنێکی بۆ هات و، دەبا ڕۆژنامەکە دابنێ. سەرۆکی سوپا بوو. بە پێکەنینەوە لەو سەر خەتەکەوە گوتی:

- "قوربان! مەبەست سەداسەد پێکراوە، چاوەڕوانی فرمانی تر دەمێنینەوە."

ریگان ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام کتوپڕ بزەکەی سەر لێوی خنکا. شتێکی بچوکی ناو وێنەکان کە بینیبووی، بەڵام سەرنجی نەدابوویە، هاتەوە بەرچاوی. بەپەلە ماڵئاوایی کرد و گووشییەکەی دانا و، سەیری ڕۆژنامەکەی کردەوە. جوانتر لێی ڕاما. ئەوسا دیتییەوە. لە ناو دووکەڵ و گڕ و تەپ و تۆزدا، سەری پیرێژنێک و دەستەکانی و شتێک کە کەمێک لەولاتری دەستەکانییەوە بوو، بینی. ئەمانە لێرە چی دەکەن؟ تەلەفۆنی کرد و داوای بەشی زانیاری کرد. پاش کەمێک ئەفسەرێک هات و گوتی کە بە داخەوە لە تەنیشت هەدەفەکە پیرێژنێک دانیشتبوو و خەریکی شتێک بووە کە ئێمەیش تا ئیستا نازانین چ بووە، هەروەها گوتی کە لە شەڕدا تێداچوونی خەڵکی سیڤیل و مەدەنی بە داخەوە شتێکە ناتوانرێ سەداسەد خۆی لێ بپارێزرێ، بەڵام ریگان سەرنجی نەدایە ئەم رستەیەی دوایی. ئەو لەو شتە نەدەگەیشت کە سەرێکی پان و سەرەکەی تری تیژ

بوو، بەو شتەوە کە دەڵێی مار بوو لە ناو قەدی ئالابوو. فرمانی دا هەرچی زووتر دەبێ بۆی بدۆزنەوە ئەم شتە سەیر و سەمەرەیە چییە.

دایەگەورەم کە هێشتا پێی وابوو دەنگەکە لە خەیاڵەوە دێ، سەرەڕای ئەوەی هەموو جەستەی هاتبووە لەرزین، بەڵام هەر لە تەشی رستن بەردەوام بوو. کاتێک بۆمبە بەهێزەکان تەقینەوەو دارگوێزە لەمێژینەکەیان لە خۆیاندا نوقم کرد و، جەستەی ناسک و پیری ئەویشیان بە تەشییە مێژووییەکەوە بە ئاسماندا کرد، هێشتا هەر بە حەواوە وازی لە تەشی رستن نەدەهێنا. ئەو هەر لە خەیاڵی ئەوەدا بوو زستان کورەزاو کچەزاکانی قاچ و دەستیان سەرمای نەبێ و گوێ و لووتیان سەرما نەیبا. تەنیا کاتێ تەشییەکە بە حەواوە لە دەستی بووەوە، ئەوجا باوەڕی بەوە هێنا دەنگەکە خەیاڵی نەبووە و شتێک بوو هەر لەم دونیایەیدا وا ئەوی تێیدا دەژیا. بەڵام خەیاڵ و ئەرکی تەشی رستن کە بریتی بوو لە هەموو مانای ژیانی ئەو، وازی لێ نەدەهێنا. بۆیە هەتا توانی بە حەواوە دەستی بۆ راکیشا هەتا بیگرێتەوە، ئەو دەستانەی چیدی نەدەکشان و نەخوازراوانە بە لایەکی تردا دەڕۆیشتن! دایەگەورەم قەت نەیزانی ئەو رۆژە، دوواڕۆژی رستنە مێژووییەکانی ئەو بوو.

**ئەفسەرەکە رۆژی دوواتر بە مەلەفێک بە بن باڵییەوە هاتەوە لای رۆناڵد ریگان و دووا راپۆرتی پیشاندا. بە پێی دووا لێکۆڵینەوەکان، ئەوە سەری پیریێژن نەبوو و، بەڵکوو تێکەڵێکی نەخوازراوانە لە دووکەڵ و گڕ و تەپ و تۆز ئەو وێنەیەی دروست کردبوو. دەستە غەریبەکەیش هەروەها. ئەو شتە سەیرەیش وا سەرێکی پان و سەرەکەی تری تیژ بوو، بەشێک لە دارگوێزەکە بوو کە بە هۆی تەقینەوەی بە هێزی بۆمبەکەوە تیکەیەکی لەم شێوازەی لێ جیاببووەوە. ئەفسەرەکە پێش ئەوەی بروات، گوتی:**

**ـ "قوربان! هەموو شتێ لە شوێنی خویەتی و، هیچ شتێک نیە جێگای نیگەرانی بێت."**

**ئەوسا قاچەکانی سەربازییانە بە یەکدا کێشابوو، جووتی کردبوون و رۆیشتبوو.**

**ریگان فرمانی دا ئەو وێنەیەی بۆ گەورە بکەنەوە و بیخەنە قاپێک. ئەوسا بردییەوە ماڵەوە و بە سەر دیواری ژووری خەوەکەی خۆی دا هەڵیواسی. خەنی لەوەی شەڕ دەتوانێ گەورەترین هونەرمەندی نیگارکێش بێت، هەموو شەوێ پێش خەوتن، یاخود رابواردن لە گەڵ**

ژنەکەی، سەیرێکی وێنەکەی دەکردەوە و حیکمەتی شەڕی لا گەورەتر و گەورەتر دەبووەوە.

دووای ئەوەی بۆ چەند رۆژ دایەگەورەم نەهاتەوە ماڵ، رووومان کردە دارگوێزەکە. ئەوەی بینیمان درەختێکی دارگوێزی وشک و رەق هەڵاتوو بوو نە گەڵای پێوە مابوو و نە گوێز،... لکەکانی درێژ و سیس لە پەنجەی جادووگەریان دەکرد. بەو پەڵە رەشەوە ئیستاکە تەواوی ناوقەدی تەنیبوو. لەو شوێنەی وا دایەگەورەم هەمیشە دادەنیشت، چاڵێکی رەش و سووتاو دەبینرا. هەرچی بانگمان کرد دایە گەورە دایەگەورە، وەڵام نەبوو. تەنیا دەنگی ئێمە بوو دەهات و دەچوو.

ئەو زستانە، ئەوەتەی من لەبیرم دێ، ساردترین زستان بوو. قاچ و دەست و گوێیەکانی ئێمە وەک دارگوێزەکەیان لێهاتبوو،... بێ گەڵا، بێ گوێز، درێژ و سیس وەک لقەکان.

## كڵۆنجە ڕێ ڕێ

"كڵۆنجە ڕێ ڕێ" لە ناو جێگاكەی كە لە سەر هەرزاڵێكی ناو باخە كۆنەكەیان بوو، ڕاكشابوو و بیری لە دوو سێوی بن باخەڵی خۆی دەكردەوە وا لە كڵۆنجەكەدا خۆیان حەشاردابوو. لەو كاتەیشدا لە دەرەوە، لە ناو كۆڵانە درێژەكەی ئەو دیوی دەرگاكەیان، بە دەیان و سەدان پیاوی شەیدای ئەو سێوانەیش تێدەپەڕین و، داماوانە تەنیا خوازیاری هەڵمژینی نیگایەک بوون لێیان. كڵۆنجە ڕێ ڕێ لە سەر هەرزاڵەكە لە كاتێكدا سەیری ئاسمان و ئەستێرەكانی ئێوارەی دەكرد، پێكەنینی بە گەمژەیی پیاواندا دەهاتەوە و، لە بەر خۆیەوە سوپاسی خودای دەكرد كە بە گەلحۆیی و نەزانی پیاوانی خوڵقاندبوو. لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ "جا گەر ئەمە نەبووایە، بەو قەڵافەت و بەو هێزەی هەیانە، نە هیچمان پێدەکرا و نە هیچیان بۆ دەهێشتینەوە،... تەنانەت تاق بڕیشیان دەکردین!"

ئەوسا قاقا پێکەنییەوە و لاسکی ئەو گەڵایەی خستە نێوان لێوەکانییەوە وا پیاوەکانی ناو کۆڵانەکە دەیانگوت تام و بۆنی عەتر و عەبیری جەننەتی لێوەدێ. هەڵبەت ئەگەرچی هیچ کامیان قەت تام و بۆنی عەتر و عەبیری جەننەتیان لە ژیانیاندا نەکردبوو!

لەو کاتەدا کڵۆنجە رێ رێ لە سەر هەرزاڵەکە پاڵکەوتبوو، "رەجەب تەییب ئەردوغان" بە زمانی تورکی خەیاڵی رەقس و سەمایەکی کچانی سەردەمی عوسمانی بردییەوە. ئەم خەیاڵە ئەوەندە بەهێزبوو کە لە عەزرەتدا وەک منداڵ دایە پڕمەی گریان و هەربۆیە ژنەکەی کە لەچکێکی رەشی ئارەقاویی سەردەمی گرتنی ئەنادۆڵیی لە لایەن خێڵە گەڕۆکە تورکەکانەوە بە سەرەوە بوو، هەستا و مەمکەمژە دارینەکەی سەردەمی عوسمانییەکانی خستەوە دەمییەوە و ئەردۆغانی لە سەر لاقە راکشاوەکانی خۆی پاڵخست و، بە لایەلایە گوتن خەواندییەوە. بەستەزمان ژنەکەی، نەیدەزانی گەر ئەردوغان خەوی لێبکەوێتەوە، دیسان هەمان خەون بەرۆکی پێدەگرێتەوە. بۆیە پاش کەمێک دیسان

پیاوەکەی دایەوە پرمەی گریانێکی بەهێزتر. ئەمجارە ژنەکەی بەناچار قەنداوی بۆگرتەوە، بەو قەندانەی وا بەسەر سوڵتان سەلیمی یەکەم و ژنەکەی لە کاتی شاییەکەیاندا لە سەدەی شانزدەهەم شکاندبوویان.
کە شەوداهات و ئەستێرەکان بەجوانی دەرکەوتن و خۆیان تیف تیفەدا، کلۆنجە رێ رێ حەزی هەبوونی پیاوێک لە تەنیشتیدا دایگرت. جەستەی کشا و هەڵماسی، وەها کلۆنجەکە لە بەریدا تەسک بووەوە، بەڵام ئەو رقی لە هەموو پیاوە رێبوارەکانی ناو کۆڵانەکە بوو. ئەو گەمژانە تەنیا تێدەپەڕین و ئاخیان هەڵدەکێشا و، هیچی تر. ئەو ئاخانەی کلۆنجە رێ رێ دەیزانی بۆچییە. بۆیە هەوڵیدا هەر بیریان لێنەکاتەوە و خەیاڵی بەرەو ئەو دیوی کۆڵان، بەرەو شوێنەکانی تر پەلکێش بکا. ئەو دەیزانی پیاو یەکجار زۆرن، تەنانەت زۆرتر لە ژنەکان، ئەگەرچی زۆریشیان لێدەکوژرێ (ئەو پێی وابوو پیاوەکان کاتێک ژنیان لێ ون دەبێ، زیاتر بیر لە سیاسەت دەکەنەوە و زیاتر یەکتر دەکوژن)، بەس دۆزینەوەیان زۆر ئاسان نیە. پیاوەکان هەم هەن و هەم نین. رێک لە سەرباز دەکەن، کە بۆخۆشیان نازانن فەرماندە بۆ کوێیان بەرێدەکا. بیری کردەوە:

ـ "چدەبیٚ لە گەڵ سەرۆکێک ئاشنا بم! ئەوان رەنگە لە هەموو ئەوانی تر باشتر بن."

ماوەیەکی چاک بوو تەنانەت دەرگاکەیشی نەدەکردەوە. هەر دەیکردەوە، هالاوی گەرمی هەناسە ئاخاوییەکان کە جاری وابوو بۆنی ناخۆشی دەمیان گرتبوو، خۆی بە حەوشەکەدا دەکرد و لەوێوە وەک مێرولە بە هەرزاڵەکەدا هەڵدەگەڕان و، ئیتر ئەو بەناچار دەبا هەموو شمەکی پێخەفەکانی سەرلەنویٚ بشواتەوە. ئەویش لەو وشکە ساڵییەدا کە هەموو رۆژێک لە رۆژئاواوە تەوژمی خۆڵ دەهات و وڵاتی دادەگرت. چ دەبا بچیٚ بۆ جارێکیش بێت دووای ئەو هەموو ماوەیە دەرگاکە بکاتەوە و چاوێک لە کۆڵان بکا؟ بەڵام پەشیمان دەبووەوە. ئەها، ئەو دەبیٚ تەنیا گویٚ هەڵبخا و بەس! ئەو دەبیٚ بە دەنگ دانەیەک ببینێتەوە،... بەڵام چۆن؟ بیری کردەوە. ئا، بە گۆرانی. هەر کەسێک، یان باشتر بڵێین هەر پیاوێک بەم کۆڵانەدا تێپەڕی و گۆرانی وت، ئەوا ئەم یەکسەر شووی پێدەکا. خەنی لەم بیرەی خۆی، دیسان پاڵکەوتەوە. دانەیەک لە ئەستێرەکان چاوێکی لێداگرت.

ئەردوغان کە تامی قەنداوەکەیش لە دەمیدا تاڵ بوو، رووی کردە ژنەکەی و گوتی رەنگە پیاسەیەک بتوانێ چاکی بکاتەوە. ئەردوغان کاتێک لە دەرگاکە ئاودیو بوو، لە بەرخۆیەوە جوێنێکی خەستی بە سوڵتان سەلیمی یەکەم دا. قەنداوەکە تامی ئارەقەی بن باخەڵی سوڵتان سەلیم و خوێنە رژاوەکانی شەڕی چالدوڕانیان دەدا. پاش ئەوەی تفێکی خەست و زلی رۆکرد، کۆڵانی دەستی راستی گرت و وەڕێکەوت (ئەردوغان هەمیشە دەستی راستی دەگرت، چونکە باوەڕێکی قوڵی بە صراط المستقیم بوو). بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ. ئەو تەنیا دەبا بڕوات! بە ئەزموون تێگەیشتبوو خەونەکان تەنیا بە گەڕانی بێ مەبەست چارەسەر دەکرێن. هەنگاوەکان بردیان. ئەوان بڕیاردەربوون. ئەو دەیزانی کە لەم جۆرە کاتانەدا هەنگاوەکان سەرەتا ونی دەکەن، بەڵام دوواتر دەیگەیێننە شوێنێک کە ئەگەرچی مەبەست نەبوو، بەڵام دەبوو بە مەبەست. گەر لە زمانی زوودا ژیابا (بۆ وێنە سەردەمی فیلسوفە کۆنەکانی یۆنان)، ئەوا دەیگوت "جوڵە" سەرچاوەی هەموو شتێکە و ئیتر وەک تالیس و فیساغورس و هراکلیت و... ناوبانگی دەردەکرد. بزەیەک بە لێویدا هات. ئاخر ئەو سەردەمانە ئێرە یۆنان بوو، بەشێک لە یۆنانی کەونارا.

رۆیشت و رۆیشت. کۆڵانی تەسک، پان و فەریح، قوڵ، نزم، پێچاوپێچ، درێژ، کورت، خۆڵاوی، بەردچنکراو، قوڕاوی، خۆڵاوی، خاوێن، بۆگەناوی، تەپ و تۆزاوی و ئاشقاوی یەک لە سەر یەک باوەشیان بۆ دەکردەوە. بەزەیی بە خۆیدا هاتەوە کە بۆچی کاتی خۆی لەم کۆڵانانەدا ئاشق نەبووە. بیستبووی سوڵتان سەلیم هەمیشە بەشێکی بەرچاوی سوپای خۆی لە شارەکان و گوندەکانەوە تێدەپەڕاند بۆ ئەوەی لە رێگای هەیبەتی خۆیەوە دوژمن زراوتۆقێن بکا. ئەگەرچی جاری وابوو لەژێر پێی ئاسنین و قورسیاندا شار و گوندەکان بە سەر یەکتردا دەتەپین و دەڕووخان! ئەوەی رەنگە لە یەکێک لەم کۆڵانانەدا بە سەر رەقس و سەمای سەردەمی عوسمانییەکاندا بکەوێ لەخۆ بێخۆی کرد. گەر قەرارە کۆڵانەکان ئەوەندە زۆر و ئەوەندە نەناسراو و بێ مەبەست بن، بۆچی نا!

سەرئەنجام لە دووای حەوت شەو، حەوت رۆژ، حەوت کاتژمێر، حەوت خولەک و حەوت چرکە گەیشتە کۆڵانەکەی کڵونجە رێ رێ. هێشتا چەند هەنگاوی تێنەپەڕاندبوو شنەی ئاوازێکی سەیر کە بۆخۆیشی لە زمانەکەی نەدەگەیشت و کەچی دەیگوتەوە، هاتە سەر زمانی. وەک بولبول سەری هەڵبڕی و چریکاندی:

*ـ هۆ کڵۆنجە ریَ ریَ / هەستە بەیانە / تا بەیەک دەگەین ئاخر زەمانە / ماڵ لە مەریوان ئەی هاوار دڵ لە دەروێشان /مردن خۆشترە ئەی هاوار لە گیان هەڵکیشان*

**ئەردۆغان کە نە لە شێوەی ئاهەنگەکە دەگەیشت و نە لە مانای وشە و رستەکان، هەروا دەڕۆیشت و ئەم رستانەی دەگوتنەوە. دەنگی ئەوەندە خۆش بوو، کە بۆ خۆیشی بەلایەوە سەیر بوو. بیستبووی لە شەڕی چاڵدوڕان، "سارۆبیرە" هەر بەو دەنگە باسی لە کێوی ئاربەبا و ئەو کانییە کردبوو وا بەهاران بەلاتەنیشتی قوتەکەیدا دەتەقییەوە و تەواوی دۆڵی "خێرومەجنون"ی پڕلەئاودەکرد. نەکا ئەم دەنگەی لە کەسێکی سوپای دوژمنەوە پێگەیشتبیَ؟ لێرەدا شەرمی لە خۆی کرد، بەڵام دەنگەکە و گۆرانییەکە هەر لەوێدا بوون. بیری کردەوە باشە دەروێشان کوێیە، ئەی مەریوان، ئەی ئەم وشە سەیرە "کڵۆنجە ریَ ریَ"!؟ هەرچی بیری لە جۆغرافیا کردەوە و لە ناوە کلاسیکییەکانی سەردەمی عوسمان، هیچ نەدەهاتەوە زەینی. هەڵە،... هەڵەیەک بەربینگی بە رێگا و بە ئەردوغان گرتبوو.**

**کڵۆنجە ڕێ ڕێ کە بەرە بەرە خەریک بوو ناهومێدی ڕووی تێدەکرد و ئیستا لە سەر هەرزاڵەکە لە جیاتی سەیرکردنی ئەستێرەکان، دەیخواردەوە و جوێنی بە چارەنووس دەدا، کتوپڕ ڕۆژێک دەنگێکی سیحراوی سەرنجی ڕاکێشا. گوێی لە ناوی خۆی بوو. سەرەتا باوەڕی نەکرد.جوانتر گوێی هەڵخست و، ئەمجارە ئیتر تەواو دڵنیا هەڵگەڕا. لە خۆشیا بە قەڵەمبازێک لە سەر هەرزاڵەکە دابەزییە خوارەوە و بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە دەرگاکە، کردییەوە تا ئەو پیاوە ببینێ وا ئەشقی ئەو گەیاندبوویە ئەم کۆڵانە درێژە خەماوییە،... ئەو پیاوەی وا چیرۆکەکان لە گەڵ خۆیان هێنابوویان تا خەونەکانی کڵۆنجە ڕێ ڕێ بەدی بێنن. ئەوسا لەو سەری کۆڵان پیاوێکی بینی کە شێوازی هەڵێنان و بزووتنی لێوەکانی لە گەڵ وشەکان و ڕستەکان نەدەهاتنەوە، کەچی دەیگوتن،... دەیگوتن و هەر دەیگوتن! نەبزووت و ڕاوەستا تا نزیک بکەوێتەوە. ئەردوغانیش هەر چاوی بە کچەکە کەوت، زیاتر پێی هەڵگرت. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت لەم کۆڵانەدا و لە ناو ئەو دەرگایەدا کچێک ڕاوەستاوە کە بەڵێنە سەمای سەردەمی عوسمانییەکانی بۆ بکا، سەمایەک لە چەشنی ڕەقسی مار لە ناو کوپەی شمشاڵژەنی هیندی دا، بە گێژولوول خواردنە ئەفسانەییەکانی. کڵۆنجە ڕێ ڕێ هەر**

**پیاوە غەریبەکە لێی نزیک کەوتەوە، ئیتر تەواو لە راستییەکە گەیشت. نە ئەو دەم و لێوە هی ئەم گۆرانییە بوو و نە گۆرانییەکە هی ئەو دەم و لێوە. رقێکی وەها دایگرت ئەو ئەستێرەیەی وا جاروبار چاوی لێدادەگرت، لە ترسا بەرەو کاکەشانێکی تر راخوشا و خۆی بزرکرد. کڵۆنجە ڕێ ڕێ بە پەلە چووەوە ژوورەوە، دارێکی بنی هەرزاڵەکە کە لە داربەڕووبوو هەڵیکێشا و هەتا هێزی تیا بوو بە شوێن ئەستێرەکە بەرەو کاکەشان و جیهانێکی تر فڕێی دا.**

**ئەگەرچی لەو رۆژە سالانی ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام کاتێک ئەردوغان دیسان خەونی سەیرو سەمەرە دەبینێتەوە و دەچێ لە سەر قاچەکانی ژنەکەی رادەکشێ و مەمکەمژەکەی سەردەمی عوسمانی دەخاتەوە دەمی و دەیمژێتەوە، پێی سەیرە بۆچی ئەو گۆرانییە سەیرە و ئەو کچە جوانەی کۆڵانە درێژەکە نەیانتوانی وەها پێکەوە دەمج بن و بسازێن ئەم بتوانێ سەمای سەردەمی عوسمانییەکان جارێکی تر بە زیندوویی ببینێتەوە. گوناهی ئەو زمانە بوو ئەردۆغان لێی تێنەدەگەیشت، یان ئەو ئاوازەی بۆ سەمای تورکی نەدەبوو، یان هەر لە بنەڕەتەوە خودی حەزەکە هەڵەبوو؟ لە کاتێکدا ژنەکەی رایدەژێنێ و گۆرانییەکی کۆنی سەردەمی**

**سوڵتان سەلیمی یەکەمی بۆ دەڵێتەوە، ئەردوغان خەودەیباتەوە،...**

**ئەمجارە بڕیاردەدا کۆڵانەکەی دەستی چەپی هەڵبژێرێ، نەک راست.**

## دەبێ دونیا ببینم!

**جانتاکەی هەڵگرت، ئارام لە حەوشەکە پەڕییەوە و ئەودیوی دەرگاکە کەوت. دڵنیا بوو، تەواو دڵنیا، لەوەی کە دەبێ بڕوات و جیهان ببینێ. دوکاندارەکەی تەنیشتی خانووەکەیان کە خەریکی خاوێنکردنەوەی میوەی ناو سندوقەکان بە پەڕۆیەکی سەوزی ڕەنگهەڵبزرکاو بوو، سەری هەڵبڕی، لایکردەوە و سەیری ئەمی کرد، بە بێ ئەوەی پرسیار یاخود**

سڵاوی لێبکا، دیسان خەریکی کارەکەی خۆی بووەوە. ئەمیش بەلایەوە گرینگ نەبوو. شەرت نیە هەر دەقیقە و سەعاتێک بە دیتنی دراوسێکان سڵاویان لێبکەی، یان سڵاوت لێبکەن، ئەگەرچی رەنگە دڵیان بێشێ، یان دڵی تۆ بێشێ!

- " دەبێ خوو بەمە بگرین!"

رێک لەم کاتەدا "ئاتیلا"١ کە بە چەند مانگ لەوە پێش لە هێرش بۆ سەر ئیمپڕاتوریەتی ئێران شکستی خواردبوو، لە کەپرە سروشتی و جوانەکەی خۆیدا لە باوەشی یەکێک لە ژنەکانی خەریکی خەون بینین بە گرتنی رۆمی رۆژهەڵات یان رۆمی رۆژئاواوە بوو. ئاتیلا، سەری لە سەر سینگی ژنەکەی هەڵبڕی، لە ژێر چەناکە سیحراوییەکەیەوە سەیری برژانگە درێژەکانی کرد و، گوتی ژیانکردن لە کەپردا خۆشە، چونکە هەمیشە میوانی و دەبێ بڕۆی. هەر کە وشەی رۆیشتن بە دەمیدا هات، قەنج هەستایە سەرپێ و، هاواری لە سوپا کرد ئامادەی هێرشێکی تر بن. سوپایش وەک هەمیشە ئامادەبوو.

جانتاکەی هەڵگرتەوە و کتوپڕ رقێکی سەیر لە دایک و باوکی و لە هەموو خەڵکی شار و بگرە لە هەموو وڵات سەرتاپای داگرت. چ دەبوو ئەمانیش هەر هەموویان لە کەپردا ژیابان؟ تف لەم خانووە قوڕ و چیمەنتۆ و خشتانە! جگە لە بێتاقەتی و وەڕەزی چیتر لە گەڵ خۆیان ناهێنن. ئیتر لە ویزە ویزی مێشەکانی گەرمای رۆژیان گەڕێ کە دەنگ و رەنگیان ئەوەندەی تر لە خۆت بەتاڵت دەکەنەوە!... وەڕەزی وەڕەز! بە بێ ئەوەی بە چاوە پڕ لە قینەکانی سەیرێکی تری دوکاندارەکە بکاتەوە، رۆیشت.

ئاتیلا گەیشتبووە پشت دیوارەکانی رۆمی رۆژهەڵات. سەیری سەربازەکانی کرد، ئەو کەسانەی وا وڵات و وڵات و هەرداو هەردیان لەگەڵ کردبوو و بە بێ ترس لە گیانیان، تا دووا دڵۆپی خوێنیان شمشێریان بۆ لێدابوو. بیری کردەوە چەندەی تریان دەبێ لێرە بکەونە سەر خاک. بەڵام داخۆ هەر ئەمە نەبوو ئەوی بەرەو شوێنە تازەکان پاڵ پێوەدەنا، یان نا، خودی رۆیشتن بوو؟ ئاتیلا لە بیری دێ رۆژێک لە شوێنی ژیانی خۆی وەڕەز ببوو. لە خۆڵەکەی دەوری ماڵەکەیان، لەو خەڵکەی هەموو رۆژیان لە یەک دەچوو،... لەو ئاسمانەی کە هەمیشە

وەک خۆی وابوو. بۆیە کە گەورە بوو، بڕیاری دا شمشیرەکەی و ئەسپەکەی هەڵبگرێ و بە هاوڕێکانی بڵێ ئیتر بەسە! هەر کەسەو پێی خۆشە، با ئەسپەکەی زین کا و، لەگەڵی کەوێ. ئەوانیش زینیان کردبوو و ئیتر یەکێک لە سامناکترین چیرۆکەکانی ناو مێژوو دەستی پێکردبوو،... چیرۆکی شەڕە ترسناکەکانی مرۆڤ لە دژی خۆی.

هیچی وای نەخستبووە ناو جانتاکەیەوە. دڵنیا لەوەی ڕێگا پڕە لە کاروانسەرا و چاخانە و شوێنی پێویست بۆ حەوانەوە، تەنیا چەند پارچە جلی هەڵگرتبوو. هەنگاوەکان چ خۆش دەیانبرد. لە گەڵ هەر هەنگاوێک دەڵێی ئاسۆیەکی نوێ دەکرایەوە. دیمەنەکان چەند خێرا گۆڕانیان بەسەردادەهات. بیری کردەوە دونیا واتای گۆڕانە و، هیچی تر. ئەوەی تەسلیمی ئەم لۆژیکە بێ، ئیتر لە ژیان گەیشتووە، تەنانەت لە مردنیش. تەنیا ئەوانەی بە شوێنێک عادەتیان گرتووە، لە مەرگ دەترسن. بگرە لە گەڕاندا مەرگ درەنگتر دەتدۆزێتەوە. بێهۆ نیە مانەوە ئەوەندە خەمگینت دەکا. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و لە سەر شانی جێگۆڕکێی بە جانتاکەی کرد:

ـ "بەدبەخت، دانیشە و هەر میوە خاوێن بکەوە، بەو پەڕۆیە ڕەنگە بیکەن بە بەیداخی سەر کێلی گۆڕەکەیشت!... بەدبەخت،... بێچارە!"

ئاتیلا سەیری هێرشبردنی سەربازەکانی خۆی کرد. شەڕی بێباکانەیان دەبا هەمیشە نەک مێژوو، بەڵکو خودایش لەبیری مابایەوە! دەڵێی ئەوان تەنیا بۆ ئەمە خوڵقابوون. ئاتیلا جاری وابوو لە گەرمەی شەڕەکاندا فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە. لە دڵەوە سوپاسی ئەو ڕۆژەی دەکرد وا تێیدا بڕیاری دا ئەسپەکەی زین کا و شمشێرەکەی ببەستێ و بۆ هەمیشە بڕوات. تەنانەت هیچ کام لەو برینانەی وا جەستەیان پێکا و هەندێکیشیان بۆ هەمیشە لەوێ ئاسەوارەکەیان مایەوە، قەت لەم بڕیارە پەشیمانی نەکردەوە. مەگەر نەک ئەوەی برینی ڕۆح لە برینی جەستە دژوارترە؟ بیری کردەوە چڕی ڕووداوەکان و زۆر و بۆر بوونیان لە بیرکردنەوە بێ ماناکان دەتپارێزن، دەتبەن،... ئەوەندەت دەبەن تا تەنانەت تەنیایش ئەسپەکەی زین دەکا و شمشێرەکەی هەڵدەگرێ و ئەویش وەڕێدەکەوێ. ئاتیلا جاری وابوو هەستی دەکرد تەنیایی لە تەنیشتی دا شمشێر لێدەدا و، نەبەزانە

هەنگاو بەرەو پیشەوە هەڵدەگرێ، ڕێک بۆ ناو قەلبی سوپای دوژمن. ئەو جاری وابوو هەستی بە قەترە فرمێسکەکانیشی کردبوو.

جانتا بەکۆڵەوە، لە دوورەوە چاوی بە قەرەباڵغی و دووکەڵ و تەپ و تۆزێکی سەیرکەوت. قەت لە ژیانیدا چاوی بە شتی وا نەکەوتبوو. هەنگاوی زیاتر هەڵگرت. ئەوسا گەیشتە تەپۆڵکەیەکی نزیک کە بە جوانی بە سەر شوێنەکەدا دەیڕوانی. چ حەشاماتێک! لێرەوە دەنگەکانیش دەبیستران: دەنگی سمی ئەسپە قورسەکان، نەعرەتە، جرینگە جرینگی ئاسنەکان، ناڵە ناڵ و تەنانەت دووا ئاهەکان. ئەم کە قەت شەڕی نەدیتبوو، کتوپڕ هەم ترس و هەم حەزێکی سەیر تێیدا سەریهەڵدا. بیری کردەوە باشە مەگەر قەرار نیە شەڕەکانی ئەم سەردەمە بە تۆپ و تانگ و تفەنگ بن؟ ئەمە چییە؟... مەگەر ئەو لە کوێیە؟... هەنگاوەکان بەرەو کوێ هێناویانە؟

ئاتیلا لە گەرمەی شمشێرلێدانەکانیدا بوو هەستی بە قورسایی دوو نیگا کرد کە لە نیگای سەردەم نەدەچوون. ڕاوەستا و لایکردەوە. ئەوسا لە پشتەوە، لەو دوورانە، لە سەر تەپۆڵکەکەی ڕۆژهەڵاتەوە سێبەری

مرۆڤێکی بینی. چەند هەنگاوێک ئەسپەکەی بەرەو ئەوێ ئاژوت. قەڵافەت کشاو بە شمشێرێکی شۆڕی ئاراستەی بەرەو زەوی، ڕێک بە تەنیشتی ئەسپەکەیدا کەمێک زیاتر قورسایی لەشی خستە سەر ئاوزەنگەکانی. ئەوسا دەستی بەرزکردەوە و ئاماژەی پاشەکشەی دا. سوپا کە بەم فەرمانە سەریان سوڕمابوو، ناباوەڕانە سەیری یەکتریان کرد:

- "سەرۆک شێت بووە؟... چۆن دەکرێ لە کاتێکدا تەنیا چەند هەنگاوێکمان ماوە بۆ ئەوەی قۆنستەنتەنیە بگرین، بۆ ئەوەی یەکجار بۆ هەمیشە کۆتایی بە رۆمی رۆژهەڵات بێنین، پاشەکشە بکەین؟"

بەڵام ئاتیلا لە سەر کردەکەی سوربوو. سوپا کشایەوە. دەنگی هەراو خۆشیی دوژمن ئاسمانی کەڕدەکرد. ئەوسا ئاتیلا بەرەو تەپۆڵکەکە لێیخوڕی. دونیا هەناسەی لە سینگدا کپ کردبوو. لە بن بەردێکدا کوڕێکی گەنجی بینییەوە بە جانتا و جل و بەرگێکی سەیرەوە. زیاتر لێی چووە پێش. قەڵافەتی باریکی کوڕەکە چەند ئاسان دەکرا بە شمشێر بکرێ بە دوو لەتەوە! دەنگی هەڵبڕی:

- "پێویست ناکا پێم بڵێی لە کوێوە هاتووی،... دونیا زۆر گەڕاوم و خەڵکی زۆرم بینیووە،... تۆ هی ئەم سەردەمە نیت، هەر ئەوەندە دەزانم لە داهاتووەوە هاتوویت،... چۆن؟ نازانم.

ئەوسا لە ئەسپەکەی دابەزی و لغاوەکەی دایە دەست یەکێک لە سەرۆک سەربازەکانی. لە جانتا لەکۆڵەکە نزیک کەوتەوە و چۆکی دادایە سەر زەوی و، درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

- "وەک منداڵیی من بۆنی خۆڵی کۆڵان و یەک رەنگیی ئاسمان و وەرزییەکان دەدەی. پێم سەیرە،... قەت پێم وانەبوو ئەوانەی وا لە داهاتوودا دەژین، وەک من وابن، هەمان دڵتەنگی بەرۆکیان پێبگریّ."

ئەوسا هەستایە سەرپێ و، فرمانی گەڕانەوەی بۆ شوێنی منداڵیی دا. سوپا، کە هێشتا واقوڕماو لە یەکتریان دەڕوانی، بە ناچار شوێنی کەوتن.

پاش دەیان رۆژ رێگابڕین بە ناو کەژ و کێو و دەشت و بیاباندا، سەرئەنجام گەیشتنەوە هەمان شوێنی سەرەتا. ئاتیلا فەرمانی دا دەوری چۆلکەن، وتی هەر کەسەو بگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی، وتی ئیتر قەت بیر لە هێرش و شەڕ و لەناوبردنی ئەوانی تر نەکەنەوە. ئەوسا ئارام، بەڵام رەسا و روون وەک دووا وتە گوتی:

- "من پێم وابوو ئێمە دووا نەسڵ دەبین کە بەرەنگاری وەرزییەکانی ژیانی رۆژانەمان دەبینەوە و، ئیتر بە کردەکانمان یەکجار بۆ هەمیشە کۆتایی بەم بەزمە دێنین، دەبینە هۆی بەختەوەریی نەوەکانی

**داهاتوو... بەڵام،... بەڵام ئەمڕۆ زانیم کە هەڵەین،... هەڵەم،... تەنیا بڕۆنەوە،... ئا بڕۆنەوە،... لێم گەڕێن با لە گەڵ کۆڵان و ئاسمان دابنیشمەوە،... لێمگەڕێن!"**

**ژێرنووس:**

**ئاتیلا (٤٠٥ ـ ٤٥٣) زایین، رێبەری قەومی هون کە لە کاتی ژیانیدا خاوەنی گەورەترین ئیمپڕاتۆریەت بوو لە ئەورووپادا (لە رووباری ئورال ەوە هەتا دانوب). یەکێک لە ترسناکترین دوژمنانی رۆمی رۆژهەڵات و رۆمی رۆژئاوا بوو. رۆمییەکان ناسناوی قەمچیی خودایان لەسەر دانابوو.**

## ژماردنی مێروولەکان

ئێوارەیان کاتێ من خەریکی ژماردنی مێروولەکان لە حەوشەی پشتەوەی خانووەکەمان بووم، دایکم لە سەر بەرماڵی نوێژەکەی، دەستەکانی بە مەبەستی دۆعا بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و داوای لە خودا دەکرد ئەم ئێوارەیە دووا ئێوارەی ژماردنی مێروولەکان بێت. من کە لە ژماردنیان تێرنەدەبووم، ڕێک لەو کاتەدا خۆر مەیلی داچوونی هەبوو و بایەکی فێنک لە گەڵ کاکۆڵی درەختەکان دەکەوتە گەمەکردن، دەستم دەکرد بە ژماردنیان! ئەمە کاری هەموو ڕۆژەی من بوو.

ژماردنەکان هەموو جارێک وەک یەک کۆتاییان پێدەهات. کە دەگەیشتمە هەزاروچوارسەدو...، ئیتر لە بەرچاومدا ون دەبوون و تاریکی نەیدەهێشت بەردەوام بم. ئەوان کە سەرێکیان لە ناو کونەکەیاندا بوو و

سەرەکەی تریان لە شوێنێکی نادیاری حەوشەکە، قەت دووا ژمارەی خۆیان بە دەستەوە نەدەدا. ئەوان قەتارێکی درێژی بێ سەر و بن بوون کە بە بەردەمی مندا نائارام تێدەپەڕین، بە بێ ناردنی تاقە نیگایەک،... تا ئەو جێگایەی من بزانم.

لە پاش نوێژ، دایکم دەهات لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەی من رادەوەستا و هەتا من و مێروولەکان لە دوواساتەکانی ئێوارەدا نوقم دەبووین، سەیری دەکردین. ئەوسا دەچوو گڵۆپەکەی هەڵدەکرد و ئەمجارە نەک لە سەر بەرماڵ، بەڵکو لە ژێر تیشکی زەردی گڵۆپەکەدا سوپاسی خودای دەکرد کە بەقسەی نەکردووە و کوڕەکەی لەم دونیا جەنجاڵەدا تەنیا سەرقاڵی ژماردنی مێروولەیە و بەس،... نە هیچی تر. ئەوەی کە مێروولەکان نەیاندەهێشت رۆژێک یەکێک لە رووداوە تراژێدیاکانی شارەکەی ئێمە، من لە گەڵ خۆی ببا و ئیتر قەت دایکم چاوی بە من نەکەوێتەوە.

من لە رقی تاریکی و لە رقی ونبوونی ژمارەکان بە نابەدڵی دەچوومە ژوورەوەو، لە ژێر لێفەکەدا تا سبەی خەونم بە مێروولەکانەوە دەبینی. ئەو مێرووولانەی جار وابوو لە خەونەکانمدا دەبوون بە ریزی ئەو سەربازە پڕ چەکانەی سوپایەکی رەش پۆش، وا لاشەی هەموو جۆرە

مردوو و زیندوویەکیان لە حەوشەکەدا کۆدەکردەوە و، بە هەڵەداوان بەرەو کونە سیحراوییەکەی خۆیانیان دەبرد.

من دەمزانی ژمارەی مێرووڵەکان یەکجار زیاتر لە هەزار و چوارسەد و... بوون، ئەوەندە زیاتر کە دەیانتوانی هەموو حەوشەکەی ئێمە بە جەستەیان داپۆشن و بگرە گەر کونەکەیان دەرفەتی دابا تەنانەت لاشەی پشیلەیەکی مردارەوەبوویش بە ژێر زەویدا کەن، بۆ ئەوەی نەک تەنیا ئەم زستانە، بەڵکو چەندین زستانی تریش بە دڵنیایی بەسەربەرن.

ژماردنیان، ئەوەندە منیان بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد کە تەنانەت پاشماوەی خواردنەکانیشم کۆدەکردەوە و دەهاتم لە بەر دەمی کونەکەیاندا دەمڕشت، بۆ ئەوەی بەڵکو بەر تەمەحیان خەم و رادەیەکی زۆرتریان لە کونەکە پەلکێشی دەرەوە بکەم، بەڵام ئەوان لە جیاتی ئەمە، هەر ئەوانەی دەرەوەیان لێ خڕدەکردنەوە و ئیتر پەڵەیەکی رەشی وەها گەورەیان دروست دەکرد کە سەرم بە دیتنیان سوڕدەما. ریزی قەتاری هەزار و چوارسەد و ئەوەندە ساڵە ئیدی دەبوو بە بنەمەنجەڵێکی رەشی بزۆز کە لە خۆشیی خواردنی ئاسان و بەلاش بە سەروکۆڵی یەکتردا شێتانە هەڵدەگەڕان و، بە پەلەپەل دنکەکانیان بەرەو کونە لەمێژینە سیحراوییەکەیان بەکێش دەکرد.

ڕۆژەکان و مانگەکان تێپەڕین. لەو دیوی دەرگای حەوشەکەمانەوە هەواڵ گەیشت سەردەمی ڕووداوە تراژێدیاکان بە سەرهاتووە و چیدی خەڵک پێویست ناکا بە دڵەڕاوکێوە بژین و خەریکی ژماردنی بۆ وێنە مێروولەکان لە ماڵەکەی خۆیاندا بن. شەوێکیان دایکم لە پاش ژەمی شەو رووی تێکردم و، هەواڵەکەی پێدام. گوتی ئیتر دەبێ کۆتایی بەم کارەی خۆم بێنم و دەبێ بچمە دەرەوە،... وەک هەموو پیاوانی تر. گوتی تەمەنم هاتووەتێ و دەبی بەرەبەرە لە بیری ژن هێناندا بم. تەنانەت باسی کچەکەی دراوسێمانی بۆ کردم، ئەو کچەی ئەوەندە کچی چاک بوو لە ماڵ نەدەهاتە دەرێ و قەت لە چاوی هیچ پیاوێکی بێگانە رانەمابوو!

من کە بەم قسانەی دایکم سەرم سوڕمابوو، ویستم پێی بڵێم کە لە ترسی تراژێدیاکانی دەرەوەی دەرگاکەمان نەبوو وا من خووم دابووە ژماردنی مێروولەکان، ویستم پێی بڵێم زۆر و بۆریی مێرووەکان، ماندوونەناسیان و ئەوەی کە هەموو شتێک کۆدەکەنەوە، ببووە هۆی مانەوەی من لە حەوشەکە. بەڵام کاتێک سەیری نیگا گەش و مەزڵومەکانی دایکم کرد، یەکسەر پەشیمان بوومەوە و بڕیارم دا بە

قسەی بکەم. لەبەرخۆمەوە گوتم بە چەند جار یاخود بە چەند ڕۆژ چوونە دەرەوە هیچ نابێ.

بۆ سبەی، هەر کە ئێوارە هات، دەرگای دەرەوەم کردەوە و رووم لە گەڕەک و کۆڵان و شەقام کرد. هەموو شوێنێک ئاسەواری تراژێدیاکانی کۆن هێشتا بە دەرودیوارەکانەوە مابوون. خوێنە مەیوەکان، نینۆکە بەجێماوەکان، جلە دڕاوەکان، قاپوڕە فیشەکە ژەنگاوییەکان، ئەو هاوارانەی وا هێشتا مابوون و خۆیان بە لقی درەختە پاییزییەکاندا شۆڕکردبووەوە، مەمکی ئەو کچانەی وا پڕی شیر پشیلەکانی گەڕەک دەیانمژین. دیمەنەکان ئەوەندە هەژێنەربوون کە لە دڵەوە سوپاسی مێروولەکانم کرد وا نەیانهێشتبوو بە درێژایی ساڵ ئەم دیمەنانە ببینم. لە دڵەوە سوپاسی دایکم کرد، سوپاسی گڵۆپە زەردەکەی ژوورەکەم وا لە ئێوارەیەکدا ڕای دایکمی گۆڕیبوو. بە شەقامدا داگەڕام. خەڵک هەموو خۆشحاڵ و خەنی و شاد. ئەوەندە شاد کە هەر کەسەو لە بەرخۆیەوە گۆرانی خوایە وەتەن ئاواکەی دەخوێند. بە دەنگێکی جاری وا ئەوەندە حەزین و جاری وا ئەوەندە بەهێز کە نیشتمان لە یەک کاتدا هەزار ڕەنگی دەگۆڕی. هەر ئەو ڕۆژەیش کچەکەی دراوسێمانم بینی بە جل و

بەرگێکی رەنگاوڕەنگەوە ئیشارەی لە کوڕێکی سەربانەکەی بەرامبەریان دەکرد.

دووای تێپەڕینی چەند رۆژ، بە دڵ تاسەی بینینی مێرووەکان رووی تێکردمەوە. بڕیارم دا سبەی نەچمە دەرەوە و بە دزیشەوە بێت سەردانیان بکەمەوە. هەر کە ئێوارە هات، لەو کاتەدا دایکم نوێژی دەکرد، رووم کردە حەوشەکەی پشتەوە. بە سەرسوڕمانەوە هەرچی چاوم گێڕا تاقە مێروولەیەک چییە، نەمبینی. هەڵتروشکام، چوومە سەر چۆک، سوجدەم برد، بەڵام هیچم نەهاتە بەرچاو. لە کوێ بوون؟... چییان لێ بەسەرهاتبوو؟ نەکا ئەوانیش ئیستا جورئەتی چوونەدەرەوەیان پەیدا کردبێ؟ پێکەنینم بەم بیرەی دووایی خۆم هات. مێروولەکان قەت بیر لە تراژێدیاکان ناکەنەوە. ئەوان تەنیا سەرقاڵی کۆکردنەوەی تفاقن بۆ زستان و بەس.

بە دڵشکاوی و دڵ گرانی چوومە ژوورەوە. دایکم لە سەر بەرماڵەکەی چاوێکی پڕ موحیبەتی تێبڕیم و گوتی کە کچەکەی دراوسێمان بە کراسە سەوزەکەی بەرییەوە جوانترین و ناسکترین کچی دونیایە. من کە زۆر هەستم لە سەر قسەکانی دایکم نەبوو، ویستم لێی بپرسم کە داخۆ

دەزانیٚ مێروولەکان لە کوێن؟ پرسیارێک کە لە دەروونمدا قەتیش ماو و نەهاتە دەر.

ئەو شەوە بە زەحمەت خەوم لێکەوت. کە خەویشم لێکەوت وەک جاری جارانی خەوم بە مێرووەکانەوە بینی. لە خەومدا پێدەکەنین، هەرهەموویان پێکەوە. چاوەکانیشیان ئەوەندە گەورە ببوون کە ئیستاکە دەمبینی دەمبینن و لێم دەڕوانن. بە چاوە رەش و قاوەیی و وردەکانیانەوە. لە خەوەکەمدا بینیم هەر هەموویان لە کونەکە هاتنەوە دەرەوە. ئەوەندە زۆر بوون هەموو حەوشەکەیان تەنی. لەوە زیاتر تەنانەت بە دەر و دیواردا هەڵگەڕان. لە پەنجەرەکانەوە خۆیان بە ژووریدا کرد، بە هەموو ژوورەکاندا. هەموو شوێنێک رەش هەڵگەڕا. تەنانەت بەرماڵەکەی دایکم و گڵۆپە زەردە کزەکەی ژوورەکەی منیش. بنەمەنجەڵەکە کشابوو،... یەکجار. کە خەبەرم بووەوە، هێشتا نیوەشەو بوو. تەواوی جەستەم شەلاڵی ئارەقێکی سارد ببوو. دەستم برد لێوانەکەی تەنیشتم هەڵگرت و هەڵمدا. قوڕگم پڕبوو لە مێروولە!

بۆ سبەی کە لەماڵ چوومە دەر، بینیم هەموو شار پڕی مێروولە بوو. مێروولەکانی حەوشەکەی ئێمە لەویٚ بوون،... هەر هەموویان. نەک

تەنیا ئەو مەمکە بەجێماوانەی وا پشیلەکانیان تێردەکرد، ون ببوون، بەڵکو کچە سەوزپۆشەکەی دراوسێکەی ئێمەیشیان داپۆشیبوو. دونیا رەش رەش هەڵگەڕابوو.

من ئیستایش بیردەکەمەوە گەر ئەو رۆژانەی وا خەریکی ژماردنیان بووم، کەمێک زووتر لە ئێوارە چووبوومە لایان، تەنیا کەمێک زووتر، رەنگە بە ژمارەی راستەقینەیانم زانیبایە و ئیتر نەک تەنیا پاشماوەی ژەمەکانم بۆ ڕۆنەدەکردن، بەڵکو هەموو ئەو لاشە ورد و درشتانەیشم کۆدەکردەوە وا لە حەوشەکەی ئێمەدا دەستدەکەوتن.

## ئەو دیوی دیوار

کە ساڵی ١٩٧٩ (١٣٥٧)، هات (ئەو هەمیشە هەر دوو تاریخەکەی لە گەڵ یەک دەنووسی، بۆ ئەوەی بتوانێ لێک تێگەیشتنێکی خێراتر لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دروست بکا)، هەرچی شریت و نەواری گۆرانی بێژەکانی هەفتاکانی زایین بوو کۆم کردنەوە و خستمە ناو گۆنییەکەوە و، لە حەوشەکەی خۆمان شاردمنەوە.

لەو رۆژەوە من بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی بگرم، گوێ بە زەوییەوە دەنێم، هەناسەم کپ دەکەم و سەرتاپا دەبم بە هەست. هەڵبەت تەنیا

**یەک گوێم. چونکە گوێیەکەی ترم دەبێ ئاگای لە دەرگای دەرەوە بێ. ئەوەی کە نەکا یەکێک بە بێ پرس خۆی بە ژووریدا بکا و، پرسیاری گەورەی "من چی دەکەم؟" ی لا دروست ببێ. ئەو پرسیارەی کە لە ٧٩ واتە ٥٧ ەوە بووە بە پرسیاری زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک.**

**لەو سالە، ساڵانی ساڵ تێپەڕیوە، کەچی من بەردەوام بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی بگرم، دەچمە ئەوێ، بۆ حەوشەکەی پشتەوە، بۆ هەمان شوێنی گۆنییەکە. ئەگەرچی دەزانم هەم گۆنییەکە و هەم شریت و نەوارەکان لە مێژە لەو ژێرە رزیون. کەچی بەردەوام دەنگ دێ، دەنگی گۆرانی! لە بەر منە، خۆیان، یان لە بەر عادەت؟ نازانم. هەر ئەوەندە دەزانم کە گۆرانی لانیکەم خۆی خۆی لەبیرناچێتەوە و هەتا دونیا و زەمەن هەبێ، خۆی خۆی دەڵێتەوە و دەڵێتەوە، ئەگەرچی کەسیش نەبێ گوێی لێبگرێ.**

**بەڵام سوپاس بۆ ئەم گوتنەوەیە! لانیکەم بۆ منی ترسنۆک کە ناوێرم بچم بۆ بازاڕ، شریتێکی گۆرانی بە دزییەوە بکڕم و بیخەمە گیرفانمەوە و بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، بووە بە نیعمەتێکی گەورە.**

**من بەردەوام گوێ لە دەنگی گۆرانییە نێژراوەکان دەگرم.**

دراوسێکەمان کە زۆربەی کات منی بەم حاڵەتەوە لە حەوشە بینیبوو (حاڵەتی سوجدە، قون بە حەواوەو روخسار لە سەر خاک)، پێی وابوو من یەکجار لە موسوڵمانەکانی سەردەمی سەرەتای ئیسلام دەچم. چونکە ئەوانیش ئەو کات لە سەر خاکی رووت سوجدەیان بۆ خودای خۆیان دەبرد و بە بۆن و هەناسەی خاک زیاتر هەستیان بە یەکبوونی خۆیان لە گەڵ خودای موحەممەد دەکرد. هەربۆیە بەناو هەموو گەڕەکدا بڵاوی کردبووەوە کە من موسوڵمانترین موسوڵمانانی جیهانم! من کە بەم هەواڵەم نەدەزانی، کاتێک بە کۆڵاندا تێدەپەڕیم، لە شێوازی سەیرکردنی خەڵکی بۆخۆم، سەرم سوڕدەما. تەنانەت جارێکیان ترسێکی یەکجار سەیرم لێ نیشت، چونکە پێم وابوو بە گوێگرتنە قەدەخەکانیان زانیوم و هاکا هەر رۆژ و کاتێک بێت، راپۆرتم لێبدەن و بمکەن بە پەندی زەمانە. هەربۆیە تا چەند رۆژ نەچوومەوە سەر نەوارەکان. بەس مەگەر تەحەمول دەکرا؟ سەرئەنجام بە دزییەوە چوومەوە و، ئەمجارە وەها سوجدەم برد و، وەها بە چەندین سەعات لە سەری مامەوە، کە بە زەربەی پەنجەی ئەستێرەیەک بەئاگاهاتمەوە و چوومەوە ژوور.

بەردەنوێژێک لە ناو حەوشەکە بە چەند میترێک دوور لە شوێنی شریتەکان لە تەنیشت شێری ئاوەکەدا بوو. باوکم جاری وابوو هاوینان بە کاتی عەسر دەچوو لە سەری نوێژی دەکرد. جارێکیان بە ڕێکەوت کاتێک سوجدە دەبا، گوێی بە ئاستەم لە دەنگی سەیری مۆسیقاکان دەبێ (بۆ ئەوەی جوان دەنگەکە ببیستی، دەبا ڕێک گوێت بەو شوێنەوە نابا). ئەو ڕۆژە لە دووای نوێژ چەند دوعایەکی زیاتر بە زمانی عەرەبی دەخوێنێ و بە چەندین جار فوو بە دەوری خۆیدادەکا و ئەوسا بە پەلە دەچێتە ژوورەوە. لەو ڕۆژەوە باوکم لەوێ بە هاوینان نوێژی نەخوێندەوە. جارێکیان گوتی:

- "کفر ئەوەندە تەشەنەی سەندووە کە زەویش دەنگی سەیر و سەمەرەی لێوە دێتە دەر!"

دەنگە سەیر و سەمەرەکانی هەفتاکانی زایین (پەنجاکانی هەتاوی).

تەنیا کێشەی من زستان بوو. کە بەفر دەباری، خاکەنازەکەم هەڵدەگرت و دەچووم کونێکی قوڵم لە ناو بەفرەکە ڕێک لە شوێنی ناشتنەکەدا دەکرد، بە قەد جەستەی خۆم، بۆ سوجدەبردنێکی سپی و بەفرین بۆ گۆرانییە نێژراوەکان. لە ڕاستیدا باشترین کات بۆ گوێگرتن زستانان بوو، چونکە نە من دیاربووم، نە باوکم لە سەر بەردەنوێژەکە نوێژی

دەخوێند و نە بارستایی بەفریش ئیتر دەیهێشت دەنگەکان ئەوەندە بڕۆن.

چاڵەکەم ناو نابوو "کونی گۆرانی".

کە ساڵی ١٩٩٠ (١٣٦٨)، هات، باوکم بڕیاریدا لە دووای هەشت ساڵ شەڕ کە نەیهێشتبوو حەوشەکە بکێڵێ و گوڵ و سەوزەی تیا بچێنێ، باخچەیەکی خنجیلانە دروست بکا. لە کوێ؟ ڕێک لە سەر شوێنەکەی من! (کاتێک ئەمەی درکاند، بەلاچاو سەیرێکی من کرد) من کە یەکجار پێم ناخۆش بوو، بە پەلە چوومە ژوورەکەی تر و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە بێ ڕاوەستان و هەدادان گریام. (بە ئیستایشەوە بێت نازانم ئەم توانای گریانەم لە کوێوە هێنابوو. ڕەنگە لە گۆرانییە نێژراوەکانەوە،... نازانم، هەڵبەت گرینگیش نیە). لە بیرمە کاتێک دەستی کرد بە وەردانی خاک، ڕێک لە شوێنی گۆنییەکە، دەنگ چییە ئیتر نەهاتەوە دەر. کپ کپ. بە خۆشییەوە ئەوەندەیش بێڵەکەی ڕۆنەکردە خاک تا بگاتە شریتەکان. کاری باخچە سێ ڕۆژی خایاند، سێ ڕۆژی پڕ لە دڵەڕاوکێ و پڕ لە نیگا ـ لاچاوەکانی باوکم کە بەدەم بێڵ لێدانەوە میشەی دەهات.

**کە باخچەکە تەواو بوو، ئەمجارە بوو من بە تەواوی لە دۆخەکە گەیشتم! باشە چلۆن بە راستی سوجدەم بردایەوە؟ بە هەر شێوەیەک ئەم کارەم کردبا، سەوزە و گوڵەکانم دەشەمزاند و تێکم دەدان. عەجەب فێڵێکی لێکردبووم! چەند رۆژێک بیرمکردەوە، بەڵام بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتم. گوڵەکان بەرگریان لە گوێگرتنی گۆرانی دەکرد. نەیاندەهێشت. تا کتوپڕ شەوێک بیرێک بە میشکمدا هات، بیرێکی سەیر! من دەبا هەر چۆنێک بێت گۆنییەکە بە نەوارەکانەوە دەربێنمەوە. چۆن؟ هێشتا نەمدەزانی. بەڵام بەهەرحاڵ نەدەکرا لە خودی باخچەکەوە دەست پێبکەم. هەربۆیە رۆژێک کاتێ ماڵەوە چۆڵ بوو لە تەنیشت باخچەکە دەستم کرد بە هەڵکەندنی چاڵێک، ئەوسا دووای مەترێک کارێزئاسا بەرەو ژێرەوەی باخچەکە رۆیشتم. چ ئارەقێکم دەکردەوە. قەت پێم وانەبوو خاک ئەوەندە رەق و خۆڕاگر بێ. بێهۆ نەبوو گۆرانییەکان ئەو هەموو ساڵانە لەوێ مابوونەوە. کە نزیک کەوتمەوە، سەعاتی شەشی ئێوارێ بوو. چووم چرا لەنتەرێکم هێنا (لایتەکەم نەدۆزیەوە). لێرە بە پێچەوانەی سەر زەوی تەنیا گوێم لە گۆرانییەکان نەبوو، بەڵکوو دەنگی تر دەهات،... دەنگی قسە و پێکەنین و گاڵتەکردن،... دەنگی ژیان!**

كە دووا پاچم لێدا، دیوارێکی گڵ لەبەردەممدا هەرەسی هێنا و ئەوسا ژوورێکی سەیر کرایەوە. ئەو ژوورەی بە دەیان و سەدان رێگای تری لێ جیادەبووەوە و کەس نەیدەزانی دەگەیشتنەوە کوێ. ئەوجا لە ژوورەکە لە جیاتی شریتەکان، کۆمەڵێک خەڵکم بینی. کە جوان لێیان رامام، دیتم هەر هەمان گۆرانی بێژەکان بوون، بەڵام ئەمجارە بە ریش و سەری سپی و روخساری چرووکەوە. کە منیان بینی لایان کردەوە. پێم وابوو بە راستی دەمبینن، بەڵام وەک بڵێی تەنیا هەستکردن بە شتێکی نائاسایی لای پێکردبێتنەوە. من چووم لە تەنیشتیان دانیشتم، وەک سێبەر یاخود رۆحێک. ئەوان خەریکی بەزمی خۆیان بوون. گۆرانیان دەگوت و دەدوان. یەکیان وتی:

- "بەس نەبوو بۆ ئێمە ژیان لە سەر زەوی هەر ئەو ساڵە کۆتایی هات!" ئەوەی تەنیشتی لەم کاتەدا بە گیتارەکەی ئاهەنگێکی ژەنی و ئەوەی وا ئەم قسەی کردبوو، دەنگی هەڵبڕی و گۆرانی بە سەر ئەو کچەدا گوتەوە وا لە ١٩٨٥ (١٣٦٤)، لە جێژوانێک بە بەرد سەریان تەقاندبوو. من کە پێم سەیربوو چلۆن ئەمانە ئاگایان لە ساڵەکانی دووای خۆیان بووە، بە وردی سەیرم کردن. من ئەو کات هێشتا نەمدەزانی کە گۆرانی هی هەموو ساڵەکانە،... هی هەموو ساڵەکان. دەنگ هەڵدەبڕێ:

**ـ "نازنینا،... نازنینا! ما بە ناز تو جوانی دادەایم،..."**

**سەیری ردێنی سپییان دەکەمەوە، سەیری مەمکی سیسیان، ئەو سەروسینگانەی ساڵانی ساڵە هەتاویان نەدیتووە. سەیری ئەو چرچانەی هێشتا بۆنی هەفتاکان دەدەن.**

**بە جێیان دەڵێم و ئارام دێمەوە دەرەوە. بیردەکەمەوە تازە نە من دەتوانم لایان دابنیشم و نە ئەوان لای من،... من تەنیا ئیستا بیر لەو کونانەی تر دەکەمەوە وا لە ژووره سیحراوییەکەوە دەستیان پێدەکرد. باشە بەڕاست بۆ کوێ دەچوون؟... بۆ کوێ؟**

**لە تەنیشت باخچەکە بەو شەوە درەنگانە سەرهەڵدەبڕم و سەیری دەورووبەرم دەکەم. خاک یەکجار کشاوەیە،... یەکجار. تەنیا ئەوەندە بەسە رابم و ئەودیوی دیواری حەوشەکەمان بکەوم. تەنیا ئەودیوی دیوار!**

## لباسها

آن سالی که لباسها، تنها با خود، بدون وجود هیچ تن و روحی در درون، تنهای تنها با خاطراتشان به خانه‌هایشان بازگشتند، با خود قطراتی از رنگ سفید و سرخ به‌همراه داشتند که محله ما را در خود و در خلوت خود دچار تردید، بهت و سرانجام غمی بی پایان کرد. محله ما که نمی دانست می بایست رنگ سفید را باور کند یا رنگ سرخ را، رنگ سفیدی که طعم و بوی عرق و رنج و کار در طی سالیان دراز و مدید را می داد و رنگ سرخی که بوی پایان، یکی یکی همه لباسها را در آغوش کشید، و بعد از گریه و بوسه‌های بی پایان آنها را به درون اتاقهای نمناک و مرطوب و نیمه تاریک خود هدایت کرد، و بعد از مدتی باز همه را در همان گنجه‌های زهوار دررفته قدیمی جاداد که از قدیم الایام قبل از اینکه راه سفر در پیش گیرند، جایشان بود. گوئی محله ما بر این باور بود که آنها هنوز در درون لباسها می زیستند و هنوز این امکان وجود داشت که شبی از شبها، درست مانند سالهای قبل، کسانی در دل شب

پیدا شوند و با بیرون کشیدن آنها از اتاقها (و این بار از درون گنجه‌ها)، دوباره به همان جائی ببرندشان که در آن برای همیشه تنها ماندند. تنهای تنها.

محله ما، تا من، و نسل من و نسلهای بیشمار قبل از من به یاد دارند، مهربان و مهمان نواز بود. آنچنان که جلاد هم می توانست در کنار هر خانه‌ای اطراق کند، و به یکی از عادی ترین همسایه‌های دیوار به دیوار مردم مهربان کوچه‌های تودرتو تبدیل شود. و ازقضا جلادها، همسایه هم بودند. سر هر کوچه و در انتهای هر گذری یکی از آنها اطراق کرده‌بود. آنها مانند مردم محله ما صبحها از خواب بیدار می شدند، با زن و بچه‌هایشان صبحانه می خوردند، بچه‌ها را به مدرسه می فرستادند، شب به خانه برمی گشتند، شام می خوردند، به تلویزیون نگاه می کردند و سرانجام در اتاق خوابهایشان مثل همه مردم محله ما عشق می ورزیدند. من هنوز که هنوز است نمی دانم آنها کجا و چطور جلاد شدند و بودند. من این را نمی دانستم تا آن روزی که لباسها تنها برگشتند. آن روز آنان، جلادها، درها را بر روی خودشان بستند و تا صبح روز بعد در خلوت پستوهای خودشان دعا خواندند. دعاهائی از جنس اراده و شاید پشیمانی. اینکه خداوند بخشنده و مهربان است و می

تواند هرکسی را علیرغم هر عملی که مرتکب شده است را سرانجام ببخشد. آن شب، خانه‌های آنان، تاریکترین خانه‌های محله ما بودند.
اما لباسها، سالهای سال کجا بودند؟... از کجا می آمدند؟ این را همه هم می دانستند، و هم نه. همه به خانه‌های تلنبار کنار هم روی آن تپه‌های ماهور شمال شهر اشاره می کردند که در خلوت شب از آنان صداهای عجیب وغریب و ترسناک به بیرون تراوش می کرد، صداهائی از تبار جیغ، فریاد، و نعره‌های هولناک در پشت دروازه‌های آهنین با سگهائی که زوزه‌اشان از گرگ زوزه‌تر بود. سگهائی از برنز که بالاخره بعلت کهولت وجود، و گذر سنگین از یک تاریخ بدون ابتدا و پایان، سرتاپا زنگ زده‌بودند. زنگ زدگانی هنوز بشدت زنده. مردم محله ما برای آن خانه‌ها هنوز نامی نداشتند. موقعی که در باره‌اشان صحبت می کردند، تنها ضمایر "آنها"، "آنان"، و "آن" را بکار می بردند. ضمایری که در هنگام گذر جلادها هم برزبان آوردنشان ممنوع بود.
در همان روزهائی که محله ما سرگرم برگشتن لباسها و پیشوازی از آنان بودند، سربازان هم بعد از سالها از جنگ برگشته و در حالیکه تفنگهایشان را بر لبه بامها آویزان کردند و رختهای گردگرفته و کثیف خود را در گوشه و کنار کوچه‌ها و حیاط بر روی زمین انداختند، به

**درون اتاقها رفته و در پی زنده‌کردن خاطرات سالها پیش، روی زمین از فرط خستگی ولو شدند.**

**تا اینجای کار مشکل نبود. مردم که با برگشتن سربازان (هرچند تعدادی از آنان زخمی و ناقص العضو شده‌بودند)، مرهمی بر زخم عمیقشان گذاشته شده بود، سعی کردند خاطره تلخ لباسها را بنوعی فراموش کنند. اما مشکل از آنجا شروع شد که سربازان بعد از اینکه خستگی اشان دررفت و لمیده بر زمین، چندی با خاطرات تلو تلو خوردند، بسوی گنجه‌ها رفتند تا با پوشیدن جامه‌های نوین یکبار برای همیشه گذشته جنگ آلود خود را به فراموشی بسپارند.**

**مادران فریاد زدند که نکنند! اما دیگر دیر بود. سربازان بی خبر از تاریخ محله، لباسها را پوشیدند و در خنکای غروب بیروم آمده تا کوچه‌های محله را گردشی کنند، ... و کردند.**

**اما به یکباره افق محله را رنگ دیگری گرفت و جلادهای همسایه بسرعت از خانه‌هایشان بیرون آمده و در همان افق رنگ نوین، مثل مه بی شکلی گم شدند. واقعیت این بود که دورتادور محله را آدمهائی از جنس سایه گرفته بودند با تفنگهائی از همان جنس تفنگهای سربازان از جنگ برگشته. آنان به گمان اینکه زندگان قدیم درون لباسها، دوباره از**

گورهایشان برخاسته و با پوشیدن همان لباسها درصدد تکرار تاریخ گذشته هستند، شتابان به سوی کوچه‌های غروب آن روز غریب شتافته بودند. اما از طرف دیگر، سربازان هم به یکباره با پوشیدن لباسها، متوجه تاریخ محله ما شدند، تاریخی که جنگ باعث عدم آگاهی از آن شده بود.

سایه‌ها مانده‌بودند چکار کنند، و سربازان سرشار از خاطرات مردگان نیز مانده بودند تاریخ بازیافته اتفاقی را چطور در سینه‌های پر از دود میدان جنگ خود هضم کنند، و درست آنگاه که در افق محله، این دو جمع بهم رسیدند، ابتدا چنان سکوت سنگینی دنیا را فراگرفت، که یکی از کودکان محله ما سرانجام فرصت یافت تا قرآن را که بزور ملای پیر چندین صد ساله نتوانسته بود ازبرکند، در چند لحظه حفظ کند. پس از گذشت لحظاتی چند، سایه‌ها توانستند به علت فرمان رئیس خود زودتر از سربازان بر تردید نفس گیر خود غلبه کرده، و از تفنگهایشان بخواهند که شلیک کنند و بر تاریخ زنده، یکبار دیگر مهر و نشان تاریکی و حرمان و پایان بزنند. تفنگها بی مهابا غریدند و خروشیدند، اما در آن طرف هم سربازان که یکدفعه کل ماجرای تاریخ دستشان آمده بود، خیلی سریع روی زمین خوابیدند و یا در گوشه و کنار کوچه‌ها

**شتابان پناه گرفتند. گلولەها غران گذشتند بدون آنکه کسی را با خود ببرند، و این اولین بار در تاریخ محله ما بود که گلولەها بدون ادای وظیفه خود گذشتند،... و چه غمگین و خشمگین گذشتند.**

**از آن روز، محله ما، محل درگیری میان سایەها و سربازان از جنگ برگشتەای است که به شیوەای اتفاقی با پوشیدن لباسهائی از جنس خاطره، به عمق تاریخ آشنا شدند و دیگر چارەای نداشتند جز ماندن در آن تاریخ و ادامه آن. دراثنائی که مدام صدای قرآن خوان پیری می آید که می پندارد آوایش سرانجام صلح بهمراه خواهد آورد.**

## ئاوێنە

ئەو ساڵەی ئەو لەبەر ئاوێنەکە خەریکی داهێنانی پرچی خۆی بوو، فڕۆکەکانی سوپای وڵاتی دراوسێ بە تەمای بوردومانکردنی شار، گەیشتنە ئەو ئاسمانە سامالەی وا ئەو خەونی عیشقی تیادەبینی. ئاوێنەکە، کە لە دایەگەورەی دایەگەورەیەوە بۆی بەجێمابوو، ئاماژەی پێدا خۆی بشارێتەوە، بەڵام ئەو ئەوەندە خەریکی جوانیی خۆی بوو و، ئەوەندە لە ئیشقێکی خەیاڵیدا نوقم ببوو کە نەیدەتوانی سەرنجی هیچ ئاماژە و ئیشارەتێکی تر لە لایەن ئاوێنەکەوە بدا. لای ئەو، ئاوێنەکە تەنیا، ڕەمزی جوانی بوو و بەس.

فڕۆکەوانەکان لەو سەرەوە سەرەتا لە هەموو ئەو بنکە سەربازییانەیان ڕووانی وا بە دەوروبەری شارەوە لێرە و لەوێ بە سەر قوتە و تەپۆڵکە و پێدەشتەکانەوە دەبینران. ئەوسا یەکیان خۆی جیاکردەوە و بەسەر سەری هەموویانەوە کەوتە خولانەوە بۆ ئەوەی فرمانیان پێبدا کوێ و چۆن بوردومانیان بکەن، بەڵام ڕێک لەو کاتەدا لە پەنجەرەکەوە تیشکی ئەو ئاوێنەیە لە چاوەکانی دا وا دیمەن و ڕوخساری جوانترین کچی

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا شەوقی دەدایەوە. کچەکە بەو پرچە جوان و خاوانەوە، بەو نیگا شینانەوە، ئەوندە ژیکەڵە و جوان دەینواند کە هەرچی بنکەی سەربازی و فڕۆکەی شەڕکەری هاوڕێی بوو، لەبیری چووەوە و تەنیا نوقمی دیمەنە دەگمەنەکەی بەردەمی خۆی هەڵگەڕا. فڕۆکەوانەکە کتوپڕ وەها هەستی رۆمانسیەت دایگرت کە بە فڕۆکەکەیەوە وەک کۆتر کەوتە تەقلە و پشتەک لێدان، وەک شێت پڕ بەو ئاسمانە هاواری دەکرد و سوپاسی خودای دەکرد کە توانیبووی وەها بوونەوەرێکی سەرتاپا چێکراو لە جوانیی رووت و ناب بخوڵقێنێ. فڕۆکەکانی تر کە چاوەڕوانی فرمانی هێرش بوون و هەراسانی ئەو چوارلوول و دوو لوولانەی بوون وا لە حەشارگەکانەوە تەقەیان لێدەکردن، بە بینینی ئەو دیمەنە دەگمەنەی فەرماندەکەیان واقیان وڕماو لە حەژمەتی رق و تووڕەیی خۆیان نەیاندەزانی چبکەن.**

**لەو خوارەوە، لەسەر زەوی، کچەکە کە ئاگای لە دونیای دەرەوە نەبوو، بە هەڵکەوت لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی ئاسمانی بەرز و شین و ساماڵی کرد و، بزەیەکی پڕ لە بەختەوەریی و لێوالێو لە ژیان، لێوە ناسک و ئاڵەکانی تەنی. هەر لەو کاتەدا کتوپڕ چاوی بەو باڵندە سەیروسەمەرانە کەوت بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە. ئارام دەستی لە**

شانەکردنی قژەکانی هەڵگرت و بە کاوەخۆ چووە بەر پەنجەرەکە. بیری کردەوە نەکا ئەو باڵندانە بن وا ئەو ساڵانی ساڵ بوو چاوەڕووانیان بوو، ئەو باڵندانەی بەڵێن بوو پەیامێک لە شوێنێکی نادیارەوە بێنن، پەیامێک لە رەگەزی ئەو خەیاڵانەی لە دایەگەورەیەوە لە ئاوێنەکەدا بە نەوتراوەیی بەجێمابوون.

لە حەوشەکە وەک هەمیشە درەختە سێوەکان و گوڵەکان خەریکی خۆخەملاندن لە بەر شنەی بایەکی نادیاردابوون. رەنگی خۆڵەمێشیی دیوارەکان لە نێو هەوادا خۆیان پڕش و بڵاودەکردەوە و زەردەواڵەیەک لەو نەختە ئاوە خۆی نزیک دەکردەوە وا لە تەنیشت شلینگی ئاوەکەدا لە سەر زەوی مابووەوە. بەڵام،... بەڵام باڵندەکان دیارنەبوون! لە کوێ بوون؟ چاوێکی بە قەراخ و قوژبنی حەوشەکەدا گێڕا. حەوشەکە بێ ئەوان چەند خاڵی لە لوتف بوو. دەڵێی جوانی بە تەنیا مابووەوە، بە بێ جوڵەی بزوێنەرێک بۆ خۆ نیشاندان و خۆنواندن.

فڕۆکەوانەکە خەریکی مەلەق لێدانی خۆی بوو کاتێک هاوڕێکانی سەرئەنجام بڕیاریان دا ئاسمانی شارەکە بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانی خۆیان. کە گەیشتنەوە، بە تێکڕا راپۆرتێکی دوورودرێژیان لە سەر خیانەتی فەرماندەکەیان نووسی، ئەوەی کە یەک ئاوێنە

توانیبووی بیری وڵات لە مێشکی دەربێنێ و نەتەوەی پێ لەبیر بکا و بەو شێوە سوک و رەزیلانەیە لە بەرچاوی دوژمندا بکەوێتە سەما و تەقلەلێدانێکی ئابڕووبەرانە. سەرۆک بە بیستنی ئەم هەواڵە، وەها توڕەهەڵگەڕا کە هەرچی بڕنۆی دونیا بوو کۆی کردنەوە و لە باڵکۆنی پەنجەرەکەیەوە پێیان کەوتە تەقەکردن. بەو هیوایەی سەرئەنجام یەکێک لەو فیشەکانە بە هەڵکەوتیش بێ بگاتە فڕۆکەوانە خاینەکە و لە ئاسمانی شارەکەی دوژمن بەریبداتەوە. وەها، ببێتە پەند بۆ هەموو ئەوانەی لە کاتی شەڕی نیشتمانیدا ئەو جورئەتە بە خۆیان دەدەن ئاشق ببن و سەرفرازیی خاک لەبیربکەن. بڕنۆکانی سەرۆک هی دەیان ساڵ لەوە پێش بوون و کەچی ئەو هێشتا پێی وابوو باشترین چەکی دونیان، وەها کە بۆ راویش هەر بەوانەوە دەچوو. ئەو بڕنۆیانەی بۆنی ئاسکیان گرتبوو!

کچەکە ئارام بەرەو ئاوێنەکە گەڕایەوە. ئەو هێندە دوورییە، وەڕزی کردبوو. چ دەبوو یەکجار بۆ هەمیشە توانیبای ئاوێنەکە لە دیوارەکە بکاتەوە و لە گەڵ خۆی بیگێڕێ، لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور، لە ماڵەوە بۆ حەوشە، لەم درەختەوە بۆ ئەوی تر، لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵی تر. بەڵام،... بەڵام ئاوێنەکە بۆ هەمیشە بە سیحرێکی سەیر بە دیوارەکەدا

داکوترابوو،... وەها جیانەدەکرایەوە. هیچ دایەگەورەیەک نەیتوانیبوو جیای بکاتەوە. ئەوان تەنیا دەبا لە ژوورەکەدا خۆیان جوان بکەن و پرچیان دابێنن. ئەوان دەبا تەنیا لە ئاوێنەکەدا باسی نهێنییەکان و حەزە دەروونییەکانی خۆیان بکەن. کە گەیشتەوە بەر ئاوێنەکە، کتوپڕ لە جیاتی خۆی، وێنەی چوار ژنی دیکەی بینی. ژنەکان قژ و روخساری خۆیان دەڕنی و هاواری شتێکیان لێدەکرد. ئەم کە تەنیا جوڵە و سەمای لێوەکانی ئەوانی دەبینی، لە خەیاڵی ئەوەیدا دەیانەوێ باسی سەرگوزەشتەی خۆیانیان بۆ بکەن، کەوتەوە شانەکردنی زوڵفەکانی خۆی و لەبەرخۆیەوە بە خۆی گوت کە رۆژێک دەبێ دانیشێ و بە دڵ گوێ لە چیرۆکەکانیان بگرێ.

لە دەرەوە، فڕۆکەوانەکە، کە ئیستاکە بە تەقلەلێدان گەیشتبووە شاخەکانی دەرووبەری شار، دەستی کرد بە گیرفانیدا و ئەو چارەکە ویسکییەی دەرهێنا کە بە دزیی سەرۆکەوە لە گیرفانی شاردبوویەوە. لە هەموو ئەو چارەکە، توانیی تەنیا قومێک بخواتەوە و ئەوی تر رژایە ناو فڕۆکەکە، یاخود بە سەر جل و بەرگەکانیدا. بۆنی ویسکی تێکەڵ بە دوکەڵ و بەنزین بوو و دڵ و دەروونی تێکدا. هەستی بە حاڵەتی رشانەوە کرد. ئەوسا دەستی کرد بە گیرفانەکەی تریدا و سیگارێکی

بەغدای دەرهێنا و بە موتۆڕی فڕۆکەکەی دایگیرساند.بە دەم تەقلەلێدانەوە، مژێکی وەهای لێدا کە ئاسمانی شار لە سامالەوە سەرتاسەر بوو بە هەور، هەورێکی وەها چڵکن و ڕەش کە هەتا ئیستاکەیش ئاسمانی شاری بەرنەداوە و هەر لێیەوە چڵکاوێکی سەیر بەسەر خاکدا دادەبارێ.

کچەکە دیسان بیری باڵندە سەیرەکان کەوتەوە. دیسان بەرەو پەنجەرەکە گەڕایەوە. بەڵام ئەمجارە لە جیاتی ئاسمانی ساماڵ بە سەر هەوایەکی لێڵ و گوشراودا کەوت. هەوایەک لە ڕەگەزی ئەو کاتانەی بەڵێنی پەیامەکان تێیاندا ژێر پێ دەخرێن. خەمێکی سەیر دڵە گچکە و ئاڵەکەی لە خۆگرت. بیری کردەوە نەکا دایەگەورەکان یەکجار بۆ هەمیشە تەسلیمی ناهومێدییەکانیان بووبێتن. دوو قەترە فرمێسکی ئاڵ بە گۆنا خەیاڵییەکانیدا ڕژانە خوارەوە.

فڕۆکەوانەکە بە دیتنی فرمێسکەکان ئەوەندەی تر شێت بوو. سوێندی خوارد کە گەڕایەوە بۆ وڵات، بەڵێن بێ هەرچی ویسکیی باڕەکانی بەغدایە بیانکڕێ و بە یەک شەو بیانخواتەوە و ئەوسا بۆ ڕۆژی دوواتر مەستی مەست باسی هیچ و پوچیی شەڕ بکا، باسی ئەوەی کە لەو وڵاتەی ئەو وا بەڵێن بوو بوردوومانی بکا، کچێکی ئەوەندە جوانی

لێدەژی لە رەگەزی خودی خۆشەویستی. ئەوەی کە لە سەرۆکەکان گەمژەتر و نامەردتر لە دونیادا دەست ناکەون، ئەوەی کە فڕۆکە تەنیا بۆ تەقلەلێدان باشە و بەس.

دایەگەورەکان کە نەیانتوانیبوو کچەکە لە قسەکانی خۆیان تێبگەیەنن، نائومێدانە بەرەو دیوی ناوەوەی ئاوێنەکە کشانەوە و دیسان جارێکی تر بۆ هەمیشە ون بوونەوە. کچەکە بە بزربوونیان، خۆشییەک لە دڵیدا گەڕا و بە خۆی گوت ئیدی هەر کەسەو سەردەمێک. ئەوسا سەردەمی وەک شانە و قژێک هاتە بەرچاو کە هەر جارەی بە دەست و سەری کەسێکەوەیە. لێرەدا وەها دڵی تەنگ هەڵگەڕا کە شانەکەی بە توندی بە ئاوێنەکەدا کێشا. ئاوێنەکە بۆ یەکەم جار لە دووای ساڵانی ساڵ، درزێکی تێکەوت و لە درزەکەوە بۆنێکی سەیر و نەرمە دووکەڵێکی عەجایەب هاتە دەرەوە و ژوورەکەی تەنی.

فڕۆکەوانەکە بە دەم تەقلەلێدانەوە کتوپڕ چاوی بە سیمایەکی دووشەق کراو کەوت کە بۆنی رابردووی دەدا. ئەوسا ئەو دووکەڵەی بینی بەرەبەرە سیماکەی لە خۆ دەگرت. چ روویدابوو؟ چلۆن دەکرا کتوپڕ هەموو شتێ ئەوەندە خێرا گۆڕانی بەسەردابێ؟ کەوتەوە بیری کە جارێ سەرۆک لە کۆبوونەوەیەکدا پێی گوتبوو جوانیی ژن وەک جوانیی گوڵە،

دوو رۆژە و بەس، بەڵام جوانیی وڵات هەمیشەییە. ئیتر هەم مەستی لە کەلەسەری پەڕی و هەم تامی جگەرەکە سییەکانی جێ هێشت. ئارام فڕۆکەکەی خستەوە سەر باری ئاسایی خۆی. دەستێکی بە قژ و سەری خۆیدا هێنا. یەخەی کراس و یۆنیفۆرمەکەی رێک و پێک کردەوە. ئەوجا وەها رق و توڕەییەک لە خۆی دایگرت کە لەوانە بوو خۆی بە بێ پەڕەشوت بخاتەو خوارەوە. باشە ئیستا چلۆن وەڵامی سەرۆک و نیشتمان بداتەوە؟ چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. کەسی لێنەمابوو. کتوپڕ زانی چ قەوماوە. نوکی فڕۆکەکەی وەرگەڕان و بەرەو شار گەرایەوە. بەرەو ئەوماڵەی وا ئەوی چەواشە کردبوو. بێگومان ئەمە فێڵێکی تری دوژمن بوو بۆ بەلاڕێدابردنی ئەوان. ئەو دەبێ یەکجار بۆ هەمیشە ئەو تەکنۆلۆژیا نوێ و پڕ لە مەترسییەی دوژمن لەناو ببات،... ئا، لە ناوی ببات پێش ئەوەی فریای پیلانی تر بکەوێت.

کچەکە لە ترسی ئاوێنەکە هەڵاتە دەرەوە. بۆنەکە، بۆنی هەرە کۆنی دەدا و دووکەڵەکە لە رەگەزی قوڵترین هەناسەکانی دەروونی مرۆڤی مێینە بوون. ئاە حەوشە! ئەو دەبێ بگاتە ئەوێ،... دەرەوە! لای درەخت و گوڵ و زەردەواڵە و باڵندە بزرەکان. ئیستا دەزانێ چ حیکمەتێک لە ونبوونی باڵندەکاندا هەیە. ئیستا دەزانێ بۆچی زەردەواڵەکە دەیەوێ لە

ئاوەکە نزیک بکەوێتەوە. کتوپڕ رازی دونیا بە تەواوی لە بەر چاویدا ئاشکرا بوو. کەواتە هەموو شتێک بریتی بوو لە قومێک و بەس، لە فڕینێک و بەس. ئەو دەبێ بگاتە باڵندە ئاسنینەکە. حیکمەتێک لە هاتنی دا هەبوو.

کە گەیشتە حەوشەکە، فڕۆکەکەیش هاتبووەوە هەمان شوێنی یەکەم، رێک ئەو شوێنەی وا بۆ یەکەم جار کچەکەی بینیبوو. لەوێوە سیرەی لە خانووەکە گرت. ئۆخژنێک بە دڵیدا گەڕا. مرۆڤ گەر بیەوێ چەند ئاسان دەتوانێ پەڵەکانی ژیانی بسڕێتەوە. تەنیا پەشیمانی بەسە. کە لە نیشانەگرتنەکەی دڵنیا بوو، قامکی بە دوگمەکەدا نا، بەڵام،... بەڵام هیچ شتێک رووی نەدا. چ روویدابوو؟ بیری کردەوە. ئەها!... لە کاتی تەقلەلێدانەکاندا هەرچی بۆمب بوو لێی کەوتبوونە خوارەوە. دونیا لەبەرچاوەکانیدا رەش هەڵگەڕا. لەمە خراپتر نەدەبوو. شەرمێکی وەها لە خۆی دایگرت کە چاوەکانی بۆ ماوەیەکی چاک قونجاند. ئەوسا گەیشتە بڕیارێکی دەگمەن و سەیر. بیری فڕۆکەوانەکانی شەڕی دووهەمی جیهان کەوتەوە، فڕۆکەوانە ژاپۆنییەکان. ئەوانەی وا خۆیان بە فڕۆکەکانیانەوە بە کەشتیی ئامریکاییەکاندا دەکوتا.

**کاتێک ئەو بەرەوخوار بووەوە و پێش مەرگ بۆ هەمیشە بزەیەکی پڕ لە سەرکەوتن لێوە وشک و ماندووەکانی تەنی، لە وڵاتی سەرۆک ساڵانی ساڵ دوواتر، کەسێک بە ریشێکی درێژ و پان، وەها کە هەموو روخساری داپۆشیبوو، بە جل و بەرگێکی رەش، باسی لە شێوازی شەڕی ئەو فڕۆکەوانەی دەکرد لە دژی کچێکی هەوسبازی سەربازخەڵەتێنەر کە خۆکوژیانە پیلانێکی سەیری دوژمنی پوچەڵ کردبووەوە. ئەو بە هاوڕێکانی دەگوت خۆتەقینەوە تەنیا چەکی کاریگەر و تەنیا رێگای سەرکەوتنە. ئا،... لەم دەورەو زەمانەدا!**

## ژنە سۆزانییەکە و مرۆڤە مێژووییەکان

ژنە سۆزانییەکە لە هەر چی پیاوی شار وەڕەز ببوو و حەزی دەکرد لە گەڵ پیاوێکی بەناوبانگی ناو مێژوو سێکسی هەبێ، بەڵام نادڵنیا لەوەی کە داخۆ پارەی دەدەنێ یان نا، لە تەنیایی خۆیدا لێوی خۆی دەکرۆشتەوە و بە چاوە رەشە پڕ لە ناز و غەمزە و دڵەڕاوکێکانیەوە سەیری ئەو پەڵە هەورەیەی دەکرد وا لە نێوان باڵاخانەکانەوە بەو ئاسمانەوە کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە و، بەتەمایە بەرەو کوێ بچێ.

لە مێشکی خۆیدا هەوڵیدا هەندێ لە پیاوە مێژووییەکان بەسەربکاتەوە. بیری لە هیتلەر کردەوە. دەیزانی لە گەڵ ئەوەی خۆشەویستی هەبووە و

**حەزی بە لەباوەشگرتن و راموسانی کردووە، بەڵام موشکیلی دەربڕینی هەبووە. ئەوەی کە هەوڵی دەدا هەمیشە جددی و پیاوانە بێ و ژنەکەی وا تێنەگا کە ئەم پیاوە مێژووییە گەورەیی و مەزنیی خۆی لە ئاست ئەودا دۆڕاندووە. تەنانەت دووا ڕۆژ کاتێک هێزی سۆڤیەت لە بەرلین نزیک دەکەوێتەوە و هیتلەر نائومێدانە بڕیاری خۆکوژی دەدا، بە روخسارێکی سارد و بە دەنگێکی زبر و نیگایەکی بەتاڵەوە دەمانچەکەی دابووە دەست ژنەکەی. ژنە سۆزانییەکە بیری کردەوە پیاوە گەورە مێژووییەکان چەند سارد و زبر و بەتاڵ دەمرن.**

**بیری ئێرنست همینگوای ش کەوتەوە. همینگوای ژنی هەبووە، کەچی ئاشق ببوو و دوواتر هەوێنی سەرەکیی ژیانی خۆشەویستیی ئەو، ئەم ئەشقە پڕ لە خەیانەتەی بووە. ئێرنست لە هیتلەر نەدەچوو و بە تەواویی لەم بارەیەوە جیاواز بوو. شێت و شەیدای خۆشەویستەکەی بوو و دەیتوانی شێتانە لە هەر شوێنێکی وا هەستی دەبزاوت، سێکسی لە گەڵدا بکات. نەدەپرینگایەوە لە دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی. بەڵام ئەویش،... ئەویش سەرئەنجام ڕۆژێک بە تفەنگەکەی لە کاتی راو، خۆی کوشت و کۆتایی بە تەمەنی خۆی هێنا. ژنە سۆزانییەکە بیری کردەوە پیاوە مێژووییەکان لە تەنیایی خۆیاندا لە ناو دارستانێکی**

غەریب بە دەستی ئاسنێکی سارد کۆتایی بە ژیانیان دێ. هەروەها بڕوایش ناکا همینگوای وەک هیتلەر قەت نە دەرفەت و نە حەزی ئەوەیشی هەبووبێ کە پارە بە سۆزانییەکان بدا. پیاوە مێژووییەکان ئەوەندە ژنیان بە دەورەوەیە کە پێویستیان بە لەشفرۆشەکان نەبێ.

ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و چاوی لە پەڵە هەورەکە هەڵگرت و لە دەروونی خۆیدا بەزەیی بە پیاوە مێژووییەکاندا هاتەوە.

- "ئەوان چەندە گوناحن! وا قەت نەیانتوانی بە دزییەوە، شەوێک لە شەوەکانی ژیان، لە سوچێکی شەقام و کۆڵانە چۆڵەکاندا سۆز لە گەڵ سۆزانییەکان بگۆڕنەوە!"

ئارام جانتا ژنانەکەی کە لە تەنیشتیدا لە سەر زەوی کەوتبوو، هەڵگرتەوە و پەشیمان لەوەی ئەمڕۆ وەک هەمیشە هاتبووە دەرەوە و لە سەر شەقام چاوەڕوانی مشتەری مابووەوە، بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتەوە. قەت ئەوەندە حەزی لە ماڵەوە نەبوو. بیری سەردەمی منداڵی کەوتەوە، کاتێک پاییزان دایکی چراعەلادینەکەی هەڵدەکرد و کتری و قۆری سەردەخست و بە چواردەوری ژوورەکەیشدا باڵنج و پشتی و ڕێخەری دادەنا. جاری وابوو کترییەکە وەها دەکوڵی کە شووشەی پەنجەرەکان دەرەوەیان لێ ون دەبوو.

بەدەم ریگاوە لە پیاوەکانی دەڕوانی. هەر هەموویانی دەناسی. نەک تەنیا ناسینی روخسار، بەڵکوو جەستەیشیان. ئەو شوێنەی وا بۆ زۆر کەس رازێکە و بەس. تەنانەت دەیزانی لە کاتی سێکس دا چلۆن هەڵسوکەوت دەکەن، دەنگیان، هەناسەیان و وشە و رستەکانیان. ئەو رستانەی تەنیا لە کاتی هەڵچونێکی پڕ لە خۆشی و پڕ لە غەریزەدا خۆیان دەردەخەن و بەرگی بوون لەبەردەکەن. سەیری ئەو سیما مۆن و ناوچاو گرژانەی کرد وا لە کاتی دیکەدا لە منداڵ دەستەمۆتر دەبن. بیری کردەوە گەر بیەوێ کتێبێک لەسەر ئەمە بنووسێ، چ کتێبێک دەردەچێ. ئەم بیرە بێ قەراری کرد.

هەر کە گەیشتە ماڵەوە و خۆی گۆڕی و لە تەنیشت زۆپاکەیدا دانیشت، دیسان بیری پیاوە مێژووییەکان کەوتەوە. بە بیری تاوێ لەمەو پێشی خۆی پێکەنینی هاتێ. مێژوو مێژووە و ئەم چلۆن دەتوانێ بیگێڕێتەوە بۆ ئیستا. پیاوە مێژووییەکان بۆ هەمیشە ون بوونە، وەک کات، وەک رووداوە مێژووییەکان و وەک حەزە گەورەکان. "ئیستا"ی وەک خۆی هاتە بەرچاو، وەک ژنێکی سۆزانیی چاوەڕوان لە قەراخ جادەدا بۆ ئاڵوگۆڕی سۆز بۆ لایەک و پارە بۆ لایەکەی تر. ئەگەرچی دەزانێ کە لەشفرۆشەکان هەمیشە هەبوونە و هەمیشەیش دەبن، بەلام هەست دەکا

سۆزانییەکانی سەردەمی پیاوە مێژووییەکان هەم لە ژمارەدا و هەم لە دەرووندا جۆرێکی تر بوونە، جۆرێک بە تەواوی جیاواز لە ئیستا،... جیاواز چونکە ئەو کاتانە پیاوە مێژووییەکانیش هەبوون. کە پیاوە مێژووییەکان دێن، جا لە هەر جۆرێکیان، بە هۆی گەورەیی جەستە و ناویانەوە شەقام و کۆڵانەکان ئەوەندە بچوک دەبنەوە کە تەنیا جێگای ژمارەیەکی کەم لە سۆزانییەکان دەبێتەوە.

- "بێگومان گەر لەو سەردەمەدا ژیابام، ڕەنگە قەت چراعەلادینەکەی دایکمم لێ ون نەدەبوو،... لانیکەم من!"

بە دەم خەیاڵاتەوە خەو بردیەوە. کە خەبەری بووەوە، دونیا تاریک هەڵگەڕابوو. خواردنێکی سوکی سازکرد و پاش خواردنەوەی چایی، رادیۆکەی کردەوە. لە تەلەفزیۆن و کۆمپیوترەکەی وەڕەز بوو، وەک پیاوەکانی شار. دەرەوە، تاریکییەکی تێکەڵ بە سەمای تیشک، لە هەر جۆرێکی. جگەرەیەکی داگیرساند و هەوڵیدا بە دووکەڵەکەی، هەڵمی چراعەلادینەکەی دایکی بە سەر شووشەکاندا دروست بکاتەوە. هەوڵێکی بێسوود. دووکەڵەکە حەزی تەنیا بە سەقف بوو، بەو بەرزاییانە، وەک،... وەک پیاوە مێژووییەکان.

رادیۆکە پاش چەند گۆرانی، کەوتە سەر هەواڵەکان. گوێی راداشت. نازانێ بۆ، بەڵام ئەمجارە بە جوانی گوێی گرت. ئەوسا گوێی لە ناوە گەورەکان بوو. بیری کەوتەوە کە نا لەم سەردەمەیشدا پیاوە گەورەکان دەژین. یەک لە دووای یەک گوێی لەو ناوانە بوو وا وڵاتانیان ئیدارەدەکرد و بەڕێوەیان دەبردن، ئەو ناوانەی وا بە وشە رێگای داهاتوویان دەنەخشاند. بیری کردەوە، ئەو رەنگە ئەم ناوانەیشی بینیبێ، وەک هەموو ئەوانی تر. رۆژێک لە رۆژان لە سوچێکی تاریکی لاکۆڵان یاخود شەقام. کێ چووزانێ. شەوان، دەرەوە ئەوەندە روون نیە بتوانی هەموو رەنگ و شێوازی چرچ و حاڵەتەکان بخوێنیتەوە. بەتایبەت کاتێک ماندووی،... ماندوویی بۆنی دەم و ئارەقەی لەش و جوێنە پیسەکان. کتوپڕ هەست دەکا کە نا هیتلەری لەو کۆڵانەدا بینیوە وا کاتێک هەستایەوە چۆکەکانی گووپشیلە گرتبوونی، همینگوایش لەو کوتاڵفرۆشییەدا وا پارچە و قوماشەکانی بۆنی ناوگەڵی ژنە سۆزانییەکانیان گرتبوو. ئاه کە رقی لە پیاوە مێژووییەکانە! ئەو پیاوانەی کە دەگەنە ژێر پشتێنیان لە هەموو کەس نامێژوویی تر دەبن،... لە هەموو کەس، تەنانەت لە ئەو، لە ئەوی ئاشنای خشت بە خشتی ئەو دیوارانەی وا بەسەریاندا دانەویوەتەوە و دەستی پێوە

**گرتوون بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگەی تەکانە قورس و بێ بەزەییەکان بگرێ.**

**بۆ سبەی ئێوارە کاتێک دەچێتەوە شوێنی هەمیشەیی خۆی، هەوڵدەدا بە چاوێکی تر لە خەڵکە لە مێژینە ئاشناکەی بڕوانێ. ئیستا دەزانێ کە نا بە راستی نایانناسێ. ئیستا دەزانێ ناسین تەنیا دیتن و گوێگرتن لە قسە بێشەرمانەکانیان نیە. ناسین شتێکە وەک خودی مێژوو، دەبێ روخسارەکان بە مێژوویانەوە بناسێ. ناسین شتێکە وەک رابردوویش، نەک تەنیا وەک ئیستا،... بەڵام چلۆن؟... چلۆن بیانناسێتەوە؟ پێکەنینی بەم بیرەی خۆی دێ. هیتلەر بوو بە مێژوو، چونکە مرد، بەڵام،...بەڵام ئەمانە،... ئەم پیاوانە هێشتا دێن و دەڕۆن،... هێشتا دەژین. تا هەیشن دەتوانن مێژوو دەستکاری بکەن. ئەوەی کە ئەوە نین خەڵکی دەیڵێن. جەستەی سارد سارد دەبێتەوە. چەندە خۆی بێ دەسەڵات دەبینێ. ئەسڵەن ئەو چی و مێژوو چی؟ بۆ خۆی بەمەوە سەرقاڵ کردووە؟ ئەوێک کە تەنیا نوقتەیەک، پنتێک لە شەقامێک داگیردەکا؟ ئەو شەقامەی رەنگە رۆژێک پیاوێکی مێژوویی پیایدا تێپەڕێ، بە بێ ئەوەی باسی ئەو نوقتەیەی تیابکرێ. شەقام وەک شەقام ناوی**

دەمێنێتەوە، وەک گشتییەتێک، وەک دەروازەیەکی گەورە بۆ پەڕینەوە، نەک وەک خشت بە خشتی.

ئارام سەر بەرزدەکاتەوە و هەوڵ دەدا بیرە ئاڵۆزەکان لە خۆی دووربکاتەوە. جگە لەمە بۆ ئەو چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان پیاوێکی مێژووی و پیاوێکی سادەی ناو ئەم شەقامە. هەموویان لەو کاتەدا وەک یەکن. وەک یەک منداڵ و حەیوان و شێت و پڕ لە جوڵەی سروشتی. کێ دەتوانێ جیایان بکاتەوە؟ کتوپڕ بەزەیی بە ژنی پیاوە مێژووییەکاندا دێتەوە. ئەو بێچارانە نەیاندەزانی کە پیاوەکانیان تەنیا لە کاتی سێکس دا مێژوویی نەبوون و بەس. ئەو ژنانەی تەنیا دڵیان بە ناو خۆش بووە و بەس. ئەو ژنانەی گەر پیاوە مێژووییەکان سێکسیان لە گەڵ نەکردبان، قەت شوویان پێنەدەکردن و نەدەبوونە هاوسەریان.

پیاوێک کە رەنگە یەکێک لە پیاوە مێژووییەکانی سەردەم بێت لێی نزیک دەکەوێتەوە. پیاوەکە هەوڵدەدا خۆی بشارێتەوە. بە دەنگی نەوی قسەدەکا، پێی دەڵێ بۆ نەچن لەو تاریکییەدا مامەڵە بکەن، پێی دەڵێ تاریکی ئەمینترین شوێنی جیهانە. پێی دەڵێ تاریکی یەکێک لە سەرچاوە ئیلهام ئامێزەکانی شاعیرانە. دەڵێ لە تاریکیدا جەستەی ژن لووسترە، عەیبەکانی ون دەبێ. دەڵێ لەخۆوە نیە گڵۆپی شەوخەویان

**دروست کردووە،... گڵۆپێک بە تیشکێکی سووری کزەوە. سۆزانییەکە چەندە بە دڵ بە قسەی دەکا. دڵنیایە ئەم پیاوە یەکێک لەوانە،.. لە پیاوە مێژووییەکان. بۆنی ئۆتکلۆنە گرانەکەی تا ئەو سەر شەقام دەگا. هەتا لێدەبنەوە ئەو ئەم قسەی هەر لە دڵدایە کە گڵۆپی شەوخەوی سوور یەکێک لە ئارەزووەکانی ئەو بووە، هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە. لەو کاتەوەی بۆ یەکەم جار دڵی دایە کوڕێکی جیرانیان، ئەو کوڕەی وا هەمیشە تی شێرتێکی سووری لەبەر دەکرد. بەڵام قسەکە نادرکێنێ. دەزانێ پیاوە مێژووییەکان حەزیان بە بەدی هاتنی ئاواتەکان نیە، بە تایبەت ئاواتی ئەو، ئاواتی ژنە سۆزانییەکان.**

## پردی عوسمانی

ئەو نیوەشەوەی لە تاکسییەکە، لە سەر جادە تاریک و تەسکەکە بە باڵاخانە بەرزەکانەوە دابەزی، چەکدارەکان بە هەزاران کیلۆمتر دوورتر، خەریکی داڕشتنی پلانێکی سەربازیی تر بوون بۆ هێرشکردنە سەر یەکتر. ئەم ئارام کرێکەی دایە دەست شۆفیرەکە، جانتاکەی هەڵگرت و سەیری ئەو جووت گڵۆپە سوورەی کرد بە ئارامی لێی دووردەکەوتنەوە.

کە گڵۆپە سوورەکان لەچاو ون بوون، کتوپڕ تەنیایی و تاریکییەکی سەیر هەموو جادەکەی داگرت. کەس بەدەرەوە نەبوو. تەنانەت هیچ پەنجەرەیەک لەو هەزاران پەنجەرەیە کە دەیانڕوانییە سەر جادەکە، نەدەئایسا،... هیچیان ڕۆشن نەبوون. سەیرێکی لای چەپ و لای ڕاستی خۆی کرد. جادە لەوسەری خۆی لە ناو سێبەرێکی قورسدا ون دەبوو.

بۆنێكی نامۆ، لێی ئالا. تا ئیستا لە ژیانیدا وەها بۆنێک بەرۆكی نەگرتبوو. پەڕەی كەپۆی بە ئاستەم كەوتنە لەرینەوە.
بە كام لادا بڕوا؟ ئەم پرسیارە وروژاندی. ئەو كە تا ئێرە بە گوێرەی پلان و بەرنامەیەكی تا رادەیەک ورد رێگای بڕیبوو، كتوپڕ "رێكەوت" تەواوقەدد لە بەردەمیدا وەک پەیكەرێكی رەش قوت بووەوە. لە لای خوارووویەوە، بە دەستی راستدا پردێكی بچووک هەبوو، پردێک بۆ رێبواران. پردێكی كۆن و قەدیمی لە رەگەزی عوسمانیی كۆن. رەنگە لەو پردانەی كاتی خۆی سوپا بەسەریدا تێپەڕیبێ،... پەڕینەوەیەكی تر بەرەو شەڕێكی دیكە. ژێر پردەكە لە ئەم بەراوبەری خۆی تاریكتر دەینواند، وەک پەڵەیەكی رەش رەش لە سەر خەتێكی سێبەرئاسا. كتوپڕ بایەكی نیوەشەو هەڵیكرد و هەرچی خۆڵ و خاک و كاغەزی ژێر پردەكە بوو راپێچا و بە ئاسمانیدا كرد. نازانێ بۆ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی روو وەرگێڕێ، چەند هەنگاوێک بەرەو گێژەڵوكەكە رۆیی. وەک بڵێی نابێ تاقە هاوڕێی ئەو شەوە لەكیس خۆی بدا. بەڵام گێژەڵوكەكە كورت خایەن بوو. دووا كاغەز و لاپەڕە عاسییەكان پاش ماوەیەک نیشتنەوە سەر زەوی،... هەندێكیان لە بەردەمی ئەودا،... تەریک و وەڕەز و چاوەڕوان.

لەم کاتەدا چەکدارەکان هەڵیان کوتابووە سەر یەک و، خوێن ئەو کاغەزانەی خوساند وا بەڵێن بوو چەند رۆژی تر وشە پڕ لە خۆشەویستییەکان بۆ بنەماڵەکانیان بەرن. ئەم ئیستایش نازانێ چلۆن مرۆڤ دەتوانێ ئەوی تر بکوژێ و کەچی نامەی پڕ لە سۆزیش بۆ خۆشەویستەکانی خۆی بنووسێ! ئەم لێرەیشەوە گوێی لەو نەعرەتانەیە وا تەنانەت دووای تەواوبوونی پێکدادانەکانیش لە پێدەشت و سەحراکاندا هەر دێن و دەچن. دەنگە بەسامەکانی خۆسەپاندن.

سەیری دەستی چەپی خۆی کردەوە، رێک سەیری ئەو رێگایەی تاکسییەکە تێیدا ون بوو. ئەو رێگایەی لەوسەری خۆی لە ناو سێبەری قورسی نیوەشەودا ون دەبوو. ئەو، عادەتی بەم جۆرە رێگایانە بوو. دەبا ئەمەیان بگرێتە بەر. حەزی بە رێگایەک نیە کتوپڕ لە ناوقەدیدا رەش رەش هەڵدەگەرێ. ئەو تەنیا تامەزرۆی رێگایەکە، کە لەو سەری خۆیدا لە دوورە دەستەکاندا رەشایی دەیباتەوە. ئاخر هەمیشە هومێدێک هەیە کە ئەو رەشاییە رەشایی نەبێ. ئا، هومێدێک هەیە. وەرێکەوت. باڵاخانەکان بە چاوە کوێرەکانیانەوە، هێشتا نەیاندەویست بیبینن.

سەیری ئەو کۆڵانانە دەکا دێنەوە سەر جادەکە. ئەوانیش بێ چرپە و بێ سرتە. بیر دەکاتەوە باشە ئەمە چ جۆر شار و پایتەختێکە. ئەویش رێک

**لە سەنتەریدا. داخۆ دەکرێ شارێک وەها خەوی لێبکەوێت؟ وەها، وەک مردوویەک؟ شتێک هەڵە بوو،... یەکجار. نەکا دەیانزانی کەسێکی وەک ئەو ئەمشەو لە سەر ئەم شەقامە دادەبەزێ! بەم بیرەی خۆی بزەی هاتێ، بزەیەکی تاڵ. پێیان گوتبوو گەر بڕۆی تەنیا خۆت خۆت دەناسیتەوە. دەبیتە نامۆترین بوونەوەری سەر رووی زەوی، لانیکەم لە خۆت. گوتبوویان لە ژێر هەر درەختێکدا دابنیشی، دەستبەجێ پیردەبێ و دەگاتە پاییز. ئەمیش چەندە ئەو خەڵکە بێ بەزەیی دەبینێ. ئاخر چلۆن دەکرێ ئەوێک کە لە دەروونی خۆیدا خاوەنی گەورەترین ئارەزووەکانی باش و خاوێن و جوان بوو بۆ مرۆڤەکان، دەبێ ئاوا تەنیا بکەوێتەوە و ئاوا سروشت بگەیەنێتە پاییز.**

**لەم کاتەدا بەشێک لە چەکدارەکان بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوتبوون و خەریکی خوێندنی سروودی سەرکەوتن بوون. هەندێکیان هەڵدەپەڕین و هەندێکی تریشیان لە ناو تاریکیی نیوەشەودا، بە دوور لە چاوی ئەوانی تر بە خەیاڵی ژن و دەسگیرانەکانیانەوە یاخود ژنە دراوسێکانیانەوە، دەستپەڕیان دەکرد. سەحرا بۆنی ئارەقە و خوێن و شەهوەتی گرتبوو. کتوپڕ هەستی کرد ئەم جادەیەیش رێک ئەم بۆنانە دەدا، تێکەڵێک لە ئارەقە و خوێن و شەهوەت. نا،... ئا،... هەڵبەت بە**

کەمێک جیاوازییەوە. هەوڵدەدا جیاوازییەکە بدۆزێتەوە. عەقڵی نایگاتێ. بیردەکاتەوە رەنگە لانیکەم دانێ لەم سیانە بزرە و شتێکی تر جێگای گرتووەتەوە.

دەڕواو دەڕوا. جادە کۆتایی نایێ. هەست دەکا تاریکییەکەی ئەو سەر دەکشێ و دەکشێ،... دوور و دوورتر دەکەوێتەوە. هەست بە قورسایی شانەکانی دەکا، هەروەها هەنگاوەکان. بەڵێن نیە یەک رووداو یاخود یەک دیمەن ببێ بە هەموو ئەو رێگایەی بە بەریەوە ماوە. سەفەر، لە رەنگاوڕەنگیی خۆیدا بەمانایە. جانتاکەی لە کۆڵی دادەکەنێ و بە دەستییەوە دەگرێ. بە دەستەکەی تری لە کردەیەکی نەخوازراو و خێرادا هەوڵدەدا شتێک لە هەوادا بگرێ، شتێک وەک پاشماوەکانی خۆری ئەمڕۆ. ئەو دڵنیایە، لە تەواوی تەمەنی کورتیدا دڵنیابووە، کە لە ناو رەشترین و تاریکترین رەنگدا، گەشییەک دەستدەکەوێ، هەروەک چۆن لە ناو گەشتریندا، تاریکیی و رەشیی. دڵی جارێکی تر تەنگ دەبێ. ئەم بۆچوونە هەمیشە دڵی تەنگ کردووە، ئەگەرچی قەت وازی لە هومێدەکانی نەهێناوە.

لە دوواوەوە یەکێک لە چەکدارەکان لە ناو سەنگەرەکەی خەوی لێدەکەوێ و ئاگای لەو دووپشکە نابێ لە رانی نزیک دەکەوێتەوە. کە

پێیەوە دەدا، لە ماندوویدا خەبەری نابێتەوە. بۆ سبەی کاتێک هاوڕێکانی دێنە سەر تەرمەکەی، راپۆرت بەرزدەکەنەوە کە ئەو شەوە لە ترسانا دڵی تۆقیوەو مردووە. لە ترسی دوژمنی غەددار! ئەم لێرە، لە ناو ئەم شەقامە تاریکەدا دڵنیایە لەوەی سەربازی ترسنۆک قەت ناتوانێ خەوی لێبکەوێ، کەواتە مەرگی ئەو سەربازە وەک هەمیشە هۆکارەکەی رووداوێکی سادەیە، رووداوێکی وەک فیشەک یاخود ئەو دوپشک و مارە سەرگەردانانەی لە شەوی سەحرادا عەوداڵی پاروویەک نانن، ئەگەرچی فیشەک و تۆپ و هاوەنی دونیایش بە سەریاندا باریبێ.

هەنگاوەکانی خێراتر دەکا. پێی سەیرە مەرگ ناتوانێ بۆنی ئارەقە و خوێن و شەهوەت بسڕێتەوە. تەواوی سەحرا مەرگەو کەچی بۆنەکەی ونە. کە دایکی بە دووای ئەودا جامۆڵکە ئاوەکەی رشت، پێی گوت لانیکەم تۆ بڕۆ، بەڵکوو ئەم رۆیشتنە رێگایەکی تر بۆ دەربازبوون پیشان بدا. ئەمیش رۆیشت. نەک لەبەر خۆی، بەڵکوو لەبەر ئەوانی تر. ئەوانی تریش لەعنەتیان کرد. گوتیان تەنیا لەبەر خۆی رۆیشت. باوەڕناکا هیچیان، لەو کەسانەی لەعنەتیان کرد، نە لە ژیانیاندا بە وەها جادەیەکدا لە دڵی نیوەشەو لە وڵاتێکی نامۆ و غەریبدا رۆیشتبن

و، نە قەتیش ئەو دەرفەتە لە داهاتوودا پەیدا ببێ، پێیدا بڕۆن. ئەمشەو و ئەم جادەیە و ئەم وڵاتە، یەکجار تایبەتن. ئەو ئاوە روونەیەی دایکی رشتی، هیچ لەم رەنگەی ئەم شەو ناکا. پێکەنینی بە جیاوازییەکانی نیەتی دایک و نیەتی سەفەر و دونیا دێ.

هەست دەکا تاریکیی ئەو سەری جادە بەرەبەرە دەڕەوێتەوە. خۆشییەکی شاراوە بە دەروونیدا دەگەڕێ. بە ئەزموونی خۆی دەزانێ ئیتر دیمەنێکی تر دەست پێدەکا. وەک هەمیشە نەک هومێد، بەڵکوو چاوەڕوانییەکی تۆخ دایدەگرێ. هەروەها دڵەڕاوکێیەکی خۆشیش. ئەو سەفەری لە بەر ئەم دووانە خۆش دەوێ. کتوپڕ سێبەرە تۆخەکە بە تەواوی دەڕەوێتەوە و بەشێکی شەقامێکی تر دەردەکەوێ. کە دەیگاتێ، گڵۆپەکان و رووناکییەکان لە چاوانی دەدەن. دەنگی بە ئاستەمی مۆسیقایش دەگاتە گوێی. دڵی دەکرێتەوە. بەپەلەتر دەڕوا. حەزی خواردنەوەیەک دەیگرێ. بەڵام چۆن؟ بە چ زمانێک داوای بکا؟ جگە لەمە ئەو لێرە پێناسەکەیشی نایاسابییە. دەبێ تا بۆی دەکرێ خۆی لە خەڵک ببوێرێ. ئەمڕا، یەکەم مرۆڤی ئەو شەوە دەیگاتێ. قات لەبەرێکی باڵابەرز، کە بەم لاولادا دەکەوێ، بە جگەرەیەک بە لێوەکانییەوە. کە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێ، بۆنێکی سەیری لێ دێ،... بیردەکاتەوە،... ئاها!.... بۆنی ئارەقە و

ئارەق و شەهوەت. چەند کەسێکی تر کەمێک دوواتر بە لایدا تێدەپەڕن. ئەوانیش هەر هەمان بۆن دەدەن،...تێکەڵێک لە بۆنی ئارەقە و ئارەق و شەهوەت. دەگاتە دەرگایەک، بە گڵۆپێکی کز بە سەریەوە و بە نیگابانێکی ماندوو کە خەونووچکە دەیباتەوە. بەو دەرگا دارینەوە وا نیمچە دالانێک لە پشتی ون دەبێ. هالاوی بۆنەکە لێرە یەکجار چڕە. ئەوەندە چڕ، کە جاری وایە دەبێ بە یەک بۆن، یان تەنیا ئارەقە، یان ئارەق، یان شەهوەت. پاش کەمێک راوەستان، هێشتا ناگاتە ئەوەی نیگای لە نیگای نیگابانەکە کە ئێستاکە سەری هەڵهێناوە، بچەقێ، هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بە پەلە دەڕوا.

رقی لە سەفەرەکەیەتی،... رقی لە خۆیەتی. ئێرەیش هەر هەمان بۆن. تەنیا جیاوازی: ئارەق لە جیاتی خوێن. یاخود خوێن لە جیاتی ئارەق.

کە ژوورێک لە هوتێلێکی پەرپوت و کۆن دەگرێ و خۆ بە حەمامە چڵکنەکەی دا دەکا، بە دەم شۆردنی جەستەیەوە کە هێشتاکە بۆنی چەمە قوڕاوییەکەی سەرسنوور دەدا، بیردەکاتەوە جیاوازیی نێوان ئارەق و خوێن یەکجار زۆرە. ئەوەندە زۆر کە بەدەم خۆشۆشتنەوە دەست دەکا بە خوێندنی یەکێک لە گۆرانییە کۆن و دڵخوازەکانی. ئەو گۆرانییەی لە کاتە نامۆکاندا دەیچڕێ.

**لەم کاتەدا یەکێک لە سەربازەکان لە ناو سەنگەرەکەیدا گوێی لەو گۆرانییە دەبێ کە بە هەزاران فەرسەخ لەو پەڕی دونیاوە دەگاتە گوێی. سەربازەکە بڕیاردەدا بۆ سبەی بڕوا و بەرەی شەڕ بەجێ بێڵێ. بڕوا و بڕوا،... ئەگەرچی هەموو رێگا بریتی بێ لە جادەیەکی نیوەشەوی تاریک و تەنیا و بە گێژەڵوکەیەکی ژێر پردێکی عوسمانیی.**

**ئەمیش لە حەمامەکە لە دووای دوادێڕیی گۆرانییەکەی، لەبەرخۆیەوە دەڵێ:**

**- "بۆنی ئارەق لە کوێ و بۆنی خوێن لە کوێ؟... بۆنی خوێن لە کوێ و بۆنی ئارەق لە کوێ؟"**

## ژیان بەردەوامە

لە سەر جێگاکەی راکشاوە. قژێکی سپیی لوول و ئاڵۆز، لەچکەیەکی دارِماو کە ناتوانێ ملی پر چرچ و لۆچی بە جوانی داپۆشێ، سوخمەیەکی کۆنی رەنگ هەڵبزرکاو لەگەڵ دەستە پیر و بێ هێزەکانی کە جارجارە هەوڵ دەدەن بە دەوری خۆیاندا ئاماژە بە شتێک بکەن. شتێک لە ئیستادا یان رەنگە لە رابردوودا. جێگاکەی بۆنی ئارەقەی لەش دەدا. بۆنێک کە بۆ خۆی هەستی پێناکا، بەڵام بۆ ئەوەی دێتە ژوورەوە، کەپۆبزوێنە. شتێکە وەک شتێکی نەشیاو، وەک بۆنی قێزەونی پیری و کۆن بوونی ساڵەکان.

لەمێژە لەم ژوورە و لە ناو ئەم جێگایەدایە. چەندە؟ گرینگ نیە. هەر ئەوەندەی، لە مێژە. لەمێژە بە قەد ساڵەکانی ئالزایمێر. تەنیا چاوەکانین کاتێک سەیرت دەکەن و لێت رادەمێنن هەوڵدەدەن شتێک بدرکێنن، شتێک رەنگە لە هەنووکە، یان لە رابردوو و لە یادەکان.

لەو دیو شووشەکان بە پێچەوانەی ژوورەکە، دەنگی ژیان دێت، دەنگی قریوە و قاڵی منداڵان، دەنگی ژن و پیاو و گمە گم و ترە تڕی سەیارەکان، دەنگی وردەواڵەفرۆشەکان و، هەناسەی شار.

لە تەنیشتیدا لە سەر تاقچەیەکی نزم دوو وێنە دەبینرێن، وێنەی دوو گەنجی ساڵەکانی زۆر لەمە پێش. یەکیان بە کەواوپانتۆڵەوە و ئەوی تریان تەنیا وێنەی روخسار بە چاویلکەیەکەوە. بزەی سەر لێوی وێنەکە، دەکشێ و شووشەی چاویلکەکە روونتر دەکاتەوە. کەواوپانتۆڵ لەبەرەکەیش پاڵی بە چیایەکەوە داوە. دەڵێی پێی وایە بۆ هەمیشە ئەو چیایە دەیپارێزێ.

هەندێ جار لە سەر پشت، هەندێ جار لە سەر شان و هەندێ جاریش لە سەر سمت، ڕۆژگار بەسەردەکا. هیچی لە بیر نیە. بیری دێننەوە دەبێ بخوا و دەبێ بنۆشێ. دەخواو دەنۆشێ. وەک تەنیا جەستەیەک لە گۆشت و لە ئێسک.

دەرگا دەکرێتەوە. کچێک دێتەوە ژوورەوە. بە قاپێک چێشت و پەرداخێک ئاو بە دەستەوە. بە قاچەکانی دەرگاکە پێوەدەداتەوە. لە تەنیشتیدا دادەنیشێ و هەوڵدەدا نانی بە دەمەوە بکا. ئەم بەو چاوانەوەی کە دەڵێی هەمیشە شتێکی نهێنی پێیە بۆ گوتن، سەیری کچەکە دەکا:

ـ "رۆڵە! بە بارام بڵێ ئەمڕۆ بەفرێکی زۆر باریوە و ئاگای لە خۆی بێ. پێی بڵێ کەواو پانتۆڵەکەیم بۆ شۆردووەو لە بەریان کا،... بە گۆرەوییە بەنەکانەوە کە پار بۆم چنین."

کچەکە سەیری وێنەکان دەکا.

ـ "پێی بڵێ دەزانم هەر بەو کەواو پانتۆڵانەوە بوو ناشتیان، دەمزانی ئەو رۆژە لە جیاتی بەفر خوێن دەباری،... خۆ پێم گوت،... خۆ،... پێم گوت!"

کچەکە دەستی بە کەوچکەکەوە دەلەرزێ. دڵۆپێک دەتکێتە سەر پەتووەکە. هەوڵدەدا بە دەستی چەپی بە گۆشەی کراسەکەی پاکی بکاتەوە. دەستی چەپی خراپتر لە دەستی راستی دەلەرزێ.

ـ "بە ئازاد بڵێ عەینەکەکانیم بۆ شۆردووە، لە خەو هەڵنەستابوو،... دایکی بمرێ...، بۆم شۆرد. نازانم ئەم عەینەکانە چی بوون،... بە خوا هیچ کچێک شووی پێ ناکا! بە خوا بە منداڵیش هەر بەستەزمان و داماو بوو، دڵی نەدەهات کەس ئازار بدا. هەمیشە مت و بێدەنگ بوو،..."

کچەکە، کەوچکەکە کە هەروا بە ئاسمانەوە ماوەتەوە، دادەگرێتەوە و دەیخاتەوە ناو دەورییە قوڵەکە. بە دەستماڵەکەی گیرفانی لووتی دەسڕێ. لە رەنگی فرمێسک دەکا.

ـ "پێی بڵێ ئەو کوێستانانە بۆ عەینەک نابن،... کەس نیە بۆی خاوێن بکاتەوە،... پێی بڵێ ئاگای لێ بێ منداڵ بۆی نەشکێنن. ئاخ،... دەمزانی سەرئەنجام رۆژێک لێی بەجێ دەمێنێ و ریگای لێ ون دەبێ و ئیتر...، دەمزانی،... ئاخ!... دەمزانی،..."

لە دەرەوە دەنگی ژیان بەردەوامە. منداڵێک دەگری. دەنگی ماشینێک دەیخنکێنێ. هەتاو لە سووچێکی پەنجەرەکەدا لە گەڵ تیشکی خۆی خەریکی گەمەکردنە. گەمەیەکی زەرد و سپی و ئاڵتونی.

بە بێ ئەوەی سەیری وێنەکان بکا، دەستیان بۆ رادەدێرێ و دەڵێ:

ـ "دایکم هەمیشە دەیگوت نوێژ زۆر بکە، قەت نوێژەکانت لەکیس نەچێ،... دەیگوت کورت زۆرن و بەدکار و حەسوود زۆر. بەخوا زۆرم دۆعا دەکرد،... هەمیشە،... دەمگوت لانیکەم عەینەک لەچاوەکەیان هیچی لێنایەت، ئاخر زۆر مەزڵوم بوو. دەمگوت خودا دەیپارێزێ،... ئەوی تریشیان هەمیشە تینووی بوو، کاتێک منداڵ بوو. هەمیشە بە دەست و دەموچاوی خۆڵاوییەوە دەهاتەوە و دەمی بە شێری ئاوەکەوە دەنا،... دەمگوت خوا لە بەر خاتری ئەو خاک و خۆڵە دەیبەخشێ و دەیپارێزێ،... دەمگوت خاک و خۆڵی منداڵیی بەسە،..."

کچەکە هەوڵدەدا ئاوی بە دەمەوە بکا. بە لێوە وشکەکانی قومێک لە ئاوەکەدەدا. کچەکە هەوڵ دەدا وا دابنیشێ کە وێنەکان نەبینێ. هەست دەکا تاقەتی نەماوە.

- "ئەوەندەی نەماوە باوکیان بێتەوە لە دووکان. کە هاتەوە دەبێ پێی بڵێم ئەمڕۆ خامەی سپی لەبیر نەکا. ئەو ساڵە کە باوکیان مرد هەر ئەوان بوون چوون خامەیشیان بۆ باوکیان کڕی. براگەورەکەیان پارەی دانێ. لەو رۆژەوە عەینەک لە جاوەکەیان لە رەنگی سپی ترسا. ئەوی تریشیان تا یەک ساڵ دوواتر لە لەبەرکردنی ژێرکراسی سپیش خۆی دەبوارد. ئا هەستە، ئادەی! تا نانەکە گەرمە با بێن بخۆن. لەواشەیەشم بۆ کردوون،... بە رۆنی کوردی. لە پێنجوێنەوە هاتووە. هەفتەی پێشوو بۆیان ناردین. هەرچەند لە سەر سنوور لە بارگینەکە بەربووەتەوە و کەمێکی لێ رژاوە."

ژیان لە دەرەوە، لەو دیوی دیوارەکانەوە خانووەکە گەرم گەرم دەکا. هەتاو، بەرەو دوواپیاسەکانی ئەو رۆژەی کۆڵانەکانی شار دەڕوا. لە ژاوە ژاو و دەنگە دەنگی ژیانی ناو شار ماندوو بووە.

- "رێک لە سەر بانیژێکە بوو پێم گوتن. لە گوندی ناو دۆڵەکە. ئێوارە بوو. بەم خۆمدا کێشا، گۆنای خۆم رنی. گوتم بڕیاری گەنجیەتی بڕیار

نیە، هەوای سەرە. گوتم گوناحی تەپ و تۆزی ناو کۆڵان و ئەو بنجۆیە بوو وا قەت تاقە قڕان چییە تێیاندا نەدۆزیەوە. بە باوکیانم گوت لە جیاتی دەمنەکەی بن پشتوێنی، کەمێک زیاتر ئاگای لە کوڕەکان بێت. نەمزانی دووکەڵەکان بە چاوی خۆماندا دەچنەوە،... نەمزانی."

بەدەم قسەکردنەوە، چەند کەوچکێکی لە خواردنەکە خواردووە، هەروەها چەند قومێک ئاو. کچەکە سەیری ئاوەکە دەکا، بیردەکاتەوە "تەنیا شتێک کە هەتا هەتایە وەک خۆی دەمێنێتەوە،... نە چرچ دەبێ و نە شتی لەبیر دەچێتەوە و، نە بە لێرۆیشتنی خەم دایدەگرێ." وێنەکان کە ساڵانی ساڵە لەوێن، لە ئاو دەچن. ئەوانیش خەمی خۆیان ناخۆن، خەمی لیرۆیشتنەکان ناخۆن. وەک خۆیان، وەک ساڵانی ساڵ لەوە پێش هەر لەوێدان، لە ناو قاپ و چوارچێوە سیحراوییەکاندا. چەند حەز دەکا هەستێ و وێنەکان بێنێ و لە نزیکەوە پیشانی بدا، بەڵام ناوێرێ. شتێک لە دەروونەوە پێی دەڵێ ئەمە کارێکی باش نیە. دەبێ لێگەڕێ وێنەکانیش تەنیا بیرەوەری بن و بەس لای ئەو.

- "دەزانی! نەمدەزانی رۆژێک کەسێک پەیدا دەبێ ئەوەندە کوڕی منی خۆش بوێت کە گۆشتی لەشی بخوا و تەنیا ئێسکەکانی بۆ من بهێڵێتەوە. ئەو رۆژە تەنیا ئێسکەکانیمان ناشت. بۆ خۆم باوەشم

پیاکرد، هەرچەند بۆ خۆی هیچی نەگوت و هیچی نەدرکاند، بەڵام من گێژنەبووم، زانیم،... چاکم زانی. وەک هەمیشە کاتێ باوەشم پیاکرد، مت و بێدەنگ بوو. هەمیشە وابوو. تەنیا خۆی لە باوەشمدا کڕدەکرد، وەک بڵێی ئێرە خێراترین شوێنی دونیایە، شوێنێک نیە بۆ مانەوەی هەمیشەیی. لە سەر هەست خۆی رادەگرت، تا من تێر دەبووم،... کە قەتیش تێرنەبووم. باوکیان دەیگوت منداڵەکان لووس مەکە، ترسنۆک دەبن،... ئاخ خۆزگە لووس باردەهاتن،... خۆزگە! وەک کوڕی دراوسێکەمان کە بۆ خۆی لە شارانە."

کتوپڕ لەو دیو پەنجەرەکەوە دونیا تاریک هەڵگەڕا. سەرەتا بایەکی توند هەڵیکرد و ئەوسا هەوری رەش ئاسمانی داگرت. بارانێکی خۆشی هاوینە رووی لە وڵات کرد. دەنگی ژیان لە دەرەوە خنکا،... تەنیا دەنگ، دەنگی سروشت.

- "ئا هەستە رۆڵە،... هەستە! ئیستا دێنەوە، لە گەڵ باوکیان. ئاو و چێشتیان بۆ سازبکە. ئەرێ ئەوە من چی دەڵێم؟... ئەی خۆم چیمە؟"

ویستی هەستێتە سەرپێ. دەستی بە چۆکییەوە گرت. کچەکە سەرەتا رایگرت، بەڵام دوواتر یارمەتی دا هەستێ. کە هەستا، بەرەو تاقچەکە رۆیشت. لە وێنەکان نزیک کەوتەوە. ئارام پەنجەی بە سەر

هەردووکیاندا هێنا. چاوەکانی دەڵێی لە جیاتی رووانین، قوتی دەدان. ئەوسا وتی:

- "ئەم توخمە سەگانە نازانم بۆ سەردانم ناکەن،... ئاخر شەرتی ئەولادی ئاوا دەبێ؟ باوکیشیان هەروابوو، کە نەخۆش دەکەوتم نەدەهاتە ژوورەکەم، رادەوەستا تا چاک دەبوومەوە."

کچەکە ئارام بەرەو پەنجەرەکەی دەبا. حەز دەکا دەرەوەی پیشان بدات. دەرەوەی دوو جۆر لە رۆژێکی گەرمی هاوینیدا. حەزدەکا بەردەوامیی ژیانی پیشان بدا. ئەگەرچی هیچ دەنگێک جگە لە دەنگی سروشت ناگاتە گوێ. ئەو سروشتەی باوەشی بۆ هەموو شتێک کراوەیە،... بۆ هەموو شتێک.

## کۆڵانی تێلێگرام

ساڵانی ساڵە نە بینیویەتی و نە دواندوویەتی. تەنیا لەم و لەو لێی بیستبوو. دایکی بۆی باس کردبوو ئەم کاتێک رۆیشتبوو هاتبوو بۆ

سەردان. پاش کەمێک دانیشتن بە کڕ و ماتی، هەستابوو و رۆیشتبوو. پاشان رێک لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا لە نێوان دەرگای سەر شەقام و دەرگای ژوورەوەدا، راوەستابوو و دابوویە پڕمەی گریان. دایکی گێڕابوویەوە کە چۆلەکەکانی ناو باغەکە هەر هەموویان دەوریان دابوو و هەوڵیان دابوو ژێری بکەنەوە. واشە هەمیشەییەکەیش بڕیاری دابوو تا ژێربوونەوەی ئەو، کاری بە سەر چۆلەکە پاسارییەکانەوە نەبێ و لەو دووانیوەڕۆ گەرمەی هاویندا جارێکە لە بن میچی بانی دووکانەکانی ئەو بەری جادەکەدا بحەسێتەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی دووبارەی ژیان بێ بۆ درێژەدان بە راوەکانی. هەڵبەت دەبێ ئەوەیش بڵێین لەو رۆژەوە گریانی چۆلەکەکان هەر بەردەوامە و واشەکەیش بەردەوام چاوەڕوان.

بەڵام ئەمشەو دەرفەت رەخسابوو،... لە دووای ساڵانی ساڵ کتوپڕ لە سەر موبایلەکەی پەیامێک هاتبوو کە کردبووی بە هاوڕێی مەجازیی هاوڕێ کۆنەکەی! پەنجەی لە خۆشیانا و لە هەژمەتی تێزانی خوێنی زۆر لە روخساری، لە سەر سەفحەی تەلەفۆنەکە دەلەرزی. ئەوەندەی پێ نەچوو یەکەم پەیام لە سەر تێلێگرام پەیدا بوو و هات. سڵاوێکی وەک جاران. شتێک قورگی گرت،... گوشی.

ـ "سڵاو گیانە، چۆنی چۆن بە قوربان؟"

ئەم دەستی ئەگەرچی لە سەر پیتەکانە، بەڵام لێی وندەبن. خەیاڵی لە شوێنێکی ترە، شوێنێک وەک دۆزینەوەی جوانترین وشە و رستەکان،... پەنجەکان دەخشێن و دەخشێن. دواتر تەنیا ئەمانە لە دایک دەبن:

- "سڵاو... گیان، تۆ چۆنی؟"

رقی لە پەنجەکانی خۆیەتی،... رقی لە پەرتەوازەیی خەیاڵ و بیرەکانیەتی. لە مێژە پێی وایە هەر ئەم پەرتەوازەییە بوو گەیاندییە ئێرە. رستەکان و وشەکان دێن و دەچن. لە گەڵ خۆیان وەها رابردوو دێننەوە، کە دەڵێی هەر ئێستاکە لە ناویدا دانیشتووە. هەموو شتێک وەک ئەو ساڵانە. بۆنەکان وەها بەهێزن کە حەز دەکا چاو بقونجێنێ بۆ ئەوەی دەورووبەری لێی نەشێوێنن. رابردوو خەریکە کتومت وەک خۆی، وەک جاران قەد و باڵا دەکا و هەموو دونیای هەنووکەیی ئەو دەگرێتەوە.

چەند بەم حاڵە دەگوزەرێ، نازانێ. چەند خولەکێک، چەند سەعاتێک،.... نازانێ. ئەوسا نۆرەی وێنەکان دێ. وێنەکانی ئێستای ئەوێ. وێنەی روخساری هاوڕێکەی بە ردێنە سپییەکەیەوە. دڵی دەگوشرێ. چاو دەقونجێنێ و دەیەوێ روخسارەکە وەک جاران بێنێتە بەرچاوی خۆی، بە مووە رەشەکانەوە. ئاە، رەنگی سپی چەند مەوداکان

فراوانتر دەکاتەوە لەوەی کە هەیە. ئەمیش چەند وێنەیەک دەنێرێ، بەڵام زۆر نا. ئێرە بۆ هاوڕێکەی شتێکی ئەوتۆی پێ نیە، ئێرە بۆ ئەویش غەریبە، بەڵام وێنەی ئەوێ شتێکی ترە. رستەیەکی تر لە هاوڕێکەیەوە دێتەوە:

- "دەمزانی کاتێکی خۆی خەریکی شتێ بووی، دەمزانی.هههە!"

ئەوسا وێنەی پێکەنینێکی دەستکرد.

ئەم بیری شتەکە دەکاتەوە. باشە خەریکی چی بوو؟ ئەها، هاتەوە بیری. بزەیەکی دێ. جاری وابوو ئەویشی خستبووە ناوەوە بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ. نازانێ ئیستاکە رقی لە خۆی بێ یان نا، چۆن ئیزنی بە خۆی دابوو بە بێ ئەوەی پێی بڵێ خستبوویە ناو گەمەی ئاگرەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دڵی بۆ ئەو کاتانە ئەوەندەی تر تەنگتر دەبێ. لە وەڵامدا بۆی دەنووسێ:

- "قوربانی پێزانینەکەت بم!..."

بیری لە ویژدان کردەوە. ویژدانی ئەو کاتی خۆی، وەک کوڕێکی گەنجی پڕ لە هیوا دەهاتە بەرچاو کە جەهەننەم لە ژێر قاچەکانیدا خەریکی گیاندان بوو و بەهەشت کەمێک لەولاترەوە بە دەمییەوە پێدەکەنی، رێک وەک کچێکی شۆخ و شەنگی دڵ تەڕ و ئاشق.

**کتوپڕ وێنەی کچێکی جوانی چەکدار کە لە سەر بەردێک راوەستابوو و ئاسمانی شین بە سەر سەریەوە شەبەقی دەدایەوە، لە سەر سەفحەی موبایلەکەی دەردەکەوێ. بە بینینی وێنەکە واقی وڕدەمێنێ. بیر دەکاتەوە بۆ تفەنگ؟ ئیستا کەی کاتی ئەوەیە. بە پەلە پەنجەکانی دەکەونەوە گەڕ.**

**ـ "تکایە وێنەی چەکدارم بۆ مەنێرە، وێنەی کۆڵان،.... کۆڵانەکە!"**

**ـ "مەبەستم چەکەکەی نەبوو!"**

**سەیری کچەکە دەکا. یەکجار جوان و شۆخ و شەنگە. دەڵێی تیشکی هەتاو بە شەپۆلی گەورە و خرۆشانەوە بە دەوریدا لەسەمادایە."**

**ـ "ئا، وێنەیەک رێک لەو هەتاوە، بەڵام لە شوێنێکی تر."**

**تا ماوەیەک چاتکردن رادەوەستێ. ئەم چاوەڕوان دەمێنێتەوە. کتوپڕ پەیامێکی تر دێت:**

**ـ "دەبێ ببوری ئیستا نیمە، بەڵام،... بەڵام بۆت دەگرم، شەرت بێ بۆتی بگرم،... هەڵبەت گەر لێرە بایتایە و تەنیا جارێک بەو کۆڵانەدا تێپەڕایتایە، وەها نەدەما،.... هههههە!"**

**ـ "کۆڵانی قەدیم، کۆڵانی هاوڕێیەتی."**

**ـ "وەک وتم دیارە مەبەستم چەک نەبوو، مەبەستم...."**

**ـ "کۆڵانی جاران، کۆڵانی مرۆڤەکانی جاران، بۆنە قەدیمییەکان."**

**ـ "ئیستا لام نییە، بەڵام بە چاوان!"**

**ـ "کۆڵانی پاکی و یەکبوون و سادەیی و سەرەتاکان،... من..."**

**ـ دەزانی خانووەکەی ئێمە، ئەو خانووەی بەر براگەورەکەم کەوت، ئیستا ئەو پارەیە ناکات. خانووەکە کوڵنگییە، بێ تان و پۆیەکی پتەوە،... هی چل ساڵ لەمەوبەرە، هههە!"**

**ـ "کۆڵانی دایکت و باوکت کاتێک بە ئیشقەوە لەم سەر تا ئەو سەر، لێیەوە لە دونیایان دەڕوانی."**

**ـ "خەڵک گەر بیانەوێ بیکڕن تەنیا پارە بە زەمینەکەی دەدەن، نەک بە خانووەکە، خودی خانووەکە هیچ ناکا،... هیچ هیچ!"**

**ـ "کۆڵانی منداڵی و وێنەکانی ناوی بەفری حەوشەکەی پشتەوە."**

**ـ "لە کۆتاییدا من قازانجم کرد، ئیستا گەڕەکەکەی من خۆشتر و پڕ ڕەونقترە. ئەوێ هی خانووە قەدیمییەکە باشە چونکە لە ناو شار نزیکە، ئەگینا هیچ نیە هیچ، هههە!"**

**ـ "کۆڵانی عەتری جەستەی دایکم، کاتێک پێیدا تێدەپەڕی بۆ ماڵی باوکی."**

- "دوێ شەو لە باخەکەی رەحیمە کۆڵ بووین، وێنەکانت بۆ دەنێرم دوواتر، تا بەیانی خواردمانەوە و گۆرانیمان وت. ئەو هەتیوە رەحیم هەر زۆر خۆشە،... زۆر، هههه!"

- "کۆڵانی زەردەواڵەکانی پێوەدان و راکردنی منداڵان لە گەرمای هاویندا."

- "وێنەکەم نارد. ئەوەی ناوەڕاست خۆمم،... چۆنم ها؟ ئیستا ویدیویەکیشت بۆ دەنێرم،.... راوەستە!"

- "کۆڵانی بۆنی میزی بەر گەرمای هەتاوی هاوین، کۆڵانی دانیشتنی شەوانەی بەر دەرگا."

- "ویدیۆکەیشم نارد، بزانە دەنگم خۆشە. کوڕە ئەوەندەم خواردبووەوە کە بۆ خۆیشم نەمدەزانی چی دەخوێنم و چی دەڵێم، هههه!"

سەیری وێنەکە دەکا. دووانەکەی تریش کەمکەم دەناسێتەوە. دڵی ئەوەندەی تر دەگوشرێ.

- "باخی هەیە باخ، ئەم وێنەیە لەوێ کێشراوە. دەزانی باخەکەی لە کوێیە؟ رێک لەو شوێنەی کاتی خۆی هلیکۆپتەرەکە تەقەی لێکردین، ئەها هەڵهاتین بۆ دێهات لە ترسی شەڕی ناو شار؟... خوار ئەوێیشەوە

گۆمەکەیە، گۆمە تەنوران، ئەها هەمیشە مەلەمان تیادەکرد؟ کوڕە ئەوەندە دەوڵەمەند بووە ئەو هەتیوە هەر مەپرسە!"

ئەم کە هوروژمی وێنەکان بە توش سەرگێژەوەی کردوون، لێدانی دڵی وەها ئارام و کز هەڵدەگەڕێ کە هەست دەکا دەبێ هەستێ و بچێ پەنجەرەکە بکاتەوە. بەو سەرمایە تایەکی پەنجەرەکە دەکاتەوە و چەند هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێ. سییەکانی دەکرێنەوە. زستان دەڵێی بەرەو ژیان پاڵی پێوە دەنێتەوە. ماوەیەک لە تاریکایی دەرەوە رادەمێنێ و پاشان دەچێ دادەنیشێتەوە. ئارامترە. پەنجەکانی لە سەر سەفحەکە دێن و دەچنەوە بێ ئەوەی شتێک بنووسنەوە. حەزدەکا دیسان بنووسێتەوە کۆلان،... کۆڵانەکە، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە. کتوپڕ خۆی زۆر گەوج و منداڵ دێتە بەرچاو. مرۆڤێک کە بە ئاسانی هەڵدەچێ و هەستەکانی لە گەڵ خۆی دەیبەن. مەگەر ئەو بیست ساڵ لەمەوبەر، لە دووای تێپەڕینی دوو ساڵ بە سەر سەفەرەکەیدا وەعد و بەڵێنی بە خۆی نەدابوو کە لەم بارەیەوە سارد و دڵ رەق بێت و ئیتر خۆی نەداتە دەست هەڵچوونەکانی.

- "ویدیوکەت کردەوە؟... گوێت لێگرت؟... دەنگم خۆشە؟ هههە!"

بیر لە کۆڵانەکە دەکاتەوە، بیر لە هاوڕێی ناو تێلێگرامەکەی.

- "چ دەبوو تەنیا بیرەوەریی ئێمە لە یەکتر تەنیا لە ناو کۆڵانەکانی تێلێگرام بایە!... کۆڵانێکی بێ بۆن، بێ سەرەتا و بێ کۆتایی، بێ هەتاو و بێ عەتری دایک، بێ ...،"

تا ماوەیەکی چاک پەیام نایەت. ئەزموونی چاتکردن پێی دەڵێ راوەستێ. پاوسەکان جاری وایە نەخوازراوانەن. رادەوستێ. سەرئەنجام نووسینێک دێ. پەیامەکە، وێنەیەکی رەش و سپیی کۆنی دایک و باوکی هاورێکەیەتی لە بەر دەرگای خۆیاندا لە هەمان کۆڵاندا. کتوپڕ وەها دەروونی پڕدەبێتەوە لە کۆڵان، کە هەناسەی سواردەبێتەوە و چاوەکانی تەڕ هەڵدەگەڕێن. ئەمجارە بە بێ ئەوەی هەستێتە سەرپێ، دەنووسێ:

- "کۆلانی ژیان،... کۆڵانی پاسکیل سوارییەکانی سەرەتای زستان و کۆڵانی ئێوارەی دووا رۆژ،... دووا رۆژ،... بۆ هەمیشە!...

پەیامەکە تەواو ناکا، رادەوەستێ. هەڵەیەک لە ئارادایە. بیردەکاتەوە ئەم وێنانە هی ئەون، تەنیا هی ئەو. ئەو مافی ئەوەی نییە لە گەڵ کەسی تر دابەشیان کا. کەسی تر،... نا نا! راوەستە! ئەم،... ئەم وێنانە تەنانەت هی ئەویش نین، ئەوان تەنیا هی خۆیانن و بەس، ئەو ناتوانێ لە گەڵ خۆیشی دابەشیان کا.

بە یەک کلیک هەموو رستەکە دەشواتەوە.

## هۆگری دووکەڵ

زۆر حەزی لە جگەرە بوو. رۆژی دوو تا سێ پاکەتی دەکێشا. کە پارەیشی پێ نەدەما، بە قەرز. دووکاندارەکانیش دەستیان بە روویەوە نەدەنا. دەیانزانی هەر دێتەوە. ئەویش دەهاتەوە. دانەوەی پارەکان کەم و زۆری دەخایاند،... ئەگینا هەر دەیدانەوە. هەمیشە لە گەڵ دانەوەی قەرزەکان، پاکەتێکیشی بە قەرز وەردەگرت! دووکاندارەکان سەریان لێ رادەوەشاند و جاری وابوو لە گەڵیا بە بزەیەکیش بەڕێیان دەکرد.

**ئەو بە ئەمەگترین هۆگر و لایەنگری دووکەڵ بوو.**

**عادەتی نەبوو بە پێوە جگەرە داگیرسێنێ. هەمیشە بە دانیشتنەوە. نەک بە لایتەر و فەندەک، بەڵکو هەمیشە بە شقارتە و شەمچە دایدەگیرساندن. بۆ؟ کەس نازانێ. رەنگە لەبەر ئەوەی شقارتە وەک درەخت لە خاکەوە دەهات و سەرئەنجام بۆ خاک دەگەڕایەوە. نەک وەک گاز لە خاکەوە بۆ هەوا و بۆ ئاسمان. لە کاتی داگیرساندنیاندا لە کاتێکدا جگەرەکەی لە ناو دوو لەپی دەستیدا ون دەکرد، دەنکە شەمچە گڕاوییەکەی ژێردەدان و ئیتر دەیکردن بە پشکۆ. پشکۆیەکی حەسێنەر. ئەوسا مژی لێدەدان. مژێکی قوڵ قوڵ. وەک هەناسەی دایکێکی تاسەبار، باوکێکی عەزرەتاوی، یاخود سەربازێکی عەوداڵیماڵەوە لە ناو چڕە دووکەڵی تۆپ بارانەکانی دوژمندا.**

**دووکەڵ چییە لە دەستی نەدەدا. تا دووا چۆڕ و دووا قوم. مژی قوڵ و تا دووا دڵۆپ هەلمژینی، تاکتیکی ئەو بوو بۆ داگیرکردنی وڵاتی جگەرە. جگەرەکەیش چەند ئاسان خۆی بە دەستەوە دەدا! ئەو سوکنایی بە بۆشیی جگەرەکان دەهات. بۆشێکی گەرم و تاڵ و خۆش.**

**لە کۆتاییدا ئەوەی دەمایەوە فیلتەرێکی سیس، زەرد، ژاکاو و خوساو بە ئاوی دەم و لێوی بوو. فیلتەرێکی تڵپە. وەک تڵپەی چا. لەو**

**چاپیانەی کە دەیانتوانی مێشکی باوکم لە ئێوارەیەکی قەرەباڵغی ژیان لە سووچێکی ژوورێکدا دەرباز کەن و ئارامی و ئاسوودەیی پێ ببەخشن،... ڕووناکیی بیرکردنەوەیەکی لێڵ و ئومێدێکی تەنانەت بچووکیش لەم دونیا پان و بەرینەی نەگەڕانەوەی کات و ڕووداوەکاندا.**

**هەڵبەت تا لەبیرم نەچووە با ئەوەیش بڵێم کە باوکم تیۆرێکی سەیری هەبوو. دەیگوت گەر هەموو کەس تەنیا لە سەدا یەک، ئا، تەنیا لە سەدا یەک گومان بکەن لە ڕاستیی بیروباوەڕی خۆیان، ئەوا قەت هیچ شەڕێک لە دونیادا ڕوونادا،... قەت قەت.**

**لەو دووکەڵەی هەڵیدەمژی، ڕادەیەکی کەم دەهاتەوە دەرەوە. من کە سەیرم دەکرد، دڵەڕاوکێ دایدەگرتم. نیگەران دەبووم. لەخۆمم دەپرسی باشە دووکەڵەکان بۆ کوێ چوون؟ بە خۆشییەوە دەستبەجێیش دەمتوانی وەڵامی پرسیارەکەی خۆم بدەمەوە. دەمزانی لەوێ لە ناو ئەو جەستەیدا هەزار کەلێن و کونەبەر هەبوو. جەستەی مرۆڤ لەژێر زەوی دەکا. کاتێک مشک و جرج هەڵیدەدڕن و ئیدی کەس ناتوانێ لەوسەری بێتەوە دەر. دووکەڵەکان لەوێ بوون. بەلام سەیرە بۆ بۆجارێکیش بێت ئەو دووکەڵانە هیچ مشک و جرجێکیان هەڵانەبڕییە دەرەوە؟ بیردەکەمەوە، بێگومان شوێنی ئەوەندە دەست دەکەوێ بۆ خۆحەشاردان.**

**ئیستا دەزانم بۆ ئەوەندە جگەرە دەکێشیٚ! بەڵام،... بەڵام بێهوودەیە،... بڕواناکەم بە مەبەستەکەی بگات. ئەو لەبیری کردووە ئەو مرۆڤە،... لەو کاتەوەی لە دایک بووە هەتا ئەو کاتەی دەژی. کەس ناتوانیٚ ئەم چارەنووسەی بگۆڕیٚ،... چارەنووسی مرۆڤبوون. تەنانەت منداڵەکانیشی هەر مرۆڤ دەبن، هەڵبەت ئەگەر منداڵێک لە گۆڕێدا بیٚ و، ئەگەریش هەرچی جگەرەی دونیایە بیکێشن. هەرچی جگەرەی ناو مێژوو و داهاتوویشە، لە سەردەمی سوورپێستەکانیشەوە. دووکەڵ چارەنووسەکان ناگۆڕیٚ.**

**لە کاتێکدا لەناو مژی دووکەڵەکانیدا نوقم بووە و بووە بە پەیکەرێک لە دووکەڵ، لەبەر خۆیەوە دەڵیٚ:**

**- "هەندیٚ شوێن بۆ هەمیشە وەک خۆیان دەمێننەوە. هەندیٚ شوێنی رەش."**

**من کە پێکەنینم بەم بیرەی دیٚ، لەبەر خۆمەوە دەڵێم "تەنیا ئەوەندە بەسە جگەرەکەی تەرک بدا!"**

**ئەو ماوەیەکە ئیتر جگەرە بە شەمچە داناگیرسێنیٚ. بەڵکو جگەرە بە جگەرەی تر. بۆ خۆی دەڵیٚ لە مێژووەوە فێربووە. لە خوێندنەوەی کتێبە مێژوویيەکانەوە. وەک چۆن شەڕ بە شەڕ دادەگیرسیٚ. من ئیدی**

لەو رۆژەوە شەرم وەک مرۆڤێکی هەڵکورماوی جگەرە بە لێو دێتە بەرچاو. مرۆڤێک کە لە هەژمەتی ئازاری سییەکان و قورگی دەتوانێ تا کۆتایی مێژوو بکۆکێ و خوێن هەڵ بێنێتەوە،... بێ ئەوەی بمرێ.

کە شەو دادێ، ئەو لە هەموو کاتێکی تر دڵخۆشترە. دڵخۆش بەوەی کە گڕی جگەرە بە شەو کاتێک مژی لێدەدەی لە مەودایەکی یەکجار دوورەوە دەتوانرێ ببینرێ و ببێ بە نیشانە بۆ ئەوانەی هیچ هاودەمێک لە شەوە ئەنگوستەچاوەکاندا شک نابەن. ئەو پێی وایە لەم جۆرە کەسانە یەکجار زۆرن، ئەگەرچی قەت بە توش یەکیانەوە نەبووە! بۆ ئەوەی جوانتر ببینن، دەچێ لە سەر تەپۆڵکەیەکی نێزیک خانووەکەیان جگەرە دەکێشێ. ئەو تەپۆڵکەیەی پەرجوویەکە لە تێکەڵبوونی مانگ و فێنکایی شەو و ورشەی با لە ناو گەڵاکاندا. لە دەروونەوە دڵنیایە کە تا ئیستاکە توانیوویەتی بە دەیان و سەدان مرۆڤی عەودالی ناو لاپەڕەکانی کتێبی مێژوو، هەر لە کۆنەوە تا ئیستاکە نەجات بدات و رێگا ونبووەکانیان سەرئەنجام بۆ بدۆزێتەوە، ئەگەرچی تا ئیستا یەک کەسیشیان سوپاسێکی نەکردووە. بەڵام ئەو سوپاسی بۆچییە، سوپاس بە کەڵکی چی دێت؟ داخۆ باشتر نیە ئەو کاتانەی بۆ سوپاس تەرخان

دەکرێ، جگەرەیەکی تری تیا داگیرسێنێ و ڕێگا بۆ سەرلێشێواێکی تر بدۆزێتەوە؟

ئەگەرچی خۆی وەک رزگاریدەرێکی مێژوویی دێتە بەرچاو، بەڵام لە ماڵەوە هەر زۆر رقیان لێیەتی. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی هەمیشە بە هۆی سیگارەکانییەوە قەرزدارە، بەڵکو بەو هۆیەوە ژوورەکان هەموو بۆنە دووکەڵیان گرتووە. هیچ شتێک ئەو بۆنە ناڕەوێنێتەوە. تازە بووە بە بەشێک لە ماڵەکە. ژنەکەی هاوار دەکا و دەڵێ مێژوو بە من چی! خوای دەکرد هەتا هەن سەرگەردان بن، گەر قەرارە تا ئیستا هیچیان لێ بەسەر نەهاتبێ، لەمە بە دووایش هیچیان لێ بەسەر نایەت. من پێم وایە ژنەکەی راست دەکا. هەندێ کەس هەن بۆ سەرگەردانی دروست کراون ئەگەرچی کاتی خۆی ویستیان دونیا بگۆڕن! بەڵام ئەو قەت وەڵامی ژنەکەی ناداتەوە. پێم وابێ بە تەمایە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەر تەپۆڵکەکە بە گڕی جگەرەکەی، ئەویش لە سەرگەردانی ناو مێژوو نەجات بدات.

جاری وایە کاتێک بێ تاقەت دەبێ، دەچێ ئەلبۆمی وێنەکان دێنێ، دادەنیشێ و سەیریان دەکا. ئەو هەمیشە حەزی بە وێنەکان بووە، رەنگە لەبەر ئەوەی وێنەکانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان سەریان بە

**مێژووەوەیە. نیگاکانی دەخشێن و دەخشێن. بە بێ هیچ هەستێک. رەنگە لەبەر ئەوەی پێی وایە هەمیشە دەبێ بە نیگای سارەدەوە سەیری مێژوو بکرێ،... بە نیگای سارد و دڵی گەرمەوە، بە جگەرەیەک بە لێوەوە لە کاتێکدا دووکەڵەکەی بە سەر وێنەکاندا شەپۆل شەپۆل دێن و دەچن. جەو و ئەتمۆسفێرێکی رۆمانسی. ئەو رۆمانسیەتەی وا قەت نەیهێشت گۆڕانخوازە سەرگەردانەکانی ناو مێژوو واز لە خەونەکانیان بێنن. پێکەنینی دێتێ. بیردەکاتەوە بەس نیە لانیکەم ئیستا منیان هەیە!**

**راست دەکا ئەویان هەیە. رەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بێ دووکاندارەکان هەمیشە ئامادەن بە قەرز سیگاری بدەنێ، رەنگە هەر لەبەر ئەمەیشە قەت لە سەر ئەو تەپۆلکەیە ناحەزێک دەرنەکەوت بە چەقۆ لاکەلەکەی بدڕێ. مرۆڤە گەورە سەرگەردانەکانی ناو مێژوو چ کارێکی گەورەیان لەدەست دێ!**

**لە کاتی باران و بەفربارینەکانیشدا گرفتی نیە. هیچ بەفر و بارانێکی دونیا، هەرچەند بە لەز و بە تین و گڕ بێت، ناتوانێت جگەرەی ئەو بکوژێنێتەوە. بگرە گەش و گەشتری دەکەن. بۆ خۆی دەڵێ، بای نیگا سەرگەردانەکانە لەو دوورانەوە دەیگەشێنێتەوە. دەڵێ ئەو نیگایانە گڕن و جگەرەکەی ئەو دەپارێزن. راست دەکا، دەشیپارێزن. من بە چاوی خۆم**

دیتوومە چلۆن ئەو جگەرانە لە ناو وەیشوومەکانیشدا هەر دەمێننەوە. دەستەکانی دەتەزێن، چلورە سەهۆڵەکان بە ردێن و سمێڵی دا بەردەبنەوە، چاوەکانی بە جوانی لەبەر گێژەڵوکەی بەفر هەڵنایەن، کەچی پشکۆی جگەرەکان هەر لەوێن.

من بیری فیلمی شەڕەکان دەکەومەوە، چ فیلمە دێکۆمێنتارییەکان و چ ئەوانەی ساڵانی گەلێک دوواتر لە لایەن فیلم سازەکانەوە سازکران. هیچ کەس بە قەدەر سەربازەکان جگەرە ناکێشن. ئەم سەر تا ئەو سەری بەرەی شەڕ، ئەو روخسارە چڵکن و تەپ و تۆزاوی و رەش هەڵگەڕاوانەن وا جگەرە دابەشکراوە بەلاشەکان دەکێشن و، دووکەڵەکەی دەکەن بە ئاسماندا. قەتیش لێیان نابڕێ. هەمیشە جگەرەی رەش دەستدەکەوێ. کە نەیشما، گەڵای وشک ورد دەکەن و لەو کاغەزانەی دەکەن وا دوژمن تێیاندا داوای تەسلیم بوون و بێهوودەیی خۆڕاگرییان تێدا کردووە. ئەوان لە کاتێکدا بەرپرسەکانیان فرمانی هێرش دەردەکەن و بە پاڵەپەستۆ لە سەنگەرەکان بەرەو پێشەوە دەریاندەهاوێن، خۆڕاگری و بێهوودەیی دەکێشن.

لە کاتێکدا فیلتەری گوشراوی جگەرەکەی فڕێدەداتە سەر زەویی بەردەمی، بیر لە وشەی "بۆ پێشەوە" دەکاتەوە. لای ئەو لە سەر

**هەسارەی خڕی زەوی شوێنێک نیە ناوی "پێشەوە" بێت، چ بگا بەوەی فرمانیشی بۆ بدەی و بڵێی "دەی یاڵڵا! بەرەو ئەوێ،... بۆ پیشەوە!" لای ئەو لە سەر ئەم جەغزە خڕ و دایرەییەدا هەموو پنتێک هەم پێشەوەیە و هەم دوواوە. پێکەنینی بە روخسارە جددی و پڕ لە تورەیی و هەڵچووەکانی فەرماندەکان دێ. گەمژەترین پیاوەکانی جیهان. ئەوانەی وا میدالیاکان یاخود خەونی میدالیا برینەکانی پێ لەبیر بردبوونەوە.**

**هەڵدەستێتە سەر پێ. بە قاچ فیلتەرە کوژاوەکە جارێکی تر دەکوژێنێتەوە،... ئەمجارە بە رقەوە. چەندە رقیشی لە پیاوە سەرگەردانەکانی ناو مێژووە،... ئەوانەی هەر قسەیان کرد و هەتا ئیستا نەک هیچیان لە دەست نەهات، بگرە بوون بە باریش. بارێکی نادیار کە هەتا هەتایە دەبێ لەبیری بە مەنزڵ گەیاندنیاندا بێت.**

**ئەو رۆژە کاتێک لە سەر تەپۆڵکەکە بەرەو ماڵەوە دەبێتەوە، بزەیەکی گوناهبارانە دەنیشێتە سەر لێوە زەردەکانی. ئاسمان دەگرمێنێ و هێڵەکانی هەورە تریشقەیەکی دەگمەن، کتوپڕ تا ئەو پەڕی قولاییەکانی ناو مێژوو روناک دەکەنەوە. بۆ یەکەم جار چاوی بە سوپای بێ شوماری مرۆڤە سەرگەردانەکانی ناو مێژوو لەو دووردوورانە دەکەوێ.**

**ئەو مرۆڤانەی یەکجار نێزیک لە یەک دەڕۆیشتن و، کەچی تەنیا بوون.**

**هەستی قورسی تاوان دایدەگرێ.**

**چەخماخەی بیرێک ئاسمانی مێشکی بۆ چەند ساتێک رووناک دەکاتەوە.**

**بڕیار دەدا بۆ هەمیشە واز لە جگەرەکێشانەکانی بێنێ. لەبەرخۆیەوە دەڵێ:**

**- "ئەوان دەبێ سەیری تەنیشتی خۆیشیان بکەن،... نەک تەنیا هەر بۆ پێشەوە،... ئا، سەیری تەنیشتیان!"**

## جانتایەک لە رەگەزی ساڵەکان

جانتایەکم هەیە لە رەگەزی ساڵەکان. رەنگە بپرسی ساڵەکان چۆنن؟ دەبێ بڵێم بۆ ئەم پرسیارە وەڵامم پێ نیە. من تەنیا حەز دەکەم بڵێم جانتایەکم هەیە لە رەگەزی ساڵەکان. لە ماڵەوە دامناوە، لە هەویێشقان، لە ناو هەموو شتەکانی ترم، ئەو شتانەی وا بەرە بەرە

مانایان نامێنێ و مرۆڤ تەنیا حەز دەکا وەلایان بنێ و لە شوێنێک لە چاوی خۆی ونیان بکا. من ئەو جانتایەم وا لە رەگەزی ساڵەکانە لە شوێنێک فڕی داوە. ساڵانی ساڵە.

من حەزم بە بینینی نیە، بەڵام زۆری بیر لێدەکەمەوە! بێ موناسەبە و بە موناسەبە،... بێ هۆ و بە هۆ دێتەوە ناو خەیاڵەکانم،... ناو مێشکم. چلۆن؟ نازانم. رەنگە لەبەر ئەوەی لە رەگەزی ساڵەکانە، ساڵە نەناسراوەکان،... ساڵە قەت پێناسەنەکراوەکان.

رەنگە بپرسی بۆچی بە یەکجاری فڕێی نادەی، خۆ هەر زبڵدان زۆرە؟ دەبێ بڵێم دیسان نازانم. بەڵام لەم پرسیارانە گەڕێ! با بۆتی بگێڕمەوە،... بەسەرهاتی جانتاکە دەڵێم.

جانتاکەم لە دووکانێکی دراوسێمان کڕی. دووا جانتای سەر رەفەی قوژبنی دوواوەی دووکانەکە بوو، بە توێژاڵێکی ئەستووری تۆز لەسەری. لەو جانتایانەی کاتێک هەموو هاوڕێکانی تری دەفرۆشرێن و دەڕۆن، نازانی داخۆ بەم مانەوەیە خۆشحاڵە یان خەمین. ئەوەی کە ئەو بە تازەیی دەمێنێتەوە و ئەوانی تر پاش ماوەیەک کۆن دەبن، دەدڕێن و لە شوێنێک فڕێ دەدرێن و دەخرێنە زبڵەوە. توێژاڵە تۆزەکە نەیهێشت من بەمە بزانم. کە پارەکەم دا و تەکاندم، جانتایەکی چەرمی

رەنگ قاوەییم بینی کە بە ئاسانی جێگای چەند کوت جل و بەرگ دەبووەوە بە دوو گیرفان بەم لاولایەوە. تۆز، بەری بە ساڵەکان گرتبوو. نوێ نوێ کەوتە بریقانەوە. ئەوەندە خۆشحاڵ بووم نەبێتەوە. هەر ئەو کات زانیم کە بە گارانتی بە چەندین ساڵ لە گەڵم دەمێنێتەوە و کێشەی هاوڕێیەتیم نامێنێ. دووکاندارەکە کاتێک پارەکەی وەرگرت، گوتی:

- "دووا جانتا نەک بۆ دووکاندار، بەڵکو بۆ مشتەریش یەکپارچە خێرە. دەزانی بۆ؟ چونکە بۆ دووکاندارەکە، جانتا فرۆشراوەکانی تر مایەکەیان لەمێژە دەرهێناوەتەوە و بۆ مشتەریش لە چاو جانتای تازەی تر کە هاتوونەتە بازاڕەوە، هەرزانتر دەکەوێ. هەڵبەت هەر ئەمەیش نا، شتێکی تریش هەیە. دوواجانتا، کە فێری تەنیایی سەر رەفەی دووکان بوو، ئیتر لێی بێ خەم بە،... تەواوی دونیای پێ بکە!"

من نازانم دووکاندارەکەی دراوسێمان تا چەندە بە سەفەری دەوری دونیای منی دەزانی، بەڵام بۆ منێ کە بڕیاری سەفەرەکەم نهێنی ترین بڕیار بوو و جگە لە خۆم کەسی تر پێی نەدەزانی، ئەم قسانە توش دڵەڕاوکێیان کردم. لە ناو خۆمدا رووخام. هەر بۆیە هەر لە دووکانەکە چوومە دەرەوە، بڕیارم دا چی تر رانەوەستم و دەست بە جێ وەڕێکەوم.

وەریکەوتم.

هەتا دوورکەوتمەوە و لەچاوان ون بووم، هەر لام دەکردەوە. خەمی ئەوەی نەکا دووکاندارەکە بە شوێنمەوە بێ، یاخود خەڵکی تری بە شوێنمدا ڕەوانە کردبێ بۆ ئەوەی راستیی خەیاڵ و زانیارەکانی خۆی بسەلمێنێ، لە خۆ بێ خۆی کردبووم. هەڵبەت با ئەوەیش بڵێم ئیستاکە دەزانم من چەندە هەڵە بووم. ئاخر دووکاندارێکی وەک ئەوەی گەڕەکی ئێمە کە تەواوی تەمەنی هەر لەو دووکانەدا بووە و هەر لەوێیش سەر و ریشی سپی کردبوو و بە دەیان زیندووی بۆ ناو قەبر بەڕێ کردبوو، چلۆن و چۆن تاقەتی کات و پارە سەرفکردنی دەبێ بۆ کەسێکی وەک من. منێک کە دەمتوانی بیر لە شوێنی تریش بکەمەوە. کەسانی وەک ئەو تەنیا خەیاڵ و بیرێکیان بە مێشکدا دێت و ئیتر تەواو. ئەوان وەک من نین کە بیر و خەیاڵ تەنانەت لە دووای هاتنیشیان هەر بەرۆکی بەرنەدەن و جانتای بە کۆڵدا بدەن و دەوری دونیایشی پێ بدەنەوە بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ چ بوو. بەهەرحاڵ! هەر کە لە سنوور پەڕیمەوە زانیم کەس بە شوێنمەوە نیە و کەسی تریش نابێ. تەنیا خۆم و خۆم. کتوپڕ چەندەیش بەم بیرە ترسام و تاسام. چەندە کتوپڕ دووکاندارەکە بوو بە پڕماناترین کەسی ژیانم! بەڵام بە خۆشییەوە ئەم بیرەیش ڕەوییەوە.

خۆشی سەفەر ئەمەیە. بیرەکان دێن و دەڕۆن،... بە لێشاو. تەنانەت جاری وایە نایشتوانی لە سەریان راوەستی. رێگا بە یەکتر نادەن. پاڵەپەستۆیانە. هەراهەرا و مقۆمقۆیانە. دەڵێی ئەوانیش زەوقی سەفەر گرتوونی. زۆریان دەکەونە خوارەوە و هەر لەو شوێنە دەمێننەوە. بۆ هەمیشە. لە سەر ئەو رێگایانەی کە تەنیا خۆت دەزانی پێیاندا رۆیشتووی و بەس.

ئەوەندەی پێنەچوو پاش ماوەیەک هەستم کرد جانتا قاوەییەکەی دەستم قورس و قورستر دەبێ. لە گەڵ هەر هەنگاوێکم، لەگەڵ هەر گوند و شار و سنوورێکی تازە، کەمێک قورستر دەبوو. سەرەتا بەمەم نەدەزانی، دەچووم جل و بەرگەکانم دەردەهێنا و جوان جوان ناوەکەیم دەپشکنی، بەڵام بێ سوود بوو. هیچم تیا نەدەدیتەوە. بە بەتاڵی جوان جوان دەستم پیادەهێنا. هیچم بەردەست نەدەکەوت. بە خۆم دەگوت ماندوو بووی ماندوو و خەریکی تاوانەکە دەخەیتە سەر جانتاکە، جانتا قاوەییە بەستەزمانەکەی دووکاندارەکەی گەڕەکەکەمان کە تەنیا بە چەند تمەن ببوو بە هی من. ئەوسا لە کۆڵم دەکردەوەو بەڕێ دەکەوتمەوە.

بینینی شوێنە تازەکان هەمیشە بۆ ماوەیەک سەرنجیان دەقۆستمەوە و ئیتر ئاگام لە جانتاکە و قورساییەکەی نەدەما. بەڵام هەر ئەوەندەی

عادەتم بە شوێنەکان دەگرت، سەرلەنوێ قورساییەکە دەگەڕایەوە. بگرە ئەمجارە قورستر. دیسان وەک شێتان دەکەوتمەوە پشکنینی. خەڵکی لێیان دەڕوانیم و لە هەڵس و کەوتی نائاسایی من لە قەراخ جادەکان سەریان سوڕدەما. بە سەرسوڕمانەوە لە یەکتریان دەڕوانی، سەریان بادەدا، تێدەپەڕین و دەڕۆیشتن. منیش بە بێ گوێ پێدانیان تەنیا سەرقاڵی دۆزینەوەی قورسیی نائاسایی جانتاکەم دەبووم. ئەمجارەیش بە بێ دۆزینەوەی شتێ، دیسان وەڕێ دەکەوتمەوە. سەیر ئەوە بوو لە دووای هەر پشکنینێک هەستم دەکرد بەهێزتر دەبووم و هەر بۆیە هەڵگرتنی جانتاکە لام ئاسانتر.

بەرە بەرە پێڵاوەکانم دەدڕان، جل وبەرگە کۆنەکانم ئەوانەی وا لە سەرەتای سەفەرەکەمەوە پێم بوون، کۆن بوون و شیتاڵ شیتاڵ هەڵگەڕان. یەک پارچە شت چییە لە شتە کۆنەکانم لا نەمان. تەنیا جانتاکەم هی ئەو سەردەمانە بوون، سەردەمانی دەستپێکی سەفەر. بۆیە جارجارە کاتی حەسانەوەکان بە دەم دانیشتنەوە بە وردی لێم دەڕوانی و بیرم دەکردەوە. ئیستا تەنیا من و ئەم جانتایە هی ئەو سەردەمانە بووین. من بۆ ئەو و ئەو بۆ من. کە لێم دەڕوانی، چەرمە قاوەییەکەی لە جاران لووستر و بە بریق و باقتر لە بەرچاومدا دەینواند. سەرم لێی

**سوڕمابوو. وا دیارە دووکاندارەکە راستی کردبوو. لە یەکێک لە حەسانەوەکانمدا هەستم کرد جانتاکەیش لێم دەڕوانێ و تەنانەت هەوڵ دەدا قسەیشم لە گەڵ بکا. بەو چاوە زل و دەرپەڕیوانەوە کە تەنیا سەفەرییەک لە پاش سەفەری زۆر و دیتنی رووداو و بەسەرهاتی بێ ئەژمار و غەریبایەتییەکی قوڵ دەتوانێ ببێ بە خاوەنیان. لێم رووانی، لێی رووانیم،... لێی رووانیم، لێم رووانی. کتوپڕ وەها دایە پڕمەی پێکەنین، کە من داچڵەکام. ئەوسا چاوەکانی قونجاند و بێدەنگ بوو. بە تووڕەی رابووم، هەڵمگرت و دام بە شانما. جانتا قاوەییە تۆزلێنیشتووەکەی جاران دەڵێم!**

**ساڵەکان تێدەپەڕین. جارێکیان کاتێک لە چاخانەیەکی قەراخ رێگا لامدابوو بۆ کەمێک حەسانەوە و خواردن و خواردنەوە، لە کاتێکدا لە سەر ئەو کورسییە لە تەنیشت ئەو مێزەی دانیشتبووم وا بە سەر بیابانێکی کاکی بە کاکیدا دەیڕوانی، لێم هاتە دەنگ و گوتی:**

**ـ "ئەرێ ئەوە تۆ ماندوو نەبووی؟"**

**سەیرم کرد. سەیری ئەو چاوانەی هێشتا دەڵێی تۆزی دووکانەکەی بەسەرەوە مابوون. وتم:**

**ـ "نا، ماندوو نەبووم."**

ـ "مەبەستم ماندوویەتی لە منە نەک لە شتی تر. بۆ شتی تر کەیفی خۆتە."

ـ "حە،... بۆ تۆ چ فەرق دەکا لێرە بە سەر رێگاکانەوە، یان لە سەر رەفەی دووکانەکاندا؟ تازە، لەوێ تۆز لێی دەدای و لێرە رۆژ بە رۆژ جوانتر دەبیتەوە. کەس بە قەدەر تۆ سەفەر لێی نایەتەوە!

کتوپڕ تێگەیشتم بە هەڵە وەڵامم داوەتەوە. بۆیە بێ راوەستان وتم:

ـ "لە تۆ!... جا بۆ لە تۆ؟"

ـ "من بۆنی خوێن دەکەم. تۆ ئاگات لێ نیە. سەر شانەکانت برین دڕیونی، چاڵ بوونە."

بە پەلە هەستامە سەرپێ و ملی کراسەکەم گرت و رامکێشایە خوارەوە. وابوو. بە هەر دوولادا دوو هێڵی چاڵ. دوو برینی ناحەز و ناشیرین. هەردووکیان لانیکەم بە قەدەر نیو سانت قوڵ. بەو خوێنە دەڵەمە و وشکانەوە کە کراسەکەشمیان خوێناوی کردبوو. وتی:

ـ "دەمێکەیە دەمویست پێتی بڵێم، بەڵام دەرفەت دەستی نەدەدا. وتم بۆ خۆت سەرئەنجام تێدەگەی. بەڵام دیتم هێشتا لەوە سەرقاڵتری کە بیر لە برینی وا بکەیتەوە. دەڵێی بەردەوام سەرەتای سەفەرتە! حەح، بەلامەوە سەیرە. تا ئیستا هیچ جانتایەکی هاوڕێم نە شتی وای بینیوە

و نە شتی وایان بۆ گێڕاومەتەوە. تەنانەت بۆ خۆیشم شتی وام قەت نەبینیوە."

بە گومانەوە سەیرم کرد.

ـ "نەتبینیوە؟ بۆ،... بۆ مەگەر ئەمە یەکەم سەفەرت نیە؟"

بە لێوە چەرمییە قاوەییە لووسەکانی بزەیەکی هاتێ:

ـ "هیچ جانتایەک نە یەکەم سەفەریەتی و نە دووا سەفەر. ئێمە جانتاین بۆ ئەوەی هەمیشە لە سەفەرداین،... بۆ ئەوەی لە سەفەردا بین. نە کۆن بوونمان کۆتاییمان پێ دێنێ و، تەنانەت نە فڕێدانیشمان. ئێمە سەرلەنوێ دروست دەکرێینەوە،... سەرلەنوێ و سەرلەنوێ!"

بیری قسەکانی دووکاندارەکە کەوتمەوە کە ئیستا وەک جانتاکەی ئەو سەردەمە تۆزی ساڵەکانی لێ نیشتبوو. تەنانەت تۆێژاڵێکی یەکجار ئەستوورتر لەو سەردەمە. کاتێک گوتی دوواجانتا یەکپارچە خێرە و ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێ تەواوی دونیای پێوە بکا. چەند رقم لە بزەکەی سەرلێوی بوو. سەر لێوە گەڕۆکەکانی. جانتاکە دەڵێم.

من کە پێم وابوو من دوواترین مرۆڤی سەفەر دەبم و چیتر هیچ کەسی تر ناچار نابێ وەک من سەفەر بکا، هەستم بە خەڵەتانێکی گەورە کرد. من خەڵەتێنرابووم. بە کێ؟ نەمدەزانی. بە پلانەکەم، بە دووکاندارەکە، یان

بەم جانتایە؟ کتوپڕ هەستم بە ئازار و سەرئێشەیەکی گەورە کرد. ئاه، رەنگە بە هەر هەموویان خەڵەتێنرابووم.

سەیرم کردەوە. جوان جوان. بیرم لە لووسی و بریق و باقی چەرمەکەی کردەوە. ئاه، من چەندە گێژبووم! باشە مەگەر چەرم دەکرێ قەت کۆن نەبێ. ئیستا دەمزانی، ئیستا. بۆ دڵنیایی زیاتر هەڵمگرت و بە جوانی لێی وردبوومەوە،... لە جانتا قورسە قاوەییەکە دەڵێم کە ئێستاکە ئیترجولانی ئەستەم بوو. هەڵەم نەدەکرد. جانتاکە لە ساڵەکان دروستکرابوو. لە ساڵە هەرە کۆن و نوێکان. هاوارێکم لێ بەرز بووەوە و هەتا هێزم تیا بوو فڕێم دا. جانتاکە لە هەڵەمووتێک بەربووەوە. گوێم لە تلدانی بوو. لە هاوارکردنە پڕ لە ئازارەکانی.

کات چەند تێپەڕی نازانم. هەستام. بڕیارم دا بڕۆم. رۆیشتم. بەلام نا،... هەنگاوەکان راوەستان. من بێ ئەو جانتایە چ بووم؟ بەڕاست چ بووم؟ نەک تەنیا خۆم، بەڵکو برینەکانی سەر شانەکانیشم تاسەیان دەکرد.

گەڕامەوە. لە قولایی دۆڵی بەردەم هەڵەمووتەکەدا سەرئەنجام دۆزیمەوە. چەند بێ ناز کەوتبوو! چەند پەرتەوازە و دوور! خۆشحاڵ بوو بە گەڕانەوەم. ئاه، جانتا قاوەییە تۆزلێنیشتووە ساڵاوییەکە!

***

**من لەویَ لە هەویَشقانەکە فرِیَم داوە، جانتاکە دەڵیَم. ئەو جانتایەی وا قەت کۆن نابیَ. نامەویَ فرِیَی بدەم، نامەویَ هیچ کەس لە هیچ زبلَدانیَک سەرلەنویَ هەلَیبگریَتەوە و دیسان جانتای تری لیَ دروست بکاتەوە. ئەو دەبیَ لەویَ لە پاشخانەکە بیَت،... بۆ هەمیشە. ئەو دەبی لەویَ بیَت تەنیا و تەنیا بۆ بیرلیَکردنەوەکانی من،... تەنیا و تەنیا بۆ ئەمە،... بۆ ئەمە،... ئەم ە ە ە ە..."**

## تاوانباركردن

كە بێتاقەت دەبیٚ، لە ناو یوتوپ دا بە شوێن فیلمی شەڕ یاخود فیلمە كۆنە رەش و سپییەكانی جاران دا دەگەڕیٚ. كە بێتاقەتتریش دەبیٚ بە شوێنی فیلمی پوڕنودا. بیردەكاتەوە گەر ژیانی مرۆڤ سەرتاسەر بێتاقەتی بێت، چ دەقەومیٚ. چ كارەساتیٚ! لە دڵی خۆیەوە سوپاسی كار و سیاسەت و نووسین دەكا.

بە بیٚ هیچ هەستێک لە فیلمی شەڕ و فیلمە رەش و سپی و پوڕنوكان دەڕوانیٚ. هەموو شتێک لە بەرچاویدا تەنیا جوڵەیە و دەنگ و رەنگ. بە بیٚ هەڵخراندنی هیچ هەستێک وێنەكان لە ناو پانتایی دونیایەكی بیٚ ناوونیشاندا بەرەبەرە دەپوكێنەوە و وندەبن و، ئەوسا دیسان ئارام ئارام پەیدا دەبنەوە و دەگەڕێنەوە، سەرئەنجام دەبنەوە بە هەمان شتی چەند سات لەمەوبەر.

جاری وایە لە خەیاڵیدا سەربازەكان لە گەرمەی شەڕدا رووت رووت دەبنەوە و دەستدەكەن بە سێكس كردن و پاڵەوانی پوڕنوكانیش لە گەرمەی هەناسەبڕكیٚ و چێژ و هەنسكە هەنسكیاندا دەبن بەو سەربازە

بێڕەحمانەی فیشەک و هاوەن بە یەکترەوە دەنێن. تەنیا وێنە رەش و سپییەکانن وەک خۆیانن و هیچیان لێ نایەت. ئەوان نە فیشەک و تۆپ بە یەکترەوە دەنێن و نە بە سەر یەکترەوە هەنکەهەنکیانە. ئەوان بوونێکی ئەزەلیی و ئەبەدین،... بێ جوڵە و بێدەنگ.

- "ئا، رەنگە تاوانی بێتاقەتیەکان هی ئەوان بێت،... هی ئەوان!"

نازانێ چۆن، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانێ قامکی دەچێتە سەر وێنەیەکی تر و بە بێ هیچ پلان و بیرێک کلیکی دەکا. کتوپڕ ژوورەکە دەبێ بە بەستێنی رووباری دەنگێکی سەیر:

- "پاییز پاییز بووکی قژ زەرد، من مات تۆ زیز...

وشەکان لەبەر چاویدا چەند جوان چنراون. رستەکان چەند بە رێک و پێکی و تەژی لە ئاواز لەناو بەستێنی ئاهەنگەکەدا بە شوێن یەکتردا دێن و دەڕۆن. بەڵام ئەوانیش لە کۆتاییدا ئارام ئارام تەنیا دەبن بە جوڵەی دەنگ و بەس،... نە هیچی تر. ئەو جوڵانەی وێنەی تر لە دەروونیدا زیندوو دەکەنەوە.

پاییزی وەک کچە قژ زەردەکەی ناو فیلمە پورنوکە دێتە بەرچاو. ئەو کچە قژ زەردەی دەتوانێ بە ئاسانی هەر ساتەی سۆز لە گەڵ کەسێک

بگۆڕێتەوە. کچەکە چەند ئاسان جوانیی خۆی لە ناو چێژی جەستەیدا وندەکا.

جوڵەکە بەردەوامە:

- "پاییز پاییز گەڵاڕێزانت،...،... هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین، ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین،...

سەربازەکانی وەک گەڵا و گوڵە سیسەکان دێتەبەرچاو. بوونە هەنگ نەدیتووەکانی ژیان. ئاه، وێنە ڕەش و سپییەکانیش چەند زیزن. هەرچی جوانیی ڕەنگە لە خۆیان دامالیوە و کشاونەتەوە بۆ سەرەتاییترین چوارچێوەکانی بوون. چەند حەز دەکا گیرفانەکانی پڕی ڕەنگە ئاڵاو واڵاکان بن. وەها، ڕەنگە ڕۆژێ گەر بێتاقەتیەکان وازیان لێ هێنا، دەست بکا بە گیرفانیدا و مشتێک ڕەنگ بە ڕوویاندا بپرژێنێ.

باوکی گوتبووی:

- "ئەو ڕۆژەی ئەو ماندوو بوو، من بە ڕێکەوت لەژێر درەختێکدا ڕاوەستابووم. لە گەڵ ماندوو بوونی ئەو، بەچکە باڵندەیەک کەوتە خوارەوە. من هەڵم گرتەوە و خستمەوە شوێنی خۆی، بۆ ناو هێلانەکەی. لە دڵی خۆمدا بە خۆمم گوت خۆزگە ماندوویی ئەو لە کەوتنە خوارەوەی ئەم زەڕنەقووتەی دەکرد. دەمتوانی هەڵیگرمەوەو

بیخەمەوە شوێنی خۆی و ئیتر هەموو شتێک زۆر ئاسان وەک جارانی لێدەهاتەوە."

بەڵام ماندوویی ئەو لە کەوتنەخوارەوەی زەڕنەقووتەی نەدەکرد. بەڵکو لە فڕینی باڵندەیەک دەچوو کە لە ئێوارەیەکی پاییزیدا بەرەو دوورەکان فڕیبوو.

پەنجەکانی ماندوون. نازانی ئەم ماندووییە لە کوێوە دێت.

داخۆ باوکی دەزانێ ئەو لە ناو جیهانی ئینتەرنێت دا خەریکی چییە! هەڵبەت بشزانێ گرینگ نیە. باوکی تەنیا لە سەردەمی منداڵیی ئەو دەترسا. ئیستا دڵنیایە سمێڵە ماش و برینجی و ئەستوورەکانی چیتر جێگایان بۆ ڕووانی مووی بەلاڕیداچووندا تێدا نەماوە. باوکی پێی وایە زیرەکترین کوڕی دونیای هەیە. لە دڵی خۆیدا بەخیلی بە لێزانی کوڕەکەی لە بەکارهێنانی کۆمپیوتردا دی. ئەو نازانێ کوڕەکەی چەندە کات بۆ کوشتنی ڤیرووسەکان تەرخان دەکا!

ئەو دڵنیایە سەربازەکان و سۆزانییەکان لەو بێتاقەتترن. بەڵام بۆ وێنە ڕەش و سپییەکان، نازانێ. ئەوان بێ هەستترین بوونەوەرەکانی جیهانن. ئەوەندە بێ هەست کە دەتوانن سالانی ساڵ لە بەرامبەری ئەودا دابنیشن بە بی درکاندنی هیچ جوڵەیەک. چەندە بێڕەحمن!

پەنجەی دەچێتەوە سەر وێنەیەکی تر. کلیکی دەکا. فیلمێک دەست پێدەکا. سەنگەرێک و ئەو سەربازانەی چاوەڕوانی فرمانی هێرشن. بارانێکی قورس دەبارێ و سەنگەرەکان قوڕاوین، تا قۆزینگی پێیش، ئاو،... ئاوێکی چڵکن. ئەفسەرێک لە ژوورەوە لە ناو چوارگۆشەیەکی ژێر خاکدا کە بە جوانی بە گوێنی خۆڵ داپۆشراوە، بە ئایپۆدەکەی خەریکی سەیرکردنی فیلمی رووتە. هاوکات ئەو وێنە رەش و سپییەیشی بە دەستەوەیە کە ئافرەتێکی جوانی قژ لوول تێیدا شۆخ و شەنگانە پێدەکەنێ. ئەفسەرەکە چاوێکی لەسەر فیلمەکە و چاوەکەی تریشی لە سەر وێنەکەیە. دووا نیگاکان دووا چۆڕەکانی ویسکیی کات هەڵدەقوڕێنن. رەنگە چەند خولەکی تر هیچ ئاسەوارێک لەم جەستەیەدا نەمێنێ. بەڵام سەربازەکە نە خەمگینە و، نە دەترسێ. ئەو تەنیا دەیەوێ دووا ساتەکان وەک بەشیک لە ژیانی بژی و تەواو. تازە خۆیشی لە چاو سەربازەکان، ئەوانەی وا لە ناو قوڕ و لم دا لە ژێر باران راوەستاون بە بەختەوەرتر دەزانێ.

کتوپڕ فرمانی هێرش دەدرێ و سەربازەکان دەردەپەڕن. ئەفسەرەکە بە پەلە وێنەکە دەخاتە گیرفانییەوە و بە بێ ئەوەی فریا بکەوێ ئایپۆدەکەی هەڵبگرێ، رادەکاتە دەرەوە. لە دڵەوە سوپاسی وێنەکە و

فیلمە رووتەکە دەکا وا ببووە هۆی ئەوەی لە دووای هەموو ئەوانی ترەوە لە سەنگەرەکە وەدەرکەوێ و هێرش بکاتە سەر دوژمن.

لە پاش ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژ هەست دەکا بۆ یەکەمجار ئەم فیلمە خەریکە سەرنجی رادەکێشێ. ئەوەی کە بزانێ دوواتر چ دەقەومێ و چی روودەدا، لە سەر کورسییەکە قیتی دەکاتەوە. تا ماوەیەک تەنیا تەقینەوە سامناکەکانن و ئەو تەرمانەی لێرە و لەوێ کەڵەکە دەبن. سەرئەنجام سوپا ناچار بە پاشەکشە دەبێ و فرمانی گەڕانەوە دەدرێ. ئەوسا ئەفسەرەکە دەبینێ کە لە گەڵ یەکەم سەربازەکان دەگەڕێتەوە ناو سەنگەرەکەی. پیس پیس وەها ناتوانی بیناسیتەوە. تەواوی جەستەی تەڕ و گڵ و لێڵ. یەکڕاست دەچێتەوە هەمان ژووری پێش هێرشەکە. ئەمجارە عەبەساو. لە سوچێک دا دادەنیشێ، شەڵوارەکەی دەردێنێ و سارد سارد لە کاتێکدا لە خاڵێکی نادیاری رووبەڕووی راماوە، خەریکی خۆراحەتکردن دەبێ. لە ئایپۆدەکەوە دەنگی ئەو ئەکتەرە دێ وا دەڵێ خۆشترین سێکس، سێکسی ناو سەنگەر لە مەیدانی شەڕدایە. بە تایبەت لە دووای هێرش. دەنگێکی پیاوانە وەڵامی دەداتەوە و، دەڵێ:

ـ "خەمت نەبێ، لەوێیش فیلمێک سازدەکەین!"

ـ "ژیان بەردەوامە!"

**ئەو پێی وایە ئەمە راستە، گەر وێنە رەش و سپییەکان بێڵن. تەنانەت نە شەڕ و نە پوڕنو ناتوانن مەترسی گەورە بن بۆ سەر بەشەر. تەنیا ئەو وێنانەن وا خەتەرن. وێنە رەش و سپییەکان. ئەوانن ناهێڵن ژیان بەردەوام بێت، ئەوانن بێتاقەتیەکان دروستدەکەن.**

**بەرەبەرە ئەمڕۆیش لە سەیرکردنی شەڕ و فیلمە رەش و سپییەکان و پوڕنو بێتاقەت دەبێ! بیردەکاتەوە گەر لە بێتاقەتی بێتاقەت نەبی، ئەوا بێتاقەتی سەرت دەخوا!**

**سەرئەنجام وزەکان دەگەڕێنەوە. چەند حەزدەکا بەیانی زوو بێ، خۆر هەڵبێتەوە،... وەها، بتوانێ بچێ بۆ کار. حەزدەکا دوواتر زۆر زوو لە کار بگەڕێتەوە و دەست بە نووسین بکا. بەڵام چی بنووسێ؟ ئا، راستی لە سەر چی بنووسێ؟ هەوڵ دەدا بابەتێک ببینێتەوە. هەرچی دەکا هیچ بە زەینیدا نایەت.**

**بێتاقەتی؟ ئا، دەبێ لە سەر ئەم بابەتە بنووسێ.**

**بۆ ئەوەی بتوانێ لە سەر ئەم بابەتەیش بنووسێ، دەبێ بێتاقەت بێت.**

**بەڵام کێشە ئەوەیە گەر بێتاقەت بوو ئیتر تاقەتی نووسینی نامێنێ.**

**هەربۆیە ئەو کاتێ بێتاقەت دەبێ، دەچێتە پشت کۆمپیوترەکەی. لەوێ بە شوێن فیلمی شەڕ و فیلمە رەش و سپییە کۆنەکان و پوڕنودا دەگەڕێ.**

**ئیستایە ئیتر خەریکە بەرەبەرە لە مانای دەنگی تەقینەوەکان، وێنە نارٟوونە رەش و سپییەکان و هەنکەهەنکەکان تێدەگا.**

**تاوانبارکردنی مرۆڤ چەند گران و ئەستەمە!**

## در سرمای سی درجه زیر صفر

**کل ماجرا از آنجائی شروع شد که در یک شب سرد زمستانی که دمای هوا تا سی درجه زیر صفر رفته بود، بهش اطلاع دادند که در آمدن بهار خبری نیست. اینکه او باید دیگر در همه زندگی اش (آنچه که باقی مانده بود) به زندگی در هوای سی درجه زیر صفر عادت کند،... عادتی تا مردن.**

او ابتدا این خبر را یک شوخی تلقی کرده‌بود،... یک شوخی تلخ. از آن شوخیهائی که مردم این دوره و زمانه بسیار دوست دارند انجامش بدهند. او آن را شوخی تلقی کرد زیرا که به چرخه ازلی و ابدی طبیعت باوری راسخ داشت (از نوع باورهای اعدامیهای باورمند)، و این باور خود را نه تنها بر اساس ادله علوم طبیعی، بلکه بنیان خود را از ادیان مختلف توحیدی هم می گرفت. علوم طبیعی از قوانین دنیوی می گفتند و ادیان از اراده خداوند. و او، هم به قوانین طبیعی و هم به اراده خدا اعتقاد کامل داشت. اگرچه اعتقادش به اراده خدا از نوع اعتقاد مذهبی نبود، و بیشتر خود را در چهارچوب احتیاج به یک ایمان قلبی و درونی برای استواری دنیا و روندهایش باز می یافت، استواری ای که احساس می کرد در این دوره و زمانه دود شده بود و به هوا رفته بود.

اما واقعیت آن بود که از آن شب زمستانی با سی درجه هوای زیر صفر، حالا سالها گذشته بود بدون اینکه خبری از آمدن بهار باشد. با ابروها، ریش و سبیل یخزده سرتاسر سفید گشته‌اش که او را از جنس "پیر زمستان" کرده‌بود، می نشست و به آن اولین روز بهاری می اندیشید که قدیما با خود بوی خاک و بوی گرم بادهای جنوب را می آورد. بوئی مختلط از روئیدن و پژمردنهای زودرس.

البته بعد از مدتهای مدید به این نتیجه رسیدەبود که اندیشیدن چاره کار نبود. اندیشیدن نه تنها پیکر نوستالژیا و آرمان را در وجودش فربه و فربەتر می کرد، بلکه به همان اندازه نیز دستها و پاهایش را لاغرتر و لاغرتر. او که از این لاغرتر شدن بشدت متنفر بود، تصمیم گرفت اندیشیدن را رها کند و به جستجوی آن اولین روز بهاری برخیزد و قدم در راەهای بی پایان بگذارد.

تصمیم آسان بود. او می بایست تنها از جا برخیزد و راه بیفتد. اما بمحض اینکه برخاست، سئوال بزرگ "کدام راه، کدام جهت؟" بمانند کوه سفید درشت هیکلی، جلو چشمهایش پدیدار گشت. براستی می بایست از کدام راه حرکت کند؟ بطرف شمال، بطرف جنوب،... شرق و یا غرب؟

با یک حساب کوتاه، شمال و غرب را با دستانش پس زد (اینکه شمال ذاتا بهارگریز است و غرب نیز ذاتا بهارنفرت). سپس از میان شرق و جنوب، شرق را انتخاب کرد. اما آن را هم پس زد. زیرا که می شد در شرق، آفتاب هم باشد اما دنیا کماکان سرد سرد باشد. پس با این حساب منطقی ترین انتخاب، انتخاب جنوب بود. جنوب مرکز جادەها و راهها. اما چندی نپایید، دوباره ایستاد! از حماقت خودش، هم خندەاش

گرفت و هم نفرت. آخر اگر قرار بود برود، او بهار را در جائی دیگر پیدا می کرد و نه اینجا. او بهار اینجا را می خواست،... بهار اینجا را!

او دوباره تنها ماند با قصه تلخ یافتن بهار در منطقه‌ای با هوای سی درجه زیر صفر.

به دوروبرش نگاهی انداخت. همه جا سفید برف. دانه‌های ریز و درشت برفی که از آسمان سفید و خاکستری بر زمین فرو می آمدند و هوای سنگینی که باد را در خود فرومی بلعید. سکوت سهمگین زمستانی طولانی. راستی او می  بایست از کجا شروع می کرد؟ در بی نهایت برف و بی نهایت آسمان خاکستری متمایل به سفید و بی نهایت سکوت، چگونه می شد متنوعترین فصل رنگها را جستجو کرد؟

از خانه بیرون آمد و در کوچه‌های ملول و یخزده به پرسه زدن پرداخت. به مغازه‌ها نگریست،... به مردم افسرده، به یابوان سفیدپوشی که سنگینی کالسکه را دیگر بر روی شانه‌های یخزده و شلاق دریده خود احساس نمی کردند، به کوچه‌هائی که دیگر بندرت جای پاهای آدمیان بر رویشان دیده می شد، به ویترینهائی که حتی در آنان از گلهای مصنوعی هم خبری نبود.

پس از یک پیادەروی نسبتا طولانی مدت، وجود قهوەخانەای توجەاش را جلب کرد. داخل شد. بوی خوش چائی، وجود یخ گونش را شادی بخشید. در گوشەای نشست و چائی خواست.

هنگامیکه چائی را آوردند، او متوجه نوع نگاه قهوەچی نشد. هنگامیکه جرعه جرعه آن را با ولعی پایان ناپذیر سرکشید، باز متوجه نوع نگاه مردانی نشد که از سخن گفتن بازماندەبودند و از پشت میزهای زهوار در رفته و رنگ باخته به او خیره شدەبودند.

زمان گدشت. چقدر؟ نمی داند. بلند می شود. در درون و در اندیشه خود متعجب است از مردمانی که می توانند سالهای سال در سرمای سی درجه زیر صفر بنشینند و دومینو و ورق بازی کنند، بدون هیچ نگرانی ای، انگار نه انگار در بیرون فاجعەای سهمناک خود را سالهای متمادیست تکرار می کند. آخر این مردمان نمی دانند که اگر بهار نیاید، دنیا برای همیشه در سفیدی و سیاهی خود خواهد ماند و او دیگر نمی تواند از پشت پنجره بار دیگر بازی او را در لباسهای آفتاب گونش ببینید؟... چه مردمانی!

بلند می شود. آرام بطرف پیشخوان. پول چایی را می دهد. قهوەچی اصرار عجیبی دارد که او مهمان باشد، مثل همیشه. اما او هم بطرز

**عجیبی مثل همیشه اصرار دارد که مهمان نباشد. و مثل همیشه قهوەچی بازی اصرار را می برد. بخودش می گوید که اگر به همین اندازه در آمدن بهار اصرار داشتند، بی گمان تا حالا آمدەبود.**

**دوباره خود را در میان جادەها باز می یابد.**

**خوب بیاد دارد زمانی را که بهار اینجا بود. اما احساس می کند زمان لایەای از ریزگردهای بی پایان را حائل کردەاست. و آنگاه که می خواهد از این ریزگردها خلاصی یابد به خانه پناه می برد، آنجائی که عکسی از بهاران قدیم دارد. عکسی که دست ریزگردها بدان نرسیده است هنوز. و چه منظرەای! همه چیز آنقدر تابناک و ملون است که خیال نمی تواند تصور کند زمانی بشر توانسته چنین بزید.**

**و درست در هنگامه تماشای عکس، دوباره سئوال به ذهنش بر می گردد "راستی چرا درست هنگامی که هوا سی درجه زیر صفر بود، این خبر آمد؟" و مثل همیشه جواب همیشگی می آید "زیرا که ما مرگ بهار را در زمستان بهتر باور می کنیم." فکر می کند "که این چنین بود سرنوشت ما را!"**

و او چقدر متنفر است از این شهر چائی بخش بی بهار. از این جاده‌های سفیدی که به هیچ کجای جهان وصل نیستند. از این مردمانی که زمستان را با بازیهای تنها معطوف به بازی بسر می برند.

با چنین افکاری به رختخواب می رود، و قبل از بخواب رفتن، لیوان آب کنارش را لاجرعه سر می کشد. سیاهی اتاق، عکس روی دیوار را گم می کند. اما او مطمئن از وجودش، تن خسته خود را بخواب می سپارد. تنها اطمینان زندگی او همین است. و برای همین، او همیشه سیاهی را بر زمستان ترجیح داده است. البته اگر فرض بر انتخاب باشد. او فکر می کند که در سیاهی می تواند بسیاری چیزها باشد، اما در زمستان سی درجه زیر صفر، تنها برف است و برف.

و در این هنگام، زن همسایه دیوار بدیوارش، قبل از اینکه به رختخواب برود، شانه چوبی اش را در موهایش فروکرده و رو به همسرش می گوید:

- "امروز هم همسایه ما در این هوای خوش بهاری، با لباسهای زمستانی و چکمه‌های بلندش که از لبه‌های آن جورابهای کاموائی پاره پوره‌اش نمایان بود، بیرون رفت! چقدر دلکم بحالش می سوزد."

**همسرش که می گویند از نواده اولین خانواده شهری در این شهر سالها قبل شهر شده است، می گوید:**

**- "از وقتی که بهار او را گرفتند، بهار بیرون هم گم شد! بیا بخواب عزیزم،... بیا!"**

## شاهراه اسبان نجیب

آرام آخرین پک را به سیگار ارزان قیمتش که دو روز پیش در آخرین دهکده مرزی خریده بود می زند، رو به همراهش کرده و می گوید:

ـ "رفیق! زیاد فکر نکن،... اخماتو واکن،... دیگه راهی نمانده."

رفیق، نگاهش به دود سیگاری مانده که از سینه، گلو و دهان به بیرون پرتاب می شود، و در هوا بر حسب قضا به شکل کوه و قله روبرو درمی آید، و فکر می کند که "عاقبت و سرانجام ما شد عبور از مرزهای دودی!"

درست در همان لحظه، در یکی از شهرهای بزرگ، جائی که در آن زمانی خوابهای بزرگ می دیدند، نویسنده‌ای از جنس انتقاد و پیشرفت با این اندیشه مارکس ور می رفت که جهان مدرن را در یک تعبیر رادیکال و غم انگیز به موجودی وصف می کرد که در آن همه چیز، حتی جان سخت ترینهایش هم سرانجام دود می شدند و به هوا می رفتند. و نویسنده ما چقدر امید داشت به این دود شدن جان سخت ترینهائی که سالهای آزگار

بود دورش را تنیده بودند، موجوداتی که نه اکنون بلکه می بایست مدتها پیش (آنچنان مدتها پیش که نمی توانست برایش تاریخ معینی تعیین کند) دود می شدند. نویسنده، چند لحظه‌ای سرش را از روی کاغذها برداشت، متفکرانه از پنجره به بیرون به خیابانهائی نگریست که از فرط جمعیت به کرمهای خزنده آرامی می ماندند،... و فکر کرد که شاید تاریخ سرتاسرش چیزی باشد شبیه همین جنبنده کرم وار که آن سرش سرانجام روزی به شاهراههای اسبان دوان و نجیب برسد. او بلافاصله قلمش را برداشت و شادان از این تفکر و تصویر پردازی سمبلیک و بکر و بی نظیر، سریع شروع به یادداشت کردن آن کرد.

مرد سیگاری که تصمیم گرفته بود دیگر تا آن طرف مرز سیگاری دود نکند و نفسهایش را فعلا جولانگاه عبور از هوای پاک کوهستان مرز گذشته و آینده کند، بار دیگر به رفیق نگاه کرد و از لختی دوستش در قدم برداشتن و گذشتن از خط قراردادی دیگرشدگی، خشمی نهان درونش را لبریز کرد.

کمی صبر کرد. لاجرم برای اینکه شک و تردید رفیقش را برطرف کند، خود پا پیش گذاشت، با طمانینه اما مصمم شروع به رفتن کرد. چند قدمی را در حالیکه ذهن و حواسش به پشت سر بود، برداشت، اما

کماکان احساس هیچ حرکت و جنبشی نکرد. رفیقش همانجا ایستاده بود و مردد به قله سر برافراشته جلوش خیره شده بود. ایستاد و برگشت. نگاهشان برای لحظه‌ای همچون راههای منتهی به انقطاع چهار راهی درهم رفت.

ـ "آن ور کوه جهان دیگریست،... بگذار برویم!"

از میان پنجره ناگهان تصاویر دیگری توجه نویسنده را به خود مشغول کرد. ماشینهائی را دید که در میان جمعیت همراه با افرادی با لباسهائی از جنس یونیفورم شبه نظامیان و یا با لباس شخصی اما مسلح به چوب و زنجیر با جمعیت حرکت می کردند. ماشینها گاهگاهی می ایستادند، با مردم صحبت می کردند، کسانی را به درون ماشینهایشان هل می دادند، کسانی را دنبال می کردند و زیر می گرفتند، و گاها با دستان اشاره‌گر و تهدیدکننده مسیر را نشان می دادند. او باز افراد دیگری را دید. افرادی با اسلحه در دستهایشان که پشت به مغازه‌ها و دیوارها جمعیت را نظاره می کردند. آنان نیز بمانند افراد درون ماشینها مردم را به همان مسیرها هدایت می کردند. نویسنده ما از دیدن این منظره برآشفته شد. قلم را بر روی میز گذاشته و به کنار پنجره رفت. بدقت به منظره جلو رویش خیره شد.

**ناگهان رفیق جنبید. سایه لبخندی بر لبان دوستش ظاهر شد. گوئی خنکای آن غروب یک روز تابستانی در سالهای نفرینی شصت بود به یکباره وجودش را افسانه‌وار دربرگرفته بود و او را بطرف جلو بطرف کوه مرز دودی جنبانیده بود. دوستش بخودش گفت:**

**ـ "بالاخره داستان شروع شد!"**

**نویسنده که هنوز ته فکرش اندیشه دود شدنهای مارکس بود، ماشینها و یونیفورم پوشهای پراکنده میان جمعیت را چونان بازمانده کنده‌های قدیمی سوخته‌ای یافت که دیگر استعداد دودی دیگر در آنها نمی یافت. پیش خود اندیشید که چطور است کنده‌هائی این چنین هنوز با چنین تعریفی از هستی خود یافت می شوند. سریع دوباره به میزش بازگشت و جملات مارکس را دوباره و چند باره خواند. سرانجام لبخندی دوباره بر لبانش هویدا گشت. در حالیکه دوباره قلم را بر روی میز رها کرد، به صندلی زهوار دررفته‌اش لم زد و به خودش گفت:**

**ـ "به زمان فکر کن،... به بی انتها روزها، ماهها و سالهائی که می آیند و می روند و... ما نیستیم!... دود شدنها را باید در ورای زمان دید!"**

**قهقهه بلند خنده‌اش اتاق را بسان شرابی در بطر، پر کرد،... لب تا لب. قهقهه ظفرمند مردی مطمئن از پیروزی.**

کوهپایەها را درنوردیدند. رفیق، به عمرش چنین منظرەهای شگرفی از طبیعت را هرگز ندیده بود. فکر کرد چه شدەبود که اکنون او می بایست چنین مناظری را می دید. آیا همیشه چنین است که مرزها آغشته به تصاویر غیر قابل انتظار و جذاب باشند؟ اینجا آنقدر بکر و دست نخورده بود که نمی توانست باور کند. مگر می شد در این دنیائی که دست بشر به همه جای آن رسیده بود، هنوز چنین جاهایی وجود داشته باشند. از پشت به دوستش نگریست که مصمم گام برمی داشت. فکر کرد دوستش چقدر آسان خود را بدست سرنوشت می دهد. مگر آنان از جنس یک رویا و یک خیال نبودند، حال چه شده بود اینجا درست در مرزی جغرافیائی - قراردادی او به چیزکی دیگر تبدیل شده بود؟ نخواست یا نتوانست، خودش هم نمی داند، اما در پی جوابی برنیامد. اکنون وقت جواب نبود، بیشتر به لحظه جنبیدن پیکرهائی می مانست که می بایست بجنبند و بس. و جنبید و رفت. دوستش خوشحال از احساس شبح حرکت رفیقش در پشت سر، تبسمی بر لبانش ظاهر گشت و در دل چیزکی نهانی و مبهم را سپاس گفت از اینکه نقشه داشت طبق برنامه پیش می رفت. رفتند و رفتند.

**و ناگهان رفیق به یاد کسانی افتاد که هنوز آنجا، پشت سر، در شهرها خواب می دیدند. رویائیهای بازمانده! (در درون خود این تعبیر را نپسندید. آخر مگر آنانی که همیشه هستند می توان به چنین کلماتی متصفشان کرد؟) رعشەای جثەاش را درنوردید. سئوال اینکه "آیا آنها می دانستند سرنوشت آنها را؟ آیا آنها می دانستند که واقعا حال چه می گذرد بر آنها؟" او را در خود فرو برد. بیاد دورانی افتاد که او در آن امید رسیدن به شاهراههای اسبان دوان و نجیب را داشت، و حال در کنار مرزی دودی با کوهستانی زیبا در فکر گذار به جهان و داستانی دیگری بود که هیچوقت قبلا بدان فکر نکردەبود. ایستاد.**

**نویسنده بیشتر به منظره غیر قابل انتظارش خیره شد. متفکرانه دست به چانه برد و سعی کرد عمق ماجرا را دریابد. و ناگهان خنده درخشانی رخسار درهم رفته متفکرش را شکفت. فکر اینکه اینها بخشی از پروژه دود شدنها بودند، چهرەاش را از هم باز کرد. مگر نه اینکه دود از انجمادها برمی خواست. اما نه! بجز عده کمی همه بدان راه و مسیری می رفتند که آنها می خواستند. و آنهائی که اینجا و آنجا در کوچه و پس کوچەها گم می شدند چه تنها و چه در گروههای بسیار کوچکی بودند. به خود گفت "بر این مردمان چه رفته است؟"**

او که از گوشه چشم، ایستادن رفیقش را احساس کرده بود، برگشت و بهش نگریست. اما رفیق به او نمی نگریست. در جائی دیگر بود. و آنچه را که در نهانش احساس مبهمی از آن داشت، بوقوع پیوست. رفیق برگشت. درست همان راه رفته را گرفت و رفت. و او تنها نگریستش،... تا در خم پیچی سبزگون از نگاهها گم شد.

از آن سال، در آن سوی مرز دودی، دوست رفته به قهرمان داستان دیگری تبدیل شده است و در این سوی نیز، رفیق به همان شهری برگشته که نویسنده در آن هنوز در فکر تطبیق کردن اندیشه تئوری دود شدن مارکس با توده درون خیابانهاست. او اکنون در همان خیابان و درست در همان بلوک با یک طبقه پایین تر در آپارتمانی کوچک و بسیار قدیمی اتراق کرده است. نویسنده اکنون معتقد است که در همه تئوریها همیشه استثنائاتی وجود دارند و رفیق هم مطمئن است که وجودش علیرغم ناپیدائی شاهراههای اسبان دوان و نجیب، می تواند به امید جانی تازه ببخشد،... اگرچه هنوز در خیابان مردم عموما به آن مسیری می روند که گزمگان نشانشان می دهند.

## بەر کتێبخانەکە

دەیگوت هەموو شتێ لە ژوورەکەوە دەستی پێکرد، لە دانیشتن لە بەر ئەو کتێبخانە بچوکەدا وا بە حەوت ریز کتێبیان لەسەر بوو. لەوەوە، کاتێک لە تەنیایی دا لە بەر کتێبەکان دادەنیشت و لە کاتێکدا بۆنی لاپەڕە نوێ و کۆنەکان لە دەوری دەئالا، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد و، خەیاڵ دەیبردەوە. خەیاڵێک لە رەگەزی رووداوەکانی رۆژانە.

بەڵام ئەو باوەڕی بەم قسەیە نەدەکرد. دەیگوت هەموو شتێ لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کاتێک دراوسێکەیان لە ژن و منداڵەکانی توڕە دەبوو،

**تاقمی دەستکردی دیانەکانی دەردەهێنا و لە رقا بۆی دەهاویشتن. یاخود دەیگوت لەو ڕۆژەوە وا سەگێکی دێڵیان بە بووکی بە سواری کەر برد. دەیگوت هەر دووکی ئەم ڕووداوانە وەها لە مێشکی هاوڕێکەیدا مانەوە کە هیچ شتێکی تر نەیتوانی بیانسڕێتەوە.**

**ئەم بۆخۆی ئەم قسانەی هاوڕێکەی ڕەد دەکاتەوە، باوەڕی پێیان نیە و دەلێ هەموو شتێ تەنیا لە ژووری کتێبخانەکەوە دەستی پێکرد. دەڵێ ئەو ڕووداوانەی وا هاوڕێکەی دەیانگێڕێتەوە هەمووی بیانوو بوون بۆ ئەم ژوورە. ئەو ژوورە نەگبەتە! ئەو ژوورەی لێیەوە دیمەنی لێڕوانینی جیهان بە یەکجاری لەبەر چاویدا گۆڕا،... بۆ هەمیشە. وەها ئیتر هیچ شتێک وەک خۆیان لێ نەهاتەوە. قەت قەت.**

**هاوڕێکەی دەڵێ هەم فڕیدانی دیانەکان و هەم بە بووکی بردنی دێڵێک بە سواری کەر، ئەگەرچی دوو ڕووداوی بە تەواوی لێک جیاواز و لێک دوور بوون (ئەمیان لە تەنیشت خۆیاندا لە ماڵە دراوسێکەیان رووی دەدا و ئەوی تریان لە گوندێکی یەکجار دوور)، بەڵام لە سەر دڵی بۆ هەمیشە بە قەڵەمێک کە جەوهەرەکەی لە ڕەگەزی ئاسنی تواوە بوو، نووسرا و ئیتر بۆ هەمیشە تێیدا مایەوە،... لانیکەم هەتا دەژی،... هەتا ژیا.**

نازانێ کتێبەکان بۆ وەهان، نازانێ چلۆنە دەتوانن وەها بە بێدەنگی بە سەر دەرون و مێشکی دا زاڵ بن، ئەوەندە زاڵ کە بۆ هەر شوێنێک بچێ، دیسان لە گەڵیدان. ئەوانەی وا هەمیشە دەدوێن و بێ روحمانە ڕێگای پیشان دەدەن، ڕێگایەک نەک لە دەرگاوە، بەڵکو لە پەنجەرەوە. ئەو ڕێگایانەی دەڵێی تەنیا ڕێگان و بەس، بێ ئەوەی بگەنە هیچ شوێنێک. ئەو کتێبانەی لە هەموو شتێکی ئەم دونیایە توڕەن و تەنیا قسەدەکەن و، بە بێدەنگی دەنگ هەڵدەبڕن.

هاوڕێکەی دەڵێ بەوە نەبوو لە ژوورەکە لەبەر کتێبخانەکەدا دانیشتبوو، لەوێوە جوان جوان گوێی لە گڤەی فڕێدانی تاقمەکە بوو. ئاگای لێ بوو چلۆن بەر گۆنا و دەموچاوی ژن و منداڵەکانی دەکەوت و چلۆن برینداری دەکردن و جێگاکانی هەتا چەند هەفتە دەمانەوە. ئەو تاقمەی قەت نەدەشکا! ئەو تاقمەی دەڵێی دکتۆرەکە بۆ شەڕ دروستی کردبوو، نەک بۆ پارو جاوین و نان خواردن. گوێی لێ بوو چلۆن ژنەکە ڕۆژ تا ئێوارێ دۆعای لەو تاقمە دەکرد، ئەوەی کە خوا ڕەحم بکا و ڕۆژێک لە فڕێدانەکاندا ورد و خاش بێت. ئەوەی کە خوا بەزەیی بە منداڵەکان و خۆیدا بێتەوە و دیانەکان وەها گوم و گۆڕ بکا کە بە یەک مانگیش مێردەکەی نەتوانێ بیاندۆزێتەوە. یاخود شەوێ مێردەکەی لە

کاتی خەودا لە کاتی پرخە ترسناکەکانی دا قوتیان بدا. کەچی منداڵەکان وا نەبوون. ئەوان حەزیان نەدەکرد تاقمەکە شتێکی بەسەردا بێت. چونکە باوکیان بە بێ تاقم یەکجار ناشیرین و گوناح دەینواند. ئەو منداڵانەی کە لە کاتی توڕەییەکانی باوکیاندا هەم بۆ خۆیان دەگریان و هەم بۆ باوکیان. ئەم لەم کاتانە لە بەر کتێبخانەکەدا وەها خەیاڵ دەیبردەوە، کە کتێبەکان دادەبەزین و سەریان بە سەریەوە دەنا و هەوڵیان دەدا دڵنەوایی بدەنەوە. هاوڕێکەی دەڵێ عادەتێکی باش کە هەیبوو ئەوە بوو قەت نەدەگریا. دەڵێن ئەو عادەتەی لە کتێبەکانەوە پێ گەیشتبوو.

ئەم لێرەوە ئاگایشی لە دێڵە سەگەکە بوو. خەڵکی دەیانگوت کتێبەکان خاوەن چاو بوون و نیگاکانیان لە سەدان دیوارەوە دەگوزەرا و بە دەیان و سەدان کیلومەتریان دەبڕی و ئاودیوی کێوەکانیش دەبوون. دەیانگوت ئەم لە چاوی کتێبەکانەوە ئاگای لەو دێڵە بووە. بەڵام دوواجار قا قا پێدەکەنین و دەیانگوت:

ـ "بە خوا سەیرە! ئاخر کتێب کاری بەو سەگە چییە وا بە سواری کەرەوە بە بووکی دەیبەن!"

ڕاستیان دەکرد، بەڵام ئەم پێی وابوو حیکمەتێک لەم کارەدا هەبوو. باشە بۆ نابێ دێڵ بەم شێوازە بە بووکی بەرن؟ تا ئیستا کەسێک هەوڵی

داوە پرسیاریان لێ بکا کە داخۆ ئەمە ئاواتیانە یان نا؟ بێگومان کەس نەیپرسیبوو. هەر بۆیە کاتێک بۆ یەکەم جار ئەمە روویدا، کتێبەکان باسیان کرد. ئەم کە بیر لەو دیمەنە دەکاتەوە، بزەیەک دەیگرێ و سوپاسی گەردوون دەکا کە بۆ یەک جاریش بووە ئاواتێکی سەگە بەرەڵایەکی بەدی هێنابوو. ئەو سەگانەی وا جگە لە دار و بەرد و ژەهر و تێهەڵدان و هەڵابڕین، هیچی تریان لەم دونیایەدا بە نەسیب نەدەبوو. داخۆ چ دیمەنێک بووە! وەرە و بیهێنە بەر چاوانت،... کەرە بەستەزمانەکەیش لانیکەم بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا لە جیاتی مرۆڤێکی قورسی ڕەزا گران، لەو مرۆڤانەی بە هەزار داو و دەرمان جوان ناکرێن و کەچی پێیان وایە جوانترین بوونەوەری جیهانن، ڕزگاری بووە و دێڵێکی ڕەزا شیرینی بە کێش سووکی لە سەر پشت ناوە و جادەی لە ناو قەرەباڵغیدا بڕیوە. ئەم لێرەوە لە بەر کتێبخانەکە بە جوانی گوێی لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایە. چاوی لە ڕەشبەڵەک و قوڵەی سەگەکانە. لەو گوندە چۆڵەی وا دانیشتووەکانی هەر هەموویان لە مەزرا یاخود لە قاچاخن و، ئاگایان لە جوانترین دیمەنی دونیا نیە.

بەڵام دانیشتنی بەر ئەم کتێبخانە بچوکەیان پێ ڕەوا نەبینی. هاوڕێکەی ئەمەی گوت. ئەمەی گوت و سەرێکی بادا.

ـ "ئاخر لە کوێ بینیوتە کەسێک بە تاوانی دانیشتن لە بەر کتێبخانەدا و ڕوانین لە پەنجەرەیەکەوە بگرن،... یاخود ڕاوی بنێن؟ ها، لە کوێ؟... مەگەر ئەم بوو تاقمەکەی فڕێ دەدا؟... مەگەر ئەم بوو لە چۆڵەوانی گوند دا بە دزییەوە شایی و زەماوەندی سازدەکرد؟... ها؟... یان ڕەنگە....، نا لێم گەڕێن،... لێم گەڕێن!"

دووای ئەوەی ون بوو و بۆ هەمیشە لە ژوورەکە دوور کەوتەوە، دەنگۆ بڵاو بووەوە کە تاوانی ئەو ئەوە بووە خۆی لە ژیانی خەڵکی تر هەڵقورتاندووە، ئەوەی کە لە بێدەنگی دا دانیشتووە و هەوڵیداوە لە چاوی کتێبەکانەوە بڕوانێتە ژیان. ئەوەی کە لە کاتی فڕێدانی تاقمی دیانەکە لە لایەن دراوسێکەیانەوە، ناو چاوی گرژ کردووە و بە دیتنی دیمەنی شایی دێڵەکەیش بزەی شایی بە لێوانیدا گەڕاوە.

بەڵام ڕاستی ئەو ژوورە چۆن دروست بوو؟... چۆن پەیدا بوو؟

هاوڕێکەی، دووای ساڵانی ساڵ، ڕۆژێک هەستا و چوو بۆ ماڵیان. لە باوکی پرسی. باوکی کە هێشتا پێی وابوو کوڕەکەی لە ژوورەکە لە بەر کتێبخانەکەدا ماوە، لەم پرسیارە واقی وڕمابوو، گوتی ئەو ژوورە وەک هەموو ژوورەکانی تر لە شارەدا و ڕەنگە لە هەموو دونیادا دروست کرابوو. ئەوەی کە باوکێک بیری لەوە کردبووەوە کوڕەکەی پێویستی بە

**شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئیتر دوواتر بە قوڕ و خشت و گەچ و ئاسن سازکرابوو. ماوەیەک بێدەنگ ببوون، پاشان باوکەکە گوتبووی هەڵبەت ئەو ژوورە بە پێچەوانەی ژوورەکانی تر، شوێنێکی تایبەتی بۆ کومێد تیا چێکرا. ئەو کومێدەی قەت بۆی دروست نەکرا و هەربۆیە رەفەیەکی چەند قاتی ئاسنینی لە جێ دانرا و، کرا بە شوێنی کتێب. ئاخر ئەو رەفەیە تەنیا بۆ کتێب دەستی دەدا.**

**هاوڕێکەی ئیتر نەیپرسی بۆچی کومێدی تێنەخرا. هەستا و رۆیشت. بە دەم رێگاوە لە کاتێکدا گوێی لە شەڕ و بەزمی دراوسێکە و فڕێدانی تاقمی دیانەکە بوو، لە کاتێکدا دەنگی حیلکە حیلکی پڕ لە شادیی دێڵەکەی دەهاتە گوێ، بیری لەوە کردەوە کتێب هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان جێێ خۆی دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بیریشی لێنەکرابێتەوە،... بە جۆرێک لە جۆرەکان.**

## تەنیا شانەیەک

هەر کە لە دایک بووم، لە دووای چل شەو و چل رۆژ، کاتێک کەمێک پشکوتم و خۆم خەملاند، دایک و باوکم بە پەلە لە تاقە ژێرخانەکەی ماڵەکەمان شاردیانمەوە. ئەوەندە بە پەلە کە نە فریا کەوتن مەمکە

مژەکەم لە گەڵ خۆیان هەڵبگرن و نە بێشکەکە و نەو ئەو بلوێرە میزەی ئەوەندە بۆگەناوییەی دەڵێی سەدان ساڵ بوو لێیەوە میزم کردبوو. ئەوان تەنیا فریا کەوتن پەتووەکە لە دەورم بئاڵینن و وەها هەڵاتن کە باوکم لە دووای هەڵهێنانی چەند هەنگاوێک زۆر بە خراپی بە دەمەوە کەوت. ئیستایش لە دووای تێپەڕینی دەیان ساڵ هەر بە دەست ئێش و ژانی قاچەکانییەوە دەناڵێنێ و، لەعنەتی خەڵک و دراوسێی خراپ و بیر و لێکچواندنە سەیروسەمەرەکان دەکا.

من کە هەر ئەو کاتیش یەکجار ئەم شاردنەوەیەم پێ ناخۆش بوو، لە داخا چل شەو و چل رۆژی تەواو گریام، بەو تەمایەی بمگێڕنەوە بۆ شوێنە سەرەتاییەکەی خۆم، بۆ ژوورەکە، بۆ ئەو شوێنەی باوکم تێیدا لە سەر کورسییە گچکەکەی خەونی بە هێنانی ژنی دووهەمەوە دەبینی و، دایکیشم تێیدا بەردەوام بیری لە ماڵی باوکی دەکردەوە.

بەڵام بۆ منیان بۆ ژێرخانە مێژووییەکە راگواست؟ هەرچەند کەمێک شیکردنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە زەحمەتە و هەتا ئیستایش من لە گەڵ ئەم شیکارییەی خۆم رانەهاتووم، بەڵام هەوڵ دەدەم هەر چۆنێک بێت بۆتانی باس بکەم،... تا ئەو جێگایەی زمان و ئەقڵی ساوایانەی ئەو

**کاتم ئیزنم پێ بدات کە هێشتاکە هەشتاد ڕۆژ و شەو لە تەمەنی نەگوزەرابوو.**

**منیان راگواست چونکە لە دووای چل شەو و چل ڕۆژەکە، دەنگۆ لە گەڕەک بڵاو بووەوە کە من لەم سێ کەسە دەچووم: لە سەدام، لە چەنگیزی مغۆل و لە هیتلەر. هەر بۆیە باوکم لە ترسی ئەوەی نەکا قسەکە راست هەڵگەڕێ و منیش شەڕێکی ترسناکی تر هەڵگیرسێنم و بە میلیۆن مرۆڤ تێدابەرم، لە تاوا هەتا بۆی کرا منی لە ژێرخانەکە پەستاوت. هەڵبەت با ئەوەیش بڵێم کە من بە ئیستایشیەوە نەمزانی چلۆن زارۆکێکی هێشتا بە جوانی نەخەملاو کە نە سمێڵی لێ رووابوو و نە ریش و نە قژێکی وەها، دەیتوانی لەو سێ کەسە بچێ. بەڵام دایک و باوکم ئەمەیان بۆ گرینگ نەبوو. ئەوان پێیان وابوو هەر قسەیەک چووە سەر زاری خەڵک و باس کرا ئیتر خەڵک باوەڕی پێدێنن و تا بتەوێ بۆیان باس بکەی و تێیان بگەیەنی کە وا نیە، درەنگ دەبێ، جاری وایشە وەها درەنگ کە خودا بە خودایی خۆی مەگەر رەحم بکا. ئەوان کە پاراستنی من و خەڵکیان زۆر لا گرینگ بوو، بە پەلە لەو ژێرخانەیان کردم کە هێشتا بۆنی ئەو مانگا و گوێرەکانەیان دەدا بە درێژایی ژیانی چەندین نەوە تێیدا ژیابوون.**

من کە واقم وڕمابوو، سەرئەنجام دایک و باوکم رازی کرد بە هەبوونی ئاوێنەیەک لە ژێرخانەکە مل بدەن. ئاوێنەکەیان بۆ هێنام. لەو کاتانەدا دەورم قەرەباڵغ نەدەبوو، بە گاگۆڵکێ دەچوومە بەر ئاوێنەکە و سەیری خۆمم دەکرد. بە چەندین رۆژ ئەم کارەم دووپاتکردەوە. جاری وابوو ئەوەندە سەیری خۆمم دەکرد کە چاوم لە رەشەوە دەهات و وەها سەرێشەیەکم دەگرت کە دەستبەجێ خەوم لێدەکەوت. تا سەرئەنجام رۆژێکیان رازەکەم دۆزییەوە. من لە سەدام دەچووم چونکە وەک سەدام چرچێک رێک نێوان دوو برۆمی قڵاشتبوو. چرچێک وەک دارچرابەرق کە لە ناو تەوێڵمەوە دەستی پێ دەکرد و لە سەر رەقایی لووتم ون دەبوو،... لە هیتلەر دەچووم چونکە وەک ئەو قژم خاو و لووس بە لایەکدا لە سەر سەرم کەوتبوو و بە هەر جوڵەیەکم وەک شەپۆلی ئاوی دەریا تاڵەکانی لە سەر یەک دەخزین،... لە چەنگیز دەچووم چونکە وەک ئەو کاتێک لە شتێک ورد دەبوومەوە (باشتر وایە بڵێم مۆڕ دەبوومەوە)، برۆکانم وەک کەوانێک جوان قەفیان تێدەکەوت.

کە بە ڕازەکەم زانی، تەواو خەم دایگرتم. بیرم کردەوە کەواتە چارەنووسی من یان مانەوەی ئەبەدی لەم ژێرخانەدا بوو، یان مردنێکی زوودرەس. بەڵام من ژیانم وەک هەر کەسێکی تر خۆش دەویست.

دەمویست گەورە بم و لە پاش دەیان سالّی تر بمرم، یاخود قەت نەمرم (من بە زارۆکیش هەمیشە هومێدی ژیانی ئەبەدیم هەبووە). رۆژێکیان لە کاتێکدا دایکم مەمکی دەدامێ، لێی پاڕامەوە چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە. پێم گوت رەنگە من لەو سێ پیاوە بچم، بەڵام لە دەروونەوە شتێکی ترم، لە جۆرێکی تر. دایکم داماوانە لێم راما و لە کاتێکدا بە پەنجەکانی لە گەڵ قژە هیتلەرییەکانم کایەی دەکرد، گوتی:

- "رۆڵە گیان! ئەوانیش وەک تۆ زەمانێک ساوا بوون،... وەک تۆ بێدەسەڵات و داماو،... چاوەڕوانی ژنێک کە بێت و مەمک بخاتە سەر دەمیان بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن!"

من کە چاوەڕوان نەبووم دایکم بەم شێوەیە وەڵامم باتەوە، گوتم:

- "نا دایە گیان، تۆ لە هەڵەدای! من پێم وایە ئەوان هەر لەو رۆژانەوە کە خەریکی مژینی مەمکی دایکیان بوون، بیری هەڵگیرساندنی شەڕە گەورەکان لە مێشکە ساویلکە و ساواکەیاندا دەهات و دەچوو. من پێم وانیە شتی ئەوەندە گەورە کتوپڕ بە مێشکی کەسێکدا بێت. نا پێم وانیە!"

بەڵام دایکم تەنیا درێژەی بە کایەی پەنجەکانی دەدا و لە کاتێکدا نەرم نەرم فرمێسکی بە سەر قڵشتە سەدامییەکەدا دەڕشت، لە کەوانەی سەیری برۆ چەنگیزەکانمی دەڕوانی.

سەرەڕای رۆژە دژوارەکانی دوورکەوتنەوەم بۆ ژێرخانەکە و دانیشتنی بێ پایان لە بەر ئاوێنەکە، هەمیشە پێم وابوو کە ئەم رۆژانە خەونن و سەرئەنجام کۆتاییان دێ. هەربۆیە ئیتر هەوڵم دەدا زۆر نەبمە مایەی خەمی زیاتری دایک و باوکم. بۆ خۆم زۆر ئاقڵانە لەوێ رادەکشام، گاگۆڵکێم دەکرد و تا دەمتوانی پەنجەکانی خۆمم دەمژی. بەڵام رۆژەکان و شەوەکان لەوە درێژتر بوون بیرم لێدەکردەوە. هەربۆیە هەوڵم دا بە شێوەیەک لە شێوەکان پڕیان بکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵم دەدا بیر لەو سێ کەسە بکەمەوە کە من بە تاوانی لێکچوونیان لەم ژوورە ناخۆشە بووم. ئیتر کاری من بوو بە ئەمە. بیر لە منداڵییان، لە گەنجیەتی و گەورە ساڵییان، لە رووداوەکانی ژیانیان. هەموو رۆژیک وەک فیلمی سینەمایی ئەم بیرانەم لێدەدایەوە و لێدەدایەوە. ئەوەندەم بینی بوون کە ئیتر تەواو لەبەرم کردبوون. وام لێهات کاتێک دایکم دەهات تەڕ و وشکم کات و شیرم بداتێ، دەنگی خۆمم وەک سەدام لێدەکرد و بە دەنگێکی ژێر و کشاوە و بێ منەتانە کە لە بن مەڵاشوومەوە دەهاتە دەر، بە سەرمدا دەگوڕاند کە بۆ درەنگ کەوتووی. بۆ ئەوەی سزای درەنگ کەوتنەکەیشی بدەم هەوڵم دەدا ناخۆشترین بۆگەن لە ژوورەکەدا بڵاو بکەمەوە (لە شێوازی گازی شیمیایی). یان

وەکوو هیتلەر لە کاتێکدا سەرم کتوپڕ بە لایەکدا فڕێدەدا، مشتم بە عەرزەکەی بەر دەممدا دەکوتا و دەمقیژاند کە بۆچی شیرەکە تامی جارانی نەماوە (وەک چۆن هیتلەر گلەیی لە لاوازبوونی هەستی نەتەوە پەرەستانەی خەڵکی ئاڵمان دەکرد). یانخود وەکوو چەنگیزی مغۆل دەستی راستم بەرز دەکردەوە و دەمگوت "شیری رەسەن، شیری وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست." دایکم کە سەری لەم کردە سەیر و سەمەرانەی من وڕدەما، بە پەلە رایدەکردە دەرەوە، باوکمی بانگ دەکرد و لە کاتێکدا باوکم بە هەر دوو دەستەکانی توند توند رایدەگرتم، دایکم مەمکی دەخستە دەممەوە و بە زۆر تێری دەکردم.

ئەم چیرۆکە درێژەی کێشا تا ئیتر بەرەبەرە گەورەتر بووم. بە سەرسامییەوە دایک و باوکم دیتیان کە نەک تەنیا لە سەدام و هیتلەر و لە چەنگیزی مغۆل ناچم، بگرە چرچەکەی ناوچاوم رەویبووەوە، قژە خاو و ساف و لووسەکەم نەمابوو و برۆکانیشم وەک برۆی ژاپۆنییەکانیان لێهاتبوو (لە گۆشەکانەوە کشاوە بەرەو سەرەوە). باوکم بە تایبەت بە بینینی ئەمە وەها رقێک دایگرت کە هەڵاتە کۆڵان و هەتا توانی بە دەنگی بەرز جوێنی بە خەڵکی گەڕەک دا. خەڵکی گەڕەک کە بەرەبەرە کۆببوونەوە، بە سەرسامییەوە لە یەکتریان دەڕوانی و پێیان

وابوو باوکم شێت بووە. ئەوجار باوکم داوای لە دایکم کرد من بهێنێتەوە دەرەوە. من کە تەواو بە ژوورەکە خووم گرتبوو و تیشکی هەتاو چاوەکانمی ئازاردەدا، لە دووای بێنە و بەرەیەکی زۆر سەرئەنجام تەسلیمی گریانەکانی دایکم بووم و، چوومە کۆڵان. باوکم شێتانە منی پیشانی خەڵکەکە دەدا و دەیگوت:

- "جوان سەیری بکەن!... جوان جوان. ئەی بۆ وەها نەبوو،... بۆ وا دەرنەچوو؟... ها! ئەم غەدرە چی بوو لە من و لە ماڵ و منداڵم کردتان؟ ساڵانی ساڵە لە کونێکم کردبوو و بە دزییەوە دەژیا و دایکیشی بە دزییەوە مەمکی دەدایە،... ئەی نامەردانە،... ئەی بەخیلینە!... ها بۆ واتان کرد،... بۆ؟"

خەڵکەکە جوان جوان لە منیان ڕووانی، لەو گەنجەی ئیستاکە بە قژ و ریشێکی درێژی سوورەوە و بەو چاوانەوە کە شین دەچوونەوە. ئەوان کە قەت گەنجێکی لەم چەشنەیان لە گەڕەکدا نەبینیبوو، سەیری یەکتریان کرد. ئەوسا سەرئەنجام یەکیان چەند هەنگاوێک لێم هاتە پێشەوە و پاش کەمێک ڕووانینی وردی تر، ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی:

- "خەڵکینە!... خەڵکی گەڕەک!... پێتان سەیر نیە ئەم شکڵ و شەمایلە! پێتان وانیە لە مەسیح دەچێ،... ئەو مەسیحەی دینی ئیسلامی بەسەردا

**هات و وەک فەرموودەی خودای گەورە دووا دینە و دەبێ هەموو کەس دینی خۆی جێ بێڵێ و ببێتە موسوڵمان؟ تەنانەت مەسیحییەکان و خودی مەسیحیش!... پێتان وانیە ئەم شکڵ و شەمایلە مەترسییەکە بۆ ئێمە،... بۆ گەڕەک؟"**

**خەڵکەکە پاش کەمێک رامان و راوەستان، تێکڕا گوتیان "ئەشەمیللا!... ئەشەمیللا وایە!"**

**باوکم و دایکم لەو ڕۆژەوە دیسان منیان پەستایەوە ژێرخانەکە. من کە ئەمجارەیان بە پێچەوانەی کاتی منداڵی یەکجار ئەم گەڕانەوەیەم پێ خۆش بوو، بە دایکم گوت:**

**ـ "دایە گیان! من بۆ پاشماوەی تەمەنم لەو ژوورەدا تەنیا پێویستم بە شانەیەکە و بەس. شانەیەک بۆ ئەوەی ساتەکانی ژیانم بە شانە کردنی قژ و ریشە سیحراوی و جوانەکانم بەسەر ببەم،... ئا، تەنیا شانەیەک!"**

## دراوسێ فاشییەکەمان

شەوانە پێش ئەوەی بخەوم، رێک لە دووای سەعاتی یانزە، بۆ رەوینەوەی تەنیایی، دەچمە حەوشە، جگەرەیک دادەگیرسێنم، تا دەیکێشم لەوێ رادەوەستم و لە بێدەنگیی گەڕەکەکەماندا سەیری ئاسمان و خانووەکان و ئەو جادەیە دەکەم وا وەک مار دەخشێ و لە خوار تەپۆڵکەکەوە لەچاوان ون دەبێ. ئەو تەپۆلکەیەی لە باکووری گەڕەکدا هەڵکەوتووە.

ڕێک لەو کاتەدا دەچمە دەر، پشیلەی دراوسێ ئاڵمانییەکەمان لە باڵۆنەکەیانەوە بەو دارەدا دادەگەڕێ کە بۆیان داناوە و باڵکۆنەکە بە حەوشەکەیانەوە گرێ دەدا. دارەکە ڕێک لە تەنیشت ئەو پەرژینەدا دەگاتە زەوی کە ماڵی ئێمە و ماڵی دراوسێکەمان لەیەک جیادەکاتەوە. پشیلەکە هەر دەگاتە خوارەوە، لە سەر پەرژینەکە چوارچنگ پاڵدەکەوێ و لەدووای ئەوەی بە لاچاو سەیرێکم دەکا، وەک من دەکەوێتە ڕووانینی ئاسمان و خانوو و جادەکان،... تا جگەرەکەی من تەواو دەبێ! کە من دەڕۆم، ئەویش دەڕوا. من بەرەو ژوورەوە و ئەویش بەرەو خانووەکانی ئەوبەری جادەکە. جاری وایە لە دڵەوە، کاتێک دەرگاکە دادەخەم، سوپاسی دەکەم.

ئەمە پیشەی هەموو شەوی من و پشیلەی دراوسێکەمانە.

پێش ئەوەی بۆ ئەم گەڕەکە ڕاگوێزین، دراوسێکەمان لەمێژ بوو لێرە دەژیا. ئەوانیش وەک ئێمە لە وڵاتانی ترەوە هاتبوون، هەڵبەت نەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵکو لە ناوەندی ئەورووپا، لە ئاڵمانەوە. دووهەمین ڕۆژی گواستنەوەکەمان لە باڵکۆنەکەیانەوە کاتێک ئێمەیان بینی زۆر دۆستانە و گەرم سڵاویان کرد و بەخێرهاتنیان کردین. کەچی لە ڕۆژی دووابیەوە ئەو گەرم و گوڕییەیان نەما! لەو ڕۆژەوە دراوسێ

ئاڵمانییەکەمان ئەگەرچی میهرەبانە، بەڵام کاتێک بە تووشمەوە دەبێ لەسەرەخۆیە، شتێ پێی دەڵێ دەبێ وریابێت،... لەمن وریا بێت!

شەوێ بە دەم جگەرەکیشانەوە و لە کاتێکدا هەم من و هەم پشیلەکە خەیاڵ بردبووینی، بیر لە رەگەزپەرستیی شاراوە لەم وڵاتە دەکەمەوە. ئەوەیکە خەڵکێکی بەرچاو رقیان لە پەنابەرە و بەڵام لە ترسی یاسا بە جۆرێکی تر و بە شاراوەی دەینوێننەوە. دەزانم ئاڵمان کانگای رەگەزپەرستی بووە (بەردەوامیش هەیە). بیرلە دراوسێکەمان دەکەمەوە. "بڵێی ئەویش رەگەزپەرست بێت؟" ئەم پرسیارە تەواو داگیرم دەکا. بێگومان رەگەزپەرستە، ئەی ئەوەنیە بە ساردی سڵاوم لێدەکا! ئەوسا دێتەوە بیرم رەگەزپەرەستە ئاڵمانییەکان لە شەڕی دووهەمدا چییان کرد. تیاچوونی بە دەیان میلیۆن مرۆڤ! وێرانیی دەیان وڵات. ئاە، عەجەب کارەساتێ! ئەمە تەواو دەمترسێنێ. "ئەی هاوار، منیش هاتوومەتە کوێ و بۆ چ گەڕەکێک رامگواستووە!" بەلام دێتەوە بیرم وەک من دراوسێکەمان لەم وڵاتە پەنابەرە و کەواتە رەگەزپرستی ئێرە دەکرێ بەهەمان ئەندازە رقی لە منە، رقیشی لەو بێ. ئەمە ئاهێک بە دەروونمدا دەگەڕێنێ. جگە لەمە ئەو لێرە ئەوەی لەدەست نایەت وا لە وڵاتی خۆی لە دەستی دێت! بیردەکەمەوە:

**ـ "رەگەزپەرستێک، رەگەزپەرستەکانی تر رقیان لێیەتی!"**

**چ هەستێکی سەیرە خۆت لە گەڵ رەگەزپەرستێک لەیەک دۆخدا ببینیتەوە! یەک چارەنووس،... لە یەک بەلەمدا!**

**رۆژێک بە رێکەوت دراوسێکەمان لە حەوشەکەی خەریکی رێک و پێک کردنی باخچەکەی بوو. بە باڵای بەرز و جەستەی لاواز و رەگاوییەوە و بەو ژێرکراسە رکابییەوە کە ئەوەندەی تر ماسولکە وردە دەرپەڕیوەکانی جوانتر دەنواند، دەهات و دەچوو، یەکجار سەری قاڵبوو. ئای چەندە لەو سەربازە ئاڵمانیانە دەچێ کە من لە فیلمەکاندا دەمبینین، ئەو سەربازانەی بە ئاسانی فرمانی فەرماندەکانیان جێبەجێ دەکرد و، زۆر بێڕەحمانە خەڵک و دیلەکانیان دەکوشت. رقم لێیەتی، ئەوەندە رقم لێیەتی کە چی تر راناوەستم، جگەرەکە بە نیوەیی فڕێدەدەم و دەچمە ژوورەوە. هەست بە بۆنی تاڵی رەگەزپەرستی لە هەوادادەکەم!**

**شەوێکی تر کاتێ لە حەوشەم و خەریکی جگەرەکێشانم و، وەک هەمیشە پشیلەکە لەسەر پەرژینەکە بە تەنیشتمەوەیە، بیرم دەکەوێتەوە کە من کۆنە کۆمۆنیستم و ئاڵمانییە فاشییەکانیش رقێکی تایبەتیان لە کۆمۆنیستەکان بووە. خوێندبوومەوە کە گوایا وڵاتانی تر لەبەر سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان ئیزنیان بە نازییەکان دا دەسەڵات**

بەدەستەوە بگرن، تەنانەت من بۆ خۆم لە کتێبەکەی هیتلەر 'شەڕی من'، خوێندبوومەوە کە ئەو بۆخۆی بە زمانی خۆی دان بەوەدا دەنێ چ ڕقێکی تایبەتی لە کۆمۆنیستەکان بووە. ئەمە ئەوەندەی تر ڕایچڵەکاندم. کەواتە دراوسێکەمان دووجار ڕقی لەمنە، جارێک بە هۆی ئەوەی ئەورووپی نیم و جارێکی تریش لەبەر ئەوەی کۆمۆنیست بووم. ئەوسا ترسێکی سەیر دامدەگرێ. بیرلەوەدەکەمەوە کە شەوانە دەبێ هەمیشە بە جوانی دەرگا و پەنجەرەکان دابخەم و، جاروباریش پێش ئەوەی بخەوم سەیرێکی ئەودیوی پەنجەرەکان بکەم. بگرە ئیستا چەند چەقۆی چاکیشم کڕیوە و لە هەر ژوورێک یەکیانم داناوە. چەندە حەزدەکەم لێرەیش وەک ئامریکا چەک کڕین و هەبوونی لەماڵدا ئاسان بێت!

شەوێکی تر دیسان دووای سەعات یازدە دەچمەوە دەرەوە بۆ حەوشێ گچکەکەمان، بۆ جگەرەکێشان. پشیلەکە دیارنیە. لام سەیرە. ئەوسا لە دووای دوو سێ دەقیقە سەروسەکوتی پەیدادەبێ. بە دارەکەدا بە ئارامی و بێ ترپەی پێ دادەگەڕێ، بەڵام بە بێ ئەوەی چوارچنگان لە سەر پەرژینەکە بۆی بکەوێ و بەلاچاو نیگایەکی من بکا، تەنیا بۆ چەند چرکەیەک ڕادەوەستێ و ئەوجا دەڕوا، دەڕوا بۆ خانووەکانی ئەوبەر جادەکە. بۆ ناو ئەو کۆمەڵە درەختەی شوێنی ڕاوی هەمیشەییەتی. بە

پاڵنەکەوتن و سەیرنەکردنەکەی وەها لەناو خۆمدا توڕە دەبم، هەر نەبێتەوە. "کەواتە ئەویش بووە بە فاشیست، بە رەگەزپەرست!" سەیری پەنجەرەی نیوە تاریکی دراوسێکەمان دەکەم. "بێگومان ئەو فێری کردووە،... ئا، دایناوە و بۆی باسکردووە، ئەوەی کە ئێمە کەمترین لەوان و ئەو نابێ لەگەڵم بە شەوان دابنیشێ و، تەنانەت نابێ بە لاچاویش بێت سەیرم بکا!" ئەوەندە توڕەم کە جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنم.

بۆ شەوی دوواتر خۆم لە تەنیشت درەختەکانی ئەوبەر جادەکە حەشاردەدەم،... بە چەند بەردی باش بە دەستمەوە. ئاگام لەتارمایی پشیلە فاشییەکە بوو لە دارەکەوە هاتەخوارەوە، لەسەر پەرژینەکە جەستەی خۆی کێشایەوە و پاشان بەرەو ئەمبەر هات. لەناوەڕاستی جادەکەدا کە چۆڵ چۆڵ بوو چەند چرکەیەک راوەستا، وەک بڵێی هەستی بە شتێ کردبێ. بەلام بە خۆشییەوە دیسان وەڕێ کەوتەوە، ڕێک بەرەو درەختەکان،... بەرەو من. هەر کە نزیک کەوتەوە، وەک شێر لە بێشە دەرپەڕیم و بەردەکانم تێگرت. ئەو بەردانەی وەک چەقۆکانم لە کەنارەکانیانەوە تیژبوون. پشیلەکە وەها ترسا کە سەرەتا یەک دوو چرکەیەک تەنیا لەو سێبەرە زەلامە راما وا کتوپڕ لە پشت

درەختەکانەوە لێی پەیدا ببوو. (ئیستا، کە جاروبارە بیر لەو شەوە دەکەمەوە، پێم وایە ئەو بەستەزمانە پێی وابووە مشکێکی لێدەرپەڕیبوو کە لەداخی ئەو جەستەی ماسیبوو و وەک دێوی لێهاتبوو). ئاگام لە تۆزی سەرجادە و گوێم لە دەنگی بەردەکان بوو کە تلیان دەدا و بە شوێن پشیلەکەدا هەڵدەهاتن.

شەوی دوواتر دیسان چوومەوە بەردەرگا. جگەرەیەکم داگیرساند و چاوەڕوانی پشیلەکە مامەوە، بەڵام دیار نەبوو. "نەکا کوشتبێتم!" بەڵام نا، نەمکوشتبوو. بینیبووم هەر هەڵدەهات. بەڵام ئەوەشم دەمزانی کە جەستە گەرماوگەرم بەخۆی نازانێ و، لە کاتی وەبەرکەوتنەکانیشدا هەر خۆی رادەکێشێ. ئا بێگومان مردبوو، لە شوێنێک لەناو دارستانەکانی دەورووبەردا. بزەیەک بە لێوەکانمدا گەڕا. "فاشیستێک کەمتر!" چوومە ژوورەوە و ئەو شەوە یەکێک لە خۆشترین خەوەکانی جیهان رووی لە ژوورەکەی من کرد.

ڕۆژی دوواتر لە حەوشەکە راوەستابووم و سەیری ئەو گوڵانەم دەکرد دراوسێ فاشییەکەم چاندبوونی. هەتاوێکی گەرم دوونیای داگرتبوو و هەربۆیە بۆنی گوڵەکان ڕۆژەڕێیەک دەڕۆی. کتوپڕ دراوسێکەمانم بینی لەوسەری کۆڵانەکەوە پەیدا بوو. شتێ بە باوەشییەوە بوو. کە جوان لێم

ڕووانی بینیم پشیلەکەیە! بەڵام شتێک سپی دەکردەوە. کە نزیک کەوتنەوە، دیتم لاقی پشیلەکە و سەرشانی بە پەڕۆیەکی سپی پێچرابوون. دراوسێکەمان کە هاتە حەوشەکەی و منی بینی، ڕاوەستا و ئەمجارە بە پێچەوانەی جاران بە گەرمی سڵاوی کرد و کەوتە دەردی دڵ کردن. باسی پشیلەکەی کرد، ئەوەیکە کەسێک دوێشەو بەردی تێگرتبوو، ئەوەیکە ئەمڕۆ لە خەستەخانە بووە و چەندین سەعاتی خایاندبوو هەتا دەرمانیان کردبوو. ئەوەیکە ئەمڕۆ بەناچار نەچووبوو بۆ سەر کار. من کە لە گەرم و گوڕیی دراوسێ فاشییەکەمان سەرم سوڕمابوو، تەنیا لە لاق و شانی پشیلەکە رامابووم، بەڵام کتوپڕ نیگام لە نیگای ئالاَ. پشیلەکە چەند بە سەیری سەیری دەکردم! بە ئارامی دەیمیاواند و جاروبارە سەری بە دژواری بەرزدەکردەوە و لە خاوەنەکەی دەڕوانی کە لەگەڵ من بە گەرمی و بەپەرۆشی دەدوا و، ئەو چیرۆکەی دەگێڕایەوە کە نەیدەزانی دوێ شەو چۆن روویدابوو و کاراکتێرە سەرەکییەکەیشی کێ بووە.

هەفتەیەک دوواتر، ڕۆژێک ژنەکەم بۆ پرسیارێک سەبارەت بە گەڕەکەکە چوو بۆ ماڵی دراوسێ فاشییەکەمان. کە هاتەوە باسی گەرم و گوڕی

بنەماڵەکەی کرد، ئەوەی چەندە میهرەبان بوون و چەندە هەوڵیاندابوو بە ریێک و پێکی وەڵامی بدەنەوە. ئەوەیکە گوتبوویان گەر پێویستیمان بە یارمەتی بوو دەتوانین روویان تێبکەین، لەهەر بوارێکدا کە ئەوان بۆیان بلوێ و بتوانن. ئەوسا کتوپڕ لایکردەوە و گوتی:

- "ئەرێ لەبیرتە ئەو رۆژەی تازە هاتبووین و سڵاویان لێکردین و بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین!... ئەرێ ئەو رۆژە تۆ بۆ ئەوەندە بە سارد و سڕی جوابت دانەوە،... ها؟ بە خوا تۆیش سەیری،... کەس تێت ناگا!"

... بێگومان دونیا بە کەسانی وەک دراکــولاوە مانای پەیــدا دەکــرد. ڕۆژهەڵات وەهایە چونکە تەنیا خاوەنی شـەیتانێکی ئاسـمانییە و هیــچ شەیتانێــکی ڕاستـەقیــنە چییـە قاچــی نەخستــووەتە ســەر خاکەکەی. بۆیـە خەڵکی ناچارن خۆیان بین بە شەیتان. وە چونـکە هیـچ مرۆڤێـک ناتوانێ بە جوانی ببــێ بە شەیــتان، بــە ناچــار قــەت ناتوانن بە جــوانی نە خــەون بە جیــهانێــکی بێ شەیـتانــەوە ببیــنن و نە بە کـردەوەیـش بۆیـان سـازدەکرێ! ...

دراکولا و سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات

ئەبرێخ ئێتمەنبوور